# سەربردە

کورتەیەک لە بیرەوەرییەکان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# سەربردە

کورتەیەک لە بیرەوەرییەکان

**محەمەد مەلا قادر**

پێشکێشە:

بەگیانی پیرۆزی شەهیدان، سەروەریان بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ. بەهەمــوو ئەو هەڤالانەی کە ڕۆژانی سەختی خەباتی پێشمەرگایەتی پێکەوە بووین. بەوانەی بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن.


ناوی کتێب: سەربردە – کورتەیەک لە بیرەوەرییەکان

بیرەوەری: محەمەد مەلا قادر

دارشتنەوە: ئومێد هەڵەبجەیی

بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٧٤

پیت لێدان: فاتمە عەزیز

هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + بۆکان نووری + تریسکە ئەحمەد

دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم

بەرگ: مریەم موتەقییان

چاپی یەکەم ٢٠٠٩

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٦٢١ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێڕست


پێشەکی ........ 8
لە سەرەتای ژیاندا ........ 9
شێخ حەنەشی لە ساڵی ١٩٤٣ باسی بارزانیی بۆ بابم دەکرد ........ 13
بۆ یەکەم جار "بارزانی"مان دیت ........ 22
تورکمانەکان نەیاندەویست ئێمە خوێندن تەواو بکەین ........ 24
بۆ یەکەمین جار بارزانیم بەخەو دیت ........ 26
ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی بارزانی بوو... ........ 29
کۆتاییهاتنی دووبەرەکی لە ناو سەرکردایەتیی پارتیدا ........ 33
دەسپێکی شەڕی سەفین ........ 37
بەتالیۆنی دەشتی هەولێر و شەڕێکی هەشت قۆڵی ........ 46
هێزی کاوە و شەڕێکی گەورە ........ 49
لە گەڕانەوەمان بۆ هەولێر کەوتینە ناو بۆسەی دوژمن ........ 53
حکوومەت هەوڵی دا جادەی هاملتۆن کۆنترۆڵ بکات ........ 57
سەرهەڵدانی دووبەرەکی لە ناو شۆڕشدا ........ 59
شەهیدکردنی چەند پێشمەرگەیەک ........ 63
هەندرێن، داستانێکی کەم وێنە ........ 70
دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان و هانی هانی ........ 78
دیسانەوە بەڵێنشکێنی حکوومەت ........ 83
بەعسییەکان پەنایان بردەوە بەر گفتوگۆ ........ 87
چەند سەرنجێک لەبارەی کۆنگرەکە ........ 91
بارزانی دەیگوت: ئەمجارەش ڕێککەوتنەکە پیلان و تاکتیکە ........ 93
لە ساڵی ١٩٧١ تەعریب دەستی پێ کرد ........ 94
بەهێزبوونەوەی حکوومەت و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش ........ 100
کارەساتی قەڵادزێ ........ 105
ئێران و ئەمەریکاش درۆیان لەگەڵ کردین ........ 107
ڕێگەیەکی سەخت بەرەو لقی ١ ........ 111

دوکتۆرە ئینگلیزەکە گوتی: وا بزانم نەوتی کەرکووک دەتانسووتێنێ ..... 115
رێککەوتننامەی جەزائیر و ئاکامەکانی ..... 117
پیلانێکی نێودەوڵەتی کۆتاییی بەو شۆڕشە هێنا ..... 119
پەڕینەوەمان بەرەو ئێران ..... 124
یەکەم گوندی ئێران ..... 126
کاک ئیدریس لە زیندان هێنامییە دەرەوە ..... 129
لێژنەیەکمان دروست کرد بۆ هاوکاریی لێقەوماوان ..... 132
دابەشبوونمان بەسەر شارەکانی ئێراندا ..... 135
بارزانی کۆچی دواییی کرد، بەڵام شۆڕش کۆتاییی نەهات ..... 138
کاک ئیدریس گوتی، منیش دەنگ دەدەم بە کاک مەسعوود ..... 140
کاتی ڕۆیشتنمان بۆ هەورامان لەگەڵ سوپای عێراقی تووشی شەڕ هاتین ..... 143
ڕۆڵی ئەحمەد شەمێرانی ..... 144
کوێخای ئاوایی گوتی: مامۆستا پارەی باش دەکەیت ..... 147
لە ڕێی هەورامان تەقەیان لێ کردین ..... 150
سوپای عێراق بەپشتیوانیی هەندێک لایەن هێرشیان کردە سەرمان ..... 152
بەهاوکاریی حزبی دیموکرات ناوچەکەمان بەجێ هێشت ..... 154
دروستبوونی "بەرەی جود" ..... 155
نیازی کورم لە شەڕێکی دەستەویەخەدا ..... 157
شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی کوردی باکور ..... 159
ئەو دەمەی لە قەندیل بووین ..... 161
نەوشیروان مستەفا بە کاک ئیدریسی گوت: لەمەودوا وەکو هەڤاڵێکی... ..... 163
هەندێک لە سەربازە دیلەکانی عێراقمان ئازاد کرد ..... 167
لە ڕۆژێکی گرینگ و بەرچاودا کاک ئیدریس ماڵئاوایی لە پارتی و... ..... 168
بەبۆنەی ١٦ی ئابەوە کردەوەگەلێکی گەورەمان لە دۆڵی هیران ئەنجام دا ..... 172
سەرهەڵدانی شاڵاوەکانی ئەنفال ..... 174
کاک مەسعوود فەرمانی پێ داین چالاکیی سەربازی و پارتیزانی... ..... 179
داستانی چەند پێشمەرگەیەک ..... 180
چەند داستانێکی بێ وێنە ..... 182
لە ڕێگەی لقی ٨ەوە هەزاران پۆستەری هەڵبجەمان گەیاندە ..... 187
کاک مەسعوود دەیگوت: دڵنیاتان دەکەم ڕۆژێکی خۆش لە پێشمانە ..... 190

دەسپێکی راپەڕین ........ 195
رزگارکردنی کەرکووک ........ 198
لە رۆژی ٣/٣١ /١٩٩١ کۆڕەو دەستی پێ کرد ........ 200
بەرخودان و بەرگری لە دەربەندی کۆڕێ ........ 201
ڕێژیمی عێراق جارێکی تر پەنای بردەوە بەر گفتوگۆ ........ 204
کاک مەسعوود: بۆ بەرژەوەندیی گشتیی میللەتەکەمان لە هەقی خۆمان... ........ 205
مەدام میتران بەشداریی لە متمانە وەرگرتنی حکوومەتی هەرێمدا کرد ........ 207
من کە بووم بە وەزیری ئەوقاف دڵسۆزی و ڕژدی فێری کارەکانی کردم ........ 209
ململانێ و شەڕەپەڕۆ ........ 215
مشعان جبووری بەهۆی هێزی ئەمەریکاوە عەرەبەکانی تەعریبیان گێڕایەوە ........ 217
کوردستان لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە ........ 219
ئەگەر لە پەرلەمانێک من ئازاد نەبم لەو پەرلەمانە نامێنم ........ 223
وێنەکان ........ 229

# پێشەکی

هەردەم بڕوام وا بووە کە دۆزی گەلی کورد پێویستی بە فێربوون و فێرکردن هەیە، هەر بۆیە بەردەوام هەوڵم داوە لە پاڵ خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتیم هاوتەریب گرینگی بەخەباتی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی بدەم.

من لە ژیانمدا جگە لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی، لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و دواتریش لە ڕاپەڕینە شکۆمەندەکەی بەهاری ١٩٩١دا هەردەم لە ناو نووسین و خوێندنەوە و کۆڕ و سیمینار و وانەوتنەوە بەئاراستەی نەتەوەخوازی لە کار و کۆششدا بووم و ئێستەش ئەم چەند بیرەوەرییە لە وێستگە جیاجیاکانی ژیانمدا ئاماژەگەلێکی ئەو ڕاستییەن کە بەندە بڕوای پتەوی بەهێزی نووسین و ڕایەڵە ڕووناکەکانی نێوان مرۆڤ و نووسیندا هەیە، وا ئەم هەندە لە بیرەوەرییەکانم بەناوی "سەربردە" دەخەمە بەر دیدی خوێنەران، هەر لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەمانە هەموو بیرەوەرییەکانی من نین، بگرە بەشێکی کەمن لە بیرەوەرییەکانم، ئەگەر خوا یار بێ و بار لەبار بێ و تەمەن ڕێگە بدات لە دەرفەتی تردا تێکڕای بیرەوەرییەکانی ترم دەخەمە بەردەست و دڵ و دیدی خوێنەران.

لە کۆتاییدا دەمەوێ سەرنجی خوێنەری ئازیز بۆ ئەوە ڕابکێشم کە ئەم کتێبە، یا چێتر بڵێم ئەم نووسینانە داڕشتنی خۆم نییە، بگرە من بۆ کامێرایەک دواوم و دواتر بەهەندێ وردەکاریی زمانەوانی و ڕێنووسییەوە خراوەتە سەر کاغەز، لە کەموکورتییەکان ببوورن و بەهیوای ڕەزامەندیتان.

محەمەد مەلا قادر

هەولێر- ٢٨-٤-٢٠٠٩

له سـەرەتای ژیاندا مـرۆڤ بە نێـزیکترین دەوروبەرەکانی خـۆی و پاشـانیش لەگەڵ دوورتر ئاشـنایی پەیدا دەکات، دواتر هەمـوو ئەو کـار و فرمـانانەی کە ڕۆژانە ئەنجامیـان دەدات لەگەڵ ئەو سـەردەمـەی کە پێیدا تێپـەڕ دەبێ و ئەو جـوگـرافیـایـەی کـە تێـیـدا دەژی، پێکـەوە ئاوێتـە دەبن و تاڵ یان شـیـرین، قۆناخـەکان تێپـەڕ دەبن، سەرەنجام مـێژوویەک دەخـوڵقێت کە گـێڕانەوە و نووسینەوەی مافی هەر تاکێکە.

له کۆتـای سـەدەی نۆزدە و سـەرەتـای سـەدەی بیسـتدا، عەشـیـرەتی ئێـمـە نێـزیکەی چوار سەد، پێنج سـەد ماڵ بوون، باپیـری من "ئەحمـەد"ی ناو بووە و گـەورەی ئێـمـە بووە کـە چەند گـوندێکیـان هـەبووە لە "مـۆریک" و "بڵـبـاس" و "شـەمامک" و "قەرەچووغ"، ئەو ناوچەیە هەمووی خزم و کەسی ئێمەی لێ بووە، ئەو کات عـەرەب ویسـتوویانە بێن بۆ ئەو مـەنتیـقـانە و داگیـری بکەن و تالآنی بکەن، زۆر جار تووشـی شـەڕ بووین، جارێک ژمارەیەکی زۆر کە پێیان گوتوون "نەجدەی عـەرەبی" هاتوون بۆ تالآنـی و بۆ کوشتن، باپیـری من "ئەحـمـەد" کە هـاوکـات دایکم و بابیشم ئامـۆزای یەکن، ئەحـمـەد و حـاجی هەردوو برا بوون، ئەحـمـەد برا گـەورە بووە و سـەرۆکـی "تیـرە"کـە بووە، لەوێ چوون لە چەمـزێی بادینـان دار بکەن، عــەرەب هـاتوون و بووە بـە شــەڕ لە مــابەینیــان، گــوندیش بەهـاواریانەوە چوونە، ئەو وەختـەش چەک کەم هەبووە، ئیـتر لە ئاکامی شەڕدا باپیـرم خـۆی هـاتووەتە کـوشـتن و لەو شـەش حـەوت کـوڕەی هـەشـیـبـووە دووی

لەوێ هاتە کوشتن و چەند کەسێکی تریش لە عەشیرەتەکەمان هاتنە کوشتن، عەرەبەکانیش زۆریان لێ هاتووەتە کوشتن و دوای ئەوە ڕایان کردووە، تەنانەت جەنازەشیان لێ بەجێ ماوە، بەڕاستی ئەوەش یەکێک بوو لە هاندەرەکان کە سۆزی کوردایەتیم زوو پەیدا کرد، هاتنی ئەو عەرەبانەش زیاتر بۆ ئەرز و بۆ تالانی بووە، ویستوویانە بێن ناوچەکە داگیر بکەن، ئەوجا دەگێڕنەوە لەو وەختانە "برایم ئاغای دزەیی" هەبووە، ئێستە کوڕی ماوە "هاوار ئاغا"ی ناوە، ئەو برایم ئاغایە وەختی خۆی لە ناوچەی مەخموور بووە زۆر شەڕی لەگەڵ عەرەب کردووە، نەیهێشتووە عەرەب بێنە ئەو مەنتیقانە، گۆڕەکەی برایم ئاغا کەوتووەتە دەروازەی مەخموور و گونبەدێکی لەسەرە، برایم ئاغا دەوری هەبووە بۆ مانەوەی کورد و لێ نەگەڕاوە عەرەب توخونی ئەوێ بکەون، دوای ئەوە تەعریب هاتووە ئەگینا قەدیم لێ نەگەڕاون عەرەب بێنە ئەو شوێنانە، چونکە ناوچەی کوردانە.

من لە بنەماڵەیەکی دینیم، باوکم مەلا و زانایەکی ئاینیی زۆرباش بوو و من لە خزمەت ئەو پەروەردە بووم لەبەردەستی دایک و باوکێکی بەدین، لە گوندێک بەناوی "پیرە کەپران" لەدایک بووم، لە ناوچەی شەمامک کە ئێستە سەر بەناحیەی گوێڕە لە قەزای مەخمووری شاری هەولێر، باوک و دایکم ئامۆزا بوون و من یەکەمین منداڵی خانەوادەکەمم، هەڵبەت دایک و باوکم منداڵی تریشیان بووە، بەڵام زۆربەیان مردوون و ئێستە تەنیا خوشکێکم ماوە کە ناوی "ئامینە"یە، ئێمە لە یەک دایک و باوک تەنیا خوشک و برایەک ماوین، لە هەمان کاتدا باوکم کوڕی تریشی هەبوو لە ژنێکی تر.

من لە سەردەمێکی زۆر دواکەوتوودا لەدایک بووم، ئەو وەختە لە کوردستاندا هیچ شتێک نەبووە، نەکارەبا و نەڕادیۆ و نەتەلەڤزیۆن و نەسینەما، من کەمێک گەورە بووم ئەوجا لە هەولێر سینەما پەیدا بوو، من لە دنیایەکی وا لەدایک بووم کە قوتابخانە بەس لە شار هەبوو، ئینجا باوکم لە چەند گوندێ مەلا بووە و لەقەبی "مەلا قادری قەڵاتە سۆرانی" هەبوو، بەئیعتباری ئەوەی کە باوکم مەلا بوو، لە تەمەنی شەش حەوت ساڵاندا بەشەش مانگ قورئانم خەتم کرد،

دوای ئەوە کتێبی تریشم خوێندن لەگەڵ هەندێ کتێبی تری فەقێیەتی و مەلایەتی، لەوانەش مەولوودی پێغەمبەر (د.خ) کە کتێبێک بوو بەناوی "مەولوودنامە"، هەروەها "عەوامل" و "ئەحمەدییە"شم خوێندووە، هەر لەلای باوکم کۆمەڵێ کتێبی بچووک بچووکی سەرەتاییشم خوێندوون کە لە قۆناخی فەقێیەتیش هەر پێی دەڵێن سەرەتایی.

من منداڵ بووم کە شەڕی جیهانی دەستی پێ کرد، باش لە بیرمە کە شەڕ دەستی پێ کرد ئێمە لەو گوندە نەما بووین، لە گوندێکی تر بووین پێیان دەگوت "پۆریجە" کە سەر بە "قوشتەپە"یە، باوکم لەوێ مەلا بوو، ئەوەی کە من دێتەوە بیرم ساڵی ١٩٤٠ یا ١٩٤١ بوو چونکە کاتێ عەسکەر هات لەو گوندە بووین، ڕۆژێک من و خوشکەکەم لەگەڵ ژنان چووینە کەنگران لەوێ بەستێک هەیە پێی دەڵێن "شاقازی" کەنگری باشی هەبوو، کاتێک بینیمان سەیارە هاتن، ئێمە تا ئەو کاتەش سەیارەمان نەدیبوو، سەیارەی سەربازی پەیدا بوون لەو زوورگە، ئیتر جەماعەت ترسان، بەڕاستی ژنەکان کە سەربازیان دەدیت خوودەیان لەسەرە زۆر ترسان، باش دێتەوە بیرم، من هەرچەندە منداڵیش بووم، بەڵام ئەوەندە نەترسام و دڵی ئەوانم دەداوە و دەمگوت هیچ نییە، خولاسە گوتمان با بڕۆینەوە بۆ گوند، گوندەکە لەسەر ڕێگەکەمان بوو، ئیتر من پێشیان کەوتم و ژنەکانیش هاتن تا گەیشتینە عەسکەرەکان، ئەو کاتە پیاوێکیش کە "مام کەریم"ی ناو بوو یەکێک لە ژنەکان خێزانی ئەو بوو، هات و گوتی: هاتەهات مەکەن، ئینگلیزەکانیش گوتیان: بابە هیچ نییە ئێوە برا و خوشکی ئێمەن، ئێمەش بەلایاندا تێ پەڕین، ئەوە جاری یەکەم بوو کە سەیارەم دیت، زۆرم پێ سەیر بوو، ئەوجا هەر ئەو ئینگلیزانە لە گوند بوون باوکم بانگی دا، یەکێ لە عەسکەرەکان کە لە هیندۆسەکان بوو، پێیان دەگوتن "سیکە و گورگە" لە ناو خەڵکدا وا بەناوبانگ بوون، وەکو گەمە پێکردن لاسایی باوکمی کردەوە ئیتر یەک دوو جوندی تری ئینگلیزیش لەوێ بوون، کە ئەوەیان دیت زۆر ناڕەحەت بوون کە ئەم کابرایە ئەو ڕەفتارەی کرد، بە باوکیمان گوت : ئێمە ڕەفتاری ئەو جوندییەمان زۆر پێ ناخۆش بوو، دوایی

زابتێکی ئینگلیزی هاته ناو گوند دیار بوو پێیان گوتبوو، بۆیە هاتبووە لای باوکم، تەرجومانێکیشی لەگەڵدا بوو، گوتی ئەمە لاسایی تۆی کردووەتەوە، باوکیشم گوتی: ئەرێ وەڵا، ئیتر زابتەکە بانگی کرد لە بەرچاوی باوکم لە کابرا سیکەکەی هەڵدا و دەریشی کرد لە گوند، گوتی نابێ ئەم جوندییە لەم گوندە بمێنێ، ئەو وەختە کە ئینگلیزەکان هاتن عومرم نێزیکەی شەش حەوت ساڵان بوو، چونکە من لە ١٢ی شوباتی ١٩٣٤ لەدایک بووم و ساڵی ١٩٣٩ شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێ کرد، پاش چەند ساڵێک دوای ئەوە، چووینە گوندێک بەناوی "گعێتل" لە شەمامک، باوکم لەوێ مەلا بوو، ئەو وەختە ڕەنگە نۆ ساڵ دە ساڵان دەبووم، "شێخ حەنەشی" شێخێکی عەرەب بوو لە گوندی "هەوێرە "، ئێمە لە گعێتل بووین کە لەگەڵ هەوێرە حدوودیان لەسەر یەکە، لەگەڵ ئەو شێخە عەرەبە کە دۆستی باوکم بوو، پێکەوە بووین، ئێمە گوندمان هەبوو لە هەوێرە "ئەبوشیتە"یان پێ دەگوت لەگەڵ کۆمەڵێ گوندی تریش کە وەختی خۆی مام و باوکم و ئەوان لەوێ بوون و بەئەسڵ گوندەکە موڵکی ئێمە بووە، بەڵام عەرەبیشی تێدا بوون و شەریک بوون، ئەو شێخ حەنەشییە شێخی ئەو عەرەبانەی ئەوێ بوو، لەگەڵ بابیشم برادەر بوو.

## شێخ حەنەشی لە ساڵی ١٩٤٣دا باسی بارزانیی بۆ باوکم دەکرد

رۆژێک باوکم گوتی دەچمە لای شێخ حەنەشی و سەردانێکی دەکەم، منیش لەگەڵ باوکم رۆیشتم و بۆ نیوەڕۆکەی لەوێ بووین، شێخ حەنەشی قسەی بۆ باوکم دەکرد، بە کوردی قسەی دەکرد، کوردی و عەرەبی وەکو یەک دەزانی، بەڵام چەفییە و عەگاڵی لە سەر بوو، ئەو وەختە ئەو شێخە ئەندامی مەجلسی نەوابی عێراقی بوو لە زەمانی مەلەکی، ئیتر باسی مەلا مستەفا بارزانیی نەمری بۆ باوکم دەکرد، گوتی لە بەغدا بووم مەلا مستەفا بارزانی هات بۆ بەغدا لەگەڵ حکوومەت مفاوزەی دەکرد، حکوومەت پێی گوت هەر چیت دەوێ بۆ خۆت، بۆت دەکەین بەس واز بێنە لە قەزییەی کوردی، گوتی، مەلا مستەفا گوتوویەتی: من نەهاتووم داوای شەخسیم هەبێ من بۆ قەزییەی کورد هاتووم، ئێمە میللەتێکین وەختی خۆشی لە "عصبة الامم" قەرار دراوە کە دەبێ کورد حوکمی زاتی بدرێتێ، لەبەرئەوە من هاتووم داوای ئەو مافە دەکەم و داوای شەخسیم بۆ خۆم نییە، شێخ حەنەشی ئەو قسانەی کرد و نانی نیوەڕۆشمان لەوێ خوارد، ئینجا پاش نیوەڕۆ هەستاین گەڕاینەوە، من بەمنداڵی زۆر بێدەنگ بووم، لەوێ هیچ قسەم نەکرد، کە هەستاین گەڕاینەوە بۆ ماڵ عەسر بوو، لەوێ کەوتمە پرسیار و بە باوکمم گوت: بابە ئەو مەلا مستەفایە کێیە کە شێخ حەنەشی باسی دەکرد، مەلایەکی وەکو تۆیە؟

گوتی: نا کوڕم مەلا نییە وەکو من، ناوی مەلا مستەفایە پێی دەڵێن مەلا مستەفا بارزانی، خوێندوویەتی لە مەلایەتی و خەڵکی بارزانە.

گوتم: بارزان لە کوێیە؟ زنجیرە چیایەک بەتایبەت لەو گوندەوە جوان دیار بوو.

گوتی: ئەو لەو چیایانەیە و شۆڕش دەکات و داوای هەقی کورد دەکا.

گوتم: چی؟ کورد چییه؟ ئا، لێم پرسی گوتم کورد چییه؟

گوتی: کورد ئێمەین و ئەوەی چووینە ماڵیان ئەوە عەرەبە ئەی نەتدیت ئەو عەگاڵی لە سەر بوو، ئێمەش جەمەدانی لە سەر دەنێن، ئەمە جیاوازییە و زمانیشمان جیاوازە. شێخ حەنەشی بە کوردی قسەی دەکرد جارویاریش لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی بە عەرەبی قسەی دەکرد، باوکم گوتی نەتدی بە عەرەبی قسەی دەکرد، ئەوە عەرەب بوو، کەوتمە پرسیارکردن لە باوکم.

گوتم: کورد چییان دەوێ؟

گوتی : مەلا مستەفا دەیەوێ کوردیش ببێت بە دەوڵەت.

باوکم مەلا بوو لە خەڵکی تر زیاتری دەزانی و شارەزا بوو، وەکو پیاوێکی سیاسی نەبوو، کابرایەکی دینی بوو، بەڵام هۆشیار بوو، تێ دەگەیشت لە هەندێک شت، ئیتر تا گەیشتینەوە ماڵ، من هەر پرسیارم لێ کرد.

بەڕاستی دوای ئەو سەفەرەی کە لەگەڵ باوکم چووینە لای ئەو شێخە عەرەبە و دوای ئەو باسانەی کە لەوێ بیستم هەر لەوێوە و لە منداڵییەوە شتێک کەوتە مێشکم "مەلا ستەفا، کوردایەتی، کورد" ئەمە وردە وردە هەر درێژەی کێشا و خەیاڵێک لە مێشکمدا پەیدا بوو تا گەورە بووم و چووم بۆ هەولێر، عومرم بووە حەڤدە هەژدە ساڵان، بۆ ماوەیەک لە هەولێر دەمخوێند، جارجارێک هەر وا حەزم دەکرد دەمگوت ئەمنیش لەگەڵ فەقێیان دەخوێنم، چووم لەوێ مامۆستا گیو موکریانی هەبوو بەڕەحمەت بێ، بەناوبانگە چاپخانەی "کوردستان"ی هەبوو لە هەولێرێ چاپخانەکەشی زۆر زۆر سەرەتایی بوو حەرف چنینەکەیان بەدەست دەکرد، ئەو کات برادەرێکم هەبوو ناوی مستەفا بوو، وەکو خۆم فەقێ بوو، لە تەمەنی خۆمدا بوو، لەو دواییانەش لە ناو شۆڕش بوو پێیان دەوت "مستەفا کرێکار"، وابزانم شەهید بوو، ئەو مستەفایەش لەوێ کاری دەکرد و منیش جار بەجار دەچووم بۆ لای، ڕۆژێ مستەفا گوتی: محەمەد، مامۆستا گیو حەز دەکات بتبینێ، حەزت لێیە بیبینی؟

منیش گوتم: باشە منیش حەز دەکەم بیبینم ناوبانگی مامۆستا گیوم بیستووە.

مستەفا لەگەڵم هات و گوتی: مامۆستا ئەوە ئەو کەسەیە تۆ داوات دەکرد.

مامۆستا گیو گوتی: دانیشە هەندێ سوئالم هەیە، لێت دەپرسم.

گوتم: فەرموو.

گوتی: باشە ئەتۆ فەقێی؟

گوتم: بەڵێ.

گوتی: کوڕی کێی؟

گوتم : باوکم مەلایە وەسفی باوکم بۆ کرد.

گوتی: زۆر خۆشحاڵم حەتمەن هەستی نەتەوایەتیشت هەیە؟

گوتم: وەڵڵا تۆزێک لەو مەجالەدا تازەم هەندێک شتم هاتووەتە مێشک، بەڵام زۆر نا، حەزیش دەکەم جەنابت ئەگەر شتێکت هەبێت پێم بڵێ.

گوتی : بەڵێ ئەمن هەندێک قسەت بۆ دەکەم.

کۆمەڵێک ڕەسمی دانابوو یەکێکیان ڕەسمی "نووری سەعید" بوو، بەڵام کە هەڵی گێڕاوە ڕەسمی مەلا مستەفا بارزانیی نەمر دەرچوو.

گوتی: ئەم پیاوە دەناسی؟

گوتم: بەڵێ ئەوە بارزانییە، ڕەسمیم دیبوو لەسەر هەندێ شتی نهێنی، چونکە بزێو بووم لە منداڵییەوە هەستم بەهەندێک شت دەکرد، ڕەسمێکی تر هی مەلیک بوو هەڵی گێڕایەوە شێخ مەحموود بوو.

گوتی: ئەوە دەناسی؟

گوتم: بەڵێ ئەوە شێخ مەحموودە، ڕەسمێکی تری وەرگێڕا، چوار ڕەسم دەرچوو ئەو چوار ئەفسەرەی کە ئیعدام کرابوون، گوتم: وەڵڵا ئەوانە ناناسم.

گوتی: ئەوە چوار ئەفسەرن لەگەڵ بارزانی بوون، بارزانی ئێستە لە ڕووسیایە، ئیتر دایانم وەکو مامۆستایەک زۆر قسەی بۆ کردم، لەسەر کورد، هەقیقەت لەوێوە هەستی نەتەوایەتیم زیاتر بوو، بۆ نموونە دەیگوت مەلا مستەفا کێیە و لە کوێوە هاتووە و داوای چی دەکات، ئەوەی بە تەفسیلْ بۆی باس کردم، شێخ مەحموود کێیە و چۆن بووە و چیی کردووە و ئێستە ئێمە دەبێ چی بکەین وەکو کورد، ئەوانەی بۆ باس کردم، باسی حزبی شیوعیی

کـرد، باسی پارتی کـرد، ئەمـانەی هەمـوو باس کـردن، ئینجـا مـن لەوێ زانیم حزبی شیوعیی و، پارتی هـەیە، باسی ئەوانەشی بۆ کردم و گوتی خـەڵکێکیش هەیە سـەربەخۆیـە، ئەوەشم بیر نەچێ مـامۆسـتـا گیـو مـوکـریانی خۆی سـەر بەهیچ حـزبێـک نەبوو، ئیـتـر لەوێـوە بەردەوام بووم لـە خـوێـندن، ئینجـا لەو تەمەنەم من هەمـوو خوێندنم لە قوتابخـانە بووە و لە زۆر قوتابخـانەشم خوێند، بەڵام هەر لای باوکم بووم تاکۆچی دواییی کرد.

من لە سـاڵی ١٩٥٤دا ژنم هێنا، تـەمـەنم بیـست سـاڵ بوو، کـاتێ ژنم هێنا، هێشتا خوێندنم تەواو نەکردبوو، بەڵام دایکم و باوکم هەر منیان هەبوو، باوکم کوڕێکی تری هەبوو جودا بوو لە ئێمە، بەڵام لە دایکم هەر من و خوشکەکەمی هـەبوو، حـــەزیان دەکـــرد زوو ژنم بـۆ بێـنن، ئەوە بـوو دایکی "نـازنـاز"یان بـۆ خواستم، هەقیقەت "ژن بە ژن"یش بوو، خوشکی من بۆ خزمێکمان و ئەوانیش کچـی خـۆیـانیـان دا بەمن، ئامـۆزام بـوو، بۆیان هێنام، من لای باوکـم و مـەلای تریش دەمـخـوێند تا ئەو تەمـەنەی ژنم هـێنا، دوای ئەوە لە سـاڵی ١٩٥٦دا واتە دوای دوو ساڵ باوکم کۆچی دواییی کرد، منیش خوێندنم تەواو نەکرد و چووم لای مەلای تر خوێندم.

ئەو مـەلایانەی لەلایان خـوێندم، مـەلای گـەورە و ناوداری ئەو زەمـانە بوون، لەوانە مامۆستا "مەلا سدیق نۆغەرانی" هەبوو لە گردەسۆر، گردەسۆر هەر لەو گوندەی ئێمە "پۆریجـە" نێزیک بوو، لەوێ مەلا بوو، فـەقێی بابیشـم بوو وەختی جـاحـێـڵـی لەلای بـاوکم خــوێندبووی، باوکم لـەو گـەورەتر بوو بەتـەمـەن، من مــاوەیـەک لەلای ئەو خــوێندم، هـەروەها مــامــۆســتـــا "مـــەلا تـەیب" هـەبـوو لە گردەسۆرێکی تر لە خـوارەوە، لە خزمـەت ئەویش مـاوەیەک خوێندم، مـاوەیەکی تر لای مامۆستا "مەلا ئەبوبەکر" بووم کە "مەلا ئەبوبەکر کۆیی"یان پێ دەگوت، عـالمێکی زۆر گـەورە بوو، بەڕاسـتی عـەللامـە بوو، دوو سێ سـاڵ لە خـزمـەت ئەویش خوێندم، ئەخیر جارم لەلای مامۆستا "مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی" بوو، ئەویش لە هـەولێـر مـەلا بوو دوو مـزگـەوتی هـەبوو "مـزگـەوتی حـاجی نووری و مزگەوتی شێـخ نوورەدین" هـەردووک لە هەولێرێ و زۆر لەیەکیش دوور نەبوون، لە خزمەت ئەو دەمـخـوێند، پێیان دەگوت "مامۆسـتای دوازدە عیلم"، ئەو دوازدە

عـیلمـە هەمـووی دوور و نـێزیک ڕەبـتی بەدینەوە هەبـوو، هەرچەندە شـتـی وای هەبوو ڕەبـتـی بەدینیـشـەوە نەبوو، بەڵام دەخـوێندرا، وەک "نحـو و قـەواعیـدی عـەرەبی"، کـتـێب هەبوون وەک "عـەواملی جـورجـانی" ئەوانە هەندێک کـتـێبی بچـووک بوون، دوای ئەوە کـتـێبـی تریش هەبوون، عیلمـێکی تریش هەبوو پێی دەڵێن: "عیلمی سەرف"، هەروەها "عیلمی مەنتیق" هەبوو، عیلمێکی تر "عیلمی ئاداب"یان پێ دەگـوت "عـیلمی مـونازرە" چۆن تۆ مـوناقـەشـە دەکەی، جـەدەل چۆن دەکـەی، ئەویش عـیلمـێک بوو ئوسـووڵی هەیە بەپێی ئەو ئوسـووڵە دەبێ موناقـەشـەی بکەی، ئەو عیلمانە دەخـوێندران، "فقە" هەبوو، تەفسیـری قورئان هەبوو، "عیلمی بەلاغە" هەبوو کتێبی سـابت بوون "بیان و مـعـان و بدیـع" سـێ عیلمـە، پێیـان دەگوت "عیلمی بەلاغە" ئەمـەشـیـان دەخـوێند، عیـلمـی "حکمت" هەبـوو کـە دەکـا "فلسـفـة"، "اصـول فلکیـات" هـەبوو "عـیـلمـی فـەلەک و ئەسـتێرەناسـی" و "حـیسـاب و ریازیات" هەبوو ئەویش دەخـوێندرا، ئەمـانە لای مـەلا دەخـوێندرا، ئەمـە هەمـووی دەیکردە "دوازدە عیلم" پێیـان دەگـوت "مـەلای دوازدە عیلم" خـۆم هەر دوازدەم خوێندن، ئەخـیرم لای مامـۆسـتا "مـەلا سـاڵحی کۆزەپانکەیی" بوو، عیلمی "حیسـاب" و "عیلمـی" "فلکیات"م لەلای ئەو خوێند.

ئەو عیلمـانەی کـە بە تـەسـەلسـول تەواوم کـردن هـەریەک لە سـەردەمی خـۆی بوو، ئەوانـەی لە تەمـەنی منداڵـی و مێرمنداڵـی دەمـانخـوێند، "صـرف و نحـو" و ئەمانە دەخـوێندرا، ئینجـا وردە وردە گەورە دەبووی لە بیسـت سـاڵ تێ دەپەڕی "عـیلمی کـلام" و "عـیلمی حکمت" و "عـیلمـی مـەنتـق" ئەمـانـە دەکـەونە ئـەخـیـر قـۆنـاخ، ئەوە ئـینسـان لەوێ دەبووە "عـالم"، چونکـە علوومـیش دەهاتـە ناوی، شـتی عیلمیش دەکەوتە ناوی، ئینسان لەوێوە فێری زۆر شت دەبوو، دەرەجاتی هەبوو، فـەقێ هەبوو هیچ فـێـر نەدەبوو بەجـێـی دەهێشت، هەبوو مـامناوەندی بوو، زیاتـر دەمـایەوە، هەشـبـوو زیرەک بوو زوو تەواوی دەکـرد، من بەدوازدە سـاڵی تەواوم کرد، هەبوو بەبیست سـاڵ تەواوی دەکرد، هەبوو بەبیسـت و پێنج سـاڵ تەواوی دەکـرد، هەبوو پێی تـەواو نەدەکرا، بەجێـی دەهێشت، خـوێندنی "فـەردی"یش بوو کـتێبـەکـەمـان دادەنا دەمـانخـوێند، مـامـۆسـتا بۆ منی شـەرح دەکرد، پرسـیـارم هەبووایە لێم دەپرسـی، هەنـدێک جـاریش من بەتەنیـا دەرسـم

دەخوێند و دوو فەقێ یان سێ فەقێی تریش دەهاتن، پێیان دەگوت "سماع" یانی گوێگرتن، گوێیان دەگرت بۆ ئەوەی زێدەی دەرسی خۆیان فێر بن، ئەمە بەو شێوەیە دەخوێندرا.

ئەو عیلمانەی زۆر گرینگ بوون: "عیلمی حکمت"، "عیلمی کلام"، "عیلمی مەنتق"، "عیلمی ڕیازیات" لەگەڵ "عیلمی فەلەک" ئەمانە زۆر گرینگ بوو، ئەمانە لە کۆتاییدا دەخوێندران بەمە مێشکی ئینسان دەکرایەوە و پێش دەکەوت، بە تایبەتی ئەو فەقێیەی زیرەک بووایە ئەوجا دەبووە مەلا، من مەلایەتیم نەکرد، بڕواشم وا بوو کە ئیتر من مەلایەتی نەکەم، لەو ماوەیەشدا ئەفکاری سیاسیم کەوتە مێشک، بوومە تەنزیمی، وەک باسم کرد لای مامۆستا "گیو موکریانی" لە ساڵی چل و نۆ و پەنجاوە شتی سیاسیم کەوتە مێشک، بەینێک لەگەڵ شیوعییەکان هەڵسوکەوتم دەکرد، هەرچەندە نەبووم بەشیوعی وەکو ئەندام، بەڵام وەکو دۆست و ناسیار لەگەڵیان بووم، لەگەڵ ئەوانیش ماوەیەک پێوەندیم هەبوو، دوای ئەوانیش پێوەندیم هەبوو لەگەڵ یەکەتیی قوتابییانی کوردستان، ساڵی ١٩٥٦ ئەو کات "شێخ لەتیف بەرزنجی" هەبوو بەرپرسی قوتابییان بوو لە هەولێر، لەگەڵ ئەو بووینە برادەر و چوومە ناو تەنزیمی یەکەتیی قوتابییان و لەوێشەوە بۆ ناو پارتی، ئینجا هەر لە سەردەمی تەنزیمی قوتابییانەوە من و چەند قوتابییەکی ئاینی، تەنزیمێکمان دروست کرد بەناوی "یەکەتیی قوتابییانی ئاینی لە کوردستان"دا ئەو فکرەیە لە نەتیجەی ئەوە بوو کە دەبێ قوتابییانی ئاینیش تەنزیمێکیان هەبێ وەکو "یەکەتیی قوتابییانی کوردستان" ئێمە مەجموعەیەک بووین ئەو یەکەتییەمان دروست کرد، دوایی مەجموعەیەکی تریش هەبوون کاک "محەمەد ئیسماعیل" کە ماوەیەک وەکیل وەزیری پەروەردە بوو، ئەو لە تەمەن لە من گەورەتر بوو لە خوێندنیش هەندێک لە پێش من بوو، پیاوێکی زۆر زیرەک و بەتوانا بوو، فیکری کوردایەتیشی هەبوو، ئەو سەردەمە یەکترمان ناسی، پێکەوە ئەو چەند کەسە هەموومان بووینە یەک، تەنزیم بەناوی "یەکەتیی قوتابییانی ئاینی لە کوردستان"دا.

لە ساڵی ١٩٥٧دا کۆنفرانسێکمان بەست کە نێزیکەی چوار سەد فەقێ

تێیدا بەشدار بوون، بەڵام ڕۆژێک بوو لە بەیانییەوە تا دەوروبەری عەسر شتی خۆمان باس کرد و قەراراتی خۆمان دا، ئەو کات "محەمەد ئیسماعیل"مان کرد بە سەرۆک و منیش جێگری، دوو هەیئەتمان دروست کرد ئەو بەرپرسی هەیئەتێک بوو، منیش بەرپرسی هەیئەتێک بووم، دوای ئەوە هەستاین موزەکەرەیەکمان دا بە حکوومەت، یەک لە ئیشەکانمان ئەوە بوو، داوای شەش حەوت خاڵمان کرد لە حکوومەتی عێراق و ناردمان بۆ سەرۆک وەزیران، بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقافی عام، وا تەسەور دەکەم نوسخەیەکیشمان دا بەمەلیک؛ چونکە ئەو کاتە حوکمی عێراق مەلەکی بوو، داوای مافی خۆمانمان کرد لەسەر شەهادەکان، چونکە کە تەواومان دەکرد دەبووایە شەهادەکانمان تەعدیل بکرابا، ئەوە بوو دوایی بڕیار درا بکرێ بەبڕوانامەی شەشی ئامادەیی، حکوومەت بەوە زۆر نیگەران بوو، ئەو موزەکەرەیەی زۆر پێ ناخۆش بوو، چونکە بۆنی سیاسەتی لێ دەهات، لەبەرئەوە چوار کەسیان لێ گرتین، یەک لەوانە، شەهید "عەبدولخالیق مەعرووف" کە دوایی بوو بە کادیری پارتی و یەکەمین کەس بوو لە "دەنگی کوردستانی عێراق"دا ئیشی کرد، لە بیرم ماوە ئەو یەک لەوانە بوو کە هاتە گرتن، بەڵام ئەوانی ترم بەبیر نییە، ئەوانە لەسەر پولی عەریزەکان ئیمزایان کردبوو، بۆیە هاتنە گرتن، هەرچۆنێک بێت ئێمە هەر بەردەوام بووین و وازمان نەهێنا لە ڕێکخراوەکەی خۆمان، زۆری پێ نەچوو شۆڕشی ١٤ی تەمووز دەستی پێ کرد، ئێمەش وەکو ئەو یەکەتییە هەستاین وەفدێکمان نارد بۆ بەغدا، یەک لەوانە من چووم، ئەو وەختە من بووبوومە بەرپرسی ئەو تەنزیمە، ئێمە دوازدە کەس بووین، چووینە بەغدا، سێ لە هەولێر، دوو لە دهۆک، دوو لە سلێمانی و دوو لە کەرکووک، ئەوانی تریش لە بەغدا، ئەوانە بووینە هەیئەتی قوتابییانی ئاینی لە کوردستاندا، هەستاین دیسان موزەکەرەیەکمان دا بەحکوومەت، هەمان موزەکەرەمان دووبارە کردەوە، بەڵام بەشکلێکی تر، هەوڵمان دا و ویستمان "عەبدولکریم قاسم" ببینین، بەڵام نەمانتوانی گوتیان بچن "مجلس السيادة" ببینن مەجلیس سیادەش سێ کەس بوون، "نەجیب ڕوبەیعی" بوو کە ڕەئیس مەجلس بوو "خالید نەقشبەندی" بوو، کورد بوو، خەڵکی بامەڕنی بوو ئەو پارێزگار بوو،

کۆنە زابت بوو، ئەویش ئەندامی مەجلس بوو، "ئیبراهیم کوبە" هەبوو ئەو عەرەب بوو، ئەو سێ کەسە مەجلس سیادە بوون، چووین موزەکەرەکەمان دا بەوان گوتمان دەمانەوێ بتانبینین، بەڕەحمەت بێ، ناردبوویانە لای "خالید نەقشبەندی" گوایە ئەو کوردە، ئەوە بوو سکرتێرەکەی هات گوتی شەو لە ماڵ دەتانبینێت لێرە دیتنی دوازدە کەس زەحمەتە، ناوونیشانی داینێ، شەو هەستاین هەرچەندە ناخۆش بوو فەقیر و بێ پارە و بێ ئیمکانات بووین، ئەگەرچی ئابوونەمان کۆ دەکردەوە لەو تەنزیمەی خۆمان، بەڵام شتێکی وا نەبوو، توانیمان شەو دوو تەکسی بگرین، بەڕاستی نازانم لە چ گەڕەکێک بوو؛ چونکە بەغدام زۆر نەدیبوو، سواری تاکسی بووین و ناونیشانەکەمان دایە، چووین لە حەوشەی خۆی لە حەدیقە پێشوازیی لێ کردین و زۆر بە ڕێزەوە لەگەڵمان دانیشت، کوڕە شێخ بوو، ڕەسمی باوکی لەوێ بوو، وتی خۆشحاڵم ئێوە گەنجی کوردن و فەقێ و ئاوا زیرەکن و ئاوا هۆشیارن و داوای حەقی خۆتان و حەقی کورد دەکەن، هەرچەندە جار بەجار ژێر بەژێر تۆزیک باسی کوردیشمان دەکرد؛ چونکە لەگەڵ "یەکەتیی قوتابییانی کوردستان" پێوەندیمان هەبوو، لەگەڵ ئەوان بووین، من خۆشم ئەندام بووم لەوێ و ڕێکخراوەکەشمان هەر لەگەڵیان پێوەندییان هەبوو، لەگەل "اتحاد الطلبة"ی عێراقیش پێوەندیمان هەبوو، ئەوانیش ئیعترافیان پێ کردبووین، نێزیکەی سائێک لەلای بووین، زۆری قسە بۆ کردین، زۆر ڕێزی گرتین، گوتی: من زۆر خوشحاڵم و پشتگیریی ئێوە دەکەم و هەوڵ دەدەین داواکارییەکانتان لە مەجلیسی سیادە جێبەجێ بکەین، گوتی: خۆشبەختانە وەزیری پەروەردە "عەبدولحەمید" ئەویش کوردە. ئەترووشی بوو، هەرواش بوو داواکانمان زۆری جێبەجێ کرا، ئەوە بوو دواتر، خول کرایەوە بۆ مامۆستایان، بۆ ئەو فەقێیانە تا تاقیکردنەوەی بەکالۆریا بدەن، لە پەنجا و نۆ ئیتر دەستی پێ کرد، لە بەغدا هاتن، ئێمە لە هەولێر بووین لە کەرکووک، بەغدا، بەسرە، مووسڵیش تاقییان کردینەوە، ئەوەی لە تاقیکردنەوەکە سەردەکەوت، ئینجا قبووڵ دەکرا لە خولەکە، ئێمە لە سالانی پەنجا و نۆ و شەست چووینە خولی مامۆستایان، ئێمە بڕیارمان دا نەچینە مووسڵ، زۆربەمان ئەوانەی خەڵکی هەولێر بووین

چووینە کەرکووک لەبەرئەوەی خولەکە لە هەولێر نەکرابووەوە، لە مووسڵ و کەرکووک و لە بەغدا و بەسرە و کەربەلا هەبوو، چەند هەزار فەقێیەک دەرچوون و چوونە خول و لە دواییدا بوونە مامۆستا، لە کەرکووک لە خول بووین، ئێواران دەچووین، لە مەکتەبێک دەمانخوێند سانەوییان پێ دەگوت.

دوای ئەوەش یەکێتیی قوتابییانی ئاینی، هەر مایەوە تا دواتر مەجمووعەیەک مەلا پەیدا بوون گوتیان بیکەینە "اتحاد رجال الدین" و ناوەکەی بگۆڕین. مەجمووعەیەک مەلا بوون، یەک لەوان "مەلا عەلی موفتی"یان پێ دەگوت "کوڕی مەلا عەبدوڵا سوێری" بابی عالمێکی گەورە بوو، خۆشی پیاوێکی چاک و خەتیب بوو، بەڵام ئەو مەیلی لای "انصارالاسلام" بوو، ئێمە مەیلی لای "پارتی"مان هەبوو، ئیتر تێکەڵ بووین و بووینە یەکەتیی پیاوانی ئاینی، من خۆشم وازم لەو یەکەتییە هێنا و بوومە ئەندامی پارتی، یەکەتیی پیاوانی ئاینیش زۆری نەخایاند هەڵوەشایەوە.

ئێمە "یەکەتیی قوتابییانی ئاینی لە کوردستان"دا، مەجمووعەیەک مەلای ئازادیخواز بووین، ئاشتیخواز، ئەوانیش ویستیان لەگەڵ ئێمە ببنە یەک ڕێکخراو بە ناوی یەکەتیی پیاوانی ئاینیی ئازادیخواز "اتحاد الرجال الدین الاحرار" پێک هاتین و ناومان لێ نا، ماوەیەک بەو شێوەیە ئیش کرا لە یەکەتیی قوتابییانی ئاینی، بووە یەکەتیی پیاوانی ئاینی، دوای ئەوە پاش ماوەیەک مەلاکان بەتایبەت ئەوانەی کە دژی شیوعییەت بوون، هەستیان دەکرد، ئێمەش پێشکەوتنخواز بووین، لە دواییدا کۆمەڵێک پەیدا بوون ئینشقاقیان کرد و جودا بوونەوە بەناوی "اتحاد علماء الدين في كردستان" واتە یەکەتیی زانایانی ئاینی لە کوردستاندا.

## بۆ یەکەم جار " بارزانی" مان دیت

ئێمە ئەو وەفدەی کە چووینە بەغدا دوازدە کەس بووین، وەفدی هەموو پارێزگاکانی کوردستان بووین، ئیتر وامان بەباش زانی، بچینە خزمەت بارزانی، ئێوارە بوو ئۆتۆمۆبێلمان گرت و چووین بۆ ماڵی بارزانی، ماڵەکەی لە خانوویەکی حکوومەتدا بوو، کە چووین بارزانی خۆی لە ماڵ نەبوو، "شێخ محەمەد سادق" هەبوو برازای بوو، ئەو لەوێ بوو، کاتێک کە گەیشتین زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین، ژوورێک هەبوو بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی و ژوورێکیش هەبوو بۆ دانیشتن، گوتی: لەوێ دانیشن هەتا دێتەوە ئێستە ١٠ خولەکی تر دەگاتەوە بە کارێک چووەتە "حیللە"، بارزانی لەوێ دۆست و ئاشنای هەبوون، داوەتیان کردبوو، دانیشتین لەوێ "دە" خولەکێک چارەکێک تا گەڕایەوە ئینجا چووینە خزمەتی، چووین دانیشتین زۆر کەیفخۆش بوو، ئاسایی بوو، من سەرۆکی وەفدەکە بووم یەکەم جار من قسەم کرد، گوتم: ئێمە یەکەتیی قوتابییانی ئایینین لە کوردستانەوە هاتووین جەنابت ببینین.

گوتی: زۆر خۆشحاڵم گەنجی وەکو ئێوە دەبینم، من فەقێ و مەلام زۆر بینیوە، بەڵام هی وەکو ئێوە هەبێ من ئامادەم هاوکاریتان بکەم.

گوتم: ئیشمان هەبوو بەڵام بۆ ئەوە نەهاتووینەتە خزمەت جەنابت نامانەوێ هیچ داواکارییەک لە جەنابت بکەین، تەنیا بۆ زیارەت هاتووین، هەندێ داواکاریمان هەبوو داومانە بە حکوومەت و "خالید نەقشبەندی"شمان دیوە و قسەمان لەگەڵ کردووە، لەبەرئەوە هیچ ئەزیەتی جەنابت نادەین و گەورەییی جەنابت بۆ ئێمە هەمووشتێکە.

دەمێک دانیشتین و دواتر ویستمان بڕۆین.

گوتی: نا، دانیشن، دەبێ شتێکیش بخۆن.

هەندێ شیرینییان هێنا، ئەویشمان خوارد ئەوسا گوتی: ئینجا ئەگەر دەڕۆن مانیع نییە، هەرچەند هەندێ مێوانی تریشی هەبوون، بەڵام زۆر کەیفی بەئێمە هات کە ئێمەی دیت، ئیتر گەڕاینەوە، گەڕانەوەشمان لە کاتێکدا بوو لە مووسڵیش بزووتنەوەی "شواف" ڕووی دا، خەریک بوو، ئینقیلابێک لەسەر "عەبدولکەریم قاسم" بکات، "عەقید شەواف" قەومی بوو، زابتێکی سوپای عێراقی بوو وابزانم بەعسی بوو، بەڵام شیوعی و کورد دژی وەستان و بزووتنەوەی شەوافیان شکست پێ هێنا، ئیتر بەو شێوەیە ئێمە چووین تاقیکردنەوەیەکی وەزاریمان دا ئەوەی دەرچوو، قبووڵ کراین لە خول، خولی تایبەت هەبوو بۆ مامۆستایی "الدورة الخاصة لرجال الدين"، پێنج مەرکەز بوو، یەک لە مووسڵ بوو بۆ عەرەبەکان و کوردی ناوچەی دهۆک و ئەوەی چوونە ئەوێ، ئێمە "هەولێر" نێزیکەی دە کەس چوونە مووسڵ ئەوانی تر هەموو چوونە کەرکووک لەبەرئەوەی کەرکووک کوردە، هەڵبەت قوتابیی سلێمانیش هاتبوون بۆ ئەوێ، کەرکووکیش خۆی قوتابیی هەبوو، لە خولەکە ٤٤٧ کەس بەشدار بووین، دوازدە سێزدە پۆل بووین، ئێواران وەختی ڕۆئاوا دەچووینە ئەوێ؛ چونکە خولی تریش هەبوو، سبەینان بۆ قوتابیی خۆی بوو؛ چونکە ناوەندی بوو ئەوە تەواو دەبوو دوای ئەوە خولێکی تر هەبوو دەکرایەوە، پاش نیوەڕۆ دوای ئەو خولەی تر ئێمە بووین، بەڕاستی لەو وەختەدا کێشەیەکی توند لە بەینی تورکمان و کورد پەیدا بوو، بەهۆی ئەوەی کە حزبی شیوعی وەختی خۆی هەندێ لە تۆرانییەکانی ئەزیەت کردبوو، ئەوان ئەوەیان لەسەر کورد حسێب کرد، کورد ئەوەی نەکردبوو وەکو میللەتی کورد یا وەکو پارتی، بەڵام ئێمە لە ئەنجامی ئەوە زۆر ئازارمان دەخوارد و زۆر ئەزیەتیان دەداین، تورکمانەکان عەسابەیان هەبوو هەتا لە هەندێ خەڵکی ئێمەیان دەدا.

## تورکمانەکان نەیاندەویست ئێمە خوێندن تەواو بکەین

ڕۆژێک ئێمە، دوازدە سێزدە قوتابی بووین، لە "کەرکووک" لە گەڕەکی "مصلا" کە دەڕوا دەگاتە "پیریادی" ئینجا "شۆریجە"، ئێمە ئەو دوازدە قوتابییە لە "شۆریجە" بووین، من ماڵم لەوێ بوو، بەڵام منداڵمان نەبوو، ئەوانی تر هەندێک ماڵی هەبوو، هەندێک زگوردی بوون و مزگەوتێک هەبوو لە مزگەوتەکە دەخەوتن، ئەوجا پاش مەغریب دەگەڕاینەوە مەیدانێک بوو هەندێک قوتابی ڕەنگە شەست حەفتا قوتابی دەبوون لەوێ بۆ خۆیان دەرسیان دەخوێند، ئاسایی ئێمەش بەوێدا تێ پەڕین دوو ئینزباتی سەربازیش لەوێ بوون لە ڕاستیدا گومانی ئەوەمان نەکرد، کاتێک دیمان بەردبارانیان کردین، ئێمەش ڕامان کرد قوتابخانەیەک هەبوو پیشەسازی بوو، چووینە پەنا دیواری ئەو قوتابخانەیە و شەڕمان لەگەڵیان کرد، ئەو بەردانەی ئەوان بۆ ئێمەیان هاویشت، لەو ناوە خڕمان کردەوە ئینجا ئێمە هێرشمان بۆ ئەوان کردەوە و لێمان دان، بەڕاستی ئینزباتەکانیش یارمەتیی ئەوانیان دەدا، دیار بوو تورکمان بوون، ئیتر ئەوانیشمان دانە بەر بەرد و ڕاومان نان، ئەوان زۆر بوون ئێمە کەم بووین، بەڵام ئێمە ئازاتر بووین لەوان، ئیدی بەڕێوەبەری خولەکەمان کە "ئەنوەر محەمەد"ی ناو بوو خەڵکی ناوچەی کەرکووک بوو، کۆنە شیوعی بوو، پێشتریش لەسەر شیوعییەت گیرا بوو، پیاوێکی باش بوو، کوڕە مەلاش بوو، هات محازەرەیەکی بۆ داین، وتی دەزانم ئەوانە ئازارتان دەدەن؛ چونکە ئێوە هەموو کوردن، دەیانەوێ دەرتان بکەن بۆ ئەوەی دەرنەچن لە خولەکە و مامۆستای کورد زۆر نەبێت، بەڵام من هانتان دەدەم هەرچییەکتان لەگەڵ بکەن، ئێوە هەر بمێنن، گوتمان هەرگیز بەجێی ناهێڵین، بەڕاستی مقاوەمەمان کرد و ساڵەکەمان تەواو کرد لە مانگی یازدە دەستمان

پێ کرد و لە مانگی شەش تاقیکردنەوەمان دا، بە تەسەوری من یەک دوو کەس نەبێ ئەوانی تر هەر هەمـــوو ناجـــیح بووین، دوای ئەوە گــەڕاینەوە و دواتر دابەش کراین، هەریەکە لە جێیەک بووە مامۆستا، من لە وەرزی پایزی ساڵی ١٩٦٠ دامەزرام لە گوندێک لە دەشتی هەولێر کە نێزیکە لە قوشتەپە بەناوی گـــوندی "دووگـــردکـــان" گـــوندی مـــاڵی کـــاک "مـــوحـــســـین دزەیی" و ئەوانە، قـــوتابخـــانەیەکی شـــەش پۆلی هەبوو لەوێ دامـــەزرام، لەگـــەڵ هـەمـــوو ئەو دەردەسەرییانەی کە دەمدیت، خۆشەویستیم بۆ کورد زیاتر دەبوو.

## بۆ یەکەمین جار بارزانیم بەخەو دیت

هەر لەو جارەی کە لەگەڵ باوکم چووینە لای شێخ حەنەشی من بارزانیم خۆش ویست و کەوتە دڵم، هەستی منداڵیم لەگەڵمدا بوو، بگرە زیاتریش بوو، ئەوە بوو خەونم دیت حەوت کەس بوون خۆی و شەش کەسی تر هەموو شاڵ و شەپکیان لەبەر بوو، جامەدانییان لە سەر بوو، بەڵام جامەدانییان ڕەش بوو، سوور نەبوو، هەمووشیان تفەنگی "جان بێزار"یان پێ بوو، خۆشیان هەڵکردبوو هەتا چۆکیان و هاتن، گوتیان: هاتووین مێوانی تۆین.

منیش گوتم: بەخێربێن زۆر خۆشحاڵ بووم.

مەلا مستەفا پێش ئەوەی بێتە ماڵی من، شیرمان هەبوو، بەخێزانەکەم "دایکی نازناز" ئەوەی کە شەهید بوو، پێم گوت: ئەرێ شیرمان هەیە شیرەکە بێنە، لە ناو پەرداخدا شیرمان بۆ هێنان، لە خەونمدا گوتی: من بەڕاستی زۆر حەزم لە شیر بوو زۆر باش بوو ئەو شیرەتان هێنا.

گوتم: قوربان شیر بۆ خواردنە و فەرموون.

گوتی: نەخێر، هەر ئەوەندە بەس بوو هەروا هاتووین سەردانێکتان بکەین و دەچین.

من زۆر خۆشحاڵ بووم لەو خەوە کە هەستاشم هەر وام زانی ڕاستییە، ئینجا ئەو کاتەش کە چووینە لای بارزانی لە بەغدا یەکەم جار بوو بە واقیعی بارزانیم دیت، زۆر خۆشحاڵ بووم، یانی هەقیقەت حەزم دەکرد هەر لەوێ بم و بەجێی نەهێڵیم.

جارێکی تریش لە ساڵی ١٩٥٩دا پێش ئەوەی بچین بۆ خول، لە بارەگەی حزب لەوێ ئێشکگری هەبوو، بۆ قوتابییان؛ چونکە ئەو وەختە پێشمەرگە نەبوو، من و قوتابییەکی تر ئێشکگر بووین لە بارەگەی لق، گوتیان بارزانی

دێ، ئێمەش لە بەردەرگەی لق بووین من بەرەو ئەو ڕاوەستا بووم و ئەویش لەوبەری من، من خەنجەرێکی خنجیلانەم هەبوو لەبەر پشتێنی خۆم دانابوو، پاسەوان بووم لەوێ؛ چونکە تفەنگ نەبوو، مەمنووعیش بوو، جگە لە پۆلیس کەس نەیدەتوانی چەک هەڵگرێ، مەلا مستەفا هات سڵاوی کرد و ئێمەش سڵاومان لێ وەرگرتەوە، من و ئەوی دیت بەس خەنجەرێکمان پێیە، ڕووی لە من کرد گوتی: ئێوە چین لێرە وەستاون.

گوتم: ئەندامی پارتین و حزب بڕیاری داوە هەر ڕۆژەی دوو قوتابی خەفەر بن ئێمەش قوتابین، ئەمڕۆ نۆرەی ئێمەیە خەفەر بین، گوتی: ئەم خەنجەرە چییە؟ گوتم: ئەمە خەنجەری خۆمە، گوتی: ئافەرین ئەوە شتێکی باشە، دەستێکی لە شانم دا و گوتی: کورد گەنجی وەک ئێوەی هەبێ هەر ڕزگاری دەبێ و دەگا بەمافی خۆی، پاشان چوو بۆ ژوورەکە، بۆ مەکتەبی لق، ئەو کاتە کاک عەلی عەبدوڵا بەرپرسی لق بوو، ئەو عەلی عەبدوڵایەی کە ئێستە جێگری کاک مەسعوودە. پێشتریش جارێکی تر بارزانیم دیت هاتە هەولێر، هەر دوای گەڕانەوەی بوو لەوێش دیم لە ماڵی پارێزگار خەڵک هەمووی لەوێ بوون بەسەیارەی سەربازی هات، دوو سەیارە زابت و جوندی هاتبوون، هاتن مێوانی پارێزگار بوون، وا تەسەور دەکەم "عبدالمنعیم مصرف" ئەو وەختە پارێزگاری هەولێر بوو، قەرەباڵغیی هەولێر ڕەنگە ٣٠٠٠٠ هەزار کەس حازر بووبێ، ئەو وەختە نفووسی هەولێر نێزیکەی پەنجا تا شەست هەزار کەس دەبوو، ٣٠٠٠٠ هەزار کەس یەکجار زۆر بوو، یانی قەرەباڵغییەک بوو کە من پێشتر شتی وام نەدیبوو. لە باڵەفڕگەی موسەنناش کە گەڕایەوە لە ١٩٥٨/١٠/٦ لە قاهیرەوە بە باڵەفڕەیەکی تایبەت کە بە ڕەحمەت بێ "جەمال عەبدولناسر" بۆی دابین کردبوو هاتەوە و، بەپێی تەقدیر کە دوایی تەقدیر کرا نێزیکەی ٣٠٠٠٠ هەزار کەس پێشوازییان لێ کرد، لە هەمان ڕۆژ کە گەڕایەوە ڕەسمێکی هەیە بە بەرگی زەیتوونییەوە دەستی لە ناو باخەڵیەتی، یەک ملیۆن وێنەی لە "دار الشعب" لێ چاپ کرا و بڵاو کرایەوە بەسەر خەڵکدا، خەڵک زۆر خۆشحاڵ بوو بەگەڕانەوەی بارزانی، نەک هەر کورد

عەرەبیش خۆشحاڵ بوو،، عەرەبی نیشتمانپەروەر و شیوعی و غەیرە شیوعی، بەڕاستی گۆڕانێکی گەورە بوو کە بارزانی گەڕایەوە کوردستان، وەکو ڕۆژ لە خەڵکی کوردستان هەڵاتبێ، وا بوو، عەبدولکەریم قاسم لە سەرەتاوە زۆر ڕێزی لێ دەگرت، زۆر جار بۆ هەندێ مەسەلە کە پێوەندییان بە کوردەوە هەبوو، بەشوێنی دەنارد و، ڕاوێژی پێ دەکرد، بەڵام وەکو ڕاوێژکاری ڕەسمی نەبوو، بارزانی ئەو پۆستانەی وەرنەدەگرت، بەڕاستی ئەمە یەک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی بارزانی بوو، نەخۆی و نەکوڕەکانی لێ نەدەگەڕا بەرپرسیارێتی وەربگرن، بارزانی خۆی مرۆڤێکی زۆر تایبەتمەند بوو، بچووبایە هەر جێگەیەک جەماوەر لە دەوریدا کۆ دەبووەوە، زۆر گەورە بوو، هەندێک شتی کەیف پێ نەدەهات، پێت بگوتایە تۆ قائدی، تۆ زەعیمی، زۆر پێی تێک دەچوو، دەیگوت "کاکی من، من ناوم مستەفایە" یا مەلا مستەفام، پێ بڵێن من وا حەز دەکەم، من نەزەعیمم و نەقائدم، کوردێکم وەکو ئێوە، خەباتم کردووە بۆ میللەتی خۆم، بەڕاستی من ئەوە بۆ مێژوو دەڵێم، ئەو هەموو خەبات و زەحمەت و تێکۆشانەی ئەو کردوویەتی، هیچ دیرۆکێک هیچ کتێبێک، هیچ نووسەرێک ناتوانێ حەقی خۆی بداتێ.

## ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی بارزانی بوو، نەخۆی و نەکوڕەکانی لێ نەدەگەڕا بەرپرسیارێتی وەربگرن

ئەو مرۆڤە چەند گەورە بوو لە هەمان کاتیشدا ئەوەندە دڵنەرم بوو، بەڵام لە بەرامبەر خەڵکی فەقیردا زۆر دڵنەرمتر بوو، لەبەرئەوە مەلا مستەفا لای جەماوەر زۆر گەورە بوو، من تەسەور دەکەم هیچ زەعیمێک جگە لە خومەینی نەبێت، ئەوەی بۆ بارزانی کرا، بۆ کەسی تر نەکراوە، بۆ نموونە ئێمە کە تەرمی "بارزانی و کاک ئیدریس"مان لە ئێران هێنایەوە خۆم سەرپەرشتیاری ئەو لیژنەیە بووم، کە چووین بەمحاوەلەیەکی زۆر توانیمان وا بکەین ڕەزامەندی وەربگرین و بیهێنینەوە، هێنامانەوە و لە "زێوێ"وە دەبووایە بەهیلیکۆپتەر "باوەشێنکە" بۆ "باشماخ" بیگوازینەوە و لەوێشەوە بە ئۆتۆمۆبێل بمانهێنایەتەوە بارزان، ئێمە ئەو لیژنەیە من و شەهید شەوکەت شێخ یەزدین و هەندێ هەڤاڵی تر بووین بە ئۆتۆمۆبێل هاتین بۆ "باشماخ" و ئەوانیش بە باڵەفڕە پرووسکەکانیان هێنا، بارزانی خۆشەویستێکی ڕوحی بوو نەک خۆشەویستی مادە و مەنسەب و پارە، چونکە مەلا مستەفا ئەو وەختە پارەی نەبوو بیداتە خەڵک، تفەنگیشی نەبوو بیداتە خەڵک، ئەو زەمانەی من دەیڵێم کاتێک بوو کە بارزانی ئەمری خوای کردبوو، بەڵام لە "شنۆ" ش چوار سەد هەزار کەس هاتنە سەرقەبران، کوردی ئێران و کوردەکانی خۆمان لە ئێران و کوردی کوردستانی تورکیاش هەندێک هاتبوون، ئەم هەموو خەڵکە ڕووی کردبووە "مەیدانی مەزاری بارزان ئاباد" کە تازە دروست کرابوو لەو مەزارە ناشتمان، کە هێناشمانەوە ڕەنگە ملیۆن و نیوێک خەڵکی لەگەڵدا بووبێت.

لە ڕاستیدا بارزانی خۆی لە فەقێیەتی و مەلایەتی خوێندوویەتی، ماوەیەک

له سلێمانیش خوێندوویەتی و لەوێش زۆر ماوەتەوە، نێزیکەی سێ ساڵ لای "مەلا عەبدوڵا چرۆستانی" کە مەلایەکی بەناوبانگە خوێندوویەتی، بارزانی لە بواری مەلایەتی و شەریعەت شارەزاییی هەبوو، عیلمی هەبوو، دوایی کە چووە سۆڤیەت لەوێ لە پەیمانگەی ڕۆهەڵاتی "معهد الاستشراق" حەوت ساڵ خوێندی و شەهادەی وەرگرت، مەلا مستەفا بەهیچ شتێک تەباهی نەدەکرد، شانازیی دەکرد، بەڵام سیفەتی خۆ بەزلزانیی نەبوو، باسی خۆی نەدەکرد، زۆر لەوە گەورەتر بوو باسی خۆی بکات، منیش ئێستە شەرم دەکەم باسی خۆم بکەم، بەڵام ئەوە ناچارییە، چونکە ئەوە بیرەوەریی نووسینەوەیە و مەجبوورم هەندێک شتی خۆم باس بکەم لە ناو ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویان داوە، ئەوجا بەڕاستی منیش هەندێک شتم لە بارزانی وەرگرتووە، بەڵام بەداخەوە خۆزگە شتی زیاتر و هەموو شتێکم وەرگرتبایە، بەڵام نەشیاین هەمووی لێ وەربگرین، بارزانی مرۆڤێکی دانا و بێ وێنە بوو، چونکە ئەوەی ئەو کردی بەکەس ناکرێ، مەلا مستەفا لە تەمەنی سێ ساڵیدا لەگەڵ دایکی لە مووسڵ گیرا بوو، لە ساڵی ١٩١٤ "شێخ عەبدولسەلام"ی برایان لەسێدارە داوە، بارزانی هەر زوو هزری نەتەوایەتیی لە مێشکدا بووە، ڕوحی تۆڵەسەندن لە داگیرکەرانی لە مێشکدا بووە و بەرخودانی لە مێشکدا بووە، هەژدە نۆزدە ساڵان بووە لەگەڵ دوو سەد سوار چووەتە سلێمانی، بۆ لای شێخ مەحموودی نەمر تا هاوکاریی بکات.

من ئەو سیفاتانەم لە بارزانی دیوە، چونکە من تا ڕادەیەک لێی نێزیک بووم، پێوەندیم هەبوو لەگەڵی، هاتوچۆیم دەکرد، لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی و کۆنگرە و کۆنفرانسەکان بەشدار بووم، من ئەوەی لە بارزانی دیومە لە خەڵکی ترم نەدیوە، ناشبینم، بارزانی سەرکردەیەکی تایبەتمەند بوو بەڕاستی توێژینەوەی قووڵیی دەوێ و بەئاسانی باس ناکرێ، وەکو خۆی بوو نەکەس وەکو ئەو بوو نەئەویش وەکو کەسی تر بوو.

ساڵی ١٩٥٨ کە تازە بارزانی گەڕابووەوە، کابرایەکی شیوعی هەبوو، "عادل"ی ناو بوو، لەو شیوعییەیان پرسی بوو، گوتیان ڕەنگە بارزانی بووبێتە

شیوعی؛ چونکە چووەتە ڕووسیا و لەوێ بووە، شیوعییەکە پیاوێکی عاقڵ بوو، گوتی: «زۆریش تەسەور وابوو، بەڵام نا، من وا تێ دەگەم بارزانی چۆن چووە وا گەڕاوەتەوە، چۆن چووە و چی بووە و چیی لە مێشکدا بووە، هەر ئەوەی لە مێشکدایە، نەبووەتە شیوعی و نەشتێکی تریش»٠ هەر واش دەرچوو، من زۆرم پێ سەیر بوو، ئەو پیاوە نەماوە و ئەمری خوای کردووە، ئەو باش بارزانیی ناسی بوو، خەڵکی تر وەک ئەو نەیانناسیبوو، وایان خەیاڵ کرد بازرانی چووەتە سۆڤیەت و وڵاتێکی شیوعی و بووە بە شیوعی، وانەبوو، بۆیەش زۆری لە عەرەبەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبیی ئەو کاتەدا دەیانگوت: مەلای سوور، یانی بووەتە شیوعی، کەچی وا نەبوو. مەلا مستەفای بارزانی کوردپەروەری شۆڕشگێڕی کوردستانی بوو، هەر ئەوە بوو، دەتوانم بڵێم نەک هەر کوردستانی، بگرە پێشمەرگەیەکی نێودەوڵەتیش بوو، وەکو گیڤارا یان گیڤارا وەک ئەو بوو، هەرچەند گیڤاراش زۆر گەورە بوو، بەڵام زۆری فەرقە. پێیان دەگوت پێشمەرگەیەکی نێونەتەوەیی، بارزانییش پێشمەرگەیەکی نێونەتەوایەتیی کورد بوو، لە هەر جێگەیەک پێویست بووایە دەچوو، هەتا زمانی کوردی لە سەردەمی ئەودا بوو بە یەک زمان و هەموو زاراوەکان کۆکرایەوە، بارزانی خۆی بە شێوەزارێک قسەی دەکرد ئاسان بوو، کە قسەی دەکرد سۆرانیش تێ دەگەیشت و بادینیش تێ دەگەیشت، دەوروبەرەکەی دەناسی و دەیزانی ئەو خەڵکەی لەوێ دانیشتوون کێن، زۆربەی خەڵک هەولێری بوونایە بەشێوەزاری ئەوان قسەی دەکرد و ئەگەر زۆربەشیان سلێمانی بوونایە، بەشێوەزاری خەڵکی سلێمانی قسەی دەکرد، ئەگەر زۆربەی خەڵکی لای بادینان بایە، وەکی وان قسەی دەکرد، یانی مەلا مستەفا بەراستی جیاوازیی نەدەکرد، من لە قەبریشدا شاهیدی بۆ دەدەم کە بەینی بارزانییەک و سلێمانییەک و کەرکووکییەک و هەولێرییەک و زاخۆییەکی لەلا وەک یەک بوو، قەد جیاوازیی نەدەکرد، نە لە مێشکیدا جیاوازیی هەبوو، نە لە کرداریدا، هەر بۆیەش لەلای هەموو خەڵک جێگەی متمانە بوو، بارزانی ئامانجێکی ڕوونی هەبوو، تەنیا بۆ بەرژەوەندیی میللەت تێ دەکۆشا، بۆیە لەلای خەڵکی خۆمان و خەڵکی تریش زۆر ڕێزی لێ دەگیرا، هەر بۆیەش لە

دوای شـۆڕشـی چواردەی تەمـووزی سـاڵی ١٩٥٨ کـاتێک کـە لە سـۆڤـێت گـەڕایەوە، لەلایـەن زەعـیم عـەبدولکەریم قـاسم کـە سـەرکـردەی شـۆڕش بوو، پێشوازیی لێ کرا و ڕێزی لێ گیرا، بەڕاستی لە چواردەی تەمووز کۆمەڵێک هەنگاوی ئەرێنی هاوێشـتـران بەرامـبـەر بە کـورد، بۆ نموونە لە دەسـتـووری عێراقدا مادەی "٣" سێ، دەڵێ: "العرب والاكراد شركاء في هذا الوطن" کورد و عەرب هاوبەشن لەم وڵاتەدا، ئەمە یەکەم جار بوو کە لە دەستووری عێراقدا ئەم مادەیە بنووسرێ، لە ئاڵای عێراقدا خەنجەری کوردی تێدا بوو، ڕەنگی زەردی تێدا بوو، ئەمانە هەموو ئەرێنی بوون بەنیسبەتی کورد، بارزانی دەوری زۆری هەبوو بۆ ئەوەی عێـراق و حکوومـەتی عـێـراقـیش، هەندێک هـەنگاوی ئەرێنی هەڵبگرن لەوانە "اصـلاح الزراعي"ی کـرد، بەڕێوەبەری گـشـتـیی خوێندنی کوردییان دانا، خوێندنی کوردی دەستی پێ کرد، ئەمانە هەمووی پۆزەتیڤ بوون. بەڵام دوای مـاوەیەک عـەبدولکەریم قـاسم لەو بەڵێنانەی کـە دابوونی پەشـیمـان بووەوە و دوایی شـۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ کرد، ئەمە هەرچەندە پێش ئەوەی شۆڕش دەست پێ بکات لە سێزدە و چواردەی مانگی هەشت، حزب بیرئانینێکی دابوو بەحکوومـەت و عەبدولکەریم قاسم، شۆڕشی ئەیلوول لە مـانگی نۆ بوو، ئەو وەختـە بارزانی گـەڕابووەوە و بەغـدای بەجێ هێـشـتـبـوو، لەو بیـرئـانینەدا، حـزب هەندێ شـتـی داوا کـردبوو، هـەرچەندە بەرنامـەیەکی تەواو و کامل نەبوو، بەڵام بەرنامـەی تەواوکـراو پێشـتـر درابوو بەحکوومـەت. لـەو مـاوەیەی کە بارزانی لە کوردسـتـان نەبوو، پارتی زۆر لاواز بووبوو، بەڵام لە سـاڵی ١٩٥٨کـە شـۆڕشی چواردەی تەمـووز کـرا و بارزانی گەڕایەوە، پارتی گەشەی کرد و دواتریش کۆنگرەی چوار بەسترا، لە کۆنگرەی چوار "هـەمـزە عـەبدوڵا" ئەوان کـە دەیانویست پارتی بەرەو پاشکۆی حـزبی شیوعی ببەن، دەرکران، ئەوانە بە هەقیقەت تەکەتولێکی مارکسییان هەبوو، دەیانویست پارتی بکەنە پاشکۆی حـزبی شـیـوعی، دیارە بارزانی کـە ئەوەی زانی قبووڵی نەکرد، چونکە لە ناو کۆنگرەکە و هەروەها لە پێڕەو و پرۆگرامی حزب نووسـرابوو، "نسـيـر علي هدى من النظرة العلمـية الماركسـيـة اللينينيـة" ئەوەش ڕەش کرایەوە؛ چونکە لەگەڵ سەردەمەکەش نەدەگونجا.

## کۆتاییهاتنی دووبەرەکی لە ناو سەرکردایەتیی پارتیدا

کۆنگرەی چوار لە ساڵی ١٩٥٩ گرێ درا، کۆنگرەیەکی بێ وێنە بوو، ئەو کاتە بارزانی گەڕابووەوە، خۆی ئامادە بوو؛ چونکە لە کۆنگرەی یەک و دوو سێ بارزانی ئامادە نەبوو لەبەرئەوەی لە دەرەوە بوو، دوای ئەوەش کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ رووی دا، برایم ئەحمەد بوو بە سکرتێری حزب و پاشی چەند مانگێک، کۆنگرەی پێنجەمیش بەسترا، چونکە حکوومەت داوای کردبوو، ئیتر پارتی ئیجازەی وەرگرت و لە پەنجا و نۆ حزب بووە فەرمی، لەسەر ئاستی عێراقدا، دەبووا هەر حزبێک کە ئیجازە وەردەگرێ، پاش شەش مانگ کۆنگرە ببەستێ، ئەوە بوو حزبی ئێمە، کۆنگرەی بەست، بەڵام زۆر فەرقی نەکرد، هەندێ سەرنجی حکوومەت هەبوو لەسەر ناوەکە ئەوە بوو گۆڕدرا و بوو بە "پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق"، ئەو نەزەرییەی عیلمیی مارکسی لادرا و چەند شتێکی بچووک گۆڕینی تێدا کرا، ئەگەرنا، لێژنەی ناوەندی نێزیکەی هەمان لێژنەی ناوەندی بوو، تەنیا ناهیدە شێخ سەلام بوو بە ئەندامی لێژنەی ناوەندی، ئەوە شتێکی تازە بوو، بارزانی خۆیشی ئامادە بوو لە هەردوو کۆنگرەکەدا، کۆنگرەی چوار و کۆنگرەی پێنج، ئیتر بەو شێوەیە حزب هێزێکی زۆری پەیدا کرد، پێشتر حزب بەو شێوەیە جەماوەری نەبوو، تەنزیمێکی بچووکی هەبوو، زۆر لاواز و هەروەها ئینشقاقی لە ناودا هەبوو، رۆژێک هەمزە دەبوو بە سکرتێر و رۆژێک برایم ئەحمەد.. یانی وەزعی حزب زۆر نارێک بوو، لەبەرئەوە کە بارزانی گەڕایەوە ئەو دوو باڵییە نەما و وەزعی حزب یەکلا کرایەوە، ئینجا شۆڕشیش کە دەستی پێ کرد حزب لە گەشەکردندا بوو، بەڵام هەندێک رووداو روویان دا لەو دوو سێ ساڵەی کە شۆڕشی تەمووز هەڵگیرسا بوو، بۆ نموونە: سدیق میران هاتە کوشتن لە دەربەندی کۆڕێ،

ئەحمەد زێباری هاتە کوشتن، ئەمانە هەموو لەسەر پارتی حسێب کران، لەسەر بارزانی حسێب کران. "شێخ ڕەشید لۆلان" لە حکوومەت هەڵگەڕایەوە، بارزانی و قوەتی سوپا و مقاومەی شەعبی چوون لێیان دا و دەریان کردن، یانی ڕووداو بە دوای ڕووداودا دەهات، دوای ئەوە بەداخەوە دەستی خراپ پەیدا بوو، بەتایبەت ئاغاواتەکان هەندێکیان کۆنگرەیەکیان بەست لە بەغدا، وایان کرد ناوی بارزانی تێ بگلێنن، یانی بارزانییش بخەنە مەوقفێکەوە کە گوایە ئەویش ئاگای لێیە، بۆ ئەوەی گومان دروست بێت لە بەینی بارزانی و عەبدولکەریم قاسم، لەو کاتەدا، واتە لە ساڵی ١٩٦٠ و لە ئۆکتۆبەردا، بارزانی چوو بۆ مۆسکۆ، حزبی شیوعی بەبۆنەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر داوەتیان کرد لەوێ ماوەیەک مایەوە و زۆر ڕێزیان لێ گرت، ئینجا بارزانی لەو سەفەرەی نیشانەی پرسیاری خرایە سەر، گومان بۆ عەبدولکەریم قاسم دروست بوو، پێیان گوتبوو گوایە بارزانی بەمەبەستی تایبەت چووە و لەگەڵ سۆڤیەتییەکان و لەگەڵ حزبی شیوعی ڕێک کەوتوون بۆ ئەوەی ئینقیلاب لەسەر تۆ بکەن، وایان بۆ عەبدولکەریم قاسم وێنا کردبوو، ئینجا عەبدولکەریم قاسم کەوتە لێدانی پارتی و حزبی شیوعی.. عەبدولکەریم قاسم پیاوێکی زۆر سیاسەتمەدار و ورد نەبوو، تا بتوانێ بەدوایدا بچێ و بزانێ وایە یان وا نییە، پیاوێکی حزبی نەبوو، خۆی و چەند زابتێک بوون و قەومییەکانیش، یانی بەعسییەکان هانیان دەدا، تووشی گرفتی بکەن، بۆ ئەوەی شۆڕشی لەسەر بکەن، هەرواش بوو و تووشیان کرد، ئەوەی ویستیان وایان لێ کرد، دواجار خۆیان ئینقیلابیان لەسەر کرد، وەزعەکە وا ڕۆیشت و شۆڕشیش دەستی پێ کرد، لە سەرەتاوە شۆڕش لاواز بوو، بێهێز بوو، هیچی نەبوو، هیچ ئیمکانییەتێکی نەبوو، نەمادی نەسەربازی، من لە بیرمە ئەو کات لە "دووگردکان" مامۆستا بووم کە شۆڕش دەستی پێ کرد ڕێ گیرا، ئەو کات ئەحمەد محەمەدئەمین دزەیی هەبوو، برا گەورەی موحسین دزەیی، بەڕەحمەت بێت، پیاوێکی پارتی و تێکۆشەر بوو، ئاغا بوو، بەڵام ئاغایەکی نیشتمانپەروەر بوو، بەمانای وشە، هاوکات زۆر هاوڕێی من بوو، چونکە من

لەو دێیـە بووم و بەرپرسی ڕێکخـستن بووم، ئەمـە خۆی بۆ منی باس کـرد، لە گوندەکەی "ئاشی هـاڕینی گەنمی" هـەبوو، یەک لۆری ئاردی ناردبوو بۆ بارزان لەگـەڵ ئاردەکـەدا یازدە تفـەنگی کڕیبـوو کـردبوویانـە بنی ئاردەکـە و لەسـەر بڕیاری حزب ناردیان بۆ بارزانیی نەمر، بارزانی چەکی نەبوو چەند تفەنگێکی کەم نەبێ، یانی شۆڕش بەو شێوەیە دەستی پێ کرد شۆڕش بنەمایەکی نەبوو، پێـوەنـدیی دەرەوەی نـەبوو، هیـچ ئامـادەییـیـەک نەبوو، بۆچوونـەکـەش هی عـەبدولکەریم قـاسم بـوو، ئەو دەیویست پاش ئەوەی کـە بارزانـی لە مـۆسکۆ گەڕایـەوە بیگرێ، بارزانی کە ئەوەی زانی بەغدای بەجێ هێشت، گەڕایەوە بۆ بارزان، عەبدولکەریم قـاسمیش کەوتە دەست بەسەراگرتنی بارەگەکانی حزب و گرتنی کادیرە ناودارەکانی پارتی، دوای ئەوە حزب ناچار بوو پەنا بباتە بەر شـاخ و وای لێ هات شـۆڕشـەکە فـەرز کرا، یـانی پلان نەبوو شـۆڕش بکرێ. هیچ بنـەمـایەکی نەبوو، تەنیـا بنەمـای سـەرکردایەتیی خۆی هـەبوو، بارزانی هـەبـوو، ڕێکخـسـتنـی حـزبیش گـەشـەی کـردبـوو و چەند هەزار ئـەندامـێکی شۆڕشگێڕیشی هـەبوون، ئیتر لە یازدەی ئەیلوول شۆڕش هاتە هەڵگیرساندن، سـەرەتا شـۆڕش زۆر لاواز بوو، دۆخی مـەکتـەبی سیاسی زۆر خـراپ بوو، لەو دۆڵ و شیـوانە مانەوە، لای عەباسی مـامەند ئاغا لە ڕانیە، بارزانی لە ناوچەی بەرواری بوو، دواتر مـن چووم ئەو ئەشکەوتەم دیت کـە زسـتـانـی سـاڵی ١٩٦١ بارزانی لە ناوی بووبوو. لەلای ئەو ئـەشکەوتە کڵێسایەکی مـەسیـحییـان هەیە لە ناو شـاخـەکە، بارزانـی سێ چوار مـانگ لەو ئەشکەوتـە بووە، ئینجـا دوای ئەوە شـەڕی "گەلیی قەنتـارە" و "گـەلیی زاوێتـە"یان کرد، سـاڵی شـەست و یەک بوو مـانگی دوازدە لەوێ لـە سـوپای عـێـراق درا، فـەوجـێک هـەر دیل کـرا، سـەربازێکی زۆر هاتـە کوشـتن، ئەمـە هـێز و تینێکی زۆری دا بەشـۆڕش، کـە بەهار داهات بارزانی هات بۆ ناوچەی "باڵەک" لەگەڵ ٣٠٠ تا ٤٠٠ پێشمەرگە بۆ ناوچەی "گەلاڵە" و "چۆمـان" و ئەو دەوروبەرە کە ئێستـە "باڵەکایەتی"ی پێ دەڵێن، پەڕیبـووەوە بـۆ ئەوێ؛ چونکە لـە ناوچەی بـارزان نێـزیکە، لەوێ وردە وردە ئەو مەخفەر و بنکانەی تـەسفیـە کردن و دەستیـان بەسەردا گرتن، تـەنیا

هی "رایات" نەبێ، ئەویش نەفـەقیـان لێ دا و لێی چوونـە ژووریٚ و ئەویشیـان گـرت، ئەو چەک و تەقـەمـەنی و ئیـمکانیـیـەتـەی لە ناو مـەخـفـەرەکـەدا بوو لە فیشـەک و تفەنگ و ئامێری بێتەل، هەمووی بووە دەستکەوت و زۆر پۆلیسیش پێوەندییـان کرد بـەشـۆڕشـەوە، وردە وردە چەک کـەوتە دەستی پێشـمـەرگـە، پێشمەرگە دروست بوو، ئیتر دروشمی پێشمەرگە بووە "کوردستان یا نەمان"، دروشمی حزب "حوکمی زاتی بۆ کوردستان و دیموکراتییەت بۆ عێراق"، ئەمە هێـواش هێـواش گـەشـەی کـرد، ئەوە بوو بەعـسـیـیـەکـان ڕێککەوتنی ساڵی١٩٦٣یان کرد، دوایی ڕێککەوتنەکەیان تێک دا، جارێکی تر شەڕ دەستی پێ کردەوە.

## دەسپێکی شەڕی سەفین

لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا زۆر شەڕی گەورە و بچووک ڕووی دا، یەک لەوانە شەڕی "سەفین" بوو لە بەهاری ساڵی ١٩٦٥ جموجۆڵی سوپای عێراق هەبوو، کۆکردنەوەی سوپا و جاش زۆر بوو، ئەو کاتە لە ناو سوپای عێراقدا خەڵکمان هەبوو، بەپێی زانیاریی ئێمە، دوو فرقەی سەربازی کۆ کرابووەوە لەگەڵ نێزیکەی «٣٠٠٠٠» هەزار جاشی ناوچەی سۆران و بادینان هاتبوون بۆ ناوچەکە، هەتا جاشەکانی ڕێکانی و زێباری و.... هتد هەموویان هێنابوون بۆ ئەو شەڕە، شەڕەکەش شەڕێکی گەورە بوو، جەبهەیەکی بەرفراوان بوو لە ناوچەی "کۆیە" وە بەرەو دەربەندی "گۆمە ئەسپان" و "سەفین" و ناوچەی "شەقڵاوە" و بەرەو چیای "هەورێ" و "زینەقیتر" و ئەو ناوچەیە هەر هەمووی جەبهە بوو، ئینجا دوژمن بەدوو لەشکری سوپا، یانی دوو فیرقە، بە «٣٠٠٠٠» هەزار جاش هێرشیان کرد، ئێمەش نێزیکەی هەزار پێشمەرگە و هەندێک جار زیاتریش، بۆ نموونە لقێکی هێزی "بێتواتە"مان بۆ هاتبوو لە سەفین بەشداریی شەڕی کردبوو، لە دەشتی هەولێریش لقێک هاتبوون کە هی بەتالیۆنێک بوو سەر بە سەفین بوو، لە "حاجی قەڵا" بەتالیۆنێک هەبوو لقێکی هاتبوو، هەزار پێشمەرگەی بەتالیۆنی سێی سەفینیش هەبوو، بە هەمووی هەزار و سێ سەد پێشمەرگە دەبوون، بەڵام نەخۆش و برینداریشمان هەبوون، ئەوەی مەیدانی و بەکار بوو، هەزار پێشمەرگە لە ناو شەڕدا بوو، ئەوانیش ماندوو بوون، چونکە هەر ئەوە بوو هیچ هێزێکی تر نەبوو، هاوکات نابەرابەرییەکی زۆریش هەبوو لە چەک، چەکی ئێمە چەکی کۆن بوون، بۆ نموونە تاک تاکێک "ئینگلیزی" بوو، هەندێک "سەمینۆف" و "برنۆ"ش تاک تاک هەبوو ئەوی تر "سێتیر" بوو "جان بێزار" بوو "کچک چاب" بوو، ئەوانەی کۆن

هی زەمانی شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەویش زۆربەی فیشەکەکانی ئەسڵی نەبوون، دایان دەگرتنەوە، وەستا هەبوون پێیان دەگوت "چەخماخ ساز" یا "فیشەک داگرەوە" ئەمانە جارێکی تر فیشکەکانیان دەهێنا دەرمانیان هەبوو "بارووت" لەگەڵ قەوانەکە لە قاڵبیان دەداوە و پڕیان دەکردەوە و بەوە شەڕ دەکرا، بەڕاستی لە سەرەتاوە وا بوو، چەکەکان هەموو "تاک" بوو، تەنیا ڕەشاشی "برێن"مان هەبوو، هی پۆلیس بوو، وەختی خۆی کە پۆلیس پێوەندییان کردبوو یان مەخفەرێک گیرا بوو، کەوتبووە دەست پێشمەرگە، دەنا باشترین چەکی ئێمە "برنۆ" بوو، ئەویش"تاک" بوو، بەڵام دوور دەڕۆیشت، زۆر کاریگەر بوو عەسکەر لە "برنۆ" زۆر دەترسان، چەکەکانی دی زۆر خراپ بوون، بەس بڕوای پێشمەرگە زۆر بەهێز بوو، ئینجا لە ڕووی خۆراکیشەوە بەڕاستی هیچ نەبوو، پێشمەرگە ڕووت بوو، جلکی پێشمەرگە ڕانک و چۆغە و کورتەک و شەرواڵ بوو، بەڵام بە تەرتیبێکی تازە، دەوروبەری ساڵی ١٩٦٥ پێشمەرگە بەرگی هەموو یەک بەرگ بوو، هەموو بەرگی خاکی بوو، زیاتریشیان بەڵەکپێچی هەبوو، یا پووزەوانەیان دەبەست، بۆ ئەوەی قایم بێ بۆ بەفر و باران و مار و دووپشک. کڵاو و گۆری هەبوو، لە خوری بوو "بەن" لە سەر دەنرا، تەنزیمی سەربازیش هەبوو بۆ نموونە "دەستە" هەبوو، "پەل" هەبوو، دەستە دەکاتە "حەزیرە" لە سوپا وای پێ دەڵێن، "پەل" یانی فصیل و لق "سریە" و بەتالێون "فەوج" و هێز یانی "لیوا"، بەلای کەمەوە دوو سێ هەزار کەس دەبوو، ڕێکخستنیش تێکەڵاو بوو، ئەوە نەبوو بڵێی ئەوە خەڵکی فڵان ناوچەیە یا فڵان عەشیرەتە. تێکەڵ بوون، بۆ نموونە لقی "محەمەد زوبێری" کەرکووکی و هەولێری بوون، سەرلقەکەشیان لەگەڵ سێ چوار پێشمەرگە بادینی بوون، خەڵکی دهۆک و ئەو دەڤەرە بوون، لەبەرئەوە باشتر شەڕ دەکرا، وەکو سوپا وا بوو، پێشمەرگە ڕووت بوو، برسی بوو، بێ پارە بوو، مووچەی نەبوو، بەڕاستی هەندێ جار لە سێ مانگ جارێک چوار مانگ جارێک هاوکاری دەدرا، مووچە نەبوو، هاوکارییەکەش سێ دینار تا پێنج دینار بوو، قەت لە پێنج دینار تێ نەدەپەڕی، هەموو مانگێکیش نەبوو، بەڵام هەرکەس

ئەگەر کشتوکاڵی هەبایە یان ڕەزی هەبایە، مۆڵەتی هەفتەیەکی وەردەگرت، ئەگەر شەڕ نەبووایە کاری خۆی دەکرد ئینجا دەهاتەوە پێشمەرگایەتی، بەرگریی میللی هەبوو، ئەوەی لە گوند پێشمەرگە نەبوو، چەکی هەبوو، ناومان نووسیبوو، حزب خۆی سەرپەرشتیی دەکردن، سەرپەرشتیشی لە حزبەوە بوو، حزب بەرپرسی بۆ دادەنا، وەکو مەفرەزەیەک، ئەوانە لە شەڕدا بەفیشەکی خۆیان و بەنانی خۆیان هاوکاریی پێشمەرگەیان دەکرد، ئەگەر فیشەکیشمان هەبووایە دەمانداني، ئەگەرنا هی خۆیان بوو، بەڵام ئێمە زەکاتمان کۆ دەکردەوە، زەکاتی حەیوان، هی دەغڵودان، بەهاوبەش، پێشمەرگە لەگەڵ حزب لێژنەی بالامان دادەنا، ئەو ئەرزاقە سوودی لێ وەردەگیرا، بەتایبەت لە دەشتی هەولێرێ، هەقیقەت خەڵکیش هاوکارییان دەکردین، کە دەبووە شەڕ خەڵک لە خۆیەوە نانیان دەهێنا، ئەوانەی نێزیک بوون لە گوندەکان نانیان دەکرد، دەیانهێنا بۆ بەرەی شەڕ، خەڵکەکە شۆڕشی بەهی خۆی دەزانی، نەک بەس بەهی پێشمەرگە یان بەهی پارتی، بۆ نموونە ئێمە لە شەڕی سەفین، بەینێک لە ڕەوشێکی زۆر خراپدا بووین، بۆ ئەرزاق و بۆ فیشەکیش، کاک "ڕەشید سندی" برووسکەیەکی بۆ من کرد، هەڵبەتە جیهازمان هەبوو، گوتی: زۆر وەزعمان خراپە لەبەر بێ فیشەکی، دەبێ چارەیەکمان بکەن لە کوێ دەتوانن، فیشەکمان بۆ پەیدا بکەن، ئێمە وەکو حزب تا ڕادەیەک ئیمکانییەتمان هەبوو؛ چونکە خۆمان پارەمان کۆ دەکردەوە، خۆمان پیتاکمان کۆ دەکردەوە، ئابوونەی حزبمان کۆ دەکردەوە، هەردەم پاشەکەوتمان هەبوو، پارەی زیادمان هەبوو لە لق، هەستام خەڵکم نارد بۆ دوو ناوچە، بۆ ناوچەی ڕانیە "بیتوێن" کە جاشی لێ بوو، یەکێکم نارد بۆ ناو جاشەکان بچێ ناو جاشەکان بگەڕێ، ڕێکخستنی خۆشمان هەبوو لە ناو جاشەکان، بچێ لەوێ فیشەک بکڕێ، لەولایەش بۆ دەشتی هەریرێ کە جاشی زۆر لێ بوون بۆ ئەوێش یەک دوو نەفەرمان نارد، پاش هەفتەیەک ئەوانەمان بۆ ناردن، بۆ ئەرزاقیش زۆر بێ وەزع بوون ملازم "تاهیر عەلی والی" ئامر بەتالیۆن بوو، پیاوێکی زۆر ئازا بوو، بەداخەوە لە ناو بەفر شەهید بوو، کاک "ڕەشید

سندی"یش کە ئامر هێزی سەفین بوو، کاغەزێکی بۆ من نارد و نووسیبووی "بەس نانی ئێوارەمان هەیە، سبەینێ نانمان نییە" منیش برووسکەیەکم کرد بۆ کاک "خورشید شێرە" کە ئەو کات بەرپرسی ناوچەی کۆیە بوو، لە ڕووی حزبییەوە ناوچەی کۆیە، ئەو لێی بەرپرس بوو، پیاوێکی سەربازی بوو، زیرەک بوو، پیاوێکی بزێو و بەتواناش بوو لە برووسکەکەدا نووسیبووم «وەزعمان زۆر خراپە، وەزعی جەبهەی سەفین تا بڵێی خراپە، لە ڕووی فیشەک و لە ڕووی خۆراکەوە، دەبێ لە ماوەی بیست و چوار ساتدا خواردنمان بگاتێ»، ئەوە بوو کەمتر لە بیست و چوار سات یەکەمین وەجبەی خواردنی نارد، ئارد و نان و ئەو شتانەی کۆ کردبووەوە و بەهۆی لێژنەی ناوچەی جووتیاران ناردبووی ئینجا هێنایان بۆ سەفین، پێشمەرگە بە پشتگیریی خەڵکەکە شەڕی دەکرد، ئەو شەڕە لە پازدەی مانگی چوارەوە بووە شەڕێکی تەواو لە پازدە و شازدەی مانگی تەمووز کۆتاییی پێ هات، سێ مانگی خایاند.

لە شەڕی سەفین بەڕاستی پێشمەرگە داستانیان نواند؛ چونکە دوژمن هەموو جۆرە چەکێکی هەبوو، بۆ نموونە لە ناو گوندی "هیران" ڕۆژێک تا ئێوارە باڵەفڕە سێزدە جار تۆپبارانی ناو گوندەکەی کرد، چونکە بارەگەی لق و بارەگەی هێز، هەردوو لە هیران بوو، تۆپبارانیش دەهات لە دەربەندی گۆمە ئەسپان دەگەیشتە ناو هیران، گوندەکە چۆڵ بووبوو هەموو چووبوونە چیای "هەورێ" بۆ شوێنی "ئەمین" ناو گوند هەر پێشمەرگەی تێدا بوو، ئینجا ئەو چەکەی ئەو کاتە دوژمن بەکاریان دەهێنا "تێزاب" بوو ئەو تێزابە بەر هەر کەسێک بکەوتبا دەیسووتاند، ئاگری تێ بەردەدا، بشمابایە ڕووی دەشێواند، "فسفۆر" و "ناپاڵم" ئەو چەکانەی بەکار دەهێنرا، چەکی یاساغی نێودەوڵەتی "محرم دولی" من خۆم بینیومە کە بەکاریان دەهێنا، ڕۆژنامەنووسیش زۆر دەهاتن بۆ دیدەنیی ئەو شەڕانە و لەوێ لەگەڵماندا بوون، چەکەکانی حکوومەت گۆڕابوون و پێشکەوتوو بوون و هەمووی سۆڤیەتی بوو، دیارە چەکی سوپای عێراق کۆن، چەکی ئینگلیز بوون، کە عەبدولکەریم قاسم شۆڕشی کرد وردە وردە چەکەکانیان گۆڕی، بەتایبەت سوپا هەر یەکەیەکی

سەربازیی "کلاشینکۆف و سەمینۆف" یان دانێ، ڕەشاشی "دیکتارۆف"یان دانێ، باڵەفڕەشیان هەبوو "مێک" مێک حەڤدە و مێک نۆزدە و مێک بیست و یەک و "ئەلیوشن"یان هەبوو کە بۆمبی دەهاویشت، لەوانە هەندێکمان خست، چەند باڵەفڕەیەکی "مێک"یشمان خست، یەک دوو "ئەلیوشن" خرانە خوارەوە، دواجار هەندێ دۆشکەمان بۆ پەیدا بوون کە دەیانخستن، ئەوان "دوژمن" زۆر هاوەنیان بەکار دەهێنا، بەڵام ورەی پێشمەرگە لە هەمووی بەهێزتر بوو، بەڵام بەداخەوە جاشەکان لە پشتەوە هاتنەوە و لە "کەپکی گەرۆتە" سەرکەوتن، ئەوە بوو هاتن چواردەوریان گرتین، ئینجا "کاک ڕەشید" برووسکەی بۆ من کرد هەواڵی نارد گوتی: هەر چواردەورەمان هاتووەتە گرتن ئێمە ناچارین بکشێینەوە و تۆ دەبێ هێزێک پەیدا بکەی و خۆشت سەرپەرشتیی بکەی "بایز بادینان" بگری، ئەوە بوو من هێزێکم کۆ کردەوە نێزیکەی بیست کەس، چونکە ئەوانی تر هەموو لە جەبهە بوون، هەندێک پێشمەرگەی بارەگەی خۆمان و هەندێکی موتەفەڕیقەش هاتبوون لەوێ بوون ئامادەییان نیشان دا، ئەوە بوو کەپکی "بایز بادینان"م گرت، ئەو شوێنە بۆ ئەوە بوو تاکو جاش نەیەن بۆ هیران، چونکە ئەگەر ئەوێ بگیرابایە هیرانیش دەهاتە گرتن، من لەوێ مامەوە لەگەڵ ئەو هێزە کەمە، زۆر هێرشیان هێنا، بەڵام نەیانتوانی سەرکەون و تێ شکان، دوایی هێزێکی باش هات بۆ هاوکاریمان و جێی ئێمەی گرتەوە، بەڵام لە سەفین نێزیکەی حەفت سەد هەشت سەد پێشمەرگە کەوتە ناو بازنەی گەمارۆدانی دوژمن، چونکە دوژمن لە شەقڵاوەوە هات کەپکی گەرۆتەی گرت و، لە جادەوە بەرامبەر شاخەکە لەودیوی دەربەندی گۆمەسپان دەبابە هاتن بۆ ناو "دارۆکان" و دەوروبەری و گرتیان، ئیدی بازنەی شەڕ وای لێ هات ڕێگەی کشانەوە زۆر زەحمەت بوو، بەڵام هەندێ قارەمان هەن من ناویان دێنم لێرە، دەوریان زۆر بوو، یەک لەوان "ئەحمەد زخۆک" بوو بەداخەوە لەم دواییانەدا کۆچی دوایی کرد، بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە بوو، سەرلقێک هەبوو بەناوی "عومەر مەلا زادە" ئێمە کردبوومان بە سەرلقی خۆشمان، بەڕاستی پیاوێکی ئازا بوو، ناردبوومان بۆ هاوکاری و شارەزایی لە ناو

جەبهەی سەفین، ئەو توانی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە لە پشتەوە لە ناو شەقڵاوە بکشێنێتەوە و ڕزگاریان بکات، بەڕاستی قارەمان بوو، چەندان داستانی هەیە، ئەوە یەک لە قارەمانییەکانی عومەر مەلا زادەیە، هەرچەندە ئێستە کاک عومەر تەندروستیی باش نییە؛ چونکە وەختی خۆی گوللەی زۆر بەر سەری کەوت، زۆر تەئسیری لێ کرد، ئەویش هەستا لقێکی دەشتی هەولێر کە ١٠٠ کەس دەبوون بردنی و کشانەوە لە پشتەوە بەلای "خۆران" و "قەڵاسنج" و "زیارەت" و لە پشت سوپاکەوە دەربازی کردن؛ چونکە لەبەرئەوەی بەرەی ئەمامی توندبوو، بەرەی پشتەوە بۆشاییی لێ دروست بووبوو، لەو بۆشاییییەدا لە ناوچەیەک هێشتبوونییەوە ڕۆژێک هەتا ئێوارە، بە شەو جارێکی تر بردنی و بەو شێوەیە دەربازی کردن، ئەوانەی شارەزا بوون و خەڵکی ناوچەکە بوون کشانەوە بۆ پشتی بەرەی "بایز بادینان"، بەڵام کاتێک من لەسەری "بایز بادینان" بووم دیتم لە خوارەوە، لە خوار ئێمە چوار دەبابە بەڕێ کەوتن، بەرەو هیران، بەلامەوە سەیر بوو چوار دەبابە بە تەنیا بەبێ مەشات، دەبابەی کۆن کە وەکو دەبابەی ئەم دواییانە نەبوون، لێدانیان ئاسانتر بوو، هەرچەندە ئێمە دژی تانکمان نەبوو، چەند دانەیەک هەبوون پێیان دەگوت "عوقدە سێ و نیو" کە ئەڵمانیایی بوون و دەستمان کەوتبوون، ئەویش قازیفەکانی زۆر کەم بوو، ئەوجا دەبابە بەڕێ کەوتن و منیش لەسەر چیاوە ڕۆیشتم بەرەو هیران، کە چووم کاک "ڕەشید سندی" لەوێ بوو، دەبابەکان هاتن هاتنە ناو گوند، بارەگەی هێزی لێ بوو، ئێمەش پێشمەرگەیەکمان هەبوو ناوی "سەدرەدین" بوو، خەڵکی هەولێر بوو، منداڵی قەڵات بوو، کوڕێکی زۆر ئازا و بزێو بوو، پێیان دەگوت "سدۆ"، دەبابەکان هاتن ئەو کوڕە قارەمانە ساروخی "سێ عوقدە و نیوی" پێ بوو لەگەڵ دوو قازیفە، بە تەنیا چووبووە پشتی ئەوان لای گوندی "دۆڕێ" لەوێ کەمینی بۆ دانابوون، دوو "مین"یشی چاندبوو بۆ گەڕانەوە، "مین" هەبوو شۆڕش دروستی دەکرد، دژی تانک، گەورە بوون وەکو سێڵ خڕ بوو، کە ئەو دەبابانە هاتنە خوارێ ئێمەش یەکسەر تەقەمان لێ کردن، ئەوانەی لە ناو دەبابەکان هاتنە

خـوارێ دوو سـێ سـەربازیان لـێ هاتنە کـوشتن، ئیـتـر کـشـانەوە، کـە لەوێ کشـانەوە لـوغـمـەکـەی "سـەدرەدین" لە بن یـەکـێکیـان تەقـیـیـەوە و پەکی کـەوت، بەڵام ئەوی تریان نـەتەقی، قـازیفـەیەکی دا لەوی تریش و بـورجـەکـەی هەڵکەند، دەبابە بێ "مدفعیە" مایەوە و بەو شێوەیە گەڕانەوە، بە دڵنیاییەوە ئەگەر وەکو ئێـسـتـە "ئار پی جی" و چەکی باش زۆر بووایە هیـچـیـان دەرباز نەدەبوون، شـەڕەکە شـەڕێکـی زۆر گـەورە بـوو، لە کـۆتـاییـدا بەپێی ئامـار لە بیـرم مـابێ نێزیکەی ٣٠ شـەهید و ٩٣ بریندارمان هـەبوو، نەخۆشـخـانەمـان هەبوو، بەڵام پزیشـکمـان نەبوو، "بـرینپـێـچ"مـان هـەبـوو ئەوان تیـمـاریان دەکـرد، ئەوەی خەتەریش با دەمـانناردن بۆ مەکتـەبی سیاسـی، ئەوەی زۆر خەتەریش با لەوێ بۆ ئێـرانێ ڕەوانە دەکران، بەڵام بەپێـی زانیاری خـەسارەتی دوژمن لە جاش و لە سوپا نێزیکەی حەوت سـەد کەسیان لێ هاتبووە کوشتن لەگەڵ نێزیکەی دوو هـەزار بریندار، لەگـەڵ ئەوەشـدا خـەسـارەتی گـەورەیان پێ کـەوت، تا وای لێ هاتبوو خۆیان "سەفین"یان پێ نەدەگیرا، کەپکەکانی "سەفین" یان بە قۆنتەرات دابوو بەرەئیس جاشـەکان بە پارەیەکی زۆر، یەک لەو ڕەئیس جاشـانە "زیرۆی هـەرکی" بوو کە کـەپکی "کایسـای" لە پشـتی خـۆران گـرتبـوو بە قـۆنتـەرات بە بیـسـت هـەزار دینـار، بەڵام لەوێ هاتـە کـوشتن و بیـسـت هـەزار دینارەکـەشی وەرنەگـرت. ئێـمـەش خـەسـارەتمان هەبوو، زۆر بـوو بۆ ئێـمـە ٣٠ شـەهیـد لە مـاوەی سێ مـانگدا و ٩٣ پێشـمـەرگەش بریندار بووبوون، هـەندێکیـان خـەتەر بوون هـەندێکیـشـیـان برینیـان سـووک بـوون و چاک دەبوونەوە؛ چونکە ژمـارەی ئێمە کەم بوو، بەڵام دیسـیـپلینی پێشمـەرگە زۆر لە سوپا باشـتر بوو، چونکە سـوپا ورەی لاواز بوو، لەسـەر مـەبدەئێک شـەڕی نەدەکرد؛ بەڵام پێـشـمـەرگە مـەبدەئی بوو، حـکوومـەتی عـێـراق عـەفـواتێکی گـەورەی دا کە پـێـشـمـەرگـە بگەڕێنەوە، بەهـەمـووی چوار کـەس گـەڕایەوە، پێشـمـەرگە زۆر بە تەرتیب بوو، زۆر ڕێکوپێک بوو، پـێـشـمـەرگـەی "سـەفین" لـە "زۆزک" و "هـەندرێن" شـەڕی دەکرد، لە "بـارزان" شەڕی دەکرد، پێشمـەرگەی ناوچەی بادینـان لە قەرەداغ و لە سلێـمـانی شـەڕیان دەکرد، پێـشـمـەرگە لە سـوپا زۆر ڕێکوپێکتـر بوو. بێ

ئیمکانییەت، بێ پارە، بێ بەرگ، بێ هەموو شتێک، "کوردستان یا نەمان" دروشمی بوو، ئەو "کوردستان یان نەمان"ە بەڕاستی پێڕەو کرا.

هەموو یەکەیەکی پێشمەرگە پلەداری سەربازیشی تێدا بوو، وەکو "عەریف، نائب عەریف، مولازم"و.... هتد، زۆرێک لە سەرلقەکان پێشتر عەریفی سەربازی، یا زابت بوون لە سوپا، ئەو کاتە "مولازم تاهیر عەلی والی" ئامر بەتالیۆنی سێ بوو لە سەفین، لە دەشتی هەولێر "مولازم ئیسماعیل" هەبوو، کۆیی بوو، ئەو ئامر بەتالیۆن بوو، "مولازم ڕەشید سندی تاهیر" ئامر هێزی سەفین بوو، بێجگە لەوە "فارس باوە" هەبوو سەربازی نەبوو، بەڵام هیچی لە سەربازی کەمتر نەبوو، پێشمەرگە ئەگەر ڕۆژێ لە شەڕ نەبووایە پاسەوانی شەوانەیان هەبوو لە بارەگەکان کەس نەدەما پاسەوان نەبێ، پاسەوانیش لە شوێنی خەتەر، ئەگەر خەتەر هەبایە، جاری وا هەبوو نیواو نیو بە نۆرە، نیوەی دەبووە پاسەوان نیوەی دەنووست، ئەگەر ئاسایی بایە یەک نەفەریان دەکردە پاسەوان، خەتەریش تۆزێک لەسەری هەبایە، دوو دوو، سێ سێ، دەیانکردنە پاسەوان، بەنیسبەت خواردنیش چێشت لێنەریان هەبوو، ئەگەر دەرچووبان جەولەیان هەبا ئەوا لە ماڵان نانیان دەخوارد، ئەگەر لە بارەگەی خۆیان بان چێشت لێنەری خۆیان هەبوو ئەوا چێشتیان دەکرد بەپێی ئەو ئیمکانییەتەی کە هەیانە، هەقیقەت خواردنی ئەو کاتە زیاتر ساوار بوو، نان بوو، ئەگەر جارجار ماست یا پەنیریان دەست کەوتبایە ئەویش زۆر کەم بوو، برنج کەم بوو زۆربەی کاتەکان هەر نان و چایی بوو، یان نانی وشک بوو، هەندێک جار لە دۆخی شەڕ ئەویش دەست نەدەکەوت، بەڵام لە ڕووی کار و فەرمانەوە تا بڵێی ڕێکوپێک بوون، جلوبەرگیش هەموو خاکی بوو، نەدەبا کەس بەرگی تر لەبەر بکات. سەبارەت بە پلەکانیش ئامر بەتالیۆن یا سەرلق و سەرپەل هەموو بەپێی لێهاتوویی دادەنرا، لەسەر بنەمای ئەوە دانەدەنرا ئەوە کوڕی فلان کەسە یا خزمی فلانە یا ئەوە لە عەشیرەتی فلانەیە، بەهیچ شێوەیەک وا نەبوو کێ ئازا با لە مەیدانی شەڕ هەر ئەوەش دادەنرا و دەکرا بە فەرماندە، زۆرتریش ئامر بەتالیۆن و ئامر هێز لە "بارزانی"ی و لە

"مەکتەبی عەسکەر"ی ئەمری بۆ دەردەچوو، سەرلق و سەرپەل و ئەوانی تر لقی حزبی پێکەوە دادەنیشتن بڕیاریان لەسەر دەدا، ئیشی ئیدارەی خەڵک ئەویش زۆر گرینگ بوو، خاڵێکە کە من دەمەوێ باسی بکەم، کەوادری حزب لە کاتی شەڕ هەموو بەشدار بوون، هەموو هاوکاریی پێشمەرگەیان دەکرد، ئاویان دەهێنا، نانیان دەهێنا، زانیارییان دەهێنا، هەرچی پێویست بووایە ئەو کادیرە ئامادە بوو، سەبارەت بە ڕۆڵی خەڵک بەرگریی میللی بوو پشتگیریی شۆڕشی دەکرد، بۆ نموونە دادگەمان هەبوو، حاکمی تەحقیقمان هەبوو، لە هەندێک جێگە دەرچووی قانوون و حقووقمان نەبوو. بۆ نموونە لە سەفین پیاوێک هەبوو ناوی "کوێخا عەزیز" بوو، پیاوێکی زۆر عاقڵ بوو، تەنانەت ئیمزاشی نەبوو، فێری ئیمزامان کرد بۆ ئەوەی لەسەر مەحزەرەکان بنووسێ، پیاوێکی زۆر شارەزا بوو لە ئوسووڵی عەشایری و کۆمەڵایەتی، ئێمە ئەومان کردبوو بە لێژنەی دادگە، لێژنەکەش پێنج کەس بوون لەو پێنچ کەسە، دوو سێ کەسی خوێندەواریان تێدا بوو، کە یەکێکیان خوێندەواریی چاک بوو مەحزەریان دەنووسی و ئیمزایان لەسەر دەکرد و حوکمیان دەدا، هەبوو تەبرئەیان دەکرد، هەبوو بیست ساڵ حوکمی هەبوو، هەبوو ساڵێک، ئیعدام نەبێت کە زۆر کەم هەبوو، چونکە ئەوە لە دەسەڵاتی دادگەی باڵا بوو لە ناو شۆڕشدا.

زۆر کێشەش هەبوو کێشەی کۆمەڵایەتی لە ناو خەڵک ڕووی دەدا کە حزب چارەسەری دەکرد و لێی نەدەگەڕا بکەوێتە دادگە و دادگەکاری، بەڕاستی متمانە و بڕوایەکی گەورە هەبوو بە حزب و بە بارزانیی نەمر، خەڵک شۆڕشەکەیان بەشۆڕشی خۆیان دەزانی، پێشمەرگەش هەرگاڤ لە مەیدانی شەڕ ئامادە بوو، ئەمەش وای کردبوو کە پێوەندییەکی ڕوحی لە نێوان خەڵک و شۆڕشدا هەبێ.

## بەتالیۆنی دەشتی هەولێر و شەڕێکی هەشت قۆڵی

دوای شەڕی سەفین لەو دەشتەی کۆیە، شەڕێکی گەورە ڕووی دا، کاتێ ئەو شەڕە ڕووی دا، مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٦٥ بوو، دوژمن هێرشێکی گەورەی هێنا، دوو فرقە عەسکەر بوون لەگەڵ جاش هاتن بۆ ناوچەی دەشتی هەولێر، دەشتی هەولێریش بەتالیۆنێکی لێ بوو، "بەتالیۆنی حاجی قەلا" با بڵێین پشتی کۆیە بۆ ڕۆهەلات، لە ڕۆئاوایەوە هەتا دەگاتە هەولێر، ئەو ناوچەیە زۆر فراوانە شاخیش نییە هەموو هەرد و بەردە، هەمووی کەند و شیوە، لەوێ شەڕێکی گەورە ڕووی دا، حکوومەت، هێرشی هێنا، بەلام ئێمە پێشتر لە ناو شاری کۆیە هەواڵیان دابووینێ، گوتیان لە هەشت قۆڵ هێرش دێن بۆ سەر بەتالیۆنییەکی دەشتی هەولێر کە لە گوندی سماقە بوون، بارەگەیان لەوێ بوو، ئەو شوێنە تۆزێک سەختە، وا بزانم لە هەشت و نۆی مانگی ١٢ بوو هێرشێکی زۆر فراوانیان هێنا بە دەبابە، چونکە دەشت بوو ئیتر دەبابە زۆر بەئاسانی دەچووە، هەموو جێگەیەک، تۆپخانە، باڵەفڕە وەکو شەڕی سەفین دەهاتن، بەلام سەفین شاخ بوو ئەو نیوچە دەشتە هێزێکی بەرفراوانی سەربازییان هێنا، پێشمەگە هەر چواردەوریان هاتە گرتن، برووسکەیەک هات بۆ من لە مەکتەبی سیاسییەوە، گوتیان دەبێ وەکو نوێنەری حزب بچیت بۆ دەشتی هەولێر بۆ لای هەڤالانی ئەوێ "فارس باوە" ئامر بەتالیۆن بوو، ئەوجا من "دە" پێشمەرگەی ئازام لەگەڵ خۆم برد و بەڕێ کەوتم، چووم بۆ ناوچەی پیرەر، گوندێک هەیە پێی دەڵێن پیرەر، بەتالیۆنی ١ی دەشتی هەولێر لقێکیان لەوێ بوو، بە ڕەحمەت بێ، چوومە لای "کاک عەریف عوسمان یووسفی"، گەیشتمە جێ و قسەمان کرد و بڕیارمان دا کە عەمەلیاتێک بکەین بەپشتیوانیی ئەو لقە و ئەو مەفرەزەیەی کە لەگەڵ مندا بوون، بڕیارمان دا شەو بڕۆین بە ناو ئەو ڕەبایە کە دوژمن سەرباز و جاشێکی زۆریان لە

ڕەبایەکە دانابوو، شەو ئەوان ٦٠ پێشمەرگەیان لە لقەکەیان هەڵبژارد، ئەوانەی بە توانا و زیخ و زیرەک و چەکیان هەبوو؛ چونکە بەڕاستی ئەو کاتە پێشمەرگە هەموویان چەکیان نەبوو، ئەوە بووبووینە حەفتا کەس، شەو بەڕێ کەوتین تا بەیانی دەرباز بووین لە بازنەی حکوومەت و چووین بۆ ناوچەی ژێر دەستی پێشمەرگە، بەڵێ چووین بۆ "سماقە" بۆ لای "کاک فارس باوە" ئەوانیش ڕەوشیان باش نەبوو بە هەقیقەت بێ ئیمکانیات بوون، بەڵام "کاک خورشید شێرە" بەرپرسی ناوچەی کۆیە بوو، ئەو چوو بۆ "حاجی قەلا" ئەرزاق و پێداویستیی بۆ کۆکردنەوە و بۆی ناردن، ئینجا ئێمەش گەیشتینە ئەوێ و کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ هەموو سەرلق و بەرپرس و سەرپەلەکان کرد، سوپای دوژمن زۆر هاتبووە پێش، یانی نەفەسی لێ تەنگ کردبووین، بەتالیۆنیش ئەو کاتە بەهەمووی شەش سەد پێشمەرگەیان هەبوو، ئەو شەش سەد پێشمەرگەیەش چوار سەدی چەکدار بوون و دوو سەدیشی بێ چەک بوو، بڕیارمان دا بەیانی هێرش بکەین، "کاک فارس" کە دوو سێ "جێپ"ی "لاندرۆڤەر"یان هەبوو، گوتی: ئەمشەو ئەو دوو لاندرۆڤەرە دەبەم دوازدە پێشمەرگەش لەگەڵ خۆم دەبەم و هەندێک عەمەلیات دەکەم، چونکە دەنگۆ وا بڵاو بووبووەوە کە پێشمەرگە نەماوە و هەموو گیراون، دیارە ئەم دەنگۆیانەش دوژمن بڵاوی دەکردەوە، "کاک فارس" گوتی: ئەمشەو دەچم چەند عەمەلیاتێکی گەورە لە ناو هەولێر دەکەم و شەو دێمەوە، ئەوە بوو هەستا پاشی عیشا وەڕێ کەوت بە دوو جێپ بە ناو هێزەکانی دوژمن دا "محەمەد بەربەیار" شۆفێر بوو، پیاوێکی قارەمان بوو، بەینێک سەرپەل بوو، ئێستە بەداخەوە پەکی کەوتووە، ئەو کاتە ئەو بردنی، ئەوانەی کە لەگەڵی چوون و ئۆتۆمۆبێلیان لێ دەخوڕی هەر پێشمەرگە بوون، بەهەرحاڵ، شەو درەنگ دەوروبەری سات سێی شەو گەڕانەوە و هاتنەوە، چوار پێنج عەمەلیاتیان کردبوو، یەک دوو بەنزینخانەیان ئاگر تێ بەردابوو، مەخفەرێکیان ئاگر تێ بەردابوو، کۆمەڵێک عەمەلیاتی نەوعییان لە ناو شاری هەولێردا ئەنجام دابوو، کە بووبووە دەنگێکی گەورە، خەڵک گوتیان بابە ئەوە پێشمەرگە هاتوونەتەوە هەولێرێ، بەیانی هێرش دەستی پێ کرد، ئەو ناوچانەی کە ئەوانی لێ بوون

پێـشـتـر هـەندێک "مین"ی لێ دانـرابوون، خـوا کـردی ئەوان جـووڵەیـان کـرد، هەندێ مین تەقی و هەندێ دەبابەیان شکا، ئیتر پێشمەرگە زیاتر ورەی بەرز بووەوە، لەگـەڵ دەست پێکردنی هێـرشـەکـەباڵەفـڕەش دەهات، ڕەنگە چوار کیلۆمـەتر تا پێنج کیلۆمـەتر لەو شـوێنانەی کە گیـرابوون لە هەر چواردەورە پاکسازی کرا، ئەوە بوو پاشەکشە بە دوژمن کرا و خەسارەتێکی زۆری لێ درا، بەڕاسـتی پێـشـمـەرگـە گـەورەترین قـارەمـانێـتـیـیـان نواند، تۆ هەر چواردەورەت گیرابێ ئینجا بچی لە هەولێر عەمەلیات بکەیت ئەمە کارێکی ئاسـان نـیـیـە، ئەمـە بەو شـێـوەیە بەردەوام بوو، وا بزانم لە هەژدە و نۆزدەی مـانگی دوازدە بـوو، بارانێکی زۆر دەسـتـی پێ کـرد چەند ڕۆژێک باران بوو، ئیتر سوپا هەموو دەبابە و ئۆتۆمۆبێلەکانیان کەوتە ناو قوڕ، چونکە ئەو کاتە تەنانەت ڕێگەی کۆیەش قیـر نەبوو، کارێکیـان بەسـەرهات لە خوایان دەویست بەس دەرباز ببن و بکشێنەوە، ئینجا کە پاشەکشەیان کرد و خەسارەتی زۆر گـەورەیان لێ کـەوت، پێـشـمـەرگـە سـەرکـەوتنیـان بەدەست هێنا، بەڕاسـتـی دەستکەوتـی زۆر چاکیشـمـان هەبوو، ئەوانەی بێ چەکیش بوون، زۆربەیان لەو شـەڕانەدا چەکـیـان بـەدەست کـەوتبـوو، خـەسـارەتی ئێـمـە پێنج یان شـەش پێشمەرگە شەهید بوون و چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون، بەڵام سوپا و جاش زۆریان لێ هاتە کوشتن، ئەمەش یەک لە شـەڕە گەورەکانە کە تێیدا کـاک "ڕەشـیـد سندی" ئـامـر هێـز و کـاک "فـارس باوە" ئامـر بەتـالیـۆنی ١ی دەشـتـی هـەولێـر بوو، هـەزار ڕەحـمـەت لە گـۆڕەکـەی، بەڕاسـتـی فـارس باوە قارەمانێکی بەناوبانگ بوو، ئەمە ڕاستییە و دەبێ ئینسان بیڵێت، من جارێک خۆم لە بارزانی گوێم لێ بوو، گوتی: خۆزگە من بۆ ئازایەتی و بۆ قارەمانێتی و بۆ فـەرمـاندەی سـەربازی ١٠ کـەسـی وەکـو فـارس باوەم هەبووایە و بۆ سـیـاسـەتمەداری و زیرەکیش ١٠ کەسی وەکو دوکتۆر مەحمـوودم هەبووایە، بەس بەداخـەوە هەردووکـیـان لە دواییـدا تووشی هەندێ هـەڵە و لادان بوون، بەڵام ئیتر ئەوە ئینسانە و ئازادە بۆ خۆی، هەرچەندە ئێستە دوکتۆر مەحموود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراقە لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان و کاک فارسیش گەڕایەوە ناو پارتی و لای خۆمان بوو کە کۆچی دوایی کرد.

## هێزی کاوه و شـەڕێکی گەوره

هـەر لەو ساڵەشدا لە ناوچەی قەڵادزێ کـە "هێزی کاوە"ی لێ بوو شەڕێکی زۆر گەورە ڕووی دا، حکوومەت هێرشێکی گەورەی کردە سەر ئەو ناوچەیە؛ چونکە لە دەست پێشمەرگەدا بوو، پاش شەڕێکی سەخت بەداخەوە توانییان ناوچەکە بگرن، ئەو کات وەکو ئیشوکاری ڕێکخستن و حزبیش من کە لەوێ کارگێڕی لق بووم کاک "ئیسماعیل مەلا عەزیز" بەرپرسی لق بوو، ئێستەش ماوە، بەڵام ئێستە خانەنشینە، کاک "عەبدوڕەحمان گۆمەشینی" هەبوو بەڕەحمەت بێ، کۆچی دوایی کرد، کارگێڕی لق، ئەو وەختە سێ کەس بوون، بەڵام ئیشوکار زۆر بوو، هەر ئینسانێکی ئەو سەردەمە دەتوانم بڵێم بە قەدەر دە کەس کاری دەکرد، لە هەموو بوارێکدا، شەو و ڕۆژ هەر ئیشمان دەکرد، لە شەڕەکانیش چ لە رووی ئیعلامی و چ لە ڕووی کۆمەک و هاوکاریکردن و کۆکردنەوەی پیتاک و یارمەتیدان ڕۆڵی سەرەکیمان هەبوو، لە ڕووی ڕێکخستنیشەوە ئەو وەختە ڕێکخستنەکانی ناوچەکە سەر بە لقی دوو بوو، لێژنەی ناوچەیەکمان هەبوو، بەینێک ڕێکخراو بوو، دوایی کردمانە لێژنەی ناوچە، لە کاتی شەڕ کۆبوونەوەی حزبی دەکرا، لە ناو پێشمەرگە، ئەو کاتەش "بڵاوکراوە" کەم بوو "دەنگی کوردستان" هەبوو، دەنگی کوردستانیش باش نەدەبیسترا، تەشویشی لەسەر بوو، بە ئاسانی وەرنەدەگیرا، بەڵام "خەبات" دەردەچوو، دەگەیشتە هەموو شوێنێک، ئەویش درەنگ دەگەیشت.

ئێمە دوایی لە شەست و حەفتەوە کۆواری "سەفین"مان دەست پێ کرد، لەو وەختەدا ڕاگەیاندنی حزب "دەنگی پێشمەرگە"ی هەبوو، "هەواڵی کوردستان" هەبوو، دەردەچوون و دەگەیشتنە پێشمەرگە، ورەی خەڵک و پێشمەرگە زۆر بەرز بوو، هاوکاری و برایەتی لەگەڵ یەک هەبوو، پێشمەرگە هەمووی برای

یەک بوو، هەمــوو وەکــو یەک بوون، بەرپرســـیش خــۆشـــەویست بوو لەلای پێشمەرگە؛ چونکە بەرپرسیش وەکو پێشمەرگە بوو هیچ جیاوازییەکی نەبوو، بەرگی خاکی بوو، مووچەی نەبوو، هیچی نەبوو، تەنیا ماندووبوونی زیاتر بوو، زۆربەی بەرپرسەکانی ئەو وەختە لە شەڕدا لە پێشەوە بوون، ئەوە نەبوو بەرپرس لە بارەگە دانیشێ، بەجیهاز قسە بکات، نا ئەوە نەبوو، بەرپرس لە جەبهەی ئەمامی بوو، بۆ وێنە دەڵێم کاک "رەشید سندی"مان لەگەڵدا بوو کە یەکێک بوو لە ئامر هێزە هەرە بەتواناکانی شۆڕشی ئەیلوول و لە زۆر شوێن خەباتی کردووە، لە گەرمیان، لە ناوچەی هێزی خەبات، لە ناوچەی باڵەک و هێزی کاوە و... هتد، هەمووی چالاکیی هەبووە، ماوەیەک سەرلەشکری هەموو ناوچەکە بوو، ئەو وەختە ئامری هێزی سەفین بوو، خۆی گەورەترین دەوری هەبوو، وەکو پێشمەرگەیەک هەردەم لە جەبهەی ئەمامی بوو، ئەوە نەبوو بۆ خۆی بێ لە هیرانێ دانیشێ، لە "کانی شیلانێ" بوو، ئێمە لە ناوەڕاستی شەڕ بووین من کارگێڕی لق بووم، ئیشی من شەڕ نەبوو، بەڵام زۆربەی کاتەکان لە ناو شەڕ بووم، سەبارەت بەهاریکاریی خەڵک "ژن" نانیان دەکرد، نانیان دەنارد بۆ پێشمەرگە، زۆر ئافرەت خۆی نانی دەهێنا بۆ بەرەکانی شەڕ، بەڕاستی ئەمە خۆبەختکردنە، خۆبەختکردنێک بەئیرادەی خۆی بۆ شۆڕشگێڕی، بەڕاستی هەر بەوە سەرکەوتین، من لەو بڕوایەدام لە دیرۆکی کورد پێشمەرگە نەبووە وەکو پێشمەرگەی ئەیلوول بە تەنزیم، من شۆڕشی گولانیشم بینیوە لە گولانیش دەورم هەبوو، دەورم پتر بوو، چونکە ڕێکخستنی سەربازییش هەر سەر بە حزب بوو، خۆمان بەڕێوەمان دەبرد، من بۆ خۆم بەرپرسی سەربازییش بووم، لە ئەیلوول من بەرپرسی سەربازی نەبووم، لە شۆڕشی گولان وەکو ئامر هێزێک، سەرپەلێک، ئامر بەتالیۆنێک دەوری خۆم دەبینی، ئێمە زۆر جار خەڵکمان دەست نەدەکەوت بۆ کاروباری ناو بارەگە؛ چونکە پێشمەرگە دەیگوت: من شەڕ دەکەم، پێی ناخۆش بوو شەڕ نەکات و لە ناو بارەگە دانیشێ، کێبەڕکێ بوو لەسەر بەرەی شەڕ، لە کاتی شەڕ سەربازی عێراق، سەری خۆی لە زەوی دەنا و فیشەکەکانی هەموو بەهەوادا دەتەقاند،

سوپای عێراق زۆربەی وایان دەکرد، بەڵام پێشمەرگە هەمووی بە نیشان دەیهاوێشت فیشەکی خۆی بەخەسار نەدەدا.

پێم خۆشە جارێکی تریش بگەڕێمەوە سەر گێڕانەوەی شەڕی سەفین، چونکە ئەوە زۆر پێویستە و هەموو کەس نازانێ سەفین چییە، چونکە بۆ خۆم لە ناو شەڕەکەدا بووم، سەفین چیایەکە لە پشتی حوجرانێ دەست پێ دەکات، درێژییەکەشی لە پشتی شەقڵاوە و گوندی حوجرانێ دەڕوات و ئەم چیایە وردە وردە بەرز دەبێتەوە، کەپکی کایسایە و کەپکی شەهیدان و کۆمەڵێک کەپکی گەورەی لێیە، سەرێ پێی دەڵێن "گۆڕی خانزاد"، بەناوی گۆڕی خانزادی سۆرانەوەیە، گۆڕێکی گەورەیە، ئەمە کۆن، چاڵە بەفریان لێ کردووە و زستانان بەفریان لێ خەزن کردووە و بۆ هاوین بردوویانە بۆ شارەکان و فرۆشتوویانە، ئەم چیایە هەر لووتکەیەکی "کۆپی"ی دەڵێن ئەوە دەڕوا تا ئاوەگرد، درێژاییی بەلای کەمی بەینی پەنجا تا شەست کیلۆمەتر دەبێت، داروباری زۆرە، بەردی گەورەی زۆرە، باشترین چیایە بۆ شەڕ، هەموو وەکو سەنگەر وایە، پێویست ناکات تۆ بۆ خۆت سەنگەر لێ دەی، بەینی بەردەکان و ناو لووتکەکان سەنگەری سروشتییە بۆ شەڕ، من زۆر شوێنم دیوە، زۆرم شەڕ کردووە، بەڕای من، خۆشترین چیا بۆ شەڕ چیای سەفینە، ئاویشی هەیە، چونکە هەندێک چیا هەیە ئاوی نییە، بۆ نموونە ئەو کانییانەی من لە سەفین بینیم "کانیی پشت خۆرانێ، کانیی زیزنێ، کانیی شیلانێ، کانیی سمایلان" ئەمانە هەمووی کانینە، بەڵام لە هیرانێ بەولاوە بێ ئاو دەبێ، بەڕاستی شەڕەکە لەلایەنی سیاسییەوە زۆر کاریگەر بوو، جگە لەوە لە ڕووی سەربازیشەوە لە شوێنێکی زۆر ستراتیجیدا بوو، چونکە چیای سەفین لە ناوەندی کوردستانی عێراقە، هەتا سەفین کاریگەریی لەسەر هەولێریش هەبوو، کاریگەریی لەسەر کۆیەش هەبوو، چونکە ئەم چیایە دڵی ئەو ناوچەیەیە، ئەگەر لە زاخۆوە بژمێری تا دەگەیتە ناوچەی خانەقین و سلێمانی، یان بۆ ناوچەی سنجار نێزیکەی ناوەڕاست دەکات لەباری درێژییەوە، ئەو ناوچەیە لە شۆڕشیشدا هەرگاف بنکەیەکی بنەڕەتی بووە، خەڵکەکەشی

زۆربەی زۆری پێشمەرگە بوون، ئەو شوێنانەی کە لە دەست پێشمەرگە نەبوو، هەندێ خەڵکی بووبوون بەجاش، بەڵام زۆربەی زۆری خۆشناوەتی کە سەدا هەشتای ئەو ناوچەیە خۆشناوەتیی پێ دەڵێن لەگەڵ پارتی بوون، لەگەڵ شۆڕش بوون، ناوچەی خۆشناوەتی هەمووی بەناوبانگن، بە ئازایەتی و شەڕکردن و شەڕوانی چالاکیان هەیە، بەتایبەت لە شەڕی چیا زۆر شارەزان، وەکو بارزانییەکان وەهان، هەروەها ئەمدیو و ئەودیوی "هەورێ"ش خۆشناون، بەڕاستی خەڵکی خۆشناوەتی پشتیوانێکی باش بوون بۆ پێشمەرگە و شۆڕش.

## لە گەڕانەوەماندا بۆ هەولێر کەوتینە ناو بۆسەی دوژمن

ڕاستەوخۆ دوای شەڕی سەفین، حکوومەت پڕوپاگەندەیەکی زۆری بڵاو کردەوە لە ناو خەڵکدا کە گوایە سەفین هاتووەتە گرتن و پێشمەرگە نەماوە، ئیتر لە لق بڕیار درا من بچم بۆ هەولێر بۆ ناو شار، لەوێ چەند ڕۆژێک بمێنمەوە، ماڵیشم لەوێ بوو، تا ئەو وەختە نەهاتبوونە دەرەوە، بڕیار درا بمێنێمەوە بۆ سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی حزب و ئیعلامێکی بەهێزیش بکەم کە سەفین هەر لە دەست خۆمانە، هەندێ بەیانات و شتمان هەبوو لە مەکتەبی سیاسی دەرچوو بوو، ئەوانەمان لەلا بوو، کوڕێک هەبوو ناوی "محەمەد" بوو، ئەو "تەتەر"مان بوو، یانی پۆستەچیمان بوو، بۆیەش تەتەریان پێ دەگوتن؛ چونکە خێرا بوون لە ڕۆیشتن، ڕێگەیەک ئەگەر دە سەعات با ئەوان بە چوار پێنج سەعات دەیانبڕی، ئەوە بوو "محەمەد" هات، من و ئەو و برادەرێکی تریشمان هەبوو ناوی "رەئیس عورەفا عەبدولقادر" بوو، ئەویش پێشمەرگەیەکی کۆن بوو، ماوەیەکی زۆر بوو ماڵ و منداڵی خۆی نەدیتبوو، ئەویش گوتی حەز دەکەم وەک موڕافیق لەگەڵت بێم و سەری ماڵەوەش دەدەم، گوتم زۆر باشە، بەڕێ کەوتین چووینە "کونەگورگ" و "دارەتوو" دوو گوندن ئێستە بوونەتە ئۆردووگای دارەتوو، چووینە ئەوێ بەرپرسی ڕێکخستنمان لەوێ بوو کە موختاریش بوو، ئێوارە لای ئەوان نانمان خوارد.

هەردەم کە دەچووین چەکمان دەبرد، بەڵام دەبووایە لە ناو شار دامانبنایە، چونکە دیار بوو، بەڵام دەمانچە دەشاردرایەوە لە بن پشتوێن، لە ناو جلوبەرگدا، بۆیە لە چوونەوەماندا تەنیا دەمانچەمان هەڵگرت لەگەڵ خۆماندا، کە ڕۆشتین هەرسێکمان دەمانچەمان پێ بوو، لەوێ بەڕێ کەوتین ئەو پیاوە ڕێی پێ نیشان داین، "کەمائن" هەبوو، سوپا و جاش لەسەر ڕێگە کەمین

"بۆسە"یان دادەنا، بەداخەوە ئەو ڕێگەیەی بەرپرسی ڕێکخستنی ئەوێمان بۆی دانابووین بەوێدا نەچووین، ئەو کوڕەی لەگەڵماندا بوو "محەمەد" ڕێگەیەکی تری هەڵبژارد گوتی: من شارەزام و پێیدا هاتووم، ئیتر ڕۆیشتین و تووشی کەمین بووین، سوپا و جاش پێکەوە، گوتیان ڕاوەستن، تەسلیم بن، ئێمە ڕامان کرد، هەریەک بەلایەکدا، من نەگیرام، محەمەدیش نەگیرا، بەڵام ڕەئیس عورەفا عەبدولقادر هاتە گرتن و بەوی مەشغوول بوون، من ماوەیەک هەڵهاتم وەرد هەبوو "زەویی کێڵدراو" هەموو خەتی لێ درا بوو، لە ناو ئەو خەتە خۆم درێژ کرد، شەویش بوو، زۆر گەڕان منیان نەدۆزییەوە، ئەوی تریش ڕای کرد هەر لە هەمان وەخت ڕۆیشتبوو بۆ ناو شار و دەرباز بووبوو، من مامەوە لەوێ لە هەمان جێگە، زۆرم تینوو بوو، هاوین بوو خەریک بوو بخنکێم لە تینووان، ئاوم پێ نەبوو، تەسەور دەکەم شازدە لەسەر حەڤدەی تەمووز بوو، ئەو شەوە لە ناو ئەو وەردە مامەوە و خەوم لێ کەوت لە جێی خۆم، ڕانک و چۆغەیەکم لە بەردابوو لەگەڵ ڕەنگی وەردەکە زۆر نێزیک بوو، هەرچەندە مانگەشەویش بوو، بەڵام نەیاندەیتم، هەندێ جار وڵاخەکانیان وەختبوو بمشێلن، بەڵام خۆم مات کرد، بەیانی کاتێک بەخەبەر هاتم لە ناوچەی ئیسکان مەلا بانگی دەدا، ڕەنگە هەر دوو سەد مەتر لە ڕەبیەکەوە دوور بووبم، ڕەبیەکە فانۆسیان هەڵکردبوو، کە هەستامەوە دیتم هێشتا دنیا تاریکە و کات ماوە، مزگەوتێکی لێ بوو گوتم باشترین شت ئەوەیە بچمە ئەو مزگەوتە و ئەگەر شتێکیش بوو ئەوە دەچمە مزگەوتەکە نوێژ دەکەم و کەس نازانێت و لە ناو خەڵکەکەدا بزر دەبم و ئەگەر هیچیش نەبوو ئەوا دەڕۆم، بەڕێ کەوتم، تاک تاک خەڵک دەهات، لەو مزگەوتە دەستنوێژم شووشت و نوێژم کرد، ئینجا بەرەو ماڵی "بابە شێخ شێخ عومەر" ڕۆیشتم، ماڵێکی گەورە بوون، بابە شێخ تەنزیمی خۆمان بوو، ئەندامی لێژنەی ناوچەی هەولێر بوو، بەڵام بە نهێنی کاری دەکرد، ئیتر چووم لە دەرگەم دا و بابە شێخ هات و بەحەپەساوییەوە گوتی: چییە ئەوە، چی بووە؟ گوتم : جارێ وەختم نییە، ئەحمەد سۆربەش هەبوو، ئەویش ئەندامی لێژنەی ناوچەی هەولێر بوو، کادیری خۆمان بوو و سایەقیی دەکرد، پێم گوت بنێرە

کاک ئەحمەد بێ، بۆ ئەوەی بمگەیەنێتە ماڵی خۆمان، گوتی: باشە، خەبەری بۆ نارد، ئەحمەد سۆربەش هات و شۆڤرلێتێکی هەبوو، منی سوار کرد لە پشتەوە، من درێژ بووم بۆ ئەوەی کەس نەمبینێت و، وا بزانن سەیارەکە بەتاڵە، چوومەوە ماڵی خۆمان بەڵام شەوی پێشوو کە عەبدولقادر گیرابوو، زۆریان ئازار دابوو، لە تاو ئازاری خۆی مەجبوور بووبوو بڵێ فلانم لەگەڵدایە، ئیتر کەوتنە تەعقیبی من، چۆن پەیدام بکەن، بەڵام من دەستم کرد بەچالاکی، پاش ئەوەی لەگەڵ لیژنەی ناوچە کۆبوومەوە و وەزعم بۆ باسکردن، تەوجیهاتم بۆ کردن و دوو سێ ڕۆژ مامەوە، بەڵام بەدوامەوە بوون، پێیان دەگوت، تەحریات "لەدوو گەڕان"، لە هەموو گەڕەکەکان دەگەڕان بۆ ئەوەی بمگرن، بەهەرحاڵ مایەوە سەر ئەوەی کە چۆن دەرباز بین هەر چواردەوری هەولێر گیرابوو، هەموو ڕەبایە بوو، ڕەبایەی جاش و عەسکەر زۆر بێ ئەندازە بوون، ئەڵقەیەکی بەهێزی ئەمنییان لە چواردەوری هەولێر دروست کردبوو، هەولێر ئەو کاتە بچووک بوو، ئەو سەردەمەی من دەڵێم هەولێر لە ناو بازنەی شەقامی شەست مەتریدا بوو، لە دەرەوەی ئەو هیچ ئاوەدانییەک نەبوو، ڕەنگە ئەو وەختە هەولێر شەست حەفتا هەزار کەس بووبێت. خەتێکی بەهێزی ئەمنی لە دەوروبەری هەولێر هەبوو، بەهەرحاڵ ئێمە لە ناو جاشەکانیشدا تەنزیماتمان هەبوو، برادەرێکمان هەبوو ئامر فەیسەڵی جاش بوو، بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نییە، کوڕێکی چاک بوو، خەبەرمان بۆ نارد گوتمان دەمانەوێ بەلای ئەودا تێ پەڕین و دەربازمان بکات، گوتی: باشە سەعات دوازدەی تەواو من خۆم لەوێ دەبم، نوێنەرێکی "ئەمن" لەوێ مەوجوودە، ئەو کاتە ئەویش دەڕوا نان بخوات، ئەو وەختە وەرن کە ئەو لەوێ نییە، ئەوی تر جاشەکانی خۆی بوون، خۆی لەوێ بەرپرس بوو، ئیتر ئێمەش چووین گەیشتینە ئەوێ، شۆفرلێتێکمان پێ بوو، کوڕێک لێی دەخوڕی "ئەحمەد سۆفی"یان پێ دەگوت، سەیارەی خۆی بوو، بەداخەوە وا بزانم ئەحمەد سۆفی ئەمری خوای کردووە، ئەحمەد سووربەش ئەویش ئەمری خوای کردووە، چووین گەیشتینە سەیتەرەکە سەیتەرەی گوێڕی پێ دەڵێن، کە چووین هەر ئەو سێ چوار کەسە لەوێ بوون،

هات و به شوفێرەکەی گوت: شتی قاچاختان پێ نییە؟ گوتی: ناوەڵا، گوتی: سندووقەکە بکەنەوە، سندووقەکەی کردەوە و هیچی تێدا نەبوو، هەرسێکمان دەمانچەمان پێ بوو، من و محەمەد و سایقەکەش، گوتی: برۆن، ڕۆیشتین چووینە گوندی دووگردکان، کاکە سمە هەبوو بەڕەحمەت بێ ئەویش نەماوە کۆنە تەنزیمی حزب بوو، پێشتر من لە دووگردکان مامۆستا بووم، هەموو ناسیارن، دوایی بیرم کردەوە کە چۆن دەرباز بم لە جادەی کەرکووک؛ چونکە ڕەبایەی لێ بوو؟. دەبووایە برۆشتمایەتەوە بۆ ناوچەی خۆمان، ناوچەی سەفین، من لای کاکە سمە بووم گوتی : سەیارە زەحمەتە، ئێستە بەو سەیارەیە بچیت لەوانەیە گومانت لێ بکەن، باشتر وایە عارەبانەیەکت بۆ پەیدا بکەین، ئەو عارەبانانەی کە وڵاخ ڕای دەکێشێ هی فەلاحانە و شتی لێ بار دەکەن، گوتیان سواری ئەوەت دەکەین و دەڵێین نەخۆشە، جێیان بۆ ڕاخستم، لبادێک و بالیف و بەتانییەکیشیان بەسەردا دام، لە ناو عارەبانەکەدا ڕاکشام و بەڕێ کەوتین، لە دووگردکان بۆ بەینی قوشتەپە و هەولێر، لە جادە ڕاوەستاین تا قافڵەیەکی سەربازی دەرباز بوو، گوتیان ئەگەر شتێک بوو، دەڵێین ئەو نەخۆشە دەیبەینە خەستەخانە و سەیارەمان نییە، دەمانچەکەی خۆشمم شاردەوە، ئیتر گەیشتینە ئەوێ خوا کردی سوپا ڕۆیی، ئێمە ڕۆیشتین لە جادە پەڕینەوە بۆ ئەوبەر، ئینجا پێم گوت: تۆ بگەڕێوە، ئەو گەڕایەوە و من بە پێ ڕۆیشتم و بەو شێوەیە چوومە دەشتی هەولێر.

## حکوومەت هەوڵی دا جادەی هاملتۆن کۆنترۆڵ بکات

دوای چیای سەفین حکوومەت شەڕێکی سەختی کرد بۆ ئەوەی بتوانێ کەمێک پێشمەرگە لە شەقڵاوە و لە ڕێی گشتی، دوور بخاتەوە مەبەستی "جادەی هاملتۆن" بوو بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکات، سەفین لە کۆنترۆڵی ئەودا نەبوو، بەڵام کە ئەوێی گرت، شەقڵاوە و جادەکەشی کۆنترۆڵ کرا، ئێمەش خەتی دیفاعیمان هەبوو لە هەموو ناوچەکان لەمسەری کوردستان تا ئەوسەری، مەناتیقی حکوومەت هەبوو کە سوپا و جاشی لێ بوو، ڕەبایەی لێ بوون، ئەوە کۆنترۆڵی ئەوان بوو، شوێنی تر هەموو کۆنترۆڵی ئێمە بوو، تا سنوور، بەرگریی پێشمەرگە هەبوو لەو مەناتیقانەدا بەرامبەر بە حکوومەت، لە هەر نوقتەیەک، لە هەر شوێنێکی ستراتیجی، هێزێکی لێ بوو، ئەوە بوو لەمسەر تا ئەوسەری کوردستان بەرگریی پێشمەرگە بەردەوام هەبوو، ئەگەر هێرش بکرایە زانیاریمان دەبوو، سوپا کۆ دەبووەوە و بە دەهۆڵ و زوڕنا دەهات و دەمانزانی، وانەبوو بە بیست و چوار سات هێزێکی گەورە بێنێتن و بچێتە ناوچەیەک، دەبووایە چەند ڕۆژێک خەریک بووایە، لەبەرئەوە ئێمەش هەر کاتێک بمانزانیایە لە کوێ سوپای عێراق کۆ دەبێتەوە و تەحەشودات هەیە ئێمە یەکسەر هێزی خۆمان لەو شوێنە کۆ دەکردەوە و ئامادەسازیی دروست دەبوو، بۆ بەرپەرچدانەوەی حکوومەت، ئێمە ئەو کات دوو جۆرە پێوەندیمان هەبوو، پێوەندییەکمان هەبوو بە "نامە" لە بەینی لق و مەکتەبی سیاسی، لە بەینی هێز و مەکتەبی سەرۆک یا مەکتەبی سەربازی، لە هیچ ناوچەیەکدا کەس لە خۆیەوە پێوەندیی نەدەکرد، غەیری هێز، لەلایەکی تریشەوە "بێتەل"مان هەبوو، بێتەلەکانیش جۆریان هەبوو، لە سەرەتاوە بەینێک جیهازی ڕەقەم دوازدە هەبوو، هی پۆلیس بوو، بەوانە پێوەندی دەکرا لە هەموو

هێزەکان و لە هەموو لقەکان، ئینجا "بێتەلچی"مان هەبوو، یانی ئەوەی کاری بە بێتەلەکە دەکرد، دەورەیان بۆ دەکردنەوە لەسەر جیهازەکان، دوو جۆر برووسکە هەبوو، برووسکەی جفرە هەبوو، کراوەش هەبوو، ئەوانەی شەڕ و سەرکەوتن کراوە بوون، ئەوەی تر بە "جفرە" جفرەش دوو جۆر بوو، جفرەی تایبەتی هەبوو بۆ نموونە هی لق، ئەوە ڕاستەوخۆ سەر بە لق بوو، جگە لە بەرپرسی لق ئەندامی کارگێڕ و مەسئوولی ڕێکخستن لەلایان دەبوو، ئەو بابەتەی زۆر نهێنی بووایە بەو جۆرە برووسکەمان دەنارد، بەڵام زۆر جار شفرەکانمان کەشف دەبوو، ئەو کات ئیلغا دەکرایەوە، ئەوەی هەبوو بە ژمارە بوو، بە ژمارە دادەنرا، لە ناویشیدا وشە و پیت هەبوو، ئەوە دەکرا بە برووسکە، من خۆم لەوە شارەزاییم هەبوو لە جفرە حەلکردن و دانانی ئەو زمانە، پێوەندیی ترمان هەبوو، شتی زەرووری و فەوری لە نێوان چەند خولەکێک، ئەگەر هەر شتێکی گرینگ ڕووی بدایە دەماندا بە سەرکردایەتی، بۆ نموونە سوپا حەرەکەت دەکات لە فلان ناوچە بۆ فلان ناوچە، یەکسەر بە جفرە دەماننارد، جاربەجاریش نوێنەرمان دەنارد، بۆ نموونە نوێنەری خۆمان، نوێنەری هێز بۆ لای بارزانیی نەمر بۆ لای مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی عەسکەری، ئەم جۆرەشی هەبوو، زۆر جار هەر بەڕێگەی شاخدا ئەو ڕێگەیانەی خەڵک پێیدا هاتوچۆ دەکات، بەوێدا هاتوچۆمان دەکرد، ڕێگەکان زۆر ناخۆش بوون، ئەوجا ئێمە لە شۆڕشدا توانیمان هەندێ ڕێگەی پیادە بکەینەوە و چاکیان بکەین، کە ئەمەش لە زۆر جێگە کرا، دواتریش کە هەندێ شۆفڵ و بۆلدێزەر پەیدا بوون، کە لە حکوومەت ستێندران و ڕفێندران، یان دەستکەوتی شەڕ بوون، لە هەندێ جێگە ڕێگەی سەیارە دروست کرا و توانیمان هەندێ ڕێگە دروست بکەین، بەڵام لە هەموو جێگەیەکیش دروستمان نەدەکرد، زەرەری هەبوو بۆ خۆشمان، بۆ هاتنی دەبابە و سوپای دوژمن.

## سەرهەڵدانی دووبەرەکی لە ناو شۆڕشدا

لێرەوە دەمەوێت بچمەوە سەر باسی ڕووداوەکانی دوای ساڵی شەست و پێنج، ئەو ساڵانە ڕووداوی زۆر ناخۆش ڕووی دا، بەشێک لە مەکتەبی سیاسی بەقیادەی ئیبراهیم ئەحمەد، ئینشقاقیان کرد، لە ناو حزبدا و دژی بارزانی وەستانەوە، ئەوە بوو ئەوان چوونە ئێران، لە ئێران ساڵی شەست و پێنج، مانگی شەش و ئەو ناوانە بوو گەڕانەوە کوردستان، بەشدارییان لە کۆنگرەدا کرد، هەندێکیان ئیستعاب کردن، قیادەکەشیان بەشێکیان لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران مانەوە، ئەوەی تر مام جەلال و عومەر دەبابە بەڕەحمەت بێ و عەلی عەسکەری و هەندێکی تر، ئەو تەیارەی هەر خۆیان بە پارتی دیموکرات دەزانی ئەوانیش خۆیان نیشان دەدا، یاخۆ بڵێین ئەو تەیارەی کە دژی بارزانی بوون گەڕانەوە، لەوانە هەندێکیان ئیستعاب کران، کەمال موفتی کرا بە ئامر هێزی قەرەداخ و حەمەدەمین فەرەج هەبوو کرا بە ئامری هێزی کاوە، ئەمانە کۆمەڵێ ئیشیان درانێ، ئەوانی تریش لە دۆڵە ڕەقەی "دۆڵی شاورێ"ی ناوچەی ڕانیە، لەوێ دانران، وەکو تەجمید وا بوون، تا کۆنگرەی حەوتەم چارەنووسیان دیار بکات، ئەوە بوو مانەوە لەوێ، ئیتر لە ١٩٦٦/١/١، ئەمانە دیار بوو، پێک هاتبوون لەگەڵ حکوومەتی عێراق و ڕێک کەوتبوون بچنە پاڵ حکوومەت، هەرواش بوو، چوونەوە پاڵ حکوومەت، چوون لەوێ بوون بە هێزێکی نێگەتیڤ دژی شۆڕش و بگرە چەکیشیان وەرگرت، حکوومەت لە زۆر شەڕ بەکاری هێنان، من ئێستە حەزیش ناکەم تەفاسیلی ئەو مەوزووعە زۆر باس بکەم، بەڵام ئەوە مێژووە و باس نەکردنی بۆشایی دروست دەکات، ئەوە بوو زۆر ناو و ناتۆرەیان لێ نرا و بەداخەوە ئەم ڕووداوانە زەرەرێکی گەورەش بوو بۆ کورد، لە سەرەتادا ئەوان چوونە پاڵ حکوومەت و لەگەڵ حکوومەتدا هاوکارییان کرد، هێزێکی چەکداری دژی شۆڕش بوون و بەردەوام بوون تا

یازدەی ئادار لە پاڵ حکوومەتی بەغدا بوون، سەرکردەکانیان لە بەغدا بوون و هەندێکیان لە سلێمانی بوون و هێزیان هەبوو نێزیکەی یازدە تا دوازدە هەزار چەکدار، بەڵام بە خۆیان دەگوت پێشمەرگە، دیارە کەس باوەڕی بەوە نەبوو، بەداخەوە تەسلیم بوونەوە و چوونە پاڵ حکوومەت بۆ ئەوەی بێن شەڕی پێشمەرگە بکەن، بەخۆشیان دەگوت پێشمەرگە!! من حەز ناکەم لەوەندە پتر هیچی تر بڵێم، ئەویش بۆ بەرژەوەندیی گشتییە، ئەگەرنا وەختی خۆی من لە موزەکەراتی خۆم ئەمانەم زۆر بە دوور و درێژی نووسیبووەوە کە بەداخەوە لەناوچوو، چونکە لە دوای ڕاپەڕین کاتێک ماڵم لە هەولێر بوو، تاڵان کرا و بیرەوەرییەکانیشم فەوتان.

ئەوە بوو دۆخێکی خراپ لە ناو کورددا سەری هەڵدا، گرووپێکی گوایە شۆڕشگێڕ و حزبێکی تر و تەنزیمێکی تر بچێتە پاڵ دوژمنی کورد و ڕێژیمێکی وا، ئەمە بەڕاستی کارەساتە، بەڕاستی زۆر زۆر خراپە، بەس بەداخەوە کردیان، ئەوە بوو ساڵی ١٩٦٦ تێکڕا بوو بە شەڕ و تێهەڵچوون، ئەوانیش زۆر گەورە بوون و بەهێز بوون، لە ناوچەی سلێمانی گەشەیان کرد و توانییان هەندێ ناوچە بخەنە ژێر دەسەڵاتی حکوومەت، ئەوە بوو توانییان لە دەرەوەش شوێن بۆ خۆیان و چەکدارەکانیان پەیدا بکەن و دژی شۆڕش کار بکەن، ئیتر لەو کاتانەدا کاک "عەبدوڕەحمان گۆمەشینی" بە نهێنی نەقڵ کرا بۆ لقی بەغدا بۆ بەهێزکردنی ئەوێ، منیش نەقڵ کرام بۆ لقی ٣ی کەرکووک وەکو ئەندامی لق، ئەوە بوو بۆ مەسەلەی نەقڵەکەم چووم بۆ مەکتەبی سیاسی، دوکتور مەحموود ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، کاک حەبیب سکرتێر بوو، ئەو ڕۆژە کاک حەبیب لەوێ نەبوو، سەفەری کردبوو دوکتۆر مەحموود لە جێگەی ئەو بوو، تەسەور دەکەم، هەمان ڕۆژ بوو کاک مەسعوود بارزانی کە من پێشتر نەمدیبوو لای دوکتور مەحموود بوو، نەمناسی، دوکتور مەحموود بە منی گوت: ئەوە کێیە؟ دەزانی کێیە؟ گوتم: ناوەڵا، گوتی: ئەوە کاک مەسعوود بارزانییە دەبێ ناوت بیستبێت. گوتم: ئەرێ وەڵا، گوتی : کاک مەسعوود هاتووەتە ئێرە، دەمانەوێ بیکەینە پارتی و تەنزیمی بکەین، ببێتە

ئەندامی حزب، ڕەنگە حەڤدە هەژدە ساڵ دەبوو، ئەو وەختە هێشتا بەتەواوەتی مووی لێ نەهاتبوو، من کاک مەسعوودم لەوێ ناسی، ئەوە بوو کارم جێبەجێ کرا کە بڕۆم بۆ لقی سێی کەرکووک و یەک دوو نەفەر پێشمەرگەی خۆمان لەگەڵم بێن، ئەو کاتە ماڵم لە هەولێر بوو، دەمێکیش بوو ماڵی خۆم نەدیبوو، هەستام پاش دوو سێ ڕۆژ بەڕێ کەوتم، بەڵام چەکم نەبوو، چەکەکەی خۆم لەوێ بەجێ هێشت لە لقی دوو، عادەت وا بوو ئەو وەختە ئەو کەسەی کە نەقڵ دەبوو، دەبووایە چەکەکەی خۆی بەجێ بهێشتایە لە لق، تفەنگێکی ئینگلیزیم هەبوو "شـــەوافی" بوو زۆریش خـــۆشم دەویست، بەجـــێم هێـــشت لەوێ، کاغەزێکیان بۆ نووسیم لە مەکتەبی سیاسی بۆ بارزانی کە بچم بۆ خزمەتی، ئەو وەختە بارزانی لە ناوچەی پێنجوێن بوو، لە گوندێک بوو، پێیان دەگوت "ساوجی" لەسەر سنووری عێراق و ئێرانە، بەڵام گوندی ئێرانە، پێنج سەد، شەش سەد مەتر لە سنوور دوور بوو لە پشتی پێنجوێن، کاغەزێکیان بۆ نووسیم، بەوێدا بچم بۆ لقی سێ، بەڕێ کەوتم چووم تا گەیشتمە ماوەت، حەفت هەشت ڕۆژم پێ چوو، زستانیش بوو، مانگی یەک بوو، بەڵام گوندەکە ئاوەدان بوو، خەڵکەکەی وەزعی زۆر خراپ بوو، ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووین خواردنمان زۆربەی هەر پەتاتە بوو، بەڕێ کەوتین چووین بۆ ماوەت، شەوێک لەوێ ماینەوە و شەوێکیش لە هەڵشۆ ماینەوە، حەمید سووری هەبوو، بەڕەحمەت بێ، کادیرێکی حزب بوو، بە ئەسڵ خەڵکی سووریا بوو، کادیرێکی کۆن بوو، پێشکەوتوو بوو، بەو دواییانە کارگێڕی لقی یەک بوو، ئەو کاتە ئەو معاونی ئیداری بوو، شەو لە هەڵشۆ مێوانی ئەو بووم و بەیانی بەڕێ کەوتین چووین بەرەو ماوەت، گەیشتینە ماوەت، لەسەر ڕێگە کە دەڕۆیشتین پیاوێک شوان بوو زۆر ئیختیار بوو ڕەنگە هەشتا ساڵ دەبوو، پاڵی دابووەوە بەبەردێکەوە، سەلامێکم لێ کرد، دوو سێ کەسم لەگەڵدا بوون گوتم مامە ماندی نەبی، چۆنی، گوتی: کەسی مامی خۆت ماندوو نەبی، گوتم مامە تۆ شوانی ئەو مەڕانەی، گوتی بەڵێ، قەڵادزە لە خوارێ دیار بوو گوتم مامە ئەوەی دیارە ئەوە کوێیە؟ گوتی قەڵادزە، شاری قەڵادزێ، گوتم دیوتە، گوتی نەوەڵا، هەمووی دوو سەعات ڕێ نەدەبوو لەوێوە، گوتم چەند گوندت دیوە؟

گوتی وەڵا گوندی خۆمانم دیوە هەڵشۆ، لەگەڵ دوو گوندی تر، لە هەموو تەمەنم هیچی ترم نەدیوە. ئیتر لەوێش بەڕێ کەوتین و چووینە ماوەت و لە ماوەت چووین بەرەو ساوجی، زستانیش بوو دنیا سارد و سەرما بوو، نێزیکەی دوازدە ڕۆژ لە ساوجی ماینەوە، لەوێش بڵاویان کردینەوە لە ماڵەکانی گوندەکە، هەر دوو سێ نەفەر دەچووینە گوندێک. بەڵام ماڵەکان خواردنیان دەدواینێ. خەڵکەکە ئێرانی بوون زۆر بێ وەزع بوون؛ چونکە بارزانی لەوێ بوو ئەو هەموو خەڵکەش ڕووی تێ دەکرد، پێشمەرگە و خەڵکی تریش. دیسان ئەو سەفەرە لەوێ سەرۆک بارزانیم دیت و بڕنۆیەکی ڕەقەم حەڤدەی جوانم لێ وەرگرت، ئینجا بەڕێ کەوتم بەرەو لقی سێ بەرەو گەرمیان و قەرەداخ تا چوومە لقی سێ، لەوێ چووم، بەرپرسی ناوچەی کفری بەداخەوە لەسەر هەندێ شت تەجمیدیان کردبوو، تووڕە بووبوو چووبوو خۆی تەسلیم کردبووەوە، بەئیعتباری ئەوەی منیش ئەندامی لق بووم، کاک عومەر شەریف هەبوو دوایی شەهید کرا بەڕەحمەت بێت ئەو و دوو کەسی تر شەهید سیامەند و شەهید ملکۆ ئەو جەماعەتە لەسێدارەیان دان، ئەوان گوتیان ئەگەر ڕازی بی و پێت خۆش بێ، حەز دەکەین بتکەین بە بەرپرسی ناوچەی کفری؛ چونکە لەوێ وەزعەکە زۆر خراپە، لە حکوومەت نێزیکە و کەسی واش نییە بیکەینە بەرپرسی ناوچە، ئێمە لەگەڵ ئەو برادەرانە یەکتریشمان دەناسی، پێشتر من ئەندامی موراقبە و تەفتیشی باڵا بووم، گوتم باشە مانیع نییە و چووم بووم بەبەرپرسی ناوچەی کفری لەو ناوچەیەدا، ئینجا ئەوانیش شێوەزاری خۆیان هەیە هەمووی ئێژم ئێژم قسە دەکەن، ئەوە بوو سێ چوار مانگ مامەوە هەندێک جەولەم کرد لە ناوچەکە و فێری شێوەزاری ئەوێش بووم، شێوەزارەکەیان شێوەزاری عەشیرەتی "جاف"یشی زۆر تێدایە، لەوێ دەستمان کرد بە ئیش، یەکێک لەوانەش کە لەگەڵم بوون کاک سەلاح دەلۆ بوو ئێستەش ماوە و بەرپرسی مەکتەبی پێوەندیی نیشتمانیی حزبە، سەلاح دەلۆ ئەو وەختە ئەندامی ناوچە بوو، منیش بەرپرسی ناوچە بووم، مەلا عەزیز سیامەنسووری هەبوو، بەڕەحمەت بێ ئەو جێگری من بوو، ئیتر دەستمان کرد بە ئیش.

# شەهیدکردنی چەند پێشمەرگەیەک

ڕۆژێک کەمال موفتی هاتبوو، کەمال موفتی لەو جەماعەتە بوو کە دوایی گەڕانەوە "جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەد" کە گەڕاوە لە قیادەوە کردیانە ئامر هێزی قەرەداخ، بەئیعتباری ئەوەی ئەفسەرێکی زیرەک بوو، بەتالیۆنی کفری لە گوندێک بوو پێیان دەگوت: "مەسۆی سەرچەم"، لەسەر ڕووبارە، کەمال موفتی هاتبوو بۆ بارەگەی بەتالیۆن لە گوندی فەقێ مستەفا، عومەر شەریف بەڕەحمەت بێ، بەرپرسی لق بوو دوو کادیری لقیش لەگەڵیدا دەبن، ئامر بەتالیۆن "سیامەند بارزانی" بوو، پیاوێکی ئازا و قارەمان بوو زۆر برادەر بووین، ماوەیەک لەوێندەرێ بووین، "ملکۆ"ش هەبوو، حاکم بوو حاکمی ئەو ناوچەیە بوو، هەردوو چوونە ڕووسیا و ژنیشیان ڕووسی بوو، ئەوانە لە بەغدا بوون، هاتبوون بووبوونە پێشمەرگە و هەر لەوێ مابوونەوە، جەماعەتی کەمال موفتی کە هاتبوونە ئەوێ ئینقیلابیان لەسەر کردن هەموویان گرتبوون "سیامەند، عومەر شەریف و ملکۆ" لەگەڵ دوو برادەری تر کارگێڕی لق بوون، یەکێکیان ناوی "جەلال محەمەد سەعید" بوو، ئەوی تریش ناوی "عەریف حوسێن" بوو، "عەریف حوسێن"یان برد بۆ ناوچەی سلێمانی، ئەو کاتە کە ئەوە ڕووی دا من و مەلا عەزیز لە ماڵێک داوەت بووین، من نەمبیستبوو ئەوە ڕووی داوە و زۆر دووریش نەبووین، "فەقێ مستەفا" لەگەڵ بارەگەکەی ئێمە هەر سەعات و چارەکێ، بیست دەقیقە دوور بوو، برادەرێکمان داوەتی کردبووین ئێمە نانمان دەخوارد بینیم پیاوێک هات ئەندامی حزب بوو، حزب ناردبووی، کە خەبەر بە من بدات بۆ ئەوەی نەگیرێم و خۆم نەجات بدەم، نەبادا بێنە سەر ئێمەش، ئەو پیاوە هات لە ساحێب ماڵەکەی پرسی، گوتی: مامۆستا مەلا محەمەد لێرەیە، گوتی: بەڵێ، گوتی: کامەیە گوتم: فەرموو،

گوتی: مامۆستا دەمەوێ بتبینم بە تەنیا، گوتم: باشە، جودا بوومەوە گوتی: "کەمال موفتی" و ئەوان هاتبوون ئێستە ئینقیلابیان کردووە، "تاهیر عەقراوی" شەهید بووە، "تاهیر بێتەلچی" بوو، ویستبووی خەبەر بدات کوشتبوویان، بەرەحمەت بێ شەهید بوو، گوتی حاڵ و مەسەلە ئەوەیە، ئینجا بکەونە خۆتان، چارەسەری خۆتان بکەن، ئەوەندەی گوت و گوتی من دەڕۆم خواحافیز، منیش بانگی مەلا عەزیزم کرد و گوتم هەستە بکەوینە خۆمان بڕۆین، ئێمە هێزێکی وامان نەبوو، لێژنەی ناوچە پێنج شەش نەفەر بووین، گوتم کاک مەلا عەزیز با ئەو شتانە بشارینەوە، ماڵی برادەرێکی ترمان هەبوو گوتمان مۆر و ئەو شتانە لەوێ دەشارینەوە، شاردمانەوە و بەڕێ کەوتین و دەرچووین لە گوند، کە ئێمە دەرچوو بووین، ئەوان هاتبوون هێزێکی پەنجا نەفەرییان ناردبوو کە ئێمە بکوژن یان بمانگرن، ئەوە بوو خوا کردی دەرباز بووین، بەهەرحاڵ لەو ناوچەیەدا بە تەنیا مامەوە، ئەو کوڕە و هەندێ نەفەری تریشم لەگەڵ بوون ڕۆیشتن، غەریب و نەشارەزا لەو ناوچەیەدا بە تەنیا مامەوە، هەقیقەت مەلا عەزیزیش تووشی دڵەڕاوکێ هات گوتی بەخوا منیش ناتوانم لەگەڵ تۆ بمێنەوە دەچم بۆ مەنتەقەی خۆم ناوچەی تاڵەبان لەلای گەرمیان لەوێ خۆم حەشار دەدەم، ئینجا تۆش کەیفی خۆتە، گوتم خوا کەریمە، من چووم برادەرێکم هەبوو وا بزانم ناوی جەعفەر بوو لە "مەسۆی سەرچەم" بوو، بارەگامان سێ چوار مانگ لەوێ بوو، کوڕێکی زۆر زۆر ڕێکوپێک بوو، گوندەکە هەمووی خزمی ئەو بوون، ئیتر شەو چوومەوە ماڵی کاک جەعفەر، کە چاوی بە من کەوت زۆر دڵتەنگ بوو دەیزانی چی ڕووی داوە، گوتی خۆزگە من بمردمایە و تۆم وا نەدیایە، گوتم: کاکە ژیان وایە، دنیا وایە، چی بکەین، شۆڕشە، ئەمەش کارەساتە و هاتووە، گوتی لێرە بمێنەرەوە لە گوندەکەی ئێمە، گوندەکە شەست ماڵ دەبوو، گوتی: هەمووی خزمی خۆمە، ئێمە پیاومان زۆرە، تفەنگمان زۆرە، هەمووشمان پارتین و تۆ دەپارێزین، مەچۆ بۆ هیچ لایەک تۆ نەشارەزای و بۆ هەر لایەک بڕۆی تووشی گرفتێک دەبیت، گوتم: نا، تۆ برایەکتم لەگەڵ بنێرە تا فلان گوند، چونکە بەکوێدا

هاتبووم شارەزا بووبووم، هەمووشم نووسیبوو لای خۆم دەفتەرم هەبوو، بەرپرسی ناوچەی گوندەکە و ڕێگە و هەموو زانیارییەکم نووسیبوو لەلای خۆم، دەفتەرێکی بیرئانینم هەبوو ئەو دەفتەرە لە گیرفانم بوو زۆر بە کەڵکم هات، ئیتر برنۆیەکی ڕەقەم حەڤدەم هەبوو کە لە بارزانیم وەرگرتبوو دوو خەریتە فیشەکیشم هەبوو "فیشەکدان" پەنجا شەست فیشەکی زیادیشم لە ناو جانتایەک کردبوو، بەهەمووی نێزیکەی سەد فیشەکم هەبوو، دەمانچەیەکیشم هەبوو "لامە"یان پێ دەگوت، دەسکی سپی بوو، ئەوەیش دوو سێ شانەی لەگەڵدا بوو "یەدەک" مەتارەم پێ بوو هی ئاو، ئەو وەختە تەمەنم نێزیکەی ٣٠ساڵ دەبوو، ئەو کوڕە هات لەگەڵم تا نێزیکی گوندێک، ئەو گوندەی من دەمگوت، لەوێ بەکوڕەکەم گوت شەو ناچینە ناو گوند، تۆ بگەڕێوە، من بۆ خۆم بەیانی دەچمە ناو گوند، کوڕێک بوو ناوی "عەلی" بوو بەرپرسی گوندەکە بوو، لە دڵی خۆم گوتم دەچمە ماڵی عەلی، چی بکەم؟! ئەو وەختە مانگی پێنج بوو، لە ناو دەغڵێکدا لام دا خەوتم و جانتاکەی خۆم دانا و سەرم خستە سەری و خەوم لێ کەوت تا بەیانی ڕۆهەڵات، بەڵام تینووم بوو مەتارەکەم ئاوی تێدا نەمابوو، چونکە لە ڕێگە تا گەیشتم هەموویم خواردەوە، هەستام خۆم کۆ کردەوە، فیشەکدانەکانم بەست و دەمانچەم بەست و شتی خۆمم حازر کرد و دەرچووم لە ناو دەغڵەکە، هاتمە سەر ڕێگە بۆ ناو گوندەکە تووشی شوانێک بووم، گوتم کاکی شوان ماندوو نەبی، گوتی تۆ ماندوو نەبی، گوتم کاکە لە گوند هیچ پێشمەرگەی لێ بوو؟ گوتی: وەڵا کەسم نەدی، چووم گەیشتمە ماڵی کاک "عەلی" ڕۆهەڵات بوو، چێشتەنگاو بوو نانیان حازر بوو، نان و ماست و چایەکم خوارد، کاک عەلی پارتی بوو زۆر دڵتەنگ بوو، چونکە پێشتر بەوێدا هاتبووم، کە چاوی پێم کەوت قورگی پڕ گریان بوو، زۆر نارەحەت بوو، گوتم: نا کاکە نارەحەت مەبە، ئەمە دنیایە، ئەم قسانەم کرد و گوتم دەڕۆم، گوتی با برایەکم لەگەڵت بێ هەتا کوێ دەتەوێ لەبەر جانتاکەت، گوتم: باشە، بەڕاستی جانتاکەم زۆر گران بوو فڕێشم نەدەدا؛ چونکە کەلوپەلی تێدا بوو، ئەوەی پێویست نەبوو فڕێم دان، بەڵام هەر گران بوو، سەد

فیشەک و برنۆیەک و دەمانچە و مەتارە و دووربین ئەوانەم هەموو پێ بوو، ڕۆیشتین چووینە بارەگای لق، بارەگای لق لە ناوچەی جەباری بوو، لە قەیتول، هەر شەو و ڕۆژێکم پێ چوو گەیشتمە بارەگای لق، تەبعەن بەرپرسانی لق و ئەوانە گیرا بوون، بەڵام بارەگا هەر کۆمەڵێک پێشمەرگەی لێ بوو، نێزیکەی دە پازدە پێشمەرگەیان هەبوو لەوێ بوون چاویان بە من کەوت گەشانەوە و، خۆشحاڵ بوون، منیان دیت دەیانزانی کارگێڕی لق و بەرپرسی ناوچە بووم، بارەگای بەتالیۆنیش لەوێ نێزیک بوو، گوندێک بوو ئێستە ناوەکەیم بیر نییە بەداخەوە هەندێ ناوم لە بیر چووەتەوە، مۆرەکە لەلای ئەوان بوو وەرم گرت، بارەگای لقم تێک نا و گوتم شتەکان بشارنەوە و ئێوەش وەرن، لەگەڵم هاتن و چووین بۆ بارەگای بەتالیۆن، کە چووین "عەریف حەمید" هەبوو "حەمید بەرواری" ئێستە لە سوێدە، ئامر بەتالیۆن بوو لەوێ، چوو بوو بۆ شەڕی ئەم جەماعەتە لە ناوچەی سەرگەڵو، ئەوە بوو چووین بۆ ئەوێ کوڕێکی لێ بوو پێیان دەگوت: "دوکتۆر محێدین" کوڕێکی ئازا بوو "موزەمید" بوو، بەڵام بەرپرسی هێزێکیش بوو لەوێ، دانیشتین بەیەکەوە کە چی بکەین و چی نەکەین، هەرچی کادیری حزب و موتەفەریقە هەیە هەمووی هەواڵمان دانێ کە بێن بۆ لای ئێمە، هەموویان هاتن، مەجمووعەیەکی باش کۆ بووەوە، هێزێک دروست بوو، هێزێکی پەنجا شەست نەفەری، لە سفرەوە بوو بە پەنجا شەست نەفەر پێشمەرگە، کوڕێک هەبوو "نەجمەدین حەسەن"یان پێ دەگوت، نازانم ماوە یان نا، سەرلق بوو، ئازا بوو، قارەمان بوو، ئەو لەگەڵ "عەریف حەمید" نەچووبوو، ئەوی بەجێ هێشتبوو لەگەڵ پەلێکی خۆی کە "سی" کەسی لەگەڵدا بوو، ڕۆیشتبووە لای کەرکووک بۆ عەمەلیات، خەبەرم بۆ نارد هات کۆبووینەوە، بەهەرحاڵ ئەوەی لەوێ بووین گەیشتینە سەد و بیست کەسێک، ئیتر هێزێکی سەد و بیست کەسی ئاسان نەبوو ئەو کاتە، هەمووشی پێشمەرگەی ئازا، خەڵکەکەش بریندارە و زوڵمی لێ کراوە، ئیتر ئێمە بڕیارمان دا بڕۆین بۆ ئەو شوێنانەی ئەوانی لێ مەوجوودە، ئاخر وەکو ئینقیلاب لە هەموو جێگەیەک لەسەر برادەرانی ئێمە ئینقیلابیان کردبوو،

گەڕاینەوە هەمان ناوچەی پێشتر کە من لەوێ بووم لە کفری، ئینجا دەستمان پێ کرد، هەر جێیەکی گەیشتینێ بەرگرییان پێ نەدەکرا، بەڕاستی پەرت و بڵاو بوون، ئێمەش سەد و بیست کەس بووین، وردە وردە بەهەر جێیەک کە دەگەیشتین کۆمەڵێک پێشمەرگەی موتەفەریقەی خۆمانی لێ بوون، پێوەندییان دەکردەوە، بە دوو سێ ڕۆژ بووین بە دوو سەد کەس، دواتر بووینە سێ سەد کەس، ئەوانیشمان هەموو چەک کرد، ئەوی گیرا، چەک کرا و ئەوی ڕایان کرد کۆمەڵێکیان تەسلیمی حکوومەت بوونەوە، بەهەرحاڵ جارێکی تر گەڕاینەوە بەرەو بارەگای بەتالیۆن و بارەگای لق، ئینجا "کەمال موفتی" و ئەوان لە قەرەداخ هێزێکی گەورەیان هێنا بۆ سەر ئێمە، هەر ئەو کاتە برووسکەشمان کرد بۆ سەرۆک و مەکتەبی سیاسی کە مەسەلەیەکی وا ڕووی داوە، بەڵام برووسکەکانی ئێمەیان قبووڵ نەدەکرد، "کەمال مفتی" دوای ئەوەی ئەو کارەی کردبوو، برووسکەیەکی ناردبوو کە کۆمەڵێک تەمەڕودیان کردووە و، وا خەریکم لەناویان دەبەم، ئێمە موتەمەرید بووین و ئەوان پیاوی باش بوون، لەبەرئەوە ئێمە برووسکەمان دەکرد هەر وەڵامیشیان نەدەدایەوە، بەڵام یەکێک ڕای کردبوو، کوڕێک حاکم بوو لەو ناوچەیە، ناوی فارووق بوو، چووبوو بۆ لای کاک "عەبدولوەهاب ئەتروشی" بەداخەوە ئێستە نەماوە، ئەو کاتە ئامر هێزی خەبات بوو، چووبووە لای ئەو، گوتبووی ئەوە چییە، گوتبووی حاڵ و مەسەلەیەکی وا. گوتی ئەدی "کەمال" دەڵێ وام کردووە، گوتی بابە درۆی دەکا، ئەمە ئینقیلابی کردووە، ئەمانەی تر کە برووسکە دەکەن ئەمانە هی خۆمانن، ئینجا ئەو برووسکە دەکا بۆ بارزانی و ئەوانیش پێوەندییان لەگەڵ ئێمە کرد، بارزانی و مەکتەبی سیاسی گوتیان، ئێمە وەڵاممان ناردووە کە "حەمید" بگەڕێتەوە، ئیتر زۆری پێ نەچوو کاک "حەمید" گەڕایەوە، نێزیکەی سێ سەد چوار سەد پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو، ئەوسا بووینە هێزێکی گەورەی حەوت سەد کەسی، ئینجا بووە شەڕ و ئەوان شکان و کشانەوە بەرەو لای سلێمانی، من مامەوە لەوێندەرێ تا کۆنگرە، ئەو ساڵە کۆنگرە دەستی پێ کرد، برادەرێکیان نارد بۆ لای ئێمە لە لق "شێخ محەمەد هەرسنی"یان پێ دەگوت

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو لە مەکتەبی سیاسی، ئەویان نارد بۆ لق، ئەو بووە بەرپرسی لق، ئێمە چەند برادەرێک بووین کارگێڕی لق بووین" من بووم، شێخ محەمەد شەدەڵە و بەڕەحمەت بێت مەلا حەیدەر هەبوو کە لەسێدارەیان دا" ئەمانە کارگێڕی لق بووین پێکەوە، دوای ئەو ڕووداوانە ماینەوە تا هەڵبژاردن بکرێت بۆ کۆنگرەی حەوت، ئەو وەختە مفاوەزە هەبوو، ساڵی شەست و شەش بەیانی ٢٩ی حوزەیران دەرچوو لەلایەن "عەبدولسەلام" هەر لەو ساڵەش لە باڵەفڕە کەوتە خوارەوە و باڵەفڕەکەی سووتا، "عەبدولسەلام" لەناوچوو، "عەبدوڕەحمان"ی برای بوو بە سەرکۆمار، "عەبدوڕەحمان بەزاز" بوو بە سەرۆک وەزیران، مفاوەزە دەستی پێ کرد لە بەینی سەرکردایەتیی شۆڕش و حکوومەتی عێراق، ڕێککەوتنێک بوو تەقریبەن لامەرکەزی بوو، ئینجا وەختی کۆنگرە کە ئێمە هەڵبژاردنمان کرد، ئازاد بووین، هیچ گرفتمان نەبوو، هەندێ کەس ئەوەی زۆر دیار نەبوو، دەیتوانی بچێتە کەرکووک و لە کەرکووک بە ئۆتۆمۆبێل بچێتە ئەوێ، بەڵام ئێمە نەماندەتوانی بچین، بڕیارمان دا بەپێ بڕۆین بۆ حاجی ئۆمەران و گەلاڵە بۆ کۆنگرە، هاتین گەیشتینە کلاوقووت، "قادر جەباری" کە ئێستە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندییە، ئەو دەمە ئەو بەرپرسی ناوچەی شوان و شێخ بزێنی بوو، هاتینە لای ئەو، نێزیکەی بیست کادیرم لەگەڵدا بوو، ئەوانە نوێنەری کۆنگرە بوون، لەوێ ماینەوە، ئەوە بوو کۆنگرە دواخرا بۆ پازدەی مانگ، ئێمە نێزیکەی نیو مانگێک بیست شەوێک لەوێ ماینەوە، دواتر بەڕێ کەوتین بەرەو ناوچەی باڵەک بۆ لای سەرکردایەتی، ئێمە گەیشتینە ئەوێ لە پازدەی یازدە کۆنگرەی حەوت دەستی پێ کرد، هەقیقەت دوای کۆنگرەی شەش کۆنگرەی حەوت زۆر ڕێکوپێک بوو، چونکە کۆنگرەی شەش کۆنگرەی ئینشقاق بوو، دوو ساڵی بەسەردا تێ پەڕیبوو، حزب خۆی نوێ کردبووەوە، لێژنەی ئامادەکاری دانرا بوو، پێشتر گوتم: کۆمەڵێک خەڵکی تازە لە ناو کۆنگرە دانەبڕابوون. کاک "سامی عەبدوڕەحمان" بوو، بە ڕەحمەت بێ، ئەو پێشتر شیوعی بوو، دوایی وازی هێنا و هاتبووەوە ناو شۆڕش، ئەویش هاتە پێش و بووە ئەندامی لێژنەی

ئامادەکاریی کۆنگرە و کاک "عەلی عەبدوڵا" و "نووری شاوەیس" ئەم دووەش بە ئیعتبار ئەمانەش لەگەڵ جەماعەتی "ئیبراهیم ئەحمەد" و ئەوان بوون، بەس دوایی کە ئەوان چوون بۆ هەمەدان ئەمانە نەچوون گەڕانەوە و هاتنەوە لای بارزانی و دانیشتن تا وەختی کۆنگرە، لە لیژنەی ئامادەکاری دانران لە کۆنگرەشدا خۆیان تەرشیح کرد. کۆنگرە دەستی پێ کرد و نێزیکەی شەش حەوت ڕۆژی خایاند، کۆنگرەیەکی زۆر ڕێکوپێک بوو، نێزیکە ٣٧٠ کەس بەشداریی تێدا کرد، سەرکردایەتییەکی نوێ هەڵبژێردرا، پێشتر هەر کاک "حەبیب فەیلی" سکرتێر بوو دیسان بووەوە بە سکرتێر، لەو کۆنگرەیەدا مەکتەبی سیاسی لە پێنج کەس کرا بە حەوت کەس، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی برێتی بوون لە "حەبیب فەیلی، دوکتۆر مەحموود عوسمان، سامی عەبدوڕەحمان، عەلی عەبدوڵا، نووری شاوەیس، عەزیز عەقراوی، ساڵح یووسفی" ئەمانە بوون بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و، لێژنەی مەرکەزییش بوو بە بیست و یەک کەس، جەماعەتەکەی تریش لەوە بەدوا تووشی پاشەکشێ بوون، حکوومەت زۆر ناوچەی پێی چۆڵ کردن، چونکە یەک لە مەرجەکان ئەوە بوو کە ئەوان نەمێنن لەو ناوچانەی دەرەوە و ناو شار، ئیتر نەفەسێکی گەورە بۆ پارتی دروست بوو، هەرچەند دواتر حکوومەت لێرە و لەوێ ویستیان هەندێ شتیان پێ بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون وەک پێویست، چونکە حکوومەتی "عەبدوڕەحمان عارف" حکوومەتێکی لاواز و بێهێز بوو، "عەبدولسەلام" کوژرا بوو، ئەو پیاوێکی زۆر سەربازی بوو، "عەبدوڕەحمان بەزاز"یش زیرەک بوو. بەس مەدەنی بوو و سەربازی نەبوو، ئەو کاتەش بەڕاستی حوکم حوکمی سەربازی بوو، لەبەرئەوە وەزعیان خراپ بوو، بەناچاری پەنایان برد بۆ موفاوەزات لەگەڵ شۆڕش.

## هەندرێن، داستانێکی کەم وێنە

هەر لەم ساڵە بوو، عەبدوڕەحمان عارف هات بۆ زێوە، ئەوە بوو لە مانگی پێنج لە ساڵی ١٩٦٦ شەڕی هەندرێن ڕووی دا کاک ئیدریس سەرپەرشتیی شەڕەکەی کرد، لیوایەک هەر ئیبادە بوو، لیوایەکیش نیوەی لەناوچوو، دەستکەوتی زۆر گەورە کەوتە دەست، وەکو بڵێی حکوومەت هەرەسی هێنا، ئینجا ئەوە بوو "عەبدوڕەحمان عارف" هات بۆ "زێوە" و بەیانی بیست و نۆی حوزەیران دەرچوو، ڕۆژنامەی "التاخی"ش هەر دوای ئەوە لە شەست و حەفت بواری پێ درا دەرچێ، ئەوەش وەرچەرخانێکی گەورە بوو، سوپای عێراق لە هەندرێن دوو لیوا بوون، یەکێکیان بەتەواوی ئیبادە و ئەوی تریش نیوەی لەناوچوو، بە سەدان سەرباز دەستبەسەر کران، بەسەدان سەرباز هاتنە کوشتن، بە سەدان پارچە چەکی گەورە و بچووک کەوتە دەستی پێشمەرگە، ئینجا دوای ئەم شەڕە، پێش بەیانی ٢٩ی حوزەیران، لە بەری "زێوە" عەبدوڕەحمان عارف لەگەڵ "بارزانی" یەکتریان بینی و ڕێککەوتن لەوێ کرا، بیست و نۆی حوزەیران بوو، ڕێککەوتنە کە هاتە ڕاگەیاندن، بەعسییەکان ساڵی شەست و هەشت کودەتایان کرد، ئەو هودنەیە لە شەست و شەشەوە تا شەست و هەشت لە نێوان حکوومەت و شۆڕشدا درێژەی کێشا، بەڵام ڕێککەوتنی بیست و نۆی حوزەیران هیچی جێبەجێ نەکرا، هەر ئەوە بوو شەڕ نەبوو، شەڕ ڕاوەستا بوو، هەرچەندە ڕێککەوتنێکی کامل نەبوو، بەڵام دیدار و هاتوچۆ هەبوو، نوێنەرمان هەبوو لە بەغدا و لە هەولێر، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئاکامێک، بە بڕوای من یەک لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە حکوومەتی "عەبدوڕەحمان عارف" لاواز بوو، چونکە کەسایەتیی "عەبدوڕەحمان" بەهێز نەبوو، جا هەر ئەو بێهێزییە بووە هۆی ئەوەی کە بەعسییەکان کودەتایان

لەسەر کرد، ئیتر ئەوە بوو دوای ئەوەی "بارزانی" و "عەبدوڕەحمان عارف" یەکتریان دیت، عەبدوڕەحمان عارف ئۆتۆمۆبێلێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو بەدیاری دایە بارزانی، بارزانییش بە کاک فرەنسۆی گوت: بیهێنەوە، ئەویش هێنایەوە و لەویَ لای خۆی بوو، کاک فرەنسۆش خۆی بۆی گێڕامەوە، گوتی: ڕۆژێک لەگەڵ کاک ئیدریس بەرەحمەت بێ تەلەفۆنم کرد، گوتم: ئەوە سەرۆک بارزانی ئۆتۆمۆبێلی لای من داناوە، هەفتەیەکی بەسەردا تێ پەڕی، دەترسێم شتێکی لێ بێ، چی لێ بکەم؟! گوتی: دەڵێ بابیدا بە کاک حەبیب، ئۆتۆمۆبێلەکەی دا بە کاک حەبیب، ئەویش فرۆشتی و بە ئۆتۆمۆبێلێکی تری دابوو، بارزانی موستەغنی بوو لەم شتانە، بەڕاستی یەک لە گەورەیییەکانی بارزانی ئەوە بوو، ئەمەش نموونەیەک بوو بۆ گەورەیی بارزانی، پێی شەرم بوو بچێ سواری ئۆتۆمۆبێلی سەرکۆمار بێت. ئەم ڕووداوانەش لە کاتێکە کە کۆنگرە دەبەستریَ، وەزعی شۆڕش ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو باشتربوون دەچوو، بەهێزتر دەبوو، بەتایبەتیش ئەم سێ کەسە کە تازە هاتنە ناو قیادە "کاک سامی عەبدوڕەحمان"، "کاک عەلی عەبدوڵا" و "کاک نووری شاوێس" ئەم دووە پێشتریش ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوون و لە باڵی مەکتەبی سیاسیی پێشوو بوون، خەریک بوون لەگەڵ مونشەقەکان بچن بۆ ئێران، بەس لەگەڵیان نەچوون گەڕانەوە، ئینجا ئەمانە هاتنەوە ناو مەکتەبی سیاسی، ئەمانەش سێ کەسایەتیی لێهاتوو و ژیر و هۆشیار بوون، ئەوانی تریش "کاک حەبیب و دوکتور مەحموود و ساڵح یووسفی و کاک عەزیز" توانیبوویان ئیشی خۆیان بکەن ، جەماعەتی "ئیبراهیم ئەحمەد" و ئەوان لە هەولێر بوون، چەکداری حکوومەت بوون، سەیتەرەیەکی چاکیان لەسەر هەولێر کردبوو، وەزع خراپ بوو لە ناو ڕێکخستنی ئێمە، لە کۆبوونەوەی لێژنەی مەرکەزی لە ساڵی شەست و شەش و شەست و حەفت بوو بڕیار درا من بە نهێنیی بچمەوە بۆ چاککردنەوەی ڕێکخستنی نهێنی، چونکە ئەو کات کارگێڕی لق بووم، ئینجا چووم، ١٥/٤/ ١٩٦٧ بوو، کۆنفرانسێکی سەربازی بەسترا لە ناوچەی باڵەکایەتی، شوێنێک بوو پێیان دەگوت "سەماقوت" یا "کانیی سەماقوت"،

بارەگەی مەکتەبی تەنفیزی لەوێ بوو، کۆنفرانسێکی سەربازی و سیاسی بەسترا، ئیتر بڕیار درا کە دەبێ ئەم کۆنفرانسە بکرێ و بارزانییش خۆی سەرپەرشتیی بکات، ئێمە لە لقی دوو کە کاک عەزیز عەقراوی ئامر هێز بوو و لە هەمان کاتدا بەرپرسی لقیش بوو ئەو کاتە، مام برایم کاکۆ هەبوو ئامر بەتالیۆنی سێی سەفین بوو، ئیسماعیلی مەلا عەزیز بەرپرسی دووەمی لق بوو، پێشتر بەرپرسی لق بوو دوایی عەزیز عەقراوی بووە بەرپرسی لق، منیش کارگێڕی لق بووم، ئەو چوار کەسە هاتین بۆ کۆنفرانسەکە و بەشداریمان کرد، نێزیکەی پەنجا کەس بەشدارییان کردبوو، لەوێندەرێ زۆر شتی باش کرا، هەر لەوێ بڕیاری دەرچوونی ڕۆژنامەی تەئەخی درا و "سەیدا ساڵح یووسفی" و لێژنەی مەرکەزیش کۆبوونەوەی کرد، "سەیدا ساڵح" بوو بەسەرنووسەری ڕۆژنامەی تەئەخی لە بەغدا و بڕیار درا منیش بە نهێنی بچم بۆ هەولێر و جگە لە کاری کارگێڕی لق ببمە بەرپرسی ناوچەی هەولێر و سەرپەرشتیی ڕێکخستن بکەم، منیش چووم، هەولێر لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتدا بوو، بەڵام تەنسیق هەبوو لە بەینی ئێمە و حکوومەت، شەڕ نەبوو، بەڵام جەماعەتی "ئیبراهیم ئەحمەد" سەیتەرەیان لەسەر وەزعەکە کردبوو، چەکدار بوون و لەگەڵ موخابەرات و ئەمن تەنسیقیان هەبوو، بۆیە وەزعی ڕێکخستنی ئێمە خراپ بوو، هەندێکیشیان گیرا بوون و بێ ورە بوون، ئینجا من بە تەنیا چووم گوتم باشتر وایە دوو سێ برادەر لەگەڵ خۆم ببەم بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە ببینە کارگێڕ، سێ کەس سەرپەرشتیی لێژنەی ناوچە بکەین و دروستی بکەین و ئینجا بگەڕێنەوە، ئەوە بوو من و کاک خورشید شێرە و کاک مەلا عومەر محەمەد هەبوو کە ئێستە نەماوە و بەداخەوە لە ڕووداوی ئۆتۆمۆبێل ئەمری خوای کرد، مامۆستا بوو، پیاوێکی قارەمان و تێکۆشەر بوو، ئیتر هەرسێکمان پێکەوە چووینە ناو هەولێر بە نهێنی، من ماڵیشم لەوێ بوو، من ماڵم وەکو بارەگەی حزبی لێ هاتبوو، بەڵام بەنهێنی، نێزیکەی ساڵێک لەوێ مامەوە و دەستمان کرد بەئیشکردن و ئیعادەی ڕێکخستنی خۆمان، بەڵام زۆر مجازەفەم دەکرد، زۆر شتم دەگۆڕی، جۆرەها بەرگم لەبەر

دەکرد، سیمای خۆم دەگۆڕی، بە پێ دەڕۆیشتم بە پاسکیل، بە ئۆتۆمۆبێل، هەویەی مزەوەرم هەبوو، عەدەم تەعەرووزی سەربازیم هەبوو، حزب بەهێز بوو، دەمانتوانی لە ناو سوپا کلێشەی ئیجازە وەربگرین، لەوانە کۆمەڵێکم هەبوو، هەر لەلام بوو، هەر برادەرێکی خۆمان بیویستایە عەدەم تەعەرووزێکم بۆ پڕ دەکردەوە، عەدەم تەعەرووزم زۆر لەلا بوون، پڕ نەکراوە، مۆرکراو، حازر، ئیمزاکراو، هەویەی سەربازیی مزەوەریشم هەبوو، هەویەی خۆشم هەبوو هی مامۆستایەتی، بەهەرحاڵ زۆریان هەوڵ دا، بەهەمووویان بە ئەمن و ئیستخبارات و بە لادەرەکان، زۆر هەوڵیان دا پەیدام بکەن، بمگرن، بمکوژن، پێیان نەکرا، نێزیکەی ساڵێک مامەوە و وەزعی تەنزیم باش بوو، ئینجا هەرسێکمان گەڕاینەوە، کارەکانمان تەسلیمی برادەری تر کرد، تەنزیم زۆر بەهێز بوو، من چوومەوە جێی خۆم، ڕووداوەکانی ئەو ساڵانە بەڕاستی زۆر ناخۆش بوون، ئەو وەختە ئەوان خەڵکی ئێمەیان دەکوشت، پێشمەرگەی ئێمە لەوانیان دەکوشت، زۆر بەداخەوە ئینسان بە خۆشحاڵی باسی ناکات، بەڵام ئەوە دیرۆکە و ناکرێ لەسەری باز بدەم؛ چونکە ئەو کاتە وا بوو گوایە ئەوان وەکو حزبێکی ڕەسمی ئیجازەیان پێ دابوون، مەجالیان دابوونێ، چەکیان دابوونێ، کە ئەوان ببن بەنوێنەری خەڵکی کوردستان و ئەگەر هەڵبژاردن بکرێ ئەوان لە پەرلەماندا دەبن بە نوێنەر، ئەوانە بەو نییەتە کاریان کرد، بەڵام هیچیان بۆ نەکردن، غەیری چەک و پارە و ڕۆژنامەیەکیشیان بۆ دەرکردن بەناوی "نور" بە زمانی عەرەبی بوو، بەس هەندێ ژمارەی بە کوردی دەرچوو، هەر ئەوەندەیان دەست کەوت، هیچی تریان دەست نەکەوت، هیچیان بۆ نەکردن؛ چونکە ئەو حکوومەتانە، بۆ ئێمەش کە لەگەڵیاندا ڕێک دەکەوتین هیچیان نەدەکرد، چونکە بڕوایان نەبوو بەدۆزی کورد، بەچارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، تەنیا کاتیان دەکوشت و فێڵیان دەکرد، ئەوان پتر فێڵیان دەکرد، بۆیە لە یازدەی ئادار، کە دوایی باسی دەکەم، چۆن گەڕانەوە و چۆن خۆیان هاوێشتەوە باوەشی پارتی، ئەوجا ئەوان وەزعیان خراپ بوو، بەتایبەت بەو ڕێککەوتنەی ئێمە لە بیست و نۆی حوزەیران، ئەوان دەتوانم بڵێم نەمان، یانی

بە نەمان حسێب کران، کەوتنە ناو شارەکان، پێشتر شتی خراپیان دەکرد، بەڵام لەو وەختەدا تووش بوون و ئیتر دەوریان نەما، تاقەتیان نەما تا بەعسییەکان هاتن، بەعسییەکان جارێکی تر مەجالیان دانەوە و دەوریان دانێ، لە کوردستان ئیشکردن ئاسایی بوو.

لە ساڵی شەست و حەفت لە مانگی یازدەوە کۆواری "سەفین"مان لە لقی دوو دامەزراند، مانگانە جارێک دەردەچوو، دوو ژمارەی لە شەست و حەفت دەرچوو، ئەوەی تر لە شەست و هەشت بوو، من بووم بەسەرنووسەری کۆوارەکە، ئەو وەختە بەرپرسی لق کاک "مەجید ئەترووشی" بوو، ئێستەش ماوە وا بزانم ئێستە لە ئوستراليايە، دێتە دهۆکێ و هەندێک جار لە دهۆک دەمدیت، خەباتگێڕ و پارتییەکی کۆنە، بەداخەوە دوایی ئەو تەسلیم بووەوە، گەڕاوە و جارێکی تر هاتەوە و تووشی ئەم بازدانانە بوو، بە هەقیقەت پێم ناخۆش بوو ئەو کارانەی کرد، چونکە ئەو پیاوێکی باش بوو، ئێمە پێکەوە بووین، ئەو وەختە ئەو بەرپرسی لق بوو، من کارگێڕ بووم، ئیشەکان زۆربەی من دەمکرد؛ چونکە شارەزاتر بووم، برادەرێکی تریشمان هەبوو، ئەویش لەو بەینانە ئەمری خوای کرد "واحد خۆشناو"یان پێ دەگوت، ئەویش کارگێڕی لق بوو، ئەم سێ کەسە پێکەوە بووین و بەیەکەوە کارمان دەکرد و وەزعی لق زۆر باش بوو، ڕێکوپێک بوو، گرفتمان نەبوو تا ساڵی ١٩٦٨، ئیشی حزبی زۆر ئاسایی بەڕێوە دەچوو؛ چونکە ئاگربەست هەبوو، شەڕ نەبوو، بەڵام دەکرێت بڵێین ساڵی شەست و هەشت حزب لە گەشەکردندا بوو، بۆ نموونە ئێمە لە لقی دوو کە من کارگێڕ بووم بەرپرسی "کۆواری سەفین"یش بووم وەکو پێشتر گوتم دوو ژمارەی لە شەست و حەفت دەرچوو، بەڵام زۆر سەرەتایی بوو، لە شەست و هەشت زیاتر بایەخمان پێ دا و گەشەی کرد. من حەز دەکەم باسی بکەم، چۆن بوو من بوومە سەرنووسەر لە کۆواری سەفین، بەڵام لەسەری نەدەنووسرا سەرنووسەر، چونکە لە بڵاوکراوەی حزبی نەدەنووسرا، کاک "مەجید"یش کە بەرپرسی لق بوو، جاروبار وتاری دەنووسی، وتاری عەرەبیی دەنووسی، چونکە کوردیی نەدەزانی بنووسێ، کاک "مەجید ئەترووشی" و

برادەرێکی ترمــان هەبوو ناوی "سـمکۆ بـارزانی" بوو، بەڕاسـتی پیـاوێکی بلیمەت بوو لە تایپ زۆر زیرەک بوو بە دە پەنجە تایپی دەکرد، لەو وەختە بە دە پەنجە چاپکردن زۆر کەم بوون، خـۆی دەرچووی ئامادەیی بوو، لە هەولێر گەورە بووبوو، بەڵام لەقەبی هەر "سمکۆ بـارزانی" بوو، زۆر ئیشکەر بوو، زۆر یارمـەتیی هونەری و لە ڕووی نووسـینەکـانیـشـەوە زۆربەی کـارەکـان من دەمکردن. هەندێکیانم بۆ دەهات، لەلایەن هەندێ هەڤاڵ، منیش یا وەکی خۆی یا هەندێ گـۆڕانکاری ئەگەر پێـویست بایە دەمکرد و بڵاومـان دەکردەوە، ئەو هەڤاڵانەی کە شتیان دەنووسی بۆ گۆوارەکەمـان یەکێکیان "عەلی هەژار" بوو ماوەیەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، بەرپرسی ناوچەی جووتیاران بوو لە دەشتی هەولێر، پێی دەگوترا لێژنەی ناوچەی جووتیـاران، ئەو بەرپرسی بوو، پیاوێکی خوێندەوار بوو، بەداخەوە لەسێدارەیان دا، ئەو نووسینی دەنارد بۆ گۆوارەکەمـان، کاک "بارزانی مـەلا خـالید"، ئەویش دەینووسی، کاک "بیـلال عـەزیز" هەبوو لـە بەلەدییـە، کـاری دەکـرد، ئێـسـتـەش مـاوە تەمـەن درێژ بێ، ئەویش شـتی بۆ دەنووسین، کۆنە ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەندی حزبی شیـوعی بوو، دوایی بوو بە ئەندامی پارتی، ئەو وەخـتـــە ئەندامی پارتی بوو هەندێ خەڵکی تریش موتەفەریقە شـتیان بۆ دەناردین، ئەوانە من خـۆم ڕێکم دەخست و خـوشم هەردەم کۆمـەڵێ وتارم هەبـوو، هەواڵەکانی کوردستـانمان تێدا بڵاو دەکـردەوە، من شـاعیـر بووم و لـە هەر ژمـارەیەک شـیـعـرم هەبـوو و، بەناوی "لاجانی" بڵاوم دەکردەوە، لە هەر ژمارەیەکی گۆواری سەفین ئەو وەختە پارچە هۆنراوەیەک یا دوو پارچە هۆنراوەم تێدا بڵاو دەکردەوە، ئیـتر گۆواری سەفین لە سـەرەتاوە بە هەشت لاپەڕە دەردەچوو، دوایی زیاترمـان کـرد، ئەویش بە تایپ و ڕۆنیـۆ دەمـانکرد، بەڵام تایپـەکـەمـان کۆن بوو و ڕۆنیـۆکەشی هەر کۆن بوو، هـی حکوومـەت بوو دەسـتـمـان کـەوت بوو، بەڵام ڕۆنیـۆ کە دابـەشکردنی باش نەبوو، بەدەست بامـان دەدا، ئەو وەخـتـە کارەبا نەبـوو، تایپـەکـەش پیـتی عەرەبی بوو، چەند ژمارەیەکمان بەم پیتە دەرکرد بەتەواوی نازانم چەند ژمارە بوو، بەڵام دوایی ناردمان لە ئێران تایپێک و ڕۆنیـۆیەکمان بۆ هات، تایپەکە بە

پیتی فارسی بوو، یانی "پ، ژ" تێدا بوو، زۆر خاوێن بوو، نوێ بوو، بۆمان هات، له ڕێگەی مشتەرییاتی مەکتەبی سیاسی، ئەوان دەیانکڕی بۆمان، ڕۆنیۆکەش بەدەست و بەکارەباش ئیشی دەکرد، بەڵام کارەبامان نەبوو، ناچار هەر بەدەست ئیشمان پێ دەکرد، مەرەکەبەکەی باش بوو، بەهەرحاڵ له مانگی پێنج و شەش و ئەمانە بوو، کۆوارێکی جوان و ڕێکوپێکمان دەرکرد و دوایی کردمانە دوازدە لاپەرە، ئینجا گۆشەی تێدا بوون "چۆن دەبی بە پێشمەرگە" من خۆم دەمنووسی، ئەوە هەتا دوایی هەر هەبوو، لەسەر ئەوەی کەسێک کە دەهات چۆن دەبووە پێشمەرگە و کە بووە پێشمەرگە دەبێ چی بکات، بەهەرحاڵ له هەر ژمارەیەک هەندێک لەو "چۆن دەبی بە پێشمەرگە"مان بڵاو دەکردەوە، هاوکات "گۆشەی ئەدەب"مان هەبوو بۆ نموونە هەر جارەی باسی شاعیرێکمان دەکرد، هەواڵی سیاسیمان هەبوون، هەواڵی کوردستانی تێدا بڵاو دەکرایەوە، بابەتی فیکری، سیاسی، ئەدەبی، ئەوانەشی زۆر تێدا بوون، جارێکیان وەکو بیرەوەری، مامۆستا هەژار له ڕاگەیاندنی ناوەندیی مەکتەبی سیاسی کاری دەکرد، ئەو بوو، هێمن بوو، سەیدا ساڵح یووسفی بوو و شێخ محەمەد ئەوانە ئیشیان دەکرد، بەینێک کاک "فەلەکەدین" لەوێ ئیشی دەکرد، ئینجا ڕۆژێک چووم له مەکتەبی سیاسی لەناو پردان، مامۆستا هەژار لەوێ وەستابوو، کەوتینە قسەکردن لەگەڵ یەک گوتم: مامۆستا، ڕات چییە لەسەر کۆواری سەفین، گوتی: وەڵا زۆر باشە، بەدڵمە، شتی باشی تێدایە، گوتی بەس من پرسیارێکم هەیە، هەندێ پارچە هۆنراوەی تێدایە، بڵاوی دەکەنەوە بە ناوی لاجانی، ئەوە کێیە؟ گوتم: ڕات چییە لەسەریان؟ گوتی: هۆنراوەکانی ناسکن، بەس هەندێ تێبینیم هەبوو، ئەگەر بمزانیبا هی کێیە؟ گوتم: هەر خۆمم، گوتی: دەستت خۆش بێ، باوەڕم نەدەکرد تۆ شاعیر بی، بەڵام دوو سێ تێبینیم هەیە پێت دەڵێم، گوتم باشە بەسەرچاو، پێی گوتم و منیش گوتم: تۆ مامۆستای شیعر و ئەدەبی و بەقسەت دەکەم، بەهەرحاڵ بەم شێوەیە کۆواری سەفین دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، هەر جارەی نێزیکەی شەش سەد دانەمان لێ چاپ دەکرد، هەندێ جار زیاتر و هەندێ جاریش کەمتر بەپێی

پێویستییەکانی خۆمان؛ چونکە هەندێ جار کاغەز بەشی نەدەکرد، زۆر زەحمەت بوو، دەماننارد لە هەولێر بەنهێنی بۆمان دەهات هەمووی ڕەقابەی لەسەر بوو، یانی ئاسان نەبوو شت دەرباز بکرێ، بەڵام بەهۆی ڕێکخستنی حزب لە مانگێکدا چەند بەندێک کاغەزمان دەکڕی، ڕێکخستنی خۆمان هەر جارەی بەستەیەک دوو بەستەیان بۆ دەهێناین تا تەواو دەبوو، مەرەکەبیش بەهەمان شێوە، دواتر هەندێکیشمان لە ئێران کڕی، لەبەرئەوە نەماندەویست ژمارەی زۆر دەربکەین، نێزیکەی پەنجا یا شەست دانەمان دەنارد، بۆ لێژنەی ناوچەکان، هەندێک بۆ ناو هەولێر، بەڵام زیاترمان دەنارد بۆ ناو پێشمەرگە، بەبڕوای من بۆ ئەو سەردەمە زۆر باش بوو، من بەردەوام بووم لەسەر ئیشەکەم تا یازدەی ئادار، دوا ژمارە کە دەرمانکرد لە مانگی سێ بڵاومان کردەوە، لەوێ بەولاوە ئیتر ڕاگیرا، چونکە بڕیار هەبوو بڵاوکراوەی حزبی ڕابگرین، جگە لەوەی مەرکەز نەبێ، لە لقەکانیش هەموو لقەکان کۆواری خۆیان هەبوو، ئێمە لە لقی دوو "سەفین"مان هەبوو، کەرکووک "مەشخەڵ"ی هەبوو ماوەیەک کاک عەلی سنجاری لەوێ بوو، بەرپرسی لقی ٣ بوو، کە ئەو لەوێ بوو "مەشخەڵ"یان دەردەکرد، لە لقی چواریش کۆوارێکیان دەردەکرد بەناوی "رزگاری"، لە لقی یەکیش کۆوارێک دەردەکرا بەناوی "کوردستان"، ئەم کۆوارانە هەبوون، لە بەغدا "التـآخي" دەردەچوو "برایەتی"ش پاشکۆی بوو، پاشکۆ بە کوردی دەردەچوو، کۆواری "کادیر" هەبوو تیۆری هەبوو، لە مەکتەبی سیاسی مانگێ جارێک دەرچوو، کۆوارێکی بەهێز بوو وتاری باشی تێدا بوو، چونکە ئەو وەختە پارتی تاکە حزبی کوردستان و سەرکردایەتیی شۆڕشی دەکرد، "هەواڵی کوردستان" هەبوو، بە عەرەبی و بە کوردیش دەردەچوو، "دەنگی پێشمەرگە" ئەویش کۆوارێک بوو دەردەچوو، شیعر و ئەدەب و هەواڵ و بەرهەم و چالاکیی پێشمەرگەی تێدا بوو، ئەویش کۆوارێکی باش بوو، ئەوەی من دێتەوە یادم ئەمانە بوون.

## دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان و هانی هانی

ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە بنەڕەتدا لە ساڵی شەست و سێ دامەزرا، بەڵام کەوتە دەستی لادەران، خراپیان کرد و لێیان بەجێ ما و بارزانی کە چوو بۆ ناوچەکە گەڕاندییەوە بۆ مەکتەبی سیاسی و لەوێ چاک کرایەوە، ساڵی شەست و پێنج جارێکی تر کەوتە ئیش، ڕادیۆکە لە شەست و سێ لە چیکسلۆڤاکیا هێنابوویان شەست و چوار خراپیان کرد، ڕادیۆیەکی بچووکیش بوو، بەهەرحاڵ ئیتر وردە وردە دوای ئەوە جیهازی تر هاتن، بەڵام هەر تەشویشی لەسەر بوو، تەشویش کاریگەریی نێگەتیڤی زۆری هەبوو، جیهازی تەشویشەکە بەهێز بوو، ناوی بووە "هانی هانی" دەیانگوت: هانی هانی لەسەرە، گۆرانییەک هەبوو "هانی هانی"، ئیتر هەر لەو ساڵە، لە مانگی ١٩٦٨/١٢دا بوو پەیمانگەی کادیران کرایەوە، یەکەمین جار بڕیار درا هەموو لقەکان نێزیکەی ٣٠ کەسێک ئامادە بکەن، دەبووایە نوێنەری هەر لقێک ئەندامێکی کارگێڕی لقی لەگەڵدا بێ و ئەوانی تریش یا بەرپرسی ناوچە بن یا ئەندامی ناوچە، ئێمە کاک واحد خۆشناو ئەندامی کارگێڕ بوو، خوا لێی خۆش بێت، ناردمان بۆ پەیمانگەی کادیران، کاک مەجید چوو بۆ ئیجازە دوایی تەسلیم بووەوە، من مامەوە بەتەنیا لە لق، بەڕاستی منیش بەتەنیا بووم ئەو هەموو ئیشە بەڕێوە نەدەچوو و، زۆر زەحمەت بوو، ئەوە بوو بە مەکتەبی سیاسیم گوت: «ئەوە مەجید ڕۆیشتووە کە بەرپرسی لق بوو»، یانی ئیشەکانی بەرپرسی لقیش من دەمکردن، کاک واحدیش چووبوو بۆ پەیمانگەی کادیران، من لەسەر ڕاسپاردەی مەکتەبی سیاسی "مەلا غەریب محەمەد" کە خەڵکی مەخموور بوو، بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە بوو، پیاوێکی تێگەیشتوو بوو، لە ڕووی ئیدارییەوە زیرەکیش بوو، کۆن لە ئیدارە ئیشی کردبوو، سەری مانگان

ئەوم بانگ دەکرد و دەهات ڕاپۆرتەکانی دارایی و ڕێکخستنمان ئامادە دەکرد و دەماننارده مەکتەبی سیاسی.

له شەست و نۆ خولی دووەمی کادیران کرایەوە و، هی سێیەمیش دوایی لە یازدەی ئادار کرایەوە، لە خولی یەکەم بەڕەحمەت بێ "کاک ڕەسووڵ مامەند" بوو بە یەکەمی خولەکە، وای بۆ دەچم کاک "فازڵ میرانی"، یا "نەجمەدین یووسفی" یەک لەوانە بوون بە دووەم، بەڕاستی هەرچەندە سەرەتا بوو، بەڵام خولێکی چاک بوو، مادام هەر باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٩ دەکەین پێم باشە ئاماژە بەشەڕێکی قارەمانانە بکەم، بەڵێ جارێکی تر هەر لە ساڵی شەست و نۆ، دڵنیا نیم بەڵام وا بزانم لە مانگی هەشت بوو، مەفرەزەیەکی بەهێز دوو سەد پێشمەرگە لە دەشتی هەولێر کە پێشمەرگەی دەشتی هەولێر بەناوبانگ بوون بۆ پارتیزانی، فارس باوە ئامر هێزیان بوو ئەوەی کە بەشدار بوون کاک سامی فەرماندەی عەمەلیات بوو، کاک فارس ئامر هێزی دەشتی هەولێر بوو، فاخیر مێرگەسۆری بوو، هەندێ کەوادیری تریش لەگەڵیان دابوون، ئەوانە پێش ڕۆژئاوا چوون لە نەوتی کەرکووکیان دا و دوایی بەشەو گەڕانەوە، لە شەست و نۆ ئێمە چەکی گرانمان نەبوو، تازە هەندێک چەک پەیدا بووبوو، برادەرانی ئێمە بە هاوەنی سەد و بیست قەسفیان کردبوو، نێزیکەی حەفت هەشت کیلۆمەتر لە شەریکە نێزیک کەوتبوونەوە و دوو سەد گوللە هاوەنیان لێ دا و نەوتی کەرکووک زیانی یەکجار زۆری پێ کەوت، ماوەیەکی زۆر نەوتی کەرکووک ڕاوەستا، ئەوەش هۆکارێک بوو حکوومەتی عێراق ملی بەخواستەکانی کورد دا، تەنانەت "حمادی شهاب" لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی کردووە دەڵێ «ئێمە لەوە دەترساین کە کەرکووک بگیرێ، ئەگەر کورد کەرکووکی گرت مانای وایە لەداهاتوودا بەغداش دەگرن، ئەگەر توانییان کەرکووک بگرن مانای وایە گرتنی بەغداش ئاسان دەبێت لەبەرئەوە پەنامان برد بۆ وتووێژ، لە هەمان کاتدا تاکتیک بوو، گوتمان ئەوەی دەکەین و ماوەیەکی تریش سوپای خۆمان ڕێک دەخەین و بەهێزی دەکەین، ئینجا دووبارە شەڕ دەکەین» ئەمە دەقی قسەکانی بوو، بەڕاستیش وایان کرد.

حکوومـەت پێی دەگـوتین "مـتمـرد" یان "قطاع الطـرق"، پێی دەگوتین "عـوصـات" جۆرەها نـاوی ناشیرینـیان لێ نابووین وشـەی پێشمـەرگەیان بەکار نەدەهێنا، مەگـەر هـەندێ جار بیـانگوتایە "مسلح البارزاني" یان "مسلـح الپارتي"، ئەگەرنا هـەر ئەو ناوانە بوو، "عـصـات" و "خفـافیش الليل"، "قطاع الطرق" و... هتد، بۆ خـۆیـان بەکـەیفی خـۆیان نـاویان لێ نـابووین، هـەرچی دەهاتـە بەردەمـیـان دەیانگوت و دەمـیـان نەدەپاراست، فـەرهـەنگی وان وابوو بـەداخـەوە، بەڕاستی بوختـانکردن و درۆکردن و جنێـودان و قسـەی ناشـیرین فـەرهـەنگیان بوو، جا ئێمـەش لە فـەرهـەنگی وان شـتمـان وەرگـرتووە، فـەرهـەنگی جنێـودان و قسـەی ناشیـرین و قسـەی بـێ مانا و ئێستـەش بۆیە دەبینین لە سـایتەکان قسـەی زۆر بێ تـام و بێ شـــەرم و بێ بەڵگە دەنـووســرێ، بـەداخــەوە ئەوانـە زۆرینـەی لە عـەرەبە داگیـرکـەرەکـان فـێـر بووین، ئەو عـەرەبانەی زەمـانـی بەعس و ئەوانەی پێشتریش و بەداخەوە هەندێکی ئێستەش!!!.

ئێـمـە لە سـالانی دەوروبەری شـەست و نۆ نوێنەرمـان هـەبوو لە هـەولێـر، لە سلێمـانی، لە بەغدا، نوێنەری بارزانی لە شـارەکان هـەبوون، پێوەندییـان لەگەڵ حکوومـەت دەکرد، ئەگـەر کێـشـەیەک یان هـەر گرفتـێک هـەبووایە چـارەسـەر دەکرا، بۆ نموونە، لـەوانە "شـەفیق ئاغا" هـەبوو، کـاک "مـوحسـین دزەیی" بوو، هـەندێ کـات "نافـیز جـەلال" بوو، ئەمـانە نوێنەری "بارزانـی" بوون لە شـارەکـان بۆ ئەوەی پێـوەندیی لەگەڵ حکوومـەت باش بێت و خـراپ نەبێ، دیارە بۆچوونی "بارزانـی" ئەوە نەبوو ئێـمە شـەڕ بکەین، بگرە تا دەکرێ بە ئاشـتی بژین، ئێـمە ئیدارەی خۆمان دەکرد ئیدارەی پێشمـەرگەی خۆمـان و خـەڵکی خۆمـان دەکرد، کە ئاگربـەست بوو دەرفەتەکـەمـان دەقۆسـتـەوە لەبەرئەوە ئاگربەست زۆر باش بوو، بارزانـی زۆر بڕوای بـەم شـەڕوەسـتـانە هـەبوو، زۆر لەسـەریشـی ڕۆیشت و داکۆکیشـی لێ دەکـرد، لەو ساڵەدا کـودەتا کـرا، کـودەتایەکـی سـەربازی لەلایەن حزبی بەعس، کـە بە حەڤدە و سیی تەمووز بەنـاوبانگە، بەڵێ کە بەعسییـەکان هـاتنـە ســەر حــوکـم شـــەست و هـەشت بوو، لـە حـــەڤـــدەی تەمـــووز بـوو، "عـەبدوڕەحـمـان داوود" و یەکـێکی تریش بوو، یەکێکیـان فـەرمـاندەی حـەرەس

جمهوری بوو، ئەوی تریش بەڕێوەبەری مخابراتی سوپا بوو، بێگومان ئەمانە هاوکارییان کرد لەگەڵ بەعسییەکان، بەعسییەکان توانییان زۆر بەئاسانی کودەتایەکی سپی بکەن، کە بێ خوێنڕشتن "عەبدولڕەحمان عارف" بگرن و سواری باڵەفرەی بکەن و بینێرنە دەرەوەی وڵات، بەعسییەکان بەو شێوەیە حوکمیان گرتە دەست، لە ٣٠ی تەمووز ئەم دووانەشیان گرتن و دەریان کردن و ئەوانیشیان نەهێشت، گوایە ئەوانە لەگەڵ حکوومەتی "عەبدوڕەحمان بەزاز" بوون و بەعسی نەبوون، بەس "عەبدوڕەحمان بەزاز"یان خستە گرتیگە و وا بزانم هەر لە ژێر دارکاریدا کوشتیان، ئەم کودەتایە گۆڕانکاریی زۆری دروست کرد، ئینجا وەزعی ئێمەش بەرەو خراپی و تێکچوون ڕۆیشت، ئەو جەماعەتەشی کە پێشتر باسم کرد جەماعەتی "برایم ئەحمەد" لە سەردەمی "عەبدوڕەحمان عارف" وەزعیان زۆر خراپ بوو، چونکە لەبەر ئێمە ڕوویان نەدەدانێ، هەر ئەوەتا هیچیان لەگەڵ نەکردن و نەیاندەگرتن، ڕەنگە هەر مەعاشی چەکدارییان دابنێ، ئینجا ئەوان کەوتنەوە جموجۆڵ و بەعسییەکان پشتگیرییان کردن و جارێکی تر لە ساڵی شەست و نۆ وردە وردە شەڕ دەستی پێ کردەوە، ئیتر ئەوە بوو بەعسییەکان هاتن و وەزعی ئێمە تووشی شڵەژان بوو، تووشی وەزعێکی تازە هاتین، ناچار بووین لە زۆر شت پێداچوونەوە بکەین، ئەم ساڵەش شەڕی وای تێدا نەبوو، هەندێ ڕووداوی تێدا بوو، لە هەندێ جێگە لە ناوچەی کەرکووک، لە ناوچەی تر هەندێک ڕووداو ڕووی دا، بەڵام شەڕی گەورە نەما، هەندێ پێوەندیش هەبوون لە بەینی پارتی و بەعس، بەڵام لەسەر بنەمای دانوستاندن نەبوو، هەر بەردوامیی وەزعەکەی سەردەمی "عەبدوڕەحمان" بوو، بەڵام سەرکردایەتیی پارتی دەیزانی کە ئەو ڕەوشە وا نامێنێ و بەلایەکدا دەکەوێت، ئەو وەختە بڕواشمان وابوو بەو وەزعەی کە تێداین زەحمەتە بتوانین لەگەڵ بەعسییەکان ڕێک بکەوین، هیچ زەوینەک نەبوو، هیچ زەمانەتێکیش نەبوو، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵیان وتووێژ بکەین، لەبەرئەوە وەکو بڵێی نەئەوان پێوەندییان بەئێمەوە هەبێ و نەئێمەش پێوەندیمان بەوانەوە هەبێ، منیش لەو ماوەیە، هەر لە شەست و حەفت

هەولێرم بەجێ هێشت و ماڵەکەمم هێنا لەگەڵ خۆم؛ چونکە زانیم چی تر منداڵەکانم ناحەوێنەوە، ماڵی خۆم هێنا بۆ هیران و لەوێ دامەزرام، خانووم گرت و ماڵ و منداڵیشم لەلا بوو، بۆ منیش بووە ژیانێکی خۆشتر و ئاسوودەتر؛ چونکە نەبۆردومان هەبوو، نەشەڕ هەبوو، هەرچەندە پێشتر لە ساڵی شەست و پێنج لەلام بوون، بەڵام نەحەوانەوە و جارێکی تر ناردمنەوە بۆ هەولێر، ئەوجارە لەلام مانەوە، هاوینانیش کەپرمان هەبوو، باخچەمان دەگرت، لە ناو باخچە دەبووین، بەهەرحاڵ توانیمان تا ڕادەیەک وەزعێکی سروشتی و ئاسایی ببەینە سەر.

## دیسانەوە بەڵێنشکێنی حکوومەت

لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٨ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ بەعسییەکان دەستیان کرد بە جموجۆڵ و عەمەلیاتی سەربازی، تا وردە وردە شەڕ گەورە بوو، لە هەموو ناوچەکان هێرشیان دەست پێ کرد، پتر هێرشیان هێنا بۆ سەر ناوچەی ئێمە، بۆ ناوچەی کۆیە و ڕانیە و قەڵادزێ و ناوچەی شەقڵاوە و سەفین و دەستیان کرد بەبۆردمان، بەهەرحاڵ شەڕ جارێکی تر دەستی پێ کردەوە، سوپایەکی زۆریان هێنا و هەندێ عەمەلیاتیان کرد بۆ ئەوەی "دووکان" بگیرێ، بەڵام شکستیان خوارد، "عەزیز عەقراوی" و "ڕەشید سندی" و کۆمەڵێکی تر ئامادە بوون، ئینجا لەوێ چوون بۆ ناوچەی "ئاسۆس" بۆ ناوچەی مەرگە و پەڕینەوە لە بەنداوی "دووکان"، لە ڕانیەوە هاتن بۆ "سەفین"، تووشی هەندێ شەڕیش بوون، ئەو وەختە "عەزیز عەقراوی" بەرپرسی لق بوو، ئامر هێزیش بوو، کۆبوونەوەیەکمان کرد، بڕیار درا ئێمە هەندێکمان "کارگێڕانی لق" سەرپەرشتیی هەندێ بەرەی شەڕ بکەین؛ چونکە وەزعەکە زۆر خراپ بوو، ئەو جەماعەتانەی کە چەکداری حکوومەت بوون، ئەوانیش هاتن، تازە هاوکارییان لەگەڵ بەعس دەست پێ کردەوە و ئەوانیش لەگەڵ هەموو بەشەکانی سوپا بوون وەکو چەکدارەکانی تر بەیەکەوە بوون هەموویان، بەڕاستی ئێمەش وەزعی مەعنەویمان خراپ نەبوو، بەڵام وەزعی مادیمان باش نەبوو، چونکە پێشمەرگە خواردنی، مەعاشی، جلوبەرگ و ئەو پێویستییانەی زۆر باش نەبوو، ئەوان تازە هاتبوون بە مەعنەویاتێکی تازە، بە ئیمکانیاتێکی تازە و سۆڤێتیان لەگەڵدا بوون، ئیتیفاقی سۆڤیەتیش هەبوو، ئەمانە هەمووی هۆکاری ئەوە بوون کە ئەوان بەهێز بن و ئێمە بێهێز بین، بوونی ئەو جەماعەتەش لەگەڵیاندا کە کوردن و چاوساغن لە ناوچەکە و جاشە کۆنەکان،

ئەمـانـە هـەمـووی بووە هێـز، ئـەوانیش بەشـێـوەیـەکی تازە و بەوەزعـێکی نوێ سوودیان لە شکستەکانی خۆیان وەرگرتبوو، تەکنیک و تەکتیک و هەموو شتی خۆیان گۆڕی، ئێمـەش بەڕاسـتی ئەو ئیمکانیـەتەی هەمـان بوو هەر ئەوە بوو. هەندێ چەکی تازەمـان هەبوو، وەکـو دۆشکە و مـەدفـعـیـیـە، ئینجـا ئێـمـە کـۆبوونـەوەیەکـمـان کـرد، کۆبوونـەوەیەکی کـارگـێـڕی لق لەگـەڵ هێـز، "عـەزیز عـەقـراوی" بـەرپرس بوو، بڕیاری دا هـەر بەرەیەک ئەنـدامـێکی کـارگـێـڕی لق لەگـەڵ بەرپرسـێکی سـەربازی، پێکەوە بەرپرسـی ئەو بەرەیە بن، ئەو کـاتە بڕیاریان دا من و فـازل تاڵەبانی بەرەحـمـەت بێ، ئەویش قـارەمـانێک بوو، زۆر ڕۆشنبـیـر بـوو، مـاوەیـەک ئامـر هێـز بوو، ئامـر بەتالیـۆنی بەمـۆ بوو، زۆر برادەریشـم بوو، بەیەکـەوە مـن و ئەویان دانا بۆ بـەرەی بیـتـوین تا بـچین لەوێ هێزی خـۆمان تەنزیم بکەین و بەر لە هێرشـی بەعس بگرین، من و ئەو چووین، سـاڵ درەنگ بوو و مـانگی یازدە بوو ئـەو سـاڵە بـارانیش زوو باری سـارد بوو سـەرما بوو، بەڕاسـتی هیـچمان نەبـوو، نەئێمە هەمـان بوو نەپـێشمـەرگە، بۆ نموونـە من خــۆم دەڵێم بەرگــێکی خــاکی و کــەونـە بلـووزێکم لەبـەردا بوو، نەقـەمسـەڵەم هەبوو نەهیـچم هەبوو، پێشـمـەرگەش هەمـووی وابوو لەگەڵ ئەو سـەرمـایە خواردنیشـمان نەمابوو، تا بڵـێی وەزعمان خـراپ بوو، بەڵام بڕوامان هـەبوو، توانیمـان بە هێزی سەفین و هێزی بێتواتە نێزیکەی هـەزار پێشـمـەرگە ئامــادە بکەین و لەو ناوچەیە دایمەزرێنین دوای ئەوە کـاک "فــازل تاڵەبـانی" لەلایـەن "کـاک عـەزیز عـەقـراوی"یەوە بە برووسکە داوا کـرا کـە بچـێت بۆ دەربەندی گـۆمـەسـپـان، لەوێ ئەو وەخـتـە "عـەریف عـەلـی" ئامر بەتالیـۆن بوو، تەسلیم بووبووەوە، ئەوەش کاریگەری نێگەتیڤی کردە سـەر وورەی ئەو بەرەیە و ئەوە بـوو کـاک "فــازل" یان ســەحب کـردەوە و بردیان بۆ ئەوێ، من بـە تەنیـا مـامـەوە، مـاینەوە و هەندێ شـەڕمـان کـرد و هەندێ هێـرشـان هێنا و ئێـمـە شکاندمانن، لە هەمان کاتدا کاک "عومەر ئاغا" هەبوو دۆڵەمەری کە بەڕاستی قارەمـان بوو، دواتر شـەهـید کرا، ئەویش هـەرچەندە هێزی بارزانـیی نەمر بوو، بەڵام ناردبوویان و هـەر لە جەبهەی ئێمە بوو لە ناوچەی "ناڵشکێن" و ئەوانیش

لەوێ هێـرشـێکیـان بۆ هات، ئازایانـە هێـزەکـەیان شکاند، بەهـەرحـاڵ لەلای ئێمـەش سـەرکەوتنیـان بەدەست نەهێنا، ئێـمـە لە چیای "شـێخ زەرد" بووین، ئەوێمـان قـایم کـردبوو، هەندێ دۆشکە و هـاوەنمان دانابوو لە پشـتەوە لێمـان دەدان شپرزە بووبوون، ئینجـا نەخشـەی خـۆیان گـۆڕی و خـاڵە لاوازەکـانیـان دۆزییـەوە و چوونە بەری مـەرگە، تا لەوێ بـچن بۆ ئاسـۆس، پێیـان وابوو لەوێ هێـز لاوازە بچن بۆ قـەڵادزێ، ئەمـە بۆ ئێـمـەش بووە حـاڵەتێکی خـۆش کـە لە بەرەی ئێمە سـەرکەوتنیـان بەدەست نەهێنا و شکستیان خـوارد، چووبوون بۆ بەری مـەرگـە، بەڕاسـتی مـەرگـە بۆیان بوو بەمــەرگـەسـات، لەوێ نەیـانزانی هێــزێکی تازە نـەفـەس لە ســەرکـردایەتیـیـەوە بە ســەرکـردایەتیی "فـاخـیـر مێرگەسۆری" بەڕەحمەت بێ، لەگەڵ "عیزەدین قەرە محەمـەد" کە پیاوێکی ئازا بوو ئـەویش نـەمــاوە، هـێــزێک بوون هـاتن لـەوێندەرێ لـەگــەڵ هـێــزی کـــاوە شکســتـیــان پێ دان، هـەقـیـقـەت چەند "بەڕمـائی" لە ناو ئاو نقـوم بوون، مودەرەعاتی بەرمائی لە ناو ئاو دەڕۆن و لە دەرەوەی ئاویش دەڕۆن، ئیتر لەوێ شکستیان خوارد و لای ئێمەش هەر شکستیان خوارد ناچار بـوون کشـانەوە، هێزی ئێمە و دەشتی هەولێر و گەرمیان هەمـوو شوێنەکانی خۆمـان گرتەوە و جـارێکی تر ڕزگـار کـرایەوە، ئـەو شـوێنـانەی بەعس گـرتبـووی جـارێکی تر کەوتەوە دەست پێشـمەرگە، هەتا لە ناوچەی ڕانیە و قەڵادزێش کشـانەوە، هـەر هەمـوو کـەلوپەلەکـانیـان بەجێ هێشت، هەمـوو ئەو شـوێنـانەی گـرتبـوویان لە کوردسـتان هـەموویان بەجێ هێشـت و شکستـیان خـوارد، کـە ئەم شکستـەیان خـوارد، ئـیـتـر چـی تر توانایان نـەمـا، هەمـوو هێـز و ئیمکـانییـاتی ئەوان سێ چوار مانگ بوو تا بەهار، ئیتر پەکیان کەوت و نەیانتوانی چی تر شەڕ بکەن، هـەر بۆیە ناچـار بوون بکشـێنەوە، ئێمـە لەوێ مـاینەوە هـەتا مـانگی دوازدە من تا مـانگی یەکـیش هـەر لەوێ بووم تا ئەوان شـکان و کشـانەوە ئیـتـر ئێـمـەش کشاینەوە، هەقیقەت بێ وەزع بووین، بە بەرد هەندێ خـانوومان دروست کـرد بۆ زسـتـان بۆ ئـەوەی پێـشـمـەرگـە تێـدا بژیت، لەوێ هـەنـدێ هێـزمـان دانا و بەجێمـان هێشت، ئینجا مـن گەڕامـەوە، سەرکردایەتی بڕیاری دا لەم سـاڵەدا

"١٩٦٩" کۆنگرەی هەشت ببەستین، بەر لەوەی شەڕ دەست پێ بکات بەتایبەت لە مانگی شەش تا مانگی نۆ، لێژنەی ئامادەکاری دروست کرا و کارەکانی هەڵبژاردن تەواو بوون، ئێمە چەند هەڤاڵێک بووینە لێژنەی ئامادەکاریی ناوچەی هەولێر، من و ئیسماعیل مەلا عەزیز و کاک عەبدوڕەحمان گۆمەشینی کە ئەو کات لە بەغدا "واحد"مان کردە بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە و کاک "عەبدوڕەحمان"مان کردە بەرپرسی ناوچە، هەندێ گۆڕانکاریمان کرد لە لق و ناوچەکان، لێژنەی ئامادەکاری دامەزرا و کاک "عەزیز عەقراوی"شمان لەگەڵدا بوو سەرپەرشتیی دەکرد، لێژنەی ئامادەکاریی هەولێر، ئەم چوار کەسە بووین، "من و ئیسماعیل مەلا عەزیز و عەبدوڕەحمان گۆمەشینی و عەزیز عەقراوی" وەک پێشتر گوتم بەعس پەکی کەوت، هیچ چالاکیی نەما، هەموو هێزەکەی لەم سێ چوار مانگەدا بوو کە شکستی هێنا ئیتر داکەوت، ئێمەش کەوتینە چالاکی و کۆنگرەشمان بەست، ئەوە بوو لە کۆتای مانگی دە هەڵبژاردن لە هەموو لقەکان تەواو بوو، ئامادەیی هەبوو کە هەر لەو مانگەدا کونگرە ببەسترێ.

## بەعسییەکان پەنایان بردەوە بەر گفتوگۆ

دیار بوو هەر لەو دەمانەدا وەفدێکی بەعس بەنهێنی هاتبوو بۆ بینینی سەرکردایەتی، وەفدەکە "سەمیر عزیز نەجم" ئەندامی قیادەی قوتری حزبی بەعسی لەگەڵدا بوو، دارا تۆفیق بەڕەحمەت بێ، کە دوایی بوو بە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی و فواد عارف بەڕێوەبەری بانکی کشتوکاڵی هەولێر بوو، باش بیرم نەماوە ئەو بوو یان "فواد عارف" بوو، بەس لە بەینی ئێمە و حکوومەت لە پێوەندییەکاندا دەوری دەبینی، "دارا"ش لە بەغدا بوو، بەڵام پێوەندیی هەبوو، هاتوچۆی دەکرد، بۆ هەندێ شت نوێنەری بارزانی بوو لە بەغدا لەگەڵ سۆڤێتییەکان، "سەمیر عەزیز نەجم"یش ئەندامی قیادەی قوتری حزبی بەعس بوو، ئەمانە هاتنە مەکتەبی سیاسی و "بارزانیی نەمر"یان بە نهێنی دیت، کە گەڕانەوە تەسەوریان وا بوو قیادەی پارتی حازرە بۆ وتوویژ، ئیتر وتوویژ بە نهێنی دەستی پێ کردەوە، ئەوە بوو لە دەوری مانگی یەک بوو "سەدام حوسێن" هات بۆ ناوپردان، وەفدێکی گەورەی لەگەڵدا بوو، هاتن بۆ گفتوگۆ، لەوێ "بارزانی"یان دیت و لەگەڵی دانیشتن و لەسەر زۆر شت ڕێک کەوتن، گفتگۆ کرا لەسەر زۆر مەبادیئی سەرەکی، ئینجا چووەوە بۆ بەغدا ئەو ئەفکارانەی قیادەی شۆڕش بە تایبەت شەخسی بارزانی بۆ سەرکردایەتیی حزبی بەعس بردەوە، ئەو وەختە سەدام جێگری حزبی بەعس بوو، هەقیقەت بەناو "ئەحمەد حەسەن بەکر" سەرۆک کۆمار بوو، بەڵام سەرۆکی فیعلی، سەدام بوو، دەسەڵاتیشی زۆر بوو، پاش ماوەیەک، ڕێک پێش یازدەی ئادار لە ساڵی ١٩٧٠ دەوروبەری مانگی دوو، جارێکی تر هاتەوە، ئیتر لەوێ بڕیاری کۆتایی وەرگیرا کە پێک بێن، ئەوە بوو خاڵە بنەڕەتییەکان ڕێککەوتنیان لەسەر کرا و بڕیار درا وەفدێکی ئێمەش بچێ بۆ بەغدا، ئیتر ئەوە بوو وەفدێکی گەورە کە نێزیکەی دە کەس یازدە کەس کە "کاک مەسعوود و کاک

ئیدریس"یشی تێدا بوون، چوو بۆ بەغدا، سەرۆکی وەفدەکە "دوکتور مەحموود" بوو، ئەندامانی وەفدەکەش کاک ئیدریس و کاک مەسعوود و کاک نافیز جەلال و کاک سەیدا سالّح یووسفی و کاک موحسین دزەیی بوو، کۆمەلّێک بوون وا بزانم "رەئیس یووسف"یش بوو، ئەمانە هەمووی چوون بۆ بەغدا، لەوێ وتووێژ بەکۆتا هات و ئیعلان کرا، ئەوە بوو رێککەوتننامەکە لە "دەنگی کوردستان"یش خوێندرایەوە، لە "دەنگی کوردستان" کاک حەبیب خوێندییەوە و لە بەغداش سەرکۆمار "ئەحمەد حەسەن بەکر" خۆی خوێندییەوە، دواتر بوو بەئاهەنگ و خۆشی، بۆ بەیانییەکەی لە بەغدا ئاهەنگێک ساز کرا کە نێزیکەی ملیۆنێک خەلّک بەشدارییان تێدا کرد، لەوێ ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن و وەفدەکەی ئێمە هەمووی تێدا بەشدار بوون، لە کوردستانیش لە هەموو شوێنێک بوو بە ئاهەنگ و شایلۆغان، ئێمە لە هیران بووین، زووتر برووسکەمان بۆ هاتبوو لە بارەگەی بارزانی و لە مەکتەبی سیاسی کە تەقەی خۆشی نەکرێ، ئینجا چووین ئاهەنگی نەورۆز بگێڕین، ئاهەنگێکمان کرد لە شەقلاوە، ئەفسەرەکانی سوپامان هەموو داوەت کردبوو بۆ ئاهەنگەکە، بە هەزاران کەس بەشداریی تێدا کرد، وتارخوێندنەوە و سروود خوێندنەوەشی تێدا بوو، بڕیارمان دا وەکو لقی دوو لە هەولێریش ئاهەنگێک بکەین، بەلّام لە هەمان ڕۆژ نا؛ چونکە نەورۆز دوو ڕۆژ سێ ڕۆژ زیاترە، چووین لەوێش لە بیست و چواری مانگ لە یاریگەی هەولێر ئاهەنگێکی زۆر گەورەمان ساز کرد، جەماوەرێکی زۆر تێیدا بەشدار بوون، فەرماندەکانی سەربازیی خۆمان وەکو "فارس باوە" و ئەوانیش بەشدار بوون تێیدا، بەو شێوەیە لە هەولێریش ئاهەنگمان گێڕا، ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار هاتە کایەوە کە بەرهەمی سەرکەوتنی کوردبوو، لەو قۆناخەدا دروشمی مەرکەزیی پارتی کە لە ڕۆژنامەی "خەبات"یش دەنووسرا "دیموکراتییەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان" بوو، بەڕاستی دیموکراتییەتەکە پەیڕەو نەکرا، بەلّام ڕێککەوتننامەکەی یازدەی ئادار بە ئاشکرا دانی نابوو بەحوکمی زاتی و مافی نەتەوایەتیدا کە کورد مافی ئەوەی هەیە لە ڕووی نەتەوایەتییەوە گەشە بکات، ڕێکخراوەکانی کوردستانی وەک یەکەتیی قوتابییانی کوردستان و

یەکەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکەتیی ئافرەتانی کوردستان و یەکەتیی مامۆستایانی کوردستان و بۆنەکانی وەک نەورۆز، ئەمانە هەمووی بوون بەڕەسمی، لە پێشمەرگە پاسەوانی سنوور دروست کرا، ئەمانە بە هەقیقەت چەند دەستکەوتێکی گەورە بوون، بەڵام بەعس چۆن توانی ئەمە بکات و بۆچی کردی؟ دەبێ ئێمە تێ بگەین بۆچی بەعس وا تەسلیم بوو، وا هاتە پێش بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار بکرێت؟، لەبەرئەوەی یەکەم شکستی خوارد لە بەرەکانی شەڕ، لەبەر ئەم شکستانە ناچار بوو گۆڕینێک بکات؛ چونکە بەو شکستەوە دانانیشێ، ئەوە بوو هات ڕێک بکەوێت بۆ ئەوەی شکستەکەی لە بیر بچێتەوە و لە بیر خەڵکی خۆی بباتەوە، ئەمە هۆکارێ بوو، هۆکاری دووەم، سۆڤیەت بوو، یەکەتیی سۆڤیەت هەر لە ساڵی شەست و نۆ پەیماننامەی دۆستایەتیی دروست کرد لەگەڵیاندا، بەپێی ئەو پەیماننامەیە پێیان گوتبوون، کە دەبێ ڕێک کەون، گوتبوویان ئێوە هەردوو دۆستی ئێمەن، پارتیش دۆستمانە و حزبی بەعسیش دۆستە، ئەو دوو دۆستە نابێ شەڕ بکەن دەبێ پێک بێن و ڕێک بکەون، ئەم دوو هۆکارە سەرەکییە هەبوو، هۆکاری سێیەمیش ڕەنگە "تاکتیک" بووبێ، دواتر مەسەلەکە دەرکەوت، تاکتیکیشی تێدا بوو، کە بێن بەجۆرەها شێواز بنکۆڵمان بکەن، دواتریش بۆ ئەوەی دوای خۆڕێکخستنەوەیان ئەگەر ئیقناعییەک نەبوو لە هەندێ مەسەلە و نەگەیشتینە ئەنجام، ئەو وەختە ئاسانتر دەتوانن لێمان بدەن، لە یازدەی ئاداری ساڵی حەفتا تا ساڵی حەفتا و چوار. من خۆم جارێک گوێم لێ بوو "بارزانی" گوتی: «هەڵنەخەڵەتێن، ئەمە کۆتایی نییە ئەمە تاکتیکە و دەیکەن و ڕۆژێک هەر بادەدەنەوە و لێمان دەدەن، بۆیە دەبێ وریای خۆتان بن»، بارزانی هەرگاف پێشوازیی لە ئاشتی دەکرد. بەو شێوەیەش یازدەی ئادار هاتە کایەوە و بەهەقیقەت دەستکەوتێکی گەورەش بوو، وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا لە شەست و نۆ ویستمان کۆنگرەی حزب ببەستین، بەڵام دوای ئەوە وازمان لێ هێنا، چونکە مفاوەزە دەستی پێ کرد و ئیتر نەمانبەست، لە ماوەی ٤ ساڵی ١١ ئاداردا ڕێکخراوێک هەبوو بەناوی "بزووتنەوەی ئاشتی و هاوبەندی" "حرکة

السلم والتضـامن" كـه عـەزیز شـەریف وەزیری دەوڵەت "دولە"، سـەرۆکی ئەم بزووتنەوەیە بوو عـەزیز شـەریف لە بارزانیی نەمـر نێـزیک بوو، هەروەهـا لە شـیوعییـەکانیش نێزیک بـوو، "سەیدا سـاڵح یووسـفی" ئەندامی مـەکتـەبی سیاسیی پارتی و بەرپرسی لقی ٥ و وەزیر و سکرتێری ئەم بزووتنەوەیە بوو، منیش ئەندامـێکی ئەم بزووتنەوەیە بووم، لە سـاڵی ١٩٧٢ کـۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی هەبوو لە "تاشقەند- پایەتەختی کۆماری ئۆزبەکستـان"، ئەوە بوو شاندێک لەلایەن بزووتنەوەکەوە دیاری کرا پێک هاتبوو لە سێ کەس "حەسەن عـامری" سەرۆکی وەفدەکە بوو کە ئەندامی سـەرکردایەتیی هەرێمی حزبی بەعسی عەرەبی بوو لەگەڵ "عـەبدوڕەزاق صافی" ئەندامی کۆمیتـەی ناوەندیی حزبی شیوعی و محەمەد مەلا قادر ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستـان"، دوای ئەوە ئێمـەیان بردە "ئوتێل ڕەسیا" کە نێزیکەی ٦٠٠٠ ژووری تێـدا بوو، هەندێکی ١٢ نهـۆم بوو هەندێکی ٢٢ نهـۆم و ١٢ ڕیستۆرانتی گەورەی تێدا بوو، دوو سێ ڕۆژ، لەوێ ماینەوە، پاشان بە باڵەفڕە هەمـوو شـاندەکـانی دنیـایان گـواستـەوە بۆ "تاشـقـەند" پایەتـەختی کـۆماری ئۆزبەکستان، لەوێش هەمـوو وەفدەکان کە بەسەدان کەس دەبوون لە نوێنەری ئەحزابی کۆمۆنیستی و ئیشتراکی و نیشتمانی و نوێنەری ڕێکخراوەکانی ئاشتی و هاوبەندی، وابزانم کۆنگرەکە لە ١١/٤ دەستی پێ کرد و پێنج ڕۆژی خایاند.

بەشـداران بە مێـوانانی زۆربەی وڵاتانی ئـەوروپا و ئەفـەریقا و ئەمـەریکای لاتین و ئاسیا و بەبەشدارانی ناوەخۆیانەوە، خۆی لە ٥ پێنج هەزار کەس دەدا و کۆنگرەکە لەلایەن سکرتێری حزبی شیوعیی ئۆزبەکستان کرایەوە.

کـۆنگرە بەبۆنەی پەنجـا سـاڵ تێـپەڕبوون بەسـەر دامـەزراندنی یەکـەتیی سۆڤیەتدا بوو، بەڕاستی کۆنگرەیەکی زۆر گەورە و فراوان بوو، لەم کۆنگرەیە کۆمـەڵێک لێژنە پێک هات، کۆمـەڵێک وتار خـوێندرایەوە، منیش بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستـان و بە زمـانی عـەربی وتارێکم پێشکێش کرد، کە کاک "عـەبدوڕەزاق صـافی" هاوکاریی کردم و دەوری هەبوو کە من لەم کۆنگرەیەدا وتارم هەبێ.

## چەند سەرنجێک لەبارەی کۆنگرەکەوە

١- ئێمە شاندەکانی «بەناو دەوڵەتی عەرەبی»! کە ٢٠ کەس بووین، سکرتێری حزبی شیوعیی ئۆزبەکستان "شەریف رەشیدۆف" لەگەڵمان کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرد لە بارەگەی حزبی شیوعی، چەند کەسێک قسەیان کرد منیش قسەم کرد و نیشانم دا کە من نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانم بە سەرۆکایەتیی بارزانی، سکرتێری حزبی شیوعی پاش تەواوبوونی قسەکان لەگەڵ من قسەی کرد زۆر بەرێزەوە وتی: «بارزانی ماوەیەکی زۆر مێوانی ئێمە بووە و زۆر برادەربووین»، هەروەها گوتی: «سڵاوی گەرم و رێزی من بگەیەنە بە قارەمانی کورد مەلا مستەفا».

٢- لە ناو کۆنگرە دانیشتبووین کۆمەڵێک وەزیری ئەفریقیایی لە نێزیکی من دانیشتبوون و خەویان لێ کەوتبوو، منیش بەڕاستی لە ناو هەناوی خۆم کولاّم و نیگەران بووم ئەوانە نوێنەری دەوڵەتی سەربەخۆن و ئالاّیان هەیە، منیش نوێنەری میللەتێکم نەئالاّی هەیە و نەدەوڵەوت، کە فەترەی پشوو هات عەبدورەزاق هات بۆ لام و هەستی کرد نیگەرانم، وتی بۆچی وا نارەحەتیت؟ وتم چی بڵێم؟ وتی توخوا پێم بڵێ، ناچار بووم بۆم باس کرد، گوتی: بەڕاستی هەقی خۆتە تووڕە بی، .. "عەبدورەزاق صافی" شیوعی بوو، مرۆڤێکی باش بوو.

٣- شەوێک لە مۆسکۆ لە ئوتێل هاتمە دەرەوە، واتە بەردەرگەی سەرەکی، درەنگی شەو بوو سێ کەس هاتن کەوتنە قسەکردن، منیش بەئینگلیزییە شڕووڕەکەی خۆم بەچەند رستەیەک قسەم لەگەڵ کردن، هەرچەند کردم تێنەگەیشتن کە من کوردم، بەلاّم لە دوایدا وتم بارزانی ئەو کات تێگەیشتن منیان لە باوەش کرد و ماچیان کردم، بەلاّم بەداخەوە کە نەمتوانی لەمە

زیاتر هیچ بڵێم.

٤- بەگشتی ئێمە ٢٠ ڕۆژماینەوە لە تاشقەند و مۆسکۆ، توانیم لەگەڵ زۆرێک لە شاندەکانی ئاسیایی و ئەفریقیایی پێوەندی بکەم، برادەرێکی خۆمان لەوێ زۆر هاوکاریی کردم.

٥- کاتێ ئێمە سەفەری سۆڤیەتمان کرد "ساڵح مەهدی عەمماش" سەفیری عێراق بوو لەوێ، ئێمەی دەعوەت کرد "وەفدەکە"، منی بەتەنیا دیت و وتی بارزانیی ئاگەدار بکەوە کەوا من لێم دراوە لەلایەن قیادەی حزبی بەعسەوە لەبەرئەوەی سەردانی "بارزانی"م کردووە، هەروەها گوتی: "حەز دەکەم سەرکردایەتیی پارتی بزانێ من دژی کێشەی کورد نیم".. هەروەک ئاشکرایە ناوبراو ماوەیەک وەزیری بەرگریی عێراق بوو، خاوەنی ئەو وتەیە بوو کە دەیگوت: "چوونی سوپای عێراق بۆ کوردستان وەک سەیران وایە".

٦- کاتێ لە تاشقەند بووین ئێمەیان برد بۆ مۆزەخانەی لینین کە بەڕاستی شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، بینایەکی زۆر مەزنی سێ نهۆم بوو، پڕ بوو لە کەلەپووری لینین، وەک باسیان دەکرد سێ مۆزەخانەی لینین ئەمە و یەکێک لە مۆسکۆ و ئەوی تریش لە لینینگراد بوو، کە گەڕامەوە لە مەکتەبی سیاسی و بارەگەی بارزانی باسی ئەوەم کرد و داوام کرد، ئێمەش وەک پارتی دەست بکەین بە کۆکردنەوەی کەلەپووری بارزانی، بەڵام بەداخەوە تا ئێستە کاری وا نەکراوە.

## بارزانی دەیگوت: ئەمجارەش ڕێککەوتنەکە پیلان و تاکتیکە

یازدەی ئادار دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ کورد و لە دنیاش هەموو پێشوازیی لێ کرا، بەتایبەتی بلۆکی ئیشتراکیی سۆڤیەت و دوەلی ئیشتراکی، ئەوە بوو، دەعوەتی خەڵکی ئێمەیان کرد، زۆر نوێنەری ئێمە چوون بۆ ئەو وڵاتانە، ئینجا هەندێ لەگەڵ حزبی بەعس هەندێک بەتەنیا، هەروەها فیستیڤاڵی "شبیبە" وابزانم لە ساڵی حەفتا و دوو بوو لە ئەڵمانیا ساز کرا، دیسان شەبیبەی کورد و قوتابییانی کوردستان لەگەڵ هی حزبی بەعس بەیەکەوە چوون بۆ سیمیناری شەبیبەی عالەمی کە لە "بەرلین" ساز کرا لە ئەڵمانیای دیموکراتی، ئەو وەختە ئەڵمانیا دوو ئەڵمانیا بوو، شەرقی و غەربی، هاوکات کۆنگرەی یەکەتیی ئافرەتان ساز کرا، یەکەتیی زانایانی ئاینی ئیسلامی دامەزرا، کۆڕی زانیاری دامەزرا، یەکەتیی نووسەران دامەزرا، بەکورتی کۆمەڵێک دەزگا دروست کران و باری سیاسی و فەرهەنگیی کورد پێش کەوت، بەڕاستی ڕابوونێک بوو لە ڕووی هونەری، لە ڕووی کولتووری و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و بگرە لە ڕووی عیمرانی و لە ڕووی ئاوەدانکردنەوەش، وەکو گوتمان یازدەی ئادار دەسکەوتی گەورەی هەبوو، کە هەندێکی ئاشکرا بوو هەندێکیشی نهێنی بوو، وەک چوونی وەفدی ئاشتی و هاوبەندی، بۆ یەکەتیی سۆڤێت، بریار بوو مەسەلەی کەرکووک بەڕاپرسی و ئامار چارەسەر بکرێ، بەڵام بەداخەوە بەعسییەکان نەیانکرد.

## لە ساڵی ١٩٧١ تەعریب دەستی پێ کرد

لەو ماوەیەدا بەعسییەکان دەستیان کرد بە "تەعریب"، عەرەبیان هێنا و کرێکاری کوردیان لە کەرکووک دەرکرد، بڕیار بوو پارێزگار عەرەب بێت و جێگرەکەی کورد بێ نەیانکرد، نیازیان خراپ بوو لەسەر کەرکووک، نەک هەر خراپ بوو، بگرە بە خراپی دەستیان پێ کرد و کاریان لەسەر کرد، کەرکووک بووە یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکان بۆ شکستی ڕێککەوتنی یازدەی ئادار، لێرەوە دەرکەوت کە بەعسییەکان نیاز و مەرامیان پاک نییە، لە هەمان کاتدا جگە لە مەسەلەی کەرکووک لە زۆر شوێنی تری کوردستان خەریکی خراپەکاری بوون، وەکو ئەوەی لە سەیارەکەی "کاک ئیدریس"یان دا و "کاک عەریف حەمید" بریندار بوو، یەکێکی تریش شەهید بوو، زۆر شتی تریشیان کرد لە هەولێر، لە بارەگەی لق چەند جار تەقینەوەیان کرد، لە لقی یەک کردیان، خەڵکیان دەڕفاند، بە تایبەتی "نازم گزار" ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە پیلانی تیرۆرکردنی بارزانی لە ١٩٧١/٩/٢٩ لە حاجی ئۆمەران لە بارەگەی بارزانیی خۆی، هەروەها دەستی هەبوو لە ڕفاندنی خەڵکی کورد بەگشتی و بەتایبەت ئەندامانی پارتی، ئەو کەسانەی گومانیان لێ دەکردن کە پارتین یان کەسێکی چالاکە و دەوری هەیە، هەندێک لەوانەیان دەڕفاند دەیانبردن و گومیان دەکردن، زۆر خەڵکیان کوشت و شەهیدیان کردن، دواجار نازم گزار لە ساڵی ١٩٧٢ خەریکی کودەتا بوو لەسەر بەعسییەکان، ئەوە بوو ئەحمەد حەسەن بەکر لە دەرەوە دەگەڕایەوە و سەدامیش لە باڵەفڕگەی بەغدا لە پێشوازیدابوو، بەڵام باڵەفڕەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر دواکەوت و پیلانەکەی نازم گزار ئاشکرا بوو، ئیتر سەرکەوتوو نەبوو ڕای کرد بەرەو ئێران، بەڵام لە ڕێگە گرتیان و دوایی ئیعدامیان کرد، پیلانەکە پێوەندیی بەئێرانەوە هەبوو،

پێکەوە کاریان دەکرد دژی ئێمە، بۆ نموونە هەر لە حەفتاوە دەستیان کرد بەتەرحیلکردنی دوو سەد هەزار کوردی فەیلی، بەناوی ئەوەی کە ئێرانین، بەمەرجێک ئەمانە پشتاوپشت لە بەغدا ژیاون خەڵکی عێراقن و کوردن، ئەمانە لە زەمانێک کە حکوومەتی عێراق نەبووە ئەوانە، لەوێ بوون، ئەسڵەن هێشتا عەرەب نەبووە ئەوان هەبوون، غەدری زۆریان لێ کرد ماڵ و موڵکیشیان هەمووی دەستبەسەر کردن. ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاهەنگە گەورەیەی کە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار لە بەغدا کرا و "کاک ئیدریس و کاک مەسعوود"یش لەوێ بوون و ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام و ملیۆنێک خەڵک هاتن، زۆربەی زۆری ئەوانەی کە هاتن کوردی فەیلی بوون، دروشمیان بەکوردی دەگوت، ئینجا ڕێژیم زۆر لەوە ترسا کە بەغدا لە داهاتوودا زۆرینەی ببێتە کورد، وایان بیر دەکردەوە، بیرکردنەوەیەکی بۆگەن و نادروست، بەکورتی ئەو ڕەوشە ناجۆرە بەم شێوەیە درێژەی کێشا و بەردەوام بوو. بۆچوونێک هەبوو کە لە دواییدا بەهێز بوو، بارزانی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوەدا بوو کە ئێمە با ڕەوشەکە تێک نەدەین، دەبێ ئێمە بەردەوام بین، هەتا ئەو وەختەی کە هەوڵی کوشتنی بارزانیی نەمر درا لە حاجی ئۆمەران لە ١٩٧١/٩/٢٩دا، ئەوە بوو، کۆبوونەوەیەکی لێژنەی مەرکەزی کرا لەسەر ئەم وەزعە کە منیش بەشدار بووم تێیدا، ئەو وەختە من بەرپرسی لقی دوو بووم لە هەولێر، بەڕەحمەت بێ "عەزیز شەریف" هەبوو سەرۆکی "ئەنساری سلمیی عێراق" بوو، دۆستی بارزانی بوو، ساڵی شەست و سێ ڕای کرد لە کوردستان لای بارزانی بوو، ئێستە کتێبێکی نووسیوە زۆر بەباشی باسی بارزانیی کردووە، یانی بەشێکی گەورەی کتێبەکەی لەسەر بارزانیی نەمرە، عەزیز شەریف عەرەب بوو، شیعەش بوو، هاتبوو بۆ ئەوەی وەزع تێک نەچێ، عەزیز شەریف، کاری ئاشتیخوازیی دەکرد لەو بەینە دەهات و دەچوو، ئەوجارەش هاتبوو، بارزانیی هێنایە ناو کۆبوونەوەی لێژنەی مەرکەزی، من لە بیرمە عەزیز شەریف، کوردیی نەدەزانی، لە پاڵ بارزانی دانیشتبوو، بارزانی تەرجەمەی بۆ دەکرد،

پێی دەگوت ئەمە وا دەگوترێت ئەمە وایە، ئیتر برادەران هەموو مناقەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئێمە موقاتەعە بکەین، حکوومەت بەجێ بێڵین و لە حکوومەتی عێراق بکشێینەوە لەبەرئەوەی کە ئەوە خیانەتە و ئەوە جەریمەیە کە کرا، مەسەلەکەش تەنیا هەوڵی کوشتنی بارزانی نییە، بگرە هەوڵی کوشتنی کورد و لە گۆڕنانی پرۆسەیەکە، پرۆسەی یازدەی ئادار، لەبەرئەوە دەبێ ئێمە زەختێکی وا بکەین و بکشێینەوە بۆ ئەوەی بەعسییەکان ناچار بکەین چاو بەهەڵوێستی خۆیاندا بخشێننەوە، هەقیقەت ئێمە زۆربەی زۆرمان ڕامان وابوو کە دەبێ وا بکرێت، بەبیرمە دوو سێ برادەر "سەیدا ساڵح" و "کاک نووری شاوەیس" و "کاک عەلی عەبدوڵا" ئەمانە ڕایان وا نەبوو، ئەوانی تر زۆربەی لێژنەی مەرکەزی ڕای وابوو، ئێمە موقاتەعە بکەین و بەجێی بێڵین، بەڵام ڕای ئەم سێ کەسە وا نەبوو، ئیتر بارزانی گوتی، منیش تەئیدی ئەوە دەکەم کە واز لە گفتوگۆ نەهێنین، ڕاستە ئەوە کارێکی هەڵەیە و دژی من کردوویانە، بەڵام من لە حەقی خۆم خۆش دەبم؛ چونکە ئاشتی و بەرژەوەندیی میللەتەکەمان گەورەترە لە کێشەی من، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوە نیم واز لە گفتوگۆ بێنین، بگرە بڕیار بدەین کاک "عەزیز" بکەینە نوێنەر بچێتەوە و پێیان بڵێ لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە دابنرێت، چونکە ئێمە بڕوامان وایە ئەم کارە "ناظم گزار" کردبێتی، ئیتر ئەو بڕیارە دراو موقاتەعە نەکرا، مەبەستم دووربینیی بارزانییە کە لەگەڵ ئەوە نەبوو ئێمە تێکی بدەین.

بەڕاستی بەعسییەکان بەهەموو هێزی خۆیان پیلانیان دەگێڕا و هەوڵیان دەدا خۆیان بەهێز بکەن و سوپاکەیان مەشق پێ بکەن، قوات خاسەیان دروست کرد، پازدە بیست فەوجی خاسەیان دروست کرد، پسپۆڕی سەربازیی ڕووسییان هێنابوو بۆ مەشقی سوپا، ئیتر ئاشکرا بوو خۆیان ئامادە دەکرد بۆ شەڕ، ئێمەش بەداخەوە شتێکی وامان نەکرد و ئامادەیی پێشوەختەمان نەبوو، هەقیقەت پێشمان نەدەکرا؛ چونکە ئێمە سوپا نەبووین و لەشکرەکەشمان تەنیا دوازدە فەوجی پاسەوانی سنوور بوو ئەویش هیچ ئیمکانییەتێکی نەبوو، بەڕاستی گرفتمان زۆر بوو، فەوجەکان ئامر و بەرپرس

و بارەگـایان هـەبـوو، بەڵام چەکـیـان نەبوو، مـەشـقـیـان نەبوو، یانـی هێـزێکی مـونەزەم نەبـوو، لە دواییـدا بەر لـە تێکچـوون دوو سـێ فـەوج بەناوی "زۆزگ و فـــەوجـی یەک و فـــەوجـی دوو" دروست کــــران و لەوە زیـاتر ئـێـــمـــــە هیـچ ئیمکانییـەتێکمـان نەبوو، ئـەوانیش ئامـادەکاریی شـەڕیان دەکـرد، دیار بوو لە ژێرەوە لـەگــەڵ ئێــرانیش پێـوەندییــان هـەبوو؛ چونکە من دێتـە بیـرم دوای ڕووخـانی شـای ئێران، "سـاواک" لەناوچوو، بـەرپرسێکی سـاواکی "شیـراز"یان گرت درا بە دادگە، ناوەکەی ئێستـە لە بیرم نییـە، بەڵام ناوزەدیان دەکرد بە "مرد هزار چهره" یانی پیاوی هـەزار ڕوو، کابرایەکی زۆر زیرەک بوو، من خۆم گـوێم لـێ بـوو لە تەلەڤـزیـۆن کـە گـوتی: "من سـێ جـاران "نـازم گـزار"م دیوە و هـاوکـاری هـەبووە لە نێوان سـاواکی ئێران و ئەمنی عێـراق و ئەمنی ئوردنی و ئەمنی ئیسـرائیلی"، هـەروەها گوتی: "ئێمـە ئاڵوگۆڕی زانیاریمان دەکرد لەگەڵ یەک.." ئینجا لەوەوە دەردەکەوێ "نازم گزار" نەک هـەر تەنسیقی ئەمنی لەگەڵ ئێــران هـەبووە، بـگرە تەنسـیــقی تەواوی لـەگــەڵ ئێــران هەبـووە، ئێــرانـیش دەیویست ئێـمـــە تێک بـچین بۆ ئەوەی جـارێکی تـر بچـینەوە باوەشی ئـەو، تا بەکــارمـــان بهــێنێ بۆ بەرژەوەندیی خـۆی، ئێــران و تورکـیـا ڕازی نـەبوون بەحـوکـمی زاتی و دژی حـوکـمی زاتـی بوون و دژی ئێمـەش بوون، خـۆشـحـاڵ نەبوون کـە ئێمە حـوکمی زاتیـمان وەرگـرت، هـەروەکو ئێسـتـەش خۆشـحـاڵ نین کـە فیـدراڵیـمان وەرگـرتووە، لە خـۆیان دەترسن، چـونکە کـورد لای ئەوانیش هـەیە.. زۆر هـەوڵ درا، دواجــار لە ســاڵی حـــەفــتــا و چوار بیــرئانینێکمــان پێـشکێش کـرد بە حکوومـەت، بیـرئـانینێکی دوور و درێژ، هـەتا کـەرکـووک و مــەندەلی و ئەو شـــوێنانەی هـەمـــوو تێـدا بـوو، پرۆژەیـەکی تەواو بـوو دامــان بەحــزبی بەعس، ئەوانـیش پرۆژەیەکـیـان دا بەئێــمـە، بەڵام پرۆژەکــەی ئەوان بەڕاســتی هـیـچ نەبـوو، هەمـــووی کـەمکردنەوەی هـەتا خــودی بەیانـی یازدەی ئاداریش بوو، بەڵام پرۆژەی ئێــمــە کـامل بـوو، هەمــوو نـاوچە دابڕاوەکــانی کـوردسـتـانیـشی تێـدا بوو، پێـداگـریمان دەکـرد لەسـەر "ئامــار و ڕاپرسی" بەعسییـەکان نەهـاتنە ژێر ئەو بارە و نەیانکرد، هەر ویستیـان دوای بخـەن و

نەیکەن و تەعریب بەردەوام بێ، ئەوە بوو عەرەبێکی زۆریان هێنا، لە ماوەی ئەو چوار ساڵە هەستان کوردیان تەسفیە کرد لە نەفتی کەرکووک و نەیانهێشتن، پێشتر کرێکاری کورد زۆر زۆرتر بوو لە عەرەب تا وای لێ هات، عەرەب لەوێ ئەوەندە زۆر بوو کورد وەکو میوانی لێ هات و ژمارەیەکی دیاریکراو مابوون، دوو سەد هەزار کەس لە فەیلییەکانیش تەرحیل کران، ئینجا ئەوانە هەمووی بارێکی گرانی بۆ دروست کردین، سوپا نەیدەهێشت ئێمە کاری ڕێکخستن بکەین، زۆر لە برادەرانی ئێمە ئەوانەی گەڕابوونەوە و پێشمەرگە بوون فەسڵیان کردن، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریان گرت "حوسێن شێروانی" بەتاوانی ئەوەی کە ئەمە پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، ئەوە بوو لە گرتیگە مایەوە تا دواجار لە ژێر دارکاری و نەخۆشیی شەکرە ئەمری خوای کرد، ئەمەش تۆمەت بوو، درۆ بوو، هیچ ئەسڵ و ئەساسی نەبوو، ئەندامی پارتی بوو بۆیە وایان لێ کرد، بەڵام ئێمە هەندێک لە ئەندامانی لێژنەی مەرکەزی و مەکتەبی سیاسی، ڕامان وابوو کە ڕێک بکەوین و شەڕ نەبێتەوە باشترە، لە ناو بەعسییەکانیش "تەیار"ێک هەبوو بەهەمان شێوە دەیویست شەڕ نەبێت و تێک نەچێت، بەڵام دواجار لە هەردوولا ئیتیجاهی بەرەو شەڕ بەهێز بوو، کردەوەکانی بەعسیش هەموو لە خزمەتی شەردا بوون و هیچی بۆ ئەوە نەبوو حوکمی زاتی بەکاملی جێبەجێ بکرێ، بەڵام دەستکەوتی گەورەش هەبوو، ئیعتیراف بەکورد، حوکمی زاتیی کورد، ئەمە گەورە بوو، ئێستە بەڵگەیەکی مێژووییە لە دەست کورددا، ساڵی هەشتا و شەش کۆنگرەیەک هەبوو لە تاران بەناوی "مؤتمر نصره شعب العراقي" بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق، ئێمە لەوێ گوتمان: ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری کە پێویستە ئەوە لە داهاتوودا بکرێ، نەیانتوانی بڵێن نا، چونکە بووبووە بەڵگەیەک ئەمەش دەستکەوتێکی گەورە بوو، خەڵکیشمان زۆر شتی دەست کەوت، بۆ کەسوکاری شەهیدمان خانەنشینی برایەوە و خانوویان بۆ کرا، کوردستان ئاوەدان کرایەوە، زۆر پرۆژە کرا لە هەولێر و شارەکان، بەتایبەتی دروستبوونی وەزارەتی کاروباری باکور "شئون شيمال"،

کـۆڕی زانیـاری، ئەمـانـە زۆر باش بوون، بـەڵام لەولایەش بـەعـسـیـیـەکـان بەربەسـتـیان دروست دەکـرد، ئیـتـر دواجـار گـەیشـتنە دۆخـێکی بنبـەست و نەگەیشتینە ئەنجام، ئەوکـاتیش هەرچەندە ئەحـمەد حـەسەن بەکر سەرکـۆمار بوو، بەڵام سەدام حـوسێن سـەرۆکی فعلی و هێزی بنەڕەتـی بوو، ئەو گەنج بوو ئەحـمـەد حـەسـەن پیـر و نەخـۆش بوو، سـەدام حـوسـێن حـەسـری کـردبوو، زۆر شت لە دەست ئەحـمـەد حـەسـەن بەکردا نەما بوو، ئەوە بوو خـانەنشینیـان کرد و لە ماڵەکەی خۆیدا وەک دەستبەسەریان لێ کرد.

## بەهێزبوونەوەی حکوومەت و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش

لە ١٩٧٤/٣/٦دا کۆبوونەوەیەکی لێژنەی مەرکەزی بەئامادەبوونی سەرۆک بارزانی ساز کرا و گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر وەزعەکە کرا، هاتینە سەر ئەو بڕیارەی کە وەفدێک بنێرین، یان کاک ئیدریس بچێ بۆ بەغدا بزانین نیازی ئەوان چییە، هیچ نەبێ ئەگەر نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک ساڵێک دوای بخەین، چوار ساڵ بوو کە تەواو بوو ساڵێک ئیزافەی بکەین و هەوڵ بدەین بگرە بتوانین شەڕ نەکەین و هەموو کێشەکان ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت، بەڵام وەزعەکە زۆر نالەبار و ناڕێک بوو، بۆنی شەڕ دەهات، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیارمان دا ئێمە "بەرپرسی لقەکان" بگەڕێینەوە بۆ شوێنی خۆمان، نهێنیمان وەرگرت چاوەڕوان بووین بۆ سەعاتی سفر ئەگەر بکشێینەوە ئەو نهێنییە بێ، ئەگەر نەکشێینەوە نهێنییەکی تر هەبوو، چاوەڕوان بین لە مەکتەبی سیاسییەوە بە برووسکە بماندەنێ، ئەوە بوو گەڕاینەوە، بەڕاستی من زۆر لە برادەران لەوانەش کاک مەسعوود و کاک ئیدریس پێیان گوتم: بە جادەدا مەچۆرەوە بە چیادا بڕۆ ئەگەر تاخیریش بی و ماندووش بیت باشترە نەبادا بتگرن، هەقیقەت زانیاری هەبوو لەسەرم بۆ ئەوەی بمگرن؛ چونکە هەندێک ڕووداو ڕووی دابوو منیان تۆمەتبار کردبوو کە گوایە ئەمانە من کردوومە، منیش هیچ ئاگام لێی نەبوو، گوتم: دەچم ئیتر بەتەمای خوای، ئەو ڕێیە دوورە و تاخیریش دەبم بۆیە بە سەیارە دەچم، سەیارەشم پێ بوو "ڤۆڵگا" چوار پاسەوان و سایەقێکیشم لەگەڵ بوو، ملمان پێوەنا و هاتین هەتا سپیلک هیچ نەبوو، لە سپیلک گەیشتینە سەیتەرەی سەربازی ڕایان گرتم، داوای هەویەیان لێ کردم منیش کارتێکم هەبوو هی "سەعدوون غیدان" بوو وەزیری ناوەخۆ، ئیمزای ئەوی لەسەر بوو، کارتەکە

مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک و حیمایەشی لەسەر بوو، هەموو جار کە دەچووم تەحییەشیان دەکرد و لە هەموو سەیتەرەکان ئیزنیان دەدام، تەسەوری ئەوان وا بوو کە من سەربازی بم، یان زابتێکی پۆلیس بم، بەڵام بەرگی مەدەنیم لەبەرە، هەمووەدەم سەیتەرەکانی سەربازی تەحییەیان دەکرد و ئیزنیشیان دەدام، بەڵام ئەوجارە پێچەوانەی جاران بوو، جوندییەکە کارتەکەی بردە ژوورەوە و هاتەوە گوتی: ئامر دەڵێ بێتە ئێرە، کە گوتی بێتە ئێرە زانیم ئەمر قەبزم هەیە و لەوانەیە من بچمە ئەوێ بمگرن، گوتم: نەخێر، بلێ با ئامرت بێت، ئیشی من نییە بێمە ئەوێ و کارتەکەم لە سەربازەکە وەرگرتەوە بەشۆفێرەکەم گوت برۆ، بەڵام سەیتەرەی تر ماوە و دەزانین مخابرە دەکا، من دەمزانی دەمگرن؛ چونکە لەوێ کاک مەسعوود و کاک ئیدریس و برادەران گوتیان: ئەگەر بۆیان بکرێ لەوانەیە بتگرن، ئەوە بوو بەڕێ کەوتم تا گەیشتمە شەقلاوە، چووم بە ڕەحمەت بێت "قادر شۆڕش" هەبوو هەڤاڵێکی خۆمان بوو، لە کادیرە هەرە کۆنەکانی پارتی بوو، پیاوێکی چاکیش بوو، بەرپرسی لێژنەی ناوچەی شەقلاوە بوو، ڕێنوێنیی حزب لەو ڕۆژگارە چی بوو هەموویم پێ گوت و هاتم بۆ بازگەی سەرمەیدان، سەربازی لێ بوو، ماڵی لێ نەبوو هەمووی بارەگەی سوپا بوو، بە شۆفێرەکەم گوت: "ئەگەر ئاسایی بوو ڕادەوەستین و هەویەکەی نیشان دەدەم، ئەگەریش نائاسایی بوو ملی لێ دەنێین و دەڕۆین"، چووین یەکسەر ئیشارەتیان دا و گوتیان برۆن، وەک ئەوەی نەیناسیبین، هاتم هەر لە شەقلاوە بووین قافلەی سەربازی لە ڕێگە بوو، نێزیکەی لیوایەک سەرباز دەبوو، دەچوون بۆ مەنتیقەی سەرێ، دیار بوو کە ئەمانە هێزێکی ئاسایی نین، چەکی گران و مەدافعیشی لەگەڵدا بوو، دیار بوو کە بۆ شەڕ دەچوون، ئێمە هەر لە شەقلاوە هاتین، گوتم: "کلاشینکۆفەکانتان دانێن، جەمەدانییەکان لە سەرتان داگرن و سەرتان کۆت کەن"، من خۆشم ئەفەندی بووم، ئەو وەختی بەرگی ئەفەندیم لەبەر کردبوو بۆ ئەوەی ئەو سەرباز و بازگانە کە بە ناویاندا دەڕۆین نەزانن ئێمە پێشمەرگەین و سەرنجیان ڕانەکێشین، هەرچەندە سوپا بێ ئەوامر هیچ ناکات، بەڵام ئێمە ئیحتیاتی

خۆمان کرد، هاتین، زۆر سەیر بوو لەوێ دیتم کابرایەک کە برادەری خۆمان بوو ئیشارەتی کرد کەوا ڕاگرم، بە منی گوت: چییە تۆ چی دەکەی؟ گوتم: چییە؟ گوتی: ئەو هەموو سوپایە نابینی ئەو هێزە ڕێیان گرتووە وا پێ دەچێ بۆ تۆ بێت، مەفرەزەی تایبەت هاتبوو جگە لەو ڕەتلانەی دەرۆیشتن و غەیری ئەو ڕەبایانە مراباتیان هەبوو، ئەوەی بە من گوت، بەڵام بە بڕوای من ویستی من تاخیر بکات، ئیشارەتیش بێ بۆ ئەوان بۆ تەشخیصی من، زانیبوویان کە من هاتووم خەبەریان دابوو بۆ ئەوەی بمگرن، بەڵام من بە شۆفێرەکەم گوت: "نەگەڕێیتەوە، گەڕانەوە خەتەری زیاترە" چونکە کە هاتین لە مەسیفیش پۆلیس ڕایان گرتبوو، پۆلیس هی خۆمان بوون، گوتیان خەتەرت لەسەرە و زانیاریمان هەیە و دەیانەوێ تۆ بگرن، لە سەری ڕەش لە بەینی پێشمەرگە و پۆلیس لەلایەک و، سوپا لەلایەکی تر شەڕ و پێکدادان بوو، من گوێم نەدا پێی، گوتمە سایقەکە لێ خوڕە، ملمان پێوەنا و هەر چۆنێک هەبوو دەرباز بووین، گەیشتینە لای مەلا ئۆمەر، ڕێگەی قاچاخ هەبوو کە نەدەچووە ناو شار و لای بازگەی هەولێر، چونکە ئەو بازگەیەی هەولێر زۆر زەحمەت بوو، تەرتیبێکی واشیان کردبوو ئینسان دەربازی نەدەبوو، نەچوومەوە ئەوێ، لام دا بۆ پشت هەولێر، بە سەیتەرەی لای عەنکاوە، لەوێندەرێ بە ڕێگەیەکی خاکیدا چوومەوە ناو هەولێر، بەهەرحاڵ دەرباز بووین و گەیشتین، ئیتر دوای ئەوە خەریکی ئیشوکاری خۆم بووم، کۆڕ و کۆبوونەوەم لەگەڵ خەڵک و جەماوەر دەکرد، ئەندامانی حزبی بەعسیش خۆیان شاردبووەوە و دەترسان، ئەوان زۆر بێ وەزع بوون، ئێمە موسەیتەر بووین لەسەر شار، ئیدارە و پۆلیس و هەموو شتێک خۆمان بووین، بەڵام ئەوان سوپایان هەبوو، سوپایەکی زۆریشیان هێنا بوو، "ئەمن"یشیان هەبوو، ئەوان لە هوتێلێک بوون "هۆتێل هەولێر" لەوێیان دانابوون، هێزی زۆریشیان هێنا بوو، ئیتر ڕۆژی هەشتی مانگ خەبەریان بەمن دا گوتیان کاک ئیدریس دێ، دەبێ بچیتە باڵەفڕگە، من و برادەرێکم "عەبدوڕەزاق بێتووش" ئەندامی کارگێڕیی لق بوو، بەیەکەوە چووین شەش حەوت پێشمەرگەشمان لەگەڵ بوو، چووینە باڵەفڕگە لەوێ "تەها شەکرچی"

قائیدی فیرقه بوو که پیاوێکی خراپیش بوو، وەختی خۆی یەکێ لەوانە بوو کە خەڵکیان دەکوشت، هەروەها "زەعیم سدیق" و"عەقید خەلیل" کە مەجمووعەیەک بوون کوردیان دەکوشت، لە سلێمانی و لە کۆیە و لە شوێنی تریش، ئەمانە کورد کوشتنیان لا زۆر ئاسان بوو، ئەوانە لەوێ بوون، جا ئێمە کە گەیشتینە ئەوێ کاک ئیدریس بە باوەشێنکە هات وەکو نوێنەری بارزانی بە باوەشێنکە دەچووە بەغدا لای ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن، لەوێ جارێکی تر بەنزینیان لە باوەشێنکە کرد و یەکسەر هەستا بۆ کەرکووک لەوێوە بە باڵەفڕ بچێت، ئیتر لەگەڵ تەها شەکرچی کە قائیدی فیرقەی ٦ بوو تووش هاتین، زۆر بەبێ ئوسووڵی گوتی: "تۆ سەبەبی ڕووداوی سەری ڕەش بووی کە شەڕ لە نێوان سوپا و پێشمەرگە ڕووی دا"، گوتم: "نەوەڵا تۆ سەبەبی" بەڵام حامد دلێمی کە ئامر لیوای ٣ بوو، پیاوێکی باش بوو، ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی حزبی بەعس بوو، ئەو کەوتە بەینمان وەکو ناوبژیوان و مەسەلەکەی سارد کردەوە، بەمنی گوت: "گوێ مەدە بەمە" و منی جودا کردەوە، ئیتر گەڕامەوە چوومەوە بارەگەی لق و "کاک ئیدریس"یش ڕۆژی نۆی مانگ گەڕایەوە، هەر شەوێک لەوێ مایەوە و ڕۆژی پاشتر گەڕایەوە، بەڵام ئەمجارە نەچووین، شەوی دە لەسەر یازدەی مانگ ئێمەش تەرتیبی خۆمان کرد، چی بکەین؟! زانیمان وەزعەکە دەگۆڕێ، زۆر شت تێک دەچێت و شارەکە بەجێ دێڵین، "کاک خورشید شێرە"مان نارد لەگەڵ جیهاز و شتی سڕی خۆمان بۆ دەربەندی گۆمەسپان؛ چونکە بارەگەیەکمان لەوێ بوو، من و کاک واحد خۆشناو لە شار ماینەوە، ئەوانی تر هەموومان ناردنە دەرەوە، کەمال شێخ غەریب هەبوو، بەڕەحمەت بێ، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بوو، ئەندامێکی پێشکەوتووی حزب بوو، کۆن ئامر هێز بوو، ئێمە لەوێ چاوەڕوانی ئەوامرمان دەکرد، ئێوارە برووسکە هات و گوتیان پاشەکشێ بکەن، بەس پێشتر خەڵکمان ئامادە کردبوو، لەگەڵ "کاک فارس"یش قسەمان کردبوو، ئەو ئامر هێزی دەشتی هەولێر بوو، لە دەوروبەری کەسنەزان چاوەڕوانیان دەکرد، هێزێکی باشی پێشمەرگەی هێنابووە ئەو ناوانە و دابەشی کردبوو، شەو

سـات نۆی تـەواو دەرچووین لە هەولێـر، سـەیارەمـان حـازر کـرد، سـەیاراتی پۆلیس، گوتی: دوایی بۆیان دەنێرینـەوە، ئیتر دەستمان کرد بە ئینسحاب بۆ دەرەوە، بۆ کـەسنەزان و ئـەو ناوانە، خـەڵک پێش ئێـمـە بە هـەزاران کـەس دەرچووبوون، دوایـی ئامـارێک کـرا، ئـەو شـەوە پازدە هەزار کـەس لە هـەولێـر دەرچووبوو، یانـی ڕێ بەر نەدەکـەوت، ئیتـر بەو شـێوە ئینسحـابمان کـرد بۆ دەرەوە، دوای ئەو هـەموو هەوڵ و تەقەلایە ناچار بووین شـارەکان هەموو بەجێ بێڵین، هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کـەرکووک و مووسڵیش پێشتر چۆڵ کرابوون، ئیتر کشاینەوە بۆ دەرەوە، ئینجا دوایی بارانێکی توند دەستی پێ کـرد، بارانێکی ئەوەنـدە زۆر باری، هەندێ لـەو خـەڵکە لە ڕووبار خنکان یان سەرما بردی، بەهـەرحاڵ ڕەوێکی گەورە دەستی پێ کرد، ئامادەییـەکی پێش وەخـتـە نـەبوو، هـەرچەنـدە لێـژنـەی دابینکردنمان دانابوو، بەڵام بەرگـەی ئەو هەموو خـەڵکەی نەدەگرت، شـەوی دواتریش پازدە هـەزاری تر شـاریان بەجێ هێـشت و حکوومـەتیش دەرکـەی کـردەوە کێ دەڕوا با بڕوا، حـەزی دەکـرد قـەرەباڵغی بۆ ئێمـە دروست بێ بۆ ئەوەی گـرفتمـان بۆ دروست بێ، گـرتیگە شکا، سجن هەمـووی هات، ئەوەی پۆلیس بوو هـەمـوو ئیلتـیـحـاقی کـرد، حکوومەت بێ پۆلیس مایەوە، سەربازیان نارده مەخفەرەکان، ئێمە وەکو لق و هێزی سـەفین هەستاین هـێزی پۆلیسمان دروست کرد، کاک خورشید کرا بە ئامر هێزی پۆلیس، ناوی لێ نرا هێزی ئازادی، خورشـید شێرە کارگێڕی لق بوو، کۆنیش نائب زابتی سەربازی بوو، هێزی دەشتی هەولێر هەروەکو خۆی بوو، کـەوتینە ڕێکخـسـتنەوەی خـۆمـان و دابینکردنی خـەڵک و ئامـادەکـاریی خەڵک، تا ئەوە بوو لە بیست و چواری مانگی چوار، چوار باڵەفڕی سیخۆی عێراقی قـەڵادزەیان بۆردمان کرد، هەقیقـەت خەڵکێکی زۆر شەهید و بریندار بوون، من ئەو کات بەرپرسی لق بووم، ئەو کاتە قەڵادزەش ڕێکخستنی سەر بە ئێمـە بوو، کـۆمـەڵێک برادەرمـان ناردبوو بـۆ ئەوێندەرێ، کـاک مـەلا غـەریب هەبوو، بەرپرسی ناوچە بوو ناردمان و لێژنەیەکی دابینکردنمان دروست کرد، لەوێندەرێ بۆ وەرگرتنی خەڵک و جێکردنەوەیان.

## کارەساتی قەڵادزێ

دوای ئەوەی زانکۆی زانکۆی سلێمانی گوازرایەوە هاتن بۆ قەڵادزێ، باڵەفڕە هاتن لە زانکۆشیان دا، لە شارەکەشیان دا، دوو مامۆستا شەهید بوون و چەند قوتابییەکیش شەهید و بریندار بوون، خەڵکی قەڵادزێ زۆر شەهید بوو، نێزیکەی ١٣٠ کەس شەهید بوون، بەسەدان کەسیش بریندار بوون، ئەمە ئەو کات گەورەترین کارەسات بوو، یەکەمین جار بوو ئەوەندە خەڵکە شەهید بکرێ و باڵەفڕەکەش لە شار بدات، من و مەلا عومەر کە ئەندامی کارگێڕیی لق بوو، چووین بۆ ناوچەی قەڵادزێ بۆ سەرپەرشتیی وەزعەکە، لەگەڵ لێژنەی دابینکردنی هاوکاری کۆبووینەوە و داوای هاوکاریمان لە سەرکردایەتی کرد، ئەوە بوو لە ماوەی ٢٤ساتدا سەرکردایەتی توانی لێژنەیەک بنێرێت بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی کەسوکاری شەهیدەکان و تیمارکردنی بریندارەکان، ئیتر وردە وردە شەڕ دەستی پێ کرد، بیست و چواری مانگ لە ناوچەی سلێمانی و ناوچەی هەولێرێ بەتەواوی شەڕ دەستی پێ کرد، ئینجا وردە وردە بەرەی شەڕ دروست کران، بەڵام هێرشی گەورە نەبوو، یانی شەڕی پچڕپچڕ هەبوو شەڕی بچووک هەبوو، قیادە و ئێمە لە هێزی سەفین و هێزی دەشتی هەولێر هەمووماان بەیەکەوە کۆبووینەوە بۆ تەنزیمکردنەوە و ڕێکخستنی پێشمەرگە، ئەوە بوو "هێزی ئازادی"مان دروست کرد لە دوو سێ هەزار پۆلیسی هەولێر، هەمووی کرا بە یەک هێز، ئامر بەتالیۆن و سەرلقیان بۆ دانرانەوە و لەشکریش هەمووی کۆکرایەوە وەکو جاران، پێشمەرگەکان هەموو گەڕانەوە، پاسەوانەکانی سنوور هەموو هاتن، هێزەکان لەم ماوەیەدا ڕێکخستنی خۆیان دروست کردەوە، ئامر هێزەکان بۆ نموونە ئامر هێزی دەشتی هەولێر کاک فارس باوە بوو، ئامر هێزی ئازادی کاک خورشید شێرە

بوو، ئامر هێزی سەفین کاک ڕەسووڵ فەقێ بوو، کاک عەلی شەعبان هەر ئامر هێزی بێتواتە بوو، هێزی باڵەک کاک عەبدوڵا ئاغای پشدەری بوو، بەهەرحاڵ ڕێکخستن دەستی پێ کرد و جەبهەکان ڕێک خرایەوە و دانرایەوە، دەمانزانی شەڕێکی گران و گەورە دروست دەبێ، چەکی تازەش ئەوی هەبوو، هەمووی هێنران بۆ جەبهەکان، هەندێ مەدافع و دۆشکە و ئار پی جی و فیشەک دابەش کران و ئەوەی زەروری بوو، بۆ بەرگریکردن سەرکردە سەربازییەکان کردیان؛ چونکە ئەو وەختە ئیشی سەربازی و سیاسی جیا بوو، هەریەکە ئیشی خۆی دەکرد، ئێمەش خەریکی ڕێکخستنەوەی خۆمان بووین، وەکو لق لێژنەیەکی ناوەخۆییمان دامەزراند لە سێ کەس، بۆ ئەوەی ئەو لێژنەیە تەنیا ئیشی ئاشکرا بکات، لێژنەیەکی ناوچەی نهێنیشمان دانا لە ناو شار، بۆ ئەوەی کاری ڕێکخستنی ناو شار بکەن، ئەوانیش پاش ئەوەی کە ئێمە لە هەولێر دەرچووین کەوتنە ئیشی خۆیان، لێژنەی ناوچەکانی تریشمان ڕێک خست و بەرنامەمان داڕشت، ئاخر چوار ساڵ لە ناو شار بووین و کارکردن جۆرێکی تر بوو، دوایی هاتینەوە شاخ و پێشمەرگایەتی، لەگەڵ ئەوەش خەڵکێکی زۆرمان بەملدا هاتبوو، ئەمە کارێکی گران بوو، سوپای عێراقیش هەموو ئیمکانییەتێکی هەبوو، نێزیکەی بیست سی فەوجیان دروست کردبوو، مەشقی تایبەتیان وەرگرتبوو، پێنج هەزار خەبیری ڕووسیان هێنا بوون تا مەشق بە سوپا بکات، چەکی تازەیان وەرگرتبوو، بێجگە لە باڵەفڕی ڕووسیایی کە پێشتر هەیانبوو، باڵەفڕی نوێشیان وەرگرتبوو، مێک بیست و سێ، مێک بیست و پێنجیان وەرگرتبوو، میراجی دوو هەزاری فرەنساییشیان وەرگرتبوو، باوەشێنکەی مۆدێرنی ڕووسیایی و فرەنساییشیان وەرگرتبوو، پوختەی قسە، هێزێکی بەشەریی گەورە و هێزێکی مۆدێرنیان هێنا بوو بۆ مەیدان.

## ئێران و ئەمەریکاش درۆیان لەگەڵ کردین

پاراستن دەزگایەکی بەهێز بوو زۆر شتی دەزانی، ئێمە وەک پارتی ئاگەداری زۆر شت بووین، ڕاستە بەڵێن و پەیمان زۆر بوو، ئێران و ئەمەریکا و ئەمانە زۆر بەڵێنیان دابوو، هەندێ خولیش کرایەوە لە حەفتا و سێ و حەفتا و چوار بە نهێنی، ئەمانە هەبوو، بەڵام لە ئاستی پێویست نەبوو، ئێمە کۆمەڵێک چەکداری پارتیزانی بووین نەک سوپا، پاشان ئەو ڕێکخستنەی پێش یازدەی ئادار کە پێشمەرگە هەیبوو، ئەوە لە دەست درا و نەما بوو، شەش فەوجی پاسەوانیی سنوور دروست کرابوو، زۆری گەڕابووەوە سەر کاری خۆی، ئەوەی سەربازی بوو گەڕابووەوە ناو سوپا و تەرفیعیان دابوونێ، ئەوەی تریش تەسریح کرابوون، یانی ئەو لەشکرەی کە پێشی یازدەی ئادار هەمانبوو نەما بوو، هەتا ڕادیۆی دەنگی کوردستان تەسلیم کرابوو، چەک هەندێکی بەپێی ڕێککەوتن تەسلیم بە حکوومەت کرابووەوە، بۆیە دەبووایە، چەکی تازە بێنین، ئەمەریکا و ئێران بەڵێنی زۆریان دابوو کە پێویستیمان بدەنێ، بەڵام بەداخەوە هەرچەندە هەندێ شتیان کرد، بەڵام شتێکی وا نەبوو، بەڕاستی درۆیان لەگەڵ کردین، بەهەرحاڵ تازە شەڕە و تووشی هاتووین و دەبێ کاری بۆ بکەین، ئەوە بوو دەستبەکار بووین، ئیتر لە پاش ئەو بۆردمانەی قەڵادزێ، وردە وردە شەڕ گەرم بوو، لە مانگی شەشەوە شەڕ زۆر گەرم بوو، دوژمن هێزێکی زۆری هێنابوو بۆ سەفین، یەکەم جار هەر لە مانگی پێنجەوە لە دەشتی هەولێر دەستی پێ کرد، پێشمەرگەی دەشتی هەولێر خۆی لە دەشت نەهێشت، هەمووی هاتن بۆ ناوچەی سەفین، ئینجا قۆناخی دووەمی شەڕیان دەست پێ کرد، پێشتر سوپای عێراق زیاتر لەلای شەقڵاوە و دەربەندی گۆمەسپان و چیای هەوری و دەشتی هەریر شەڕیان دەکرد، ئەوجارە نەخشەی خۆیان

گـۆڕی، عـەزیز عـەقـراوی و ئـەوانیش لەگـەڵـیـان بـوون، چووبوونەوە و تەسـلیم بوونەوە و زۆر سوودیان بە سوپای عێـراق گەیاند و نەخشەی تازەیان پێ دان، هی تریش تەسلیم بوونەوە، نەخـشـەی سـەربازیی نوێیان بـۆ شـەڕ پێ گوتـبوون و خـۆشـیـان خـوبەرای ڕووسـیـایی ئامـادەسـازییـەکی دابوونێ، ئەوجـارە لەلای ڕانیەوە، لەلای هیزۆپەوە هـاتن؛ چونکە ئەولا کراوەیە و دەشـتی زۆرترە و چیای کەمـترە، چیایەکانی ئەولاش بۆ شـەڕ بەڕاستی لەیەک دوورە، ئێمـە زۆر جاران خۆمان دەمانگوت ئەوان نازانن ئەگەر لەولایەوە بێن، ئێمە زۆر لاوازترین، ئیتر دیارە ئـەوجـارە ئەقـڵـیـان ئـیـشـی کـردبوو، بە تەئکیـد ئەزمـوونی کـوردی خـۆفـرۆشـیش سـوودی زۆری پێ گەیـاندن، هێـزی ئەسـاسـیـیـان فـرقـەی دەی مـودەرەعـاتـیـان بـوو، زۆری نەخـایاند ناچار بووین ئینسـحـاب بکەین، هێـزی دەشـتی هەولێـر و هێـزی ئازادی هـەر شـەو ئینسـحـابیـان کـردبوو، خـەبەری منیـان نەدابوو، من بەیانی هـەسـتـام و وتم دەچم سـەرێکی بارەگـامـان دەدەم، بارەگایەکمـان هـەبوو لەلای کونە فلووسـەی، گوتم سـەرێکی لێ دەدەم، جیـهاز و شـتی بارەگا ئەوەی هـەمـانبـوو، هـەموویمان نـەقڵ کردبووە ئـەوێ، بەجەمـاعـەتم گـوت: سـەرێک لەوان دەدەم و دەگـەڕێمـەوە، دیارە شـەڕ هێـشـتـا دوور بوو لە هیـران، ئیـتـر مـنیش بۆ بـەیانی کـاتێک دەرباز بـووم و پەڕیمەوە، دیتـم لەلای کۆلکەڕەش و کامـووسـەک دەبابات دەهـاتن، بـێ تەقە، مـەزانە ئەو پێشـمـەرگـەی ئەوبەر هـەمـوو چۆڵی کردبوو، ئینجـا چۆن چۆڵی کردووە بەڕاسـتی ئەمـە جێی پرسـیار و سـەرسـڕمان بوو؟! دوای ئـەوە تەحقیـقمـان کرد، بەڵام نەگەیشـتینە هیچ ئەنجـامـێک، ئەگەر دەربـازی ئەولا نەبوومـایە تـووشـی مـەترسـیـیـەکی زۆر دەبووم؛ چونکە کە گەیشتن یەکسەر هێرشی ئەو بارەگایەیان کرد کە منی لێ بوو، ڕاشـیـان گـەیاند کـە من گـەمـارۆ دراوم، بەڵام مـن دەرباز بـووبووم، پێشـمـەرگەکـان مـەجـمـووعـەیەکیـان کـەوتبـوونە خـەتەر، منیش بە جیـهاز پێم گـوتن ئیـسنحـاب بکەنـەوە بۆ فـلان ناوچـە و وەرنەوە، ئەوانیش وایـان کـرد و دەرباز بوون، ئەگینا ئەوانیش یا شـەهید دەبوون یان دەگـیـران، بەو شـێوەیە ناوچـەی هیـرانیـشـمـان لەدەست دا، هیـران و نازەنین و ئـەو دۆڵ و شـاخـە

هەمـووی کـەوتـە دەست حکوومـەت، ئێـمـە لە هەورێ بەولاوە مـاینەوە، دوایی کۆبوونەوەیەکمان کرد، ڕەشید سندی سەرلەشکر بوو لە هێزی کاوە ئەو کاتە لە ناوچەی ڕانیە و قەڵادزێ بوو، هێزی سەفین، هێزی دەشتی هەولێر، هێزی ئازادی، هێـزی بێتـواتە، ئەم پێنج هێـزە لەشکری دوو بوو، لەشکری یەک لە بادینان بوو، لەشکری سێ لە سلێـمـانی و کـەرکـووک بوو، ڕەشـیـد سـندی فـەرمـاندەی لەشکری دوو بوو، ئامـر هێـزەکـان و ئامـر بەتالیـۆنەکـان کۆبوونەوەیەکمان کرد لە هەورێ و ئیعادەیەکی ڕێکخستنی خۆمان کرد کە چۆن ئەمجارە مقاومە بکەین، شەڕ بەم شێوەیە بەردەوام بوو، جگە لە ناوچەی ئێمە لە چیای کۆڕەک و هەندرێن و ئەو ناوچانە شەڕی گەورە دەستی پێ کرد، هەندێ مەدفەعییەی ئێرانیش هەبوو لەو ناوانە، ئەوانیش قەسفیان دەکرد، بەڵام شـتێکی وا نەبوو، ئەو بەڵێن و پەیمانانەی دابوویان ڕاست دەرنەچوون، ئیـتـر پێـوەندی لە بەینی شـا و سـەدام دەسـتی پێ کـرد، پێش ئەوەش وەزارەتەکانی دەرەوەی عێراق و ئێران و سووریا و تورکیا پێکەوە جارێک لە ئەنقەرە و جارێک لە تاران، جارێک لە بەغدا، سێ چوار کۆبوونەوەیان کرد لەم ساڵەدا، هەموو بەرنامەڕێژی بوو، بۆ ئەوەی پیلانی جەزائیر بێننە کایەوە و لەگەڵ شا ڕێک بکەون، لەبەرئەوەی دەیانزانی کە ئەمە بەشەڕ کۆتایی نایەت؛ چونکە ڕاستە حکوومەتی عێراق دەشتەکانی لە ئێمە گرت، بەڵام ناوچە شاخاوییەکە و ناوچەی باڵەک هەمووی بەدەست ئێمەوە مایەوە، سلێمانی هەندێ ناوچەی مایەوە، دهۆک هەروەکو خۆی مایەوە، پێشمەرگە لەسەر سەری دهۆکێ بوو؛ چونکە لەوێ هێزی زۆریان نەبوو، نەیانتوانی سەربکەون سەرکەوتنی کۆتاییان بەدەست نەهێنا، یانی نەیانتوانی حەسەن بەگ بگرن کە شاخێکی زۆر گرینگ بوو، ئیتر ناچار بوون پەنا ببەن بۆ پیلانی جەزائیر، لەم بەینەدا کۆبوونەوەی لێژنەی مەرکەزی کرا، ئەو کات بەداخەوە بارزانی نەخۆش بوو، بۆ چارەسەر چووبوو بۆ ئێران، دووچاری نەخۆشیی شێرپەنجە "سرطان" هاتبوو، ئەو وەختە نەزانرا بوو، بەڵام دوایی زانرا، ئەوەش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی شکستی ئێمە، کۆبوونەوەی لێژنەی مەرکەز کرا لە یەکی

یەکی حەفتا و پێنج لە ئازادی لای حاجی ئۆمەران، هەندێ کۆبوونەوەمان کرد، کاک ئیدریس و کاک مەسعوود بەشدار بوون، بڕیار درا پێوەندی لەگەڵ سۆڤیەت دروست بکرێتەوە، بەڵام پاش چی؟ کات نەمابوو، پێوەندیمان لەگەڵ سۆڤیەت تێک چووبوو، حکوومەتی ئەو کاتەی ئەمەریکاش نامەردییان کرد، وەکو پێویست هیچ هاوکارییەکیان نەکردین، ئێران هەر خیانەتی گەورەی لەگەڵ کردین، ئیتر زانیمان پیلانێکی گەورە لە ئارادایە.

# ڕێگەیەکی سەخت بەرەو لقی ۱

لە کۆبوونەوەیەکی لێژنەی مەرکەزی کۆمەڵێ بڕیارمان دا و بردمانە لای بارزانی، پرۆژەیەک هەبوو بۆ فیدراڵی، شیمانەی ئەوە بوو ئیعلانی فیدراڵی بکەین، یا کۆنفدراڵی، لەو کۆبوونەوەی لێژنەی مەرکەزی تەکلیف لە هەندێ هەڤاڵی تر کرا بۆ بادینان، ئەوە بوو بڕیار درا من بچم بۆ لقی یەک و ببم بە بەرپرسی لقی یەک، ئەوسا کاک عەلی سنجاری بەرپرسی لق بوو، دەمێک بوو گەڕابووەوە و بەجێی هێشتبوو، ئیستیقالەی لە بەرپرسیاریەتی کردبوو، نێزیکەی شەش مانگ بوو هاتبوو بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران و لقی بەجێ هێشتبوو، لق بێ بەرپرس بوو، شەڕ هەر بەردەوام بوو، بەڵام حکوومەت نەیتوانی هیچ شوێنێکی تری سەرەکی لە مەنتیقەی قیادە غەیری ناوچەی سەفین بگرێت، بەڵام لە هەورێ بەسەرەوە هەتا حاجی ئۆمەران لە دەست خۆماندا مابووەوە هەتا چیای زۆزکیان لەدەست نەبوو، هەر شەڕ بوو، بەڵام پێیان نەگیرا، چیای "حەسەن بەگ" مایەوە، ئیتر بیرم دەکردەوە، من چۆن بچم بۆ بادینان بۆ لقی یەک و دەور تەسلیم بکەم؟، لقی یەک گرینگ بوو دەمێکیش بوو بێ بەرپرس بوو، تەکلیفیان لە چەند برادەرێک کرد حەز ناکەم ناویان بێنم، نەچوون، لە خۆیان ڕانەدەدیت، ئاخیر کەس من بووم، تەکلیفیان لێ کردم، منیش ڕازی بووم، کاک مەسعوود و کاک ئیدریس زۆر خۆشحاڵ بوون کە دیتیان من لە ناو ئەو هەموو هەڤاڵەدا ئیستجابەم کرد، لە دوای کۆبوونەوەکە بە بارزانیی نەمریشیان گوت، ئاخر ئاسان نییە، یەکێکی وەکو من نەشارەزا لە ناوچەکە بچێتە بادینان، پێشتریش لەوێ ئیشم نەکردبوو، بەڕاستیش بۆ ئەو کات کارکردن لە بادینان زەحمەت بوو، بەڵام دڵسۆزی و ئیندفاع و سیقە بەخۆبوونیش وای کرد کە من ئەو بڕیارە بدەم و بچم، دوای

ئەوە بە دوو سێ ڕۆژ چوومـە مـەكـتـەبی سـیـاسـی بۆ ئەوەی بزانین کـە چی پێویستـە تا بۆ لقی یەک بکرێ، گوتیان: برۆ دەور و تەسلیم بکە لە لقی دوو، ئینجا وەرە بزانین چی پێویستە و چی ئیمکانە بۆت دەکەین، چوومە لقی دوو، لقی دوو لە مـەلەکان بوو، ناوچەی خـۆشناوەتی، ڕۆژێک بە سـەیارە چووین تا دەرگەڵە و لەوێش بە پێ بە ڕۆژێک گەیشـتم، بەڵام زستان بوو مـانگی یەک بوو دنیـــا هـەمـــووی بەفـــر بـوو ئەو ســـاڵەش بـەفـــر زۆر بـاری بوو، لـە دەرگـــەڵە کـابرایەکـمـان دیت هێـسـتـرێکی پـێ بوو، ناوچەکـەش ئەمین بوو، ئیـتـر من بەیەکـێک لە پێـشـمـەرگـەکـانم گـوت برۆ بەو کـابرایە بڵـێ با بـە وڵاخـەکـەی بمانگەیەنێتە سـەری چیاکە "سـەری سـەرانی" پـێ دەڵێن، ئەو چیایە دوو سـات دوورە و هەورازە و دەبێ لـەوێڕا سـەر بکەوی تا دەچیـیـە سـەرێ، بەفرەکـەش پەسـتـرابووەوە وڵاخـیش لەسـەری دەڕۆیشت، کـابرا گـوتی: سـێ دینار، گـوتم: کاکە سەیارە بە ٣ دینار لە هەولێر دێ بۆ حاجی ئۆمەران، تۆ بۆ ئەو مەسـافە نێـزیکە سێ دینار وەردەگـریت بێ ویژدانیـیـە، گـوتی: وڵاخ وڵاخی مـنـە، لەوە کـەمتـر نابێ، خۆی حـەقی دینارێک، دینار و نیوێک زیاتر نەبوو، منیش لە دڵی خـۆمـدا تۆزێک نـاڕەحـەت بووم، گـوتم نەوەڵا بە پێ ملی لێ دەنێم، هـەوراز بوو، بەفر بوو، زەحمەت بوو بە پێ، تا ئێستەش حەساسییەتم هەیە کە سەرمام بوو ئاو لە لووتم دێ ئەو وەختـەش وا بووم، ئینجـا سـەرکـەوتین کەوتینە حـاڵەتێکی زۆر نـاخـۆش زۆرمـان نەمـا بوو ســەرکـەوین، ئەوە بوو وەزعم زۆر تێک چوو، لووتم ئاوی لـێ هـات تا ڕادەیەک بەسـتـی، جـەمـەدانیم لە دەمـوچـاوم دەپێـچـا هـەنـاســـەم ســـوار دەبوو، هـەر چۆنێک بێت ســـەرکـــەوتین، بـەفـــر زۆر بوو، لەگەڵیـشـیدا زریانیش دەهات، ڕێمـان لێ بزر بوو، بە ڕاسـتی کـەوتینە حـاڵی فـەلاکـەت و مـردن، گـوتم بەیەکێک لـە پێشـمـەرگەکـان "محـەمـەد زێوە"ی نـاو بوو کـوڕێکی زۆر ئـازا بوو، زۆر بەتاقـەتیش بوو، خــەڵکی چیـا بوو، گـوتم تـەقـە بکە بەرەو گـوندەکە؛ چونکە عـادەت وابوو لە کـاتی پێـویست تەقـە بکەی بۆ ئەوەی خەڵکی بەهاناتەوە بێن، دوو سـێ فیشـەک دەسـتـڕێژیی بەسـەر گوندەکـەدا کـرد، بەڵام پەکـمان کـەوتبـوو، و مـانـدوو بووین و من لووتیـشـم حـەسـاسـییـەی هـەبوو،

ڕەنگە نیـو سـاتی ترمـان بەسـەردا تێپەڕیبایە دەمـردین، دیتمـان سێ چوار ولاخیـان هێنا و کۆمەڵێک پیاو هاتن هەریەکێکمـانیـان سـواری هێسـترێک کردین و بردیانین بۆ گوند، لەوێ بارەگەمان هەبوو بارەگەی لێژنەی ناوچەی ڕەواندوزمـان هەبوو کە لە سـەران بوو، برادەران یەکسـەر منیان ناسی، بەلام من وەزعم زۆر خـراپ بوو، بەس هۆشم بەخـۆمـەوە بوو، گـەیشـتینە ئەوێ لە بارەگاکە ئاگر کرابووەوە و سۆبەی داریان دانابوو، ئاویشیـان گەرم کردبوو، بە ئاوی شلەتێن دەموچاو و دەست و پێمـان شـووشـت، ئیتر لە هـۆشی خۆم چووم، شــەو لەوێ بووین و بۆ بەیانی نـاچار بـووین بمێنینەوە ڕۆژی دواتـر چووین بۆ ســەران زوو گــەیشــتین، چونکە هەر دوو سێ ســات ڕێ مــابوو، گـەیشـتین، لەوێ دەور و تـەسلیـمـمـان کـرد، شـەو لەوێ مـاینەوە؛ چونکە ئەو هەمـوو ڕێیە زەحمـەت بوو، بەیانی گەڕامەوە و چوومـەوە بۆ ناوچەی مـەکتـەبی سیاسـی، بۆ ناوپردان و چۆمـان، لەوێ دوو سێ ڕۆژ ئیسراحـەتم کرد؛ چونکە زۆر ئەزیەتم دیتبـوو، دوو سێ ڕۆژ ئیسـراحـەتم کرد و پاش ئەوە هەسـتاین بە ئۆتۆمـۆبێلی لقی یەک کە سـەربازی بوو، وەختی خۆی هێنابوویان، ڕێ هـەبوو، بەلام ڕێ قـیر نەبوو، قـوڕ بوو، ئاسان نەبوو، دووجـاران بەسـەر حـەسـەن بەگدا چووین، جـادەکە بـەوێدا دەڕۆیشت، لەلایەک بـەفری زۆر بوو لـەلایەک قـەسـفی زۆر بوو، قـەسـفی مـەدفـەعـیـات ئەو ڕێیـەی دەکـوتی، نەمـانتـوانـی بە سـەیارە دەرباز بین، ناچار گەڕاینەوە، جـارێکی تر لەگەڵ برادەران قسـەم کـرد، گوتم بە سـەیارە نـاکرێ بڕۆین بە ڕێوینگ دەڕۆین، ڕێگەکـە دە دوازدە ڕۆژ دەخـایەنێ، بەفـر و بارانیش بوو، هـەستـاین چوار ولاخـمـان کـڕی "یەختـە"ی پێ دەڵێن، هـی بار، شــمــەک و جــانتــای خــۆمــان و هـەندێ پـارە و هـەندێ شت بـۆ لق و ئیـدارەکـانی ئـەوێ و بۆ شـەهیـدان و پارەکـەش زۆر بوو هـەمـووشـی وردە بوو، ئەوانەمـان بار کرد و بەڕێ کـەوتین و نـان و خواردنیشمـان لەگەڵ خۆمـان برد، خــواردنی قــوتووکــراو، هەر بەهـەمـان ڕێدا چووینە دامــەنی حــەســەن بەگ، تۆپخـانە جـادەکـەی دەکـوتا، بـەلام دەرباز بووین، بەهـەرحـاڵ هەر شـەوێک لە جـێگەیەک دەمــاینەوە، ســەرەتـای مــانگی دوو بـوو باران زۆر بەهـێـز بـوو، لە

هەندێ جێ نەمــاندەتوانی بڕۆین، یەک دوو شـــەو لە بارزان مــاینەوە، بەم شێوەیە گەیشتینە ئەوێ، لەویش دەستمان کرد بە ئیشی خۆمان، کۆبوونەوەم لەگەڵ لق کرد و دەستبەکار بووین لە ئیشەکان و، کاک ئەسعەد خۆشەوی سەرلەشکری یەک بوو، هات بۆ لام و کاغەزێکی کاک ئیدریسم لا بوو کە بۆی نووسیبوو، کاغەزەکەم دایە و زۆر خۆشحاڵ بوو، ناوەڕۆکی نامەکەی کاک ئیدریس تەواوکاری یەکتری بوو، ئەویش هات بۆ لام و منیش چووم بۆ لای، زۆری نەخایاند، دەستمان کرد بە کار و چالاکی.

## دوکتۆرە ئینگلیزەکە گوتی:
## وا بزانم نەوتی کەرکووک دەتانسووتێنێ

ئەوەی کە شایانە باسی بکەم، دوکتۆرێکی ئینیگلیزی بوو، "جۆن"ی ناو بوو، لە ڕێکخراوێکی منداڵپارێزی بەریتانیاییەوە هاتبوو، نوێنەری ئەوان بوو، وەکو دوکتۆرێک هاتبوو، ئەو وەختەی من گەیشتمە ئەوێ ئەو پێش من گەیشتبوو، هاتە لام بۆ یارمەتی و هاوکاریکردنی لە ئیش و کارەکانی، لەوێ دوکتۆر سەمیر هەبوو، فەیلی بوو، بەرپرسی بنکەی تەندروستیی سەرسەنگ و ناوچەی بادینان بوو، دوکتۆر سەمیر ئینگلیزیشی دەزانی، ئەومان دانا ماوەیەکی باش ئیشی لەگەڵ کرد، ڕۆژێک "جۆن" هاتە لام و گوتی: حەز دەکەم چاوپێکەوتنێکت لەگەڵ بکەم، هەموو ئیشەکانی خۆی تەواو کردبوو، بەڕاستی ئیشێکی زۆر ڕێکوپێکی کردبوو، سەرژمێریی کردبوو لە هەموو ناوچەکە بەگشتی، بادینان چەند ماڵە و چەند گوندە، هەر گوندێک چەند ماڵە هەر ماڵێ چەند سەر نفووسە و هەر هەمووی چەند نفووسە، دەڤەری ئازادکراو ئەوەی کە ناوچەی پێشمەرگەیە، چەند منداڵی شیرخۆرن و٠٠٠ هتد، لە بیرمە دوو مانگ تا سێ مانگ لەوێ بوو پاشان نەدەما، ئەویش لە ئێرانەوە هات، چونکە لە تورکیا زۆر زۆر زەحمەت بوو، هێنان زۆر گرانیش بوو.

جۆن گوتی: هەندێ پرسیارم هەیە دەمەوێ لێت بپرسم، گوتم باشە، گوتی: ئێوە لەم ناوچەیە ئەوەندە خەڵکن و ئەرزاقتان ئەوەندەیە، دوای ئەوەی ئەرزاق تەواو بوو، ئێوە چی دەکەن؟ بەڕاستی وەڵامەکەی لای من زۆر سەخت بوو، چی دەکەی؟ ئاسان نییە، ئەم ڕێ دوورە من بە دوازدە ڕۆژ گەیشتووم، باشە ئەرزاق چۆن دەگات؟! ئەوە جارێ زستانە، بەهار دادێ، بەهاریش هەر قوڕ و بارانە تا مانگی شەش، ئەو ناوچەیە ئاسان نییە هاتوچۆی لێ بکەی،

سـەرەتای مانگی دوو بوو، بایی دوو مـانگ ئەرزاق هـەیە، یانی تا مـانگی پێنج، ئیـتـر ڕێیش نیـیە بۆ هێنانی ئەرزاق، حکوومـەت ڕێیـەکانی وا قـەپات کـردبوون ئەسلـەن شت لە حکوومـەتەوە نەدەهات، لە تورکـیـاوە هـەر زۆر زەحـمـەت بوو، ڕێی ئێـران هەبوو، ڕێی ئێرانیش بەو حاڵەیە، جادە قـیرِ نەکراون، سـەیارە نایەت و ناچێت. بە وڵاخ دەیانهێنا دە قـات گرانتر دەبوو، ئەو خـەڵکە فـەقـیرە چۆن دەتوانێ بیکڕێ، گوتم : وەڵاهی من وەڵامێکی تەواوم لا نییە، بەڵام ئێمەی کورد عادەتمانە دەڵێن بەتەمای خوا، چەند لای تۆ زەحمەتە لای من دە ئەوەندە زەحمەتە، وەش نەبێ کە نەزانم، بەڵام ئەوەی ماین ماین، ئەوەی مردین مردین، ئێمە هەوڵمان داوە ئەوانەی خێزاندار بن یان ئەوانەی پێشمەرگە نین، با بڕۆن بۆ ئێران یا بۆ تورکیـا، خـەریکین باری خـۆمـان سـووک دەکـەین، یانی ئەو ئەرزاقەی دەمێنێ تەنیا بۆ پێشمەرگە دەمێنێ، گوتی: ئێ ئەوە باشە.

دیارە ئێمە کۆمەڵێک بڕیاری وامان هەبوو بۆ خۆمان، منیش بە جۆنم گوت: یەک پرسیارم هەیە لە تۆ، ئەو وەختە کۆبوونەوەی ئۆپیک هەبوو لە جەزائیر کە سەدام و شا لەوێ بوون، تازە ئەو ڕۆژە ڕۆژی یەکەم یا دووەمی کۆبوونەوە بوو کە جۆن لەلام بوو، گوتم: تۆ چ دەڵێی وەکو ئینگلیزێک و دوکتـۆرێک، گوتی: "بەڕای من نەوتی کەرکووک دەتانسـووتێنێ،!! بەداخـەوە وا دەڵێم بەڵام بڕوای من وایە، ئێوە بە نەوتی کـەرکـووک دەسـووتێن".. بـەڕاسـتـیش دوایی هـەر وا دەرچوو.

## ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ئاکامەکانی

لە بیرمە لە ٦/٣/١٩٧٤دا پیلانی جەزائیر دارێژرا، شا و سەدام لەوێ بوون، ئێمە سێزدەی مانگ خەبەرمان بۆ هات کەوا ڕێککەوتن کراوە و هەموویشی لە زەرەری ئێمەیە، دوایی عەفواتێکیان دەرکرد بۆ ئەوەی خەڵک بچێتەوە، برووسکەیەک لە مەکتەبی سیاسی لە بارەگای بارزانی کرا کە دەبێ کۆبوونەوەیەک بکەن مقاومە دەکەین، بۆ ناوچەی سۆران کۆمەڵێک هەڤاڵ دانرا بوون، بۆ ناوچەی بادینانیش کۆمەڵێک هەڤاڵ دانرا بوون، جگە لە من کە لەوێ بووم، وەک ئەندامی سەرکردایەتی، بڕیار درا کاک مەسعوود بێت بۆ ئەوێ، کاک سامی بێت، کاک ساڵح یووسفی، بێن بۆ ئەوەی ناوچەیەکی قیادی لەوێ بکرێتەوە، بڕیاری یەکەم وا بوو کە لەوێ ئیتر مقاومە بکەین و باقی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دوکتۆر مەحموود و کاک حەبیب و کاک عەلی عەبدوڵا و نووری شاوێس بچن بۆ ناوچەی "قڕناقە و پشت ئاشان" و سنووری ئێران و، بارزانیش لە ناوچەی بارزان و سنووری ئێران بێ و هێزێکی باشی لەگەڵدا بێت، ئەو کات بارزانی نەخۆشیش بوو، تەندروستیی تەواو نەبوو، دیارە ئەوە زۆری نەخایاند و ڕەوشەکە گۆڕا، نوێنەرێکی "شا" هات و بارزانی خۆی چوو بۆ تاران، لەوێش ئومێدی زۆریان نەدایێ بۆ بەرگریکردن، "شا" ڕای وا بوو تەسلیم بین و مقاومە نەکەین، گوتبووی "هاوکاریتان ناکەین و یارمەتیتان نادەین و هیچتان بۆ ناکەین". بەهەرحاڵ ڕەوشەکە زۆر زەحمەت بوو، بەڵام هەموو لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە مقاومە هەبێ و مقاومە بکەین، بەڵام دوای ئەوە "شا" نوێنەرێکی خۆی نارد کە بەتەنیا بارزانی ببینێ، پێی گوتبوو "ئێمە نەک هەر یارمەتیشتان نادەین، بگرە ناچار دەبین سوپای عێراق لە ئێرانەوە داخیلی کوردستان بکەین"، دیارە ئەوە زۆر زەحمەت بوو، شا

گوتبـووی: "ئەگەر واز بێن و چەک دابنێن و ببنە پەنـابەر، مـافی پەنابـەرییـان دەدەینـێ و دەیانپـارێزین، ئەگەرنا دوای ئەوە نـەدەیانپـارێزین و نەمـافی مـافی پەنابەرییـان دەدەینـێ"، ئیتـر زەحـمـەت بوو، بۆیە بڕیاری ئەوە درا کـەوا چی تر مقاومە نەکرێ و واز بێنین و بچینە ئێران، ئێمە هەر لە سەر ئەو بڕوایە بووین کە مـقاومە دەکەین و چاوەڕوانـی ئەوەمان دەکرد لە لقی یەک و لەشکری یەک، بەڕاسـتی زۆر بەبڕوا و ورەیش بووین، سـێزدەی مـانگ بوو کۆبوونەوەیەکمـان کرد بەڕەحـمـەت بێ ئەسـعـەد خـۆشـەوی و من لەگەڵ ئامـر هێزەکـان و ئامـر بەتالیـۆنەکان و بەرپرسی ناوچەکـان و هەندێک لە کارگێڕی لقـەکان، نێزیکەی سی چل کەس دەبووین، کۆ بووینەوە و بڕیارمان دا بۆ مـقاومە، گوتمان ئەوەی کـە زەرووری نەبێ بمێنـێ، بـا نەمـێنـێ و هـەریەکـە بواری بـدەینـێ بگـەڕێنەوە و بچنەوە بۆ عێـراق، تەنیـا پێـشـمـەرگە و هەندێ مـاڵبـاتی پێـشـمـەرگە بمێنـێ بۆ ئەوەی مقاومە بکەین.

## پیلانێکی نێودەوڵەتی کۆتاییی بەو شۆڕشە هێنا

خـەریکی خـۆئامـادەکـرن بووین بۆ ئەوەی هـێـزێکی لێـدەر دروست بکەین. بەنیـازی شـەڕی پارتیزانی و ئـەگەر کرا هـەندێک شـەڕی جـەبهـەییش بکەین، ڕۆژی سـێـزدە لەسـەر چواردەی مـانگ بوو لە قـوتـابخـانەی "مـانگێش"ێ کۆبوونەوەیەکمان کرد، ئەوەی بەشداریی کۆبوونەوەکەیان کرد، "عـەلی خـەلیل، نەجمەدین یووسفی کە ئەندامی کارگێڕیی لق بوو ئەو وەختە، ئێستە ماوە، سـەلیم ئەسعەد مـاوە" بەڵام ئەوانی تر زۆریان نەماون، پاشـان گـەڕاینەوە و هاتینەوە بۆ لق لە پێشی قدشی کە "بەریکەر"ی پێ دەڵێن، جێیـەک هـەیە کانی و ئاوێکی بچووکی لێیە دەکەوێتە بەینی سـەرسـەنگ و ئامێدی، لەوێ بارەگە دروست کرابوو، بارەگەکە لق دروستی کردبوو، پێش ئەوەی من بچم دروست کرابوو، ئێمە خەریکی خۆئامادەکردن بووین ڕۆژی بیستی مانگ، دەمەوبەیانی بوو، من هەڵسابووم لە خەو نانم خوارد ئینجا برووسکەیەک هات لە بارزانی و مەکتەبی سیاسی، دەڵێ بڕیارمان دا بە کۆتاییهێنان بە شۆڕش؛ چونکە ناچار بووین و پیلانی نێودەوڵەتی لە دژمانە، برووسکەکە دوور و درێژ بوو چاکم لە بیر نەماوە، بەڵام پوختـەی ناوەڕۆکەکەی ئەوە بـوو، تەنیا سێ ڕێگە لە پێشـە، یان ئەو خەڵکە بمێنێتەوە بۆ شەڕی پارتیزانی لەسەر بەرپرسیەتیی خۆی، یان بگەڕێتـەوە ئێـران، یا بچێ خـۆی تەسلیـمی عێـراق بکاتەوە" ئەم سێ ڕێگەیە هەبوو، کـە برووسکەکـەیان بۆ هێنام، وەختـی نـەورۆز بوو بیـست یا نۆزدەی مانگ بوو، دنیا لە بەرچاوم ڕەش بوو، جارێکی ترم خوێندەوە، کوڕێکم لەگەڵدا بوو ناوی "عەبدوڵا سوارە" بوو، خزمم بوو، ئێستەش ماوە، بەرامبەرم ڕاوەستا بوو، منیش پشـتم دابوو بەدارێکەوە، تەمـاشـای منی کـرد کـە تێک چووم و ئاسایی نیم، گوتی: مامۆستا ئەوە "مەلا مستەفا" شـەهید بووە، گوتم: نەخێر

لە مەلا مستەفا گەورەتر، کوردستان، کوردستان شەهید بووە، ئیتر دەستی کرد بەگریان فەقیرە زۆر بێ حاڵ بوو، زۆر قسەی کرد، لەسەر ئەو حاڵەی خۆم دڵم بەو دەسووتا، منیش تاقەتی گریانم نەما ئەوەندە نارەحەت بووم، ئەوەندە موتەئەسیر بووم، گوتم: عەبدوڵا جگەرەیەکم بدەیە، چوار ساڵ بوو، تەرکم کردبوو، ئەسڵەن بیرم لە جگەرە نەدەکردەوە، هەستام بانگی نەجمەدینم کرد، کارگێڕ هەمووی لەوێ بوون شەش حەوتێک بوون، بانگم کردن، کاغەزەکەم خوێندەوە و قسەم لەگەڵ کردن، گوتم برام ئەمە ڕۆژی قیامەتە و ڕۆژی حەشرە، بەڕاستیش بۆ ئێمە حەشر و قیامەت بوو، ئیتر کارەسات لەوە گەورەتر قەت نابێت، تا تەمەنیشم مابێ، باوەڕ ناکەم کارەساتی لەوە گەورەتر ببینم، گوتم با بچین سەرێکی کاک ئەسعەد بدەین، ئەسعەد خۆشەوی لە گوندی زێوە بوو، سەیارەیەکیشمان هەبوو "شۆڤرلێت" بوو نەدەهاتە سەرەوە، لە خوارێ دامانابوو لەسەر جادە و چادرێکمان بەسەردا دابوو، من و نەجمەدین و وا بزانم پێشمەرگەیەک یان دوو پێشمەرگە چووین بۆ لای ئەسعەد خۆشەوی، ئەویش زۆر بێ وەزع بوو، ئەو پیر بوو ئێمە گەنج بووین "مولازم بابەکر" ئەو فەریق بابەکر زێبارییەی ئێستە لەلای بوو کە ئەو کات پێیان دەگوت مولازم بابەکر، یاریدەری سەربازی بوو بۆ کاک ئەسعەد، خزمایەتیشیان هەبوو، لەگەڵ ئەسعەد دانیشتین چی بکەین؟، بڕیارمان دا لە ڕۆژانی نۆزدە و بیست بڕۆین حەرەکەت بکەین، ئینجا گەڕاینەوە چووینە سەرسەنگ قسەم کرد بۆ خەڵکەکە، من و نەجمەدین بووین خەڵکەکە هەمووی بە پەرۆش بوون بزانن چییە؟ چی ڕووی داوە؟ هەندێ قسەمان کرد گوتمان حاڵ ئەوەیە، باوەڕ ناکەم، مەگەر کەم کەس نەبێ هەموویان گریان، تەنیا یەک کابرام بینی پێ دەکەنی، دیار بوو جاسووس بوو، بەعسی بوو، من زۆر موتەئەسیر بووم، بەڵام کاتی ئەوە نییە بانگی کەی و تەمبێی بکەی، خەڵکێکی زۆر کۆ بووبووەوە ڕەنگە هەزار کەس دەبوو، ئەو وەختە سەرسەنگ وەکو بارەگەیەک وا بوو بارەگەیەکی گەورە بوو، ئیدارە لەوێ بوو، خەستەخانە و هەموو شتێک هەبوو، هەستاین گەڕاینەوە، بۆ بارەگەی لق، بارەگەیەکمان

هەبوو ئەرزاقی ئیحتیاتی تێدا بوو، گوتم: کاک نەجمەدین بگرە بچن سەرێکی ئەو بارەگەیە بدەن و خەڵکی گوند بانگ بکەن و ئەو ئەرزاقەیان بەپێی لیست بدەنێ، با تالان نەکرێت، بەڵام بەداخەوە تا نەجمەدین چوو تالان کرابوو، خەڵک چووبوون هەموویان بردبوو، نەجمەدین و ئەوان هەموو خەڵکی ئەوێنە، ماڵیان هەیە، شوێنیان هەیە، گوتیان سەیدا ئێمە دەچینەوە دەڤ زارۆکێن خوە، بزانین حالا وا چۆن و چۆن نییە، گوتم: باش، بچن، بەڵام سبەی بێنەوە؛ چونکە بڕیار بوو ڕۆژی پاشتر بڕۆین، ئەوان چوون، کەس نەما؛ چونکە ئەوان ڕۆیشتن و خەڵکی تریش نێزیکەی دووسەد سێ سەد پێشمەرگەمان هەبوو، پاسەوان و چوار دۆشکەمان هەبوو لەوێ هەمووی بەجێ ما، سەیر بوو، بەڕاستی لەو هەمووە من مامەوە و نۆزدە پێشمەرگە کە گوتیان هەر لەگەڵت دەبین، باش بوو ئەم مەجمووعەیەم لەگەڵ بوون، تەحسین ئەترووشی هەبوو خۆی مامۆستا بوو لە لقیش بەرپرسی پاراستن بوو، ئەو مایەوە لەگەڵم نەڕۆیشت، پاراستن بوو نەیدەوێرا بۆ هیچ جێیەک بچێ، لەگەڵ دوو کادیر و تەباخێک هەبوو، وا بزانم ناوی حوسێن بوو، گوتی: سەیدا ئەو خەڵکە نامەردییان کرد زۆر کارێکی خراپیان کرد بەو ئووسلووبە ڕۆیشتن، منیش بە پێشمەرگەکانی خۆمان گوت: کاکە بچن لە گوند پێنج شەش تەنەکە ئارد بکەنە نان و وڵاخەکانیش حازر بکەن، نەبادا بیاندزن یان بۆ لایەک بڕۆن، با ئامادەساز بین هەر لەحزەیەک ڕەنگە بڕۆین، کوڕە تەباخەکە گوتی: سەیدا من تۆ بەجێ ناهێڵم من بۆ تۆ فراڤینێ دروست دکەم، ئەوجا دچی، گوتم: ئێ برا مەمنوون هەریەک دوو پیاو بمینێن باشە، وای لێ نەیەت هەر کەس بە کەیفی خۆی کارێک بکات، فراڤینی بۆ کردم، ئێمە لێ بووینەوە دیتم کاک ئەسعەد قاسیدێکی نارد بۆ لای من و گوتی: کاکە ئەوە کاک ئەسعەد دەڵێ: وەزعەکە خراپە تا زووە بڕۆین باشە، وا ئێمە بەڕێ کەوتین دەچینە ئامێدی سەیارە بەجێ بێڵە بە پێ بڕۆ، ئێمەش کەوتینە خۆمان و هەندێ پارە هەبوو، گوتم بیهێنن بارەگامان ئاگر تێ بەردا و دۆشکەکان و هەرچی هەبوو بەنزینمان پێدا کرد و سووتاندمان هیچمان نەهێشتن بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی دوژمن،

بەڕێ کەوتین و بە پێ ڕۆیشتین، بۆ مەغریب گەیشتینە ئامێدی، کە چووم بەڕەحمەت بێ ئەسعەد لەوێ بوو، سەلیمی کوڕی بوو، سەید ساڵح هەبوو، ئەویش یەک لە فەرماندەکان بوو، پیاوێکی قارەمان بوو، ئامر بەتالیۆن بوو، منی جیا کردەوە، گوتی: عیسا سوار کوژراوە بەداخەوە ڕەفیقی خیانەتی لێ کرد و کوشتبووی، گوتی: جەنازەی ئەومان پێیە ناردوومانە لەو دەشتە، لە جێگەیەک قەبر لێ دەدەن و لەوێ دەیشارینەوە، گوتم: بەداخەوە، دواتر چوومە لای کاک ئەسعەد و گوتم، مادام وایە جارێ هەر دەمێنینەوە دەچم لە ئامێدی نانەک دەخۆم، چێشتخانەی لێ بوو، بە حیمایەکانی خۆم و کادیری موتەفریقەوە نێزیکەی ٣٠ کەس ماینەوە، ئەو سی کەسەش هەموو هی بارەگە نەبوون هی دەوروبەری بارەگە بوون و نەدەچوون تەسلیم ببنەوە، ئیتر لەگەڵ ئێمە هاتن و گوتیان ئاگەداری خۆت بە، یەکێک هەیە ناوی "بەهجەت"ە لەو ناوەیە ئەوە پیاوێکی باش نییە دەترسین گورزێکت لێ بدا و بچێت تەسلیمی حکوومەت بێتەوە، گوتم: باشە، بەس من دە کەسی خۆم لەگەڵدا بوو هەمووشیان کوڕی ئازا بوون، بەڕاستی لە بری سەد کەس بوون، چووین بینیم ئەو پیاوە لەوێیە و دەمناسی کێیە، پرسیم ئەوە کییە؟ گوتیان سەیدا ئاگەداری خۆت بە، ئەم کابرایە پاک نییە و نیەتی خراپە، ئەویش دە پازدە کەسی لەگەڵدا بوو، گوتیان ڕەنگە بیەوێت گورزێکت لێ بدات، گوتم: باشە، بابێت و منەتی نەبێ، بەجەماعەتم گوت: حاڵ و مەسەلە وایە، ئەم پیاوە خراپە، ئێوە نانێک بخۆن و هەندێک لە حیمایەکانیشم ناردن دوو سێ بان هەبوون وتم بیگرن بۆ ئەوەی کابرا نەوێرێ بڕوات، هەستام خۆشم چووم نانێکم خوارد و بەڕێ کەوتین، خوا کردی نەیانتوانی هیچمان لەگەڵ بکەن، شەو لە "کانێ" ماینەوە، گوندێک هەبوو "کانێی گوندی مەسیحان"ی پێ دەڵێن لەوێ ماینەوە تا سبەینێ و بەڕێ کەوتین، نێزیکەی نۆ ڕۆژ تا دە ڕۆژ بەڕێگەوە بووین بەرەو ناوچەی برادۆست و گادار و خرێنە بۆ ئێران، زۆربەی ئەم فەترەیەش باران و بەفر بوو، خەڵکێکی زۆریش لە ڕێگە بوون، هەبوو پێشمەرگە بوو ماڵ و منداڵی خۆشی هێنا بوو، بەڕاستی کارەساتێک بوو لە

مـردن ناخـۆشـتـر، وا دەبینین ژن و منداڵی خـەڵک لەبەر باران و لەبـەر بەفر و خـۆشـمـان دە شـەو لەبەر باران بووین، وا بزانم یەک شـەو نەبێ، چووینـە بن سـواندەی خانوویەک ئیتـر خـانوو نەبوو، مـاڵ نەبوو گوندەکان بچـووک بوون و خەڵک زۆر بوو، ناکرێ ئێمـە بچین و ژن و منداڵ لە دەرەوە بن، ئیـتر بەو حـاڵە چووین تا گەیشتینە خـرێنە، بەڕەحمەت بێ حەسۆ میرخـان دۆڵەمەڕی کە کاک ئیـدریس بـارزانی ناردبووی بۆ گـواسـتنەوەی خـەڵک بە باوەشـێنکە، دوو باوەشـێنکەی ئێران بەردەوام دەهاتن و دەچوون ژن و منـداڵیان دەگواسـتەوە، باوەشـێنکەکـان ناوی "شنۆک" بـوو ئەوانەی گـەورە کـە چل پەنجـا نەفـەری هەڵدەگرت، پیاویش بە پێ لە گەدارەوە دەڕۆیشتن.

## پەڕینەوەمان بەرەو ئێران

ئێمە چەک و کەلوپەلی خۆمان لەوێ فڕێ دا، هەقیقەت ئەوەی جێی باسە و مرۆڤ دەبێ ئاماژەی پێ بدات، هەڵویستی برادۆستییەکان بوو لەو ڕۆژگارەدا، نوێنەریان هەبوو "سۆفی حەمەدئەمین" هاتە لای من و گوتی: "ئەگەر کارێکتان هەبێت ئێمە ئامادەین، شێخ محەمەد ئێمەی ڕاسپاردووە لە خزمەتتاندابین" من ئەوەم لە بیر ناچێ، کە گەیشتمە جێ بۆ کاک مەسعوود و کاک ئیدریس و بارزانیی نەمرم گێڕایەوە.

ئێمە لە خرێنەوە هەندێک نانمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرت و بەڕێ کەوتین لە گوندی "ماڵە مەلا"وە و نێزیکەی بیست سەعات ڕێگەمان بڕی، نێزیکەی پازدە سەعات لەسەر بەفر ڕۆیشتین، بەڕاستی سەختترین زۆزان "گادار"ە، کە دۆڵێکی درێژە و ڕووبارێکی هەیە بەناوی "ڕووباری گادار" ئەم ڕووبارە سەر دەکەوێ لە "لۆلان"ەوە و ئاوا دەبێ بۆ ئەودیو بۆ ڕۆخی ئێران و دەچێتە شنۆ، ئێمەش دەبووایە لەو ڕووبارە گوزەر بکەین، ئەوەندە سارد بوو لە دڵی خۆمدا گوتم: هەر دەمرین، بەهەرحاڵ چووین و دەرباز بووین، چووینە شوێنێک ڕێگەمان لێ هەڵە بوو، لە ڕووبارەکە پەڕینەوە گەیشتینە شوێنێک زۆر عاسێ بوو، زۆر زەحمەت بوو، کوڕێکمان لەگەڵدا بوو ناوی "محەمەد زێوە" بوو، خۆشناو بوو ئەو خەڵکی ناوچەی شاخ بوو زۆر زیرەک بوو، هێشتا ژنی نەهێنابوو، شوێنێک بوو هەڵدێر بوو، ئەولایەش مایل بوو نەدەکرا پێیدا بڕۆین، تەنیا دوو کۆسپ بوو دەبووایە لێرە بازدەی بۆ ئەوبەر ئەوجا دەتوانی بڕۆی؟، ئەگەریش بازدەین مومکینە بکەوین و بەر بینەوە بۆ ناو ڕووبارێک هەزار بەر هەزار، شەویش بەسەردا هات، ئێمەش لە بەیانییەوە بەڕێ کەوتبووین لەوێش یەک یەک پەڕینەوە و ئامێزمان دەگرتەوە بۆ ئەوەی یەکتر بگرینەوە نەبادا

هەڵدێرێین، بەو شـێـوەیە لەو شـوێنە خـراپە پەڕینەوە بۆ ئەوبەر و لـەوێش ڕۆیشـتین بەرەو گـوندێک شـارەزاشی نەبووین، بەڵام کـە پەڕینـەوە ڕێ هەبوو جـێـی پێی وڵاخ دیار بوو، ڕۆیشــتین بای دەهات، زۆر ســارد بـوو، زریانـێک دەهات مـەگـەر هەر خـوا بزانێ، ئامـۆزایەکـەم لەگـەڵدا بوو ناوی "فـەیسـەڵ"ە ئێـستـەش مـاوە، خـەوی دەهات، لەپڕ دەچووە بن بەردێک خـۆی مـات دەکـرد، بەزۆری هەڵـم دەسـتـاند، ڕۆیشـتین و لـە ڕۆیشـتن زۆر بێـزار بووین و گـوتیـان مـامـۆسـتـا بەخـوای ناتوانین بڕۆین، هەندێ بەتانی و شـتمـان پێ بوو بەردی گـەورە گەورە هەبوو وەکـو ئەشکەوت، گوتم: کـاکە وەرن هەریـەکە چارەکێک بیست دەقـەیە بخەون کەمێک چاومان بچێتە سەر یەک، کردنم بە دوو وەجبە، ئینجا هەردوو وەجبـەکە خـەوتن، خـۆشم نەخـتـێک خـەوتم ڕەنگە چارەکێک خـەومـان لێ کـەوتبێ، بەخـەبەر هاتین و هەندێک وەزعـمان باشـتـر بوو، بەڕێ کەوتینەوە.

## یەکەم گوندی ئێران

گوندی "بێ مـوزرتە" یەکەم گوندی ئێران بوو کە پێی گەیشتین، سـەعات دوو و نیوی شـەو گەیشـتینە ئەوێ، یەکـەمـین ئاوەدانی و وەک گوتم یەکـەمین گوندی ئێـران بوو، چووینە "بێ مـوزرتە" و چووینـە مزگـەوت، باش بـوو هـەم داری لێ بوو، هـەمـیش سـۆپایەکی گـەورەی تێدا بوو کـە هـەڵکرابوو، دیار بـوو ئێوارە کـە نوێژیان کردبوو بەجێیان هێشـتبوو، دارمان تێ خست و لە دیاری خەوتین، بۆ ئەوەی داری بخـەینە ناوێ هـەریەکـە و چارەگێ، بیـست دەقـیـقـە بە نۆرە پاسـەوانیمان دەکێشا، دوو دوو خەومان لێ کەوت و هەشتی بەیانی هەستاین، پیاوێک هات موختار بوو، گوتی: تەوزیعتان بکەین لە ماڵان نان بخۆن؟ گوتم باشـە، من و دوو کـەسـی تریان برد بۆ مـاڵێک و ئەوانـی تریش هـەر دوو دوو بۆ مـاڵێک، چوومـە مـاڵێک لەوێندەرێ نان و مـاسـتیـان هێنا، پیـاوێک لەوێ بوو، ناوی مام حەمە ئەمین بوو، گوتی: ئەو داک حیزە مەبەستی "شاه" بوو، گوتی: ئەوە دووجـارە داکـمـان بگێ، دایکەکـەی بگێم..... وا و.... وا دەسـتی کـرد بەگـریان، بەڵام چ گـریان!! بۆ وەزعی ئێـمـە و ئەو کـارەسـاتەی بەسـەر کـورد هـاتووە زۆر گریا، ئیتر ژنەکەی هات گوتی: پیاوەکە ئەو جوامێرانە ئەوە چەند ڕۆژە لە ڕێگەن، بێ وەزعـن، برسین، ئەتو لێ نەگـەڕای نانەکـەیان بخـۆن، تۆ بۆ ئەو دەردەت پێ کـردن، ... منیش چەندم کـرد هـەندێک نان بخـۆم، هیچ نانم پێ نەخورا، ئەو دوو پێشمەرگەیەش کەمێکیان خوارد، ئیتر ئەوە بوو گەڕاینەوە و چووینەوە مزگەوت، موختار هات، گوتی: مامۆستا شتێکت عەرز دەکەم ئەگەر پێت نـاخـۆش نەبێ، منیش گـوتم: نا، فـەرمـوو، بڵـێ، گـوتی: مـامـۆسـتـا ئێـرە پاسگای لێیە "پاسگا" یانی مەخفەری پۆلیس، منیش موختارم، ئەگەر خەبەری پاسگا نەدەم بەخـوا دوایی دەمکوژن، گوتم بڕۆ خـەبەری بدێ کـاکـە، خۆ ئێـمـە

قـاچاخ نین، ئێـمـه هـاتووین تەسلیم بووین و قـەراری حـزبە و شـۆڕش لەم حـاڵەدایە، کـابرا ڕۆیشت و نەخـتـێکی پێ چوو، ئەفـسـەرێک هات و چەند جەندرمەیەکی لەگەڵ بوو، سەلامیشی نەکرد، گوتی: شـماکی هستید؟ گوتم: مەنزوورت کییە کی هەستین؟ منیش بەفارسی دەستم پێ کرد لەگەڵیدا، گوتم پێشمەرگە بووم، ئێستە شۆڕش شکستی خواردووە،... گوتی: چۆن مەرزتان بڕی، بەبێ ئەمر و قەرار؟ گوتم: حکوومەتی ئێران قەراری داوە ئێمە بێین و ئێمەش هاتووین، گوتی تۆ چیی ئەوانەی، گوتم بەرپرسی ئەوانەم. ئیستمارەی پێ بوو، پڕی دەکـردەوە و سـجلێک بوو لەبەردەسـتی دەینووسی، ناوی هەمووانی نووسی، هەندێک جانتا و پارەمان پێ بوو، هەموومانیان تەفتیش کرد بەس من تەفتیش نەکرام، دواتر سەیارەیەکی بەرزی سەربازییان هێنا و ئێمەیان سوار کرد بۆ شنۆ، پێشمەرگەکان هەموو لە پشتەوە من لە پێشەوە، بەس خـۆزگە منیش لە پشـتەوە بام، ساواکـێکیـان لەگەڵ سـوار کـردم جلی کوردیشی لەبەردا بوو، ساواک یانی ئیستخباراتی ئێران "سازمانی ئەمنیەتی کیشوەر" ئینجا لە ڕۆخ منیان سوار کرد، ئاسنێکی ڕەق بوو هیچیشی لەسەر نەبوو منیان لەسـەر ئەو ئاسنە ڕەقـە دانا، بەڵام هەر بۆ ئیهانە منیان لەوێ دانا، ئا لەوێ پێی گوتم: تۆ "مەلا عەبدوڵا ی حیاکی"یت؟ مەلا عەبدوڵا ئەندامی لێژنەی مـەرکـەزی حـزبی دیموکـراتی کـوردسـتـانی ئێـران بوو، دەمـناسـی، برادەریشم بوو، گوتم: نەخێر نا من ئەو نیم، من محەمەد مەلا قادرم ئەوەتا هەویەم هەیە، "محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد" گوتی: نا تۆ ئەوی، گوتم: ئەو نیم تۆ بۆ خـۆت وا دەڵێی کـەیفی خـۆتە، بەهەرحـاڵ منیـان لەوێ سـوار کـرد تا گەیشتینە شنۆ، ئەوانیان برد بۆ خانێ، لەوێ ناویان نووسین، چونکە مەرزی حـاجی ئۆمـەران مـەرزی هاتن بوو بۆ ئێـمـە، ئێـمـەش لە مـەرزێکی ترەوە هاتبووین، خستمیانە ناو سەیارەیەکەوە و چاومیان بەست و بردمیان، کاتێک خۆم بینییەوە لە ژوورێکی بچووک و تاریکدا منیان داناوە، ئەفسەرێک هاتە لام نەقیب بوو، لەوێندەرێ پێی دەڵێن "سـەروان" گـۆچانێکی جـوانم پێ بوو، کنێر بوو، وەختی خۆی بە دیاری بۆیان هێنا بووم، بێ غیرەتە هەر بە ئیهانە

لێی ستاندم و گوتی: ئەوە بۆ تۆ باش نییە بۆ من باشە، مامەوە لەوێ یەک دوو کەسی تریش هاتن، تەحقیقاتیان لەگەڵ کردم، تۆ کێی، کێ نیت؟ منیش چ قسەم کردبوو لەوێ هەر هەمان قسەم کردەوە، هەر دەشیانگوت: ئەم پارەیە هی کێیە؟ دەمگوت هی حزبە، دەیانگوت: هی خۆت نییە؟ دەمگوت: نا!!.

## کاک ئیدریس لە زیندان هێنامییە دەرەوە

ئەو ژوورەی لێی زیندانی کرام کونێکی تێدا بوو هەندێ کەس لەوێوە هەر سەریان دەکێشا بۆ ئەوەی من تەشخیس کەن، بزانن من کێم، دیار بوو هەر کوردی خۆمان بوون، بەس نەمدەزانی منیان بردووەتە کوێ، خۆشم ناشارەزای ئەو ناوە بووم، دواتر ببینم کوڕێک ناوی "سابیر" بوو خەڵکی هەولێر بوو هەر لەگەڵ خانەوادەکەشیان ناسیاریمان هەبوو، تەماشای کرد لە کونەکەوە و گوتی: مامۆستا من فلانم، ئێستە دەچم خەبەری کاک ئیدریس دەدەم و پێی دەڵێم کە تۆ گیراوی، گوتم باشە، ئەو خۆی دزییەوە و یەکسەر چوو بوو بەنهێنی خەبەری کاک ئیدریسی دابوو، گوتبووی مامۆستا لە ئۆردووگای "نەلیوانە" لە نێزیکی شنۆ گیراوە، ئیتر زۆری پێ نەچوو بانگیان کردم، گوتیان: تۆ ئازادی، پارەکەشیان هێنایەوە کە لێیان سەندبووم، نێزیکەی بیست هەزار دینار بوو، ئەو وەختە یەکجار زۆر بوو، گوتیان تۆ ئازادی ئەوە حەمەی عەزیزی هاتووە "حەمە عەزیز" هەیە وەختی خۆی لە بارەگەی سەرۆک ئیشی دەکرد، گوتی ئەو هاتووە، کە چووم ئەو بۆ خۆی ڕۆیشتبوو، بەڵام سەیارەکەی لەوێ بەجێ هێشتبوو، ئەوە بوو سواری سەیارەکە بووم و چوومە لای کاک ئیدریس و لەوێش پارەکەم تەسلیم کردەوە، بیرمە کاک ئیدریس گوتی: وەڵا ئەوە یەکەمین کەسە پارە بگەڕێنێتەوە، گوتم: من تەسلیمی دەکەمەوە، چونکە پارەی من نییە حەرامە لە من، هەر لەو کاروانەی خۆمان هاتین لە بەینی ناوچەی بارزان و برادۆست، گەیشتینە پیاوێک سێ منداڵ و کەرێکی گچکەی پێ بوو، کابرا یەکێ لە منداڵەکانیشی لە کۆڵی خۆی کردبوو، ئەوەی لە کۆڵی خۆی کردبوو لە هەمووان بچووکتر بوو، دووانیشی لەسەر کەرەکەی دانابوو، پاش ماوەیەک گەیشتینە ڕووبارێک، دەبێ

لێی بپەڕینەوە، دیتم کەرەکە خەریک بوو مل لێ بنێ لە ڕووبارەکە بپەڕێتەوە، گوتم: کاکە ڕاوەستە گوتی: بۆ؟ گوتم: ئەو مندالانە دەخنکێن، چۆن ملی پێوە دەنێی، گوتی ئاخر چ بکەم، گوتم: ڕاوەستە برام ئێمە یارمەتیت دەدەین، گوتی: مامۆستا توخوا با بخنکێن، گوتم: گوناحە بۆ بخنکێن؟ گوتی: ئاخر تۆ داخی دڵی من نازانی، من ماڵم چوو، ژنم چوو، کوردستانیشم چوو، تازە ژنم مردووە و ئەو مندالانەی لە دوا بەجێ ماوە، ئەوە ماڵێم بەجێ هێشتووە، ئەوە کوردستانەکەشم چوو، ژیانم بۆ چییە؟ ئەوانەش خۆ بە من ناژین، ئینجا بخنکێن باشتر نییە؟ کە وای گوت گریانم هات، زۆر کاری لێ کردم. گوتم: نە بابە گیان، ڕاوەستە، پەلە مەکە، ... بە دوو پێشمەرگەم گوت: هاوکاریی بکەن یەکێکتان لەودیوی و یەکێکیشیان لەمدیو پاڵ بە کەرەوە بنێن تا دەپەڕنەوە ئەوبەر با منداڵەکان هیچیان لێ نەیەت، بەڵام زۆر دڵتەنگ بووم، بۆیە هەرگیز ئەو دیمەنەم لە بیرم ناچێتەوە، وا بزانم پەنجا دینار لە گیرفانمدا بوو ئەویش پارەی حزب بوو، ئەو کاتە پەنجا دینار زۆر بوو، گوتم: ئەوە بکە بەمەسرەفی منداڵەکانت، گوتی نا، گوتم: نا برام من دەزانم تۆ موحتاجی، ئیتر ئێمە بەڕێ کەوتین، ئەویش بەڕێ کەوت، بەڕاستی ئەو کاتە میللەتەکە هەمووی بێزار بوون، کەس ئاگای لە کەس نەبوو، وەکو مردن وا بوو، وەکو ئەوە بوو ئینسان ڕوح بدات، هەر کەس خواخوای بوو دەرباز ببێ و بڕوات، هەبوو خۆشی دەکوشت، من خۆم کەسم نەدیت، بەڵام وەک دەڵێن هەبوو لە داخا ئینتیحاری دەکرد، وا بزانم شەش حەوت نەفەر لە کوردستان ئینتحاریان کرد.

دوای ئەوەی گەیشتینە ئێران و هەندێ لە گرفتەکانمان لە کۆڵ بوونەوە، کاک ئیدریس گوتی: برۆ چەند ڕۆژێک لە ماڵ ئیسراحەت بکە، ئینجا وەرەوە، چوومەوە بۆ ماڵ، ماڵمان لە مەهاباد بوو، بێ وەزع بووین، ماڵمان لە کووچەی "برقی" بوو، ماڵێک دوو ژووریان دابووینێ بەکرێ، کە گەیشتمەوە و خەڵکەکە چاویان بە من کەوت، ڕیشم هاتووە و هەواڵی شکستی شۆڕشیان بیستبوو، دیارە خەڵکی مەهابادیش کوردپەروەرن، بەڵێ کە چاویان بە من کەوت بەم شێوەیە هەموو دەستیان کرد بە گریان، هەر تێکڕا بە ژن و منداڵ، هەموو

هاتن و بووە گریان، گریانێک وەکو یەکێک خۆشەویستترین کەسی لێ بمرێ، ئەو خەڵکە دەیانناسیم، پێشتر ماڵمان لەوێ بوو، دەهاتم و دەچووم، هەر هەموو دەستیان کرد بە گریان، زۆر نارەحەت بوون، منیش لەگەڵ وان دەستم کرد بە گریان، ئینجا مامەوە لە ماڵ و ئیسراحەتێکم کرد، چ ئیسراحەت؟! دەبێ بڵێین ئیسراحەت، ئەگەرنا ئیسراحەت نەبوو، حەسرەت و کارەسات بوو!!.. ئیتر ئەوە بوو پاش هەفتەیەک گەڕامەوە و چوومەوە بۆ بارەگەی بارزانی بۆ لای کاک ئیدریس و کاک مەسعوود و لای برادەرانی تری مەکتەبی سیاسی و لێژنەی مەرکەزی، هەموو لەوێندەرێ بوون، کۆبوونەوەیەک کرا بارزانییش خۆی ئامادە بوو، هەندێ قسەی کرد بیرمە گوتی: "خوا کەریمە و خوا بەرەحمە، ئیشەڵا ڕۆژێک دێت، ئێمە جارێکی تر دەگەڕێینەوە ناو میللەتی خۆمان و وەزعەکە دەگۆڕێ و دەبێ تەحەمول بکەین، چارە نییە پیلانێکە و لە دژمان کراوە"، دوای ئەوە کۆبوونەوەی لێژنەی مەرکەزیشمان کرد، ئیتر خەڵکەکە بەداخەوە دەستی کرد بە گەڕانەوە بۆ عێراق، بێ ئەندازە خۆیان تەسلیمی عێراق کردەوە، زۆر لە کەوادر و ئەندامی قیادی گەڕانەوە، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم بڕیارم دا نەگەڕێمەوە و لەگەڵ بارزانیی نەمر بمێنمەوە، وام بڕیار دا بۆ خۆم و ئەوەی پێم کرا لەگەڵ برادەرانیش وام پێ دەگوتن، هەبوو بەگوێی نەدەکردم، ڕۆژەکە وابوو بڕیار درا بچین لە ئۆردووگاکان قسە بۆ خەڵکەکە بکەین و هاوکاری و مساعدەیەکیشیان بکەین بە پارە، هەر خانەوادە و بە پێی نفووس، من و دوکتۆر مەحموود و سەلیمی کاک ئەسعەد و میرخان دۆڵەمەڕی و دوو سێ برادەری تر، چووین بۆ هاوکاری، لەوێ هاوکاریمان دابەش کرد بەسەریاندا، بەڵام زۆر زەحمەت بوو، زۆر ناخۆش بوو، تووشی گرفت دەبووین، هەبوو دەچوو تەسلیم دەبووەوە، قسەشیان دەکرد، هەندێ قسەی ناشیرینیان دەکرد، بەهەرحاڵ لەوێش تەواو بووین و گەڕاینەوە.

## لێژنەیەکمان دروست کرد بۆ هاوکاریی لێقەوماوان

ڕۆژێک کاک ئیدریس و کاک مەسعوود منیان بانگ کرد و گوتیان: ئێمە بەتەماین شتێک بکەین، گوتم: فەرموو، گوتیان: وەڵا ئێمە بەتەماین تۆ بکەینە کوێخای خۆمان، گوتم: چۆن، گوتیان: دەمانەوێت دەستەیەک دابنێین بۆ ئێرە و تۆ ڕیش سپییان بە، ئیدارەی بارەگای بارزانی بکە، گوتم: باشە بەسەرچاو، هەرچەندە ناخۆشە، بەڵام ئەوڕۆ ڕۆژی ناخۆشییە، ئینسان لە ڕۆژی ناخۆش کار بکات و بەرپرسییەتیشی هەبێت باشە، پێم گوتن من ئامادەم، ئینجا لێژنەکە بریتی بوو لە "من، عەبدولوهەیمن بارزانی، کەریم سنجاری، قادر جەباری، خورشید شێرە، مەجید ئەمین " ئەوانە بووینە دەستەیەک بۆ ئیدارەی بارەگای بارزانی، بۆ ئەوەی کاری خەڵک بکەین و هاوکاریی خەڵک بکەین، ماوەیەک لەوێ ماینەوە، ئیتر بڕیار درا خەڵکەکە دابەش بکرێ بەسەر شارەکاندا، ئێمە کۆمەڵێک لە سەرکردایەتی و ئامر هێز و لێژنەی مەرکەزی و سێ کەسیش لە بنەماڵەی بارزانی، وەکو شێخ شەفیع و شێخ وەحید و ئەو کۆمەڵە کەسانە، ئەوەی ماوە و نەڕۆیشتوون، سەد خانوویان بدەنێ لە "عەزیمییە" کە گەڕەکێکی شاری کەرەج بوو "شا" بڕیاری دابوو، ئینجا هەندێکیان خانوویان زوو بۆ کرا و ڕۆیشتن، ماڵی بارزانییان زوو برد بۆ ئەوێ، من ماڵم لە مەهاباد بوو، من و کاک خورشید شێرە لە مەهاباد بووین، هاتوچۆمان دەکرد، دوای ئەوەی ئەوان چوون ئیتر بارەگای بارزانی نەما، ئێمە ماینەوە لە مەهاباد و ئیتر کۆمەڵێ خەڵکی تریش لەوێ بوون و ئەوانیش مانەوە، ئەوانەی ناویان نووسرا بوو بۆ "عەزیمییە" بچن خانوویان بدەنێ لەوێ خەڵکەکەیان دابەش کرد، بۆ ناوچەی مەشهەد و بۆ ناوچەی مازندەران و ناوچەی کرمان بڵاو بوونەوە، خەڵکەکە دەگریان، ناخۆش بوو لێک دادەبڕان،

وەکو ئارد بەناو دڕکدا بکەی وایان لێ کرد، جا ئەوەی دێتە بیرم بەڕاستی کوڕێک هەبوو "سەیدعەبدوڵا"یان پێ دەگوت، ئەو سەید عەبدوڵایە لە "شیر و خورشید" ئیشی دەکرد، ئێستە پێی دەڵێن "هلال احمر" لە ئێران، بەس ئەو وەختە شیر و خورشیدیان پێ دەگوت، کورد بوو خەڵکی مەهاباد و ئەو ناوە بوو، پیاوێکی باش بوو، ئەوە خەڵکەکەی بەڕێ دەکرد و تەسلیمی دەکردن، هەموو جارێ ئەم پیاوە دەستی دەکرد بەگریان، دەگریا دەتگوت تازە دایک و باوکی مردوون، بەداخەوە زۆری نەخایاند ئەمری خوای کرد، بە بڕوای من هەر لە داخی ئەو کارەساتەدا مرد، بۆ ئێمەش هەر ناخۆش بوو، دەبا هەر وەجبەیەک دەڕۆیشت، ئێمەش حازر بووینایە، بچین بەڕێیان بکەین.

شەوێک لە ماڵ بووم دەوری نوێژی عیشا بوو، تازە نانمان خواردبوو، تەلەڤزیۆنی مەهاباد هەبوو هەندێک جار بەکوردی بەرنامەی پێشکێش دەکرد، بەرنامەی کوردیی هەبوو، بەرنامەی فارسیشی هەبوو، بینیم ئافرەتێکی بێژەر هات بانگەوازێکی خوێندەوە، بەس ئەو کەم دیار دەبوو، هاتە سەر تەلەڤزیۆن و زۆر بە سۆزەوە قسەی کرد، گوتی: ئەمشەو هەندێ مێوانمان هەن کە هی کوردستانی عێراقن و دابەش دەکرێن بۆ شارەکانی ئێران و ئێستە بار و ڕەوشیان باش نییە و لە مزگەوتن، داوای کرد لە دووکاندارەکان هەر کەسێک دووکانی خۆی بکاتەوە و ئەو خەڵکەشی لە ماڵ شتی هەیە، هەرچی پێویستە و پێتان دەکرێ، بۆیان ببەن، بەڕاستی ئەوەی گوێی لێ بوو، گریا، ئەو بێژەرە زۆر بە سۆزەوە باسی کرد، ئەو کات منیش ئامۆزایەکم لەگەڵدا بوو، ناوی فاخر بوو، گوتم: فاخر تۆش بڕۆ بزانە هەندێک شت ببە لەگەڵ خۆت، نازانم چی هەبوو لە ماڵەوەمان هەندێ شتی حازر کردبوو، گوتم ئەگینا لە بازاڕ ئەگەر دووکان هەبوو هەندێ خواردن و شتی وا لەگەڵ خۆت ببە و بڕۆ هەرچەندە خۆ ئێمە خۆشمان هەر ئاوارەین، بەڵام ئێمە لە خانووداین و باشین، دوای ئەوە هاتەوە گوتی: کاکە وەڵاهی حەشر بەرپا بووە، هەرچی مەهابادییە هاتووە.

لە چەند مزگەوتێک لە ئوردووگای "ڕەبەت" بوون لای "سەردەشت" خەڵک

یەکجار زۆر بوون، دوو سێ هەزار کەس دەبوو، لەو مزگەوتانەی مەهاباد هەموویان دابەش کردبوون، هەروەها "فاخیر" گوتی: جۆرەها شت و خواردنیان هێناوە بۆ ئەو خەڵکە، لەلایەک پیاو دڵتەنگ دەبێت، لەلایەک هیمەت و پیاوەتی و غیرەت و یارمەتیی ئەم خەڵکەی مەهاباد بۆ خەڵکی ئێمە جێگەی دەستخۆشییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بێژەرە کچە ئەوەندە بە سۆز و عاتیفە بانگەوازەکەی خوێندەوە، خۆزگە دەخوازم ئێستانێکە گوێم لەو جۆرە دەنگانە بووایە لە تەلەڤزیۆنەکانی خۆشمان، بەو سۆز و خرۆشە باسی کێشەی خۆیان و میللەتی خۆیان بکردایە.

## دابەشبووغان بەسەر شارەكانی ئێراندا

لە مەهاباد ماینەوە تا ماوەی ساڵێک، ئێمە حەڤدە هەژدە ماڵ مابووین و بەیەکەوە بووین دەچووینە ماڵی یەکتر و ڕۆژمان دەبردە سەر، بەڵام ناخۆش بوو ئەم خەم و بەسەرهاتە بەهیچ پڕ نەدەبووەوە تا نەورۆزی ساڵی ١٩٧٦ ئێمەیان گواستەوە بۆ عەزیمییە، چ ڕۆژێک شکستمان خواردبوو هەمان ڕۆژ ئێمەیان گواستەوە، هەموویان خڕ کردینەوە هەر بە دوو ماڵ و سێ ماڵ کۆستەرێک کە ئەوان پێی دەڵێن "مینی بوس" و بیست کەس دەگرێ، من و ماڵباتی کاک خورشید شێرە بە هەردووڵامان هەژدە کەس بووین، ئێمەیان سواری کۆستەر کرد، ئەوانی تریش هەروا هەر هەژدە ماڵبات گواسترانەوە. لە "ورمێ" یش کاک "عەلی عەبدوڵا" و "حەمەدئەمین بەگ" و "عەبدوڵا ئاغای پشدەری" و "حاکم حەسەن" و ئەوانیش یازدە عائیلە لەوێ بوون، ئەوانیشیان ئامادە کرد و ئێمەیان بردە لای ئەوان و لەوێ بەڕێیان کردین و دوو سەیارەی جەندرمەیان لەگەڵ ناردین، یەک لە پاش و یەک لە پێش کۆنترۆڵیان کردین تا ئێمەیان بردە عەزیمییە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: لە مانگی ئاداردا بوو شۆڕش شکستی خوارد، ئێستەش لە ئازار "نەفی"مان دەکەن و لە کوردستان بۆ وڵاتی "عەجەمستان" دەمانگوازنەوە، دەبێ ساڵێکی تر بۆ کوێمان ببەن و چیمان لێ بێت؟!. بەڕێ کەوتین بە خۆمان و منداڵەکانمان گەیشتینە ناوچەی "تەورێز" تونێلی لێ بوون سەیارە و قەتار و ئەمانە بە ناویدا دەڕوات، منداڵەکان نەیاندیتبوو، دەگەیشتینە ئەو کونانە دەیانکردە چەپڵەلێدان و هەڵاوهوریا و زیقەزیق، منیش ڕووم کردە کاک خورشید شێرە و گوتم "کاک خورشید ببینە ئێمە دەگرین بۆ حاڵی خۆمان و وەزعی خۆمان، ئەو منداڵانەش چ دەکەن بەناو تونێلدا تێ دەپەڕن، وا دەزانن لە بەهەشتن"، بەهەرحاڵ ڕۆیشتین و گەیشتینە

عــەزیمیـــیـــە، لەوێش چاوەڕوانی ڕۆژێکی ئازاد بووین، بڕوامـــان بەبارزانی ئارامیی پێ دەبەخشین،

بەراستی گەورەیی بارزانی و دڵسۆزیی ئەو پیاوە بۆ کوردستان فێری خۆڕاگری و لە خۆبووردوویی کردین، بارزانی لای من ئێستەش حاڵەتێکی ڕوحییە، من بارزانیم کە ناسیوە و لەگەڵی بووم تەئیدی ڕێبازی ئەوم کردووە، بەو بڕوایەی سەرکردەیەکی ئەزموونداره و هەموو ژیانی خۆی و خانەوادە و عەشیرەتی لەسەر کورد دانا، من بەبیرم دێ چ پێش ئەوەی بیبینم، چ دوای ئەوەی بیبینم و تا کۆچی دوایی کرد، بیروڕام وا بووە ئینسان هەر لەگەڵ ئەودا خۆی ببەستێتەوە، ژیانی خۆی و چارەنووسی خۆی لەگەڵ ئەودا گرێ بدات بۆ بەرژەوەندیی مـــیللەتەکـــەی، دیارە لە بەینی بارزانی و مندا هیچ پێـوەندییـــەکی کـۆمـــەڵایەتی نەبووە، یەک ناوچە نەبووین، هـی یەک بنەمـــاڵە نەبووین، یەک عەشیرەت نەبووین پێوەندییەک غەیری کوردایەتی لە بەینماندا نەبووە، بەڵام من پێش ئەوەی ببم بە پارتیش بارزانیم ناسیـــوە و زووتریش باسم کرد چۆن ناوی بارزانیم هاتە گوێ و چۆنم بیست، من هەمووده‌م ڕۆژ بەڕۆژ خـۆشـــەویستـیی بارزانیم لا گەورەتر بووە و زۆر جار ئەو قسـەیەم کردووە، سێ کەسم لە عومرم زۆر خۆش ویستووە، سێ کەس کە ناودارن، یەکەم بارزانیی بووە، دووەم جەمال عەبدولناسر بووە، ئەویش وەکو زەعیمێکی عەرەب، وەکو دۆستێکی بارزانیی نەمر، وەکو سەرکردەی شۆڕشێک، سێیەم عەبدولکەریم قاسم بوو کە پێم وا بوو عەبدولکەریم قاسم، عێراقی ڕزگار کرد لە ڕێژیمێکی کۆنەپەرست و دواکەوتووی دژ بە کورد، لەبەرئەوە ئەویشم زۆر خۆش دەویست، بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە بارزانی بوو، لە گەنجێتییەوە وەکو یەکێک عاشقی یەکێک بێت و لای خۆشەویست بێت، بارزانی لەلای من وا بوو، ئێـــستـــەش هەر وام و هەر لە هزر و دەروونمدا بەردەوامـــە، یانـی تا ئێستە بەقەدەر یەک گەردیلە لەکەیەکی نەچووەتە سەر بۆ ئەوەی من لابدەم یا پەشـیـمـان بم یان گـومـــانم بۆ دروست بێت، جا لەبەرئەوە من خـۆم کـە لە نێزیکیشـەوە دەمناسی و بەخـزمـەتی گەیشتـووم، ئەویش منی زۆر خـۆش

دەویست، بۆ مێژوو دەیڵێم، زۆر جاران ئیشی تایبەتیشی پێ دەسپاردم بۆ هەندێ کاری لێکۆڵینەوە و کۆمەلایەتی، بەدڵنیاییەوە خۆشەویستێکی وا لە غەریبی و دەربەدەری و شکست، کە وڵاتمان بەجێ هێشتبوو میللەتێکمان لەدەست دابوو، شۆڕشێکمان لەدەست دابوو، هەرگیز ناکرێ پشتی تێ بکەیت.

## بارزانی کۆچی دوایی کرد، بەڵام شۆڕش بەکۆتا نەهات

کە شۆڕشی ئێران بەرپا بوو، بڕیار بوو بارزانی بگەڕێتەوە، هەرچەندە زۆر ناخۆش بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردە نابێ تێک بچێ و دەبێ بیر لە هەنگاوی تر بکاتەوە، من خۆم لەسەر نانخواردن بووم کە هەواڵم بیست، هەواڵی کۆچی دوایی بارزانی، بەدەست خۆم نەبوو، گریام و فرمێسکم پێ ڕانەگیرا، بەڵام ئێمە دوو برامان هەبوو، کاک مەسعوود و کاک ئیدریس دوو گەنجی تازە پێگەیشتوو، ئەو وەختە گەنج بوون سەرەتای ئیش و کاریان بوو، تەمەنیان لە دەوری چلساڵدا بوو، ئومێدمان زۆر بوو کە ئەگەر "بارزانی"ش نەمێنێ پێکەوە دەتوانین ئەو ڕێبازە و ئەو کاروانە بەڕێوە ببەین و بەرەو پێش بچین، ئەو بڕوایەمان هەبوو، ژیان عومرێکە بەکۆتا دێت و خەڵکی تر دروست دەبێ، هەموو مێژوو وا بووە، خەسارەتێکی یەکجار گەورە بوو، ڕاستە پڕکردنەوەی ئەو جێگەیەش ئاسان نەبوو، بەڵام ئومێدیشمان زۆر بوو، ئەوە بوو توانیمان ئێمە ئەو کارەساتەی کە بەسەرمان هات و ئەو هەموو دەربەدەری و شکستە سەرباری، ئەو مەینەتییانە و کۆچی دوایی بارزانی، هەموویمان بەرگە گرت، بەڵام تەسلیمی نائومێدی نەبووین، شیعرێکی فارسی هەیە دەڵێ "در ناامیدی بسی امید است، پایان شب سیه سفید است" من زۆر جاران ئەوەم دەگوت و ئومێدم بەخۆم دروست دەکرد، واتا لە نائومێدی زۆر جار ئومێد دروست دەبێ، هەموو شەوێکی تاریک، ڕووناکیی بەدوا دێت، ئەمە شیعرێکی "حافز"ە، زۆر بڕوام بەوە بوو، هەر واش بوو، ئەو ناخۆشی و ئەو بەسەرهات و بارگرانییانەمان وردە وردە ڕەوییەوە و لێژنەی "ئامادەکاری" دروست کرا، کۆبوونەوەیەکمان کرد کاک ئیدریس و کاک مەسعوود هەردوو بەشدار بوون لەگەڵ هەڤالانی سەرکردایەتیی پێشوو، کۆنفرانس لە ئەورووپا

بەسـتـرا ئینجـا کـۆنگرەیش بـەسـتـرا، لە ناو کـۆنگرە زۆر شـتـی باش کـرا، کـۆنگرەی نۆ کـۆنگرەی گـەشـەکـردنەوەی حـزب بوو، پارتی سـەرلەنوێ خـۆی دروست کـردەوە، دیارە شۆڕشی ئێران شۆڕشـێکی جەماوەری بوو، بەڵێ، ئەو شـۆڕشـەی ئـێران بۆ ئێـمـە بـووە نیـعـمـەتێک و بووە هـۆکـاری ئەوەی ئـێـمـە ببووژێینەوە و دروست ببینەوە.

## کاک ئیدریس گوتی، منیش دەنگ دەدەم بە کاک مەسعوود

لەو سەروبەندەدا توانیمان کۆنگرە ببەستین، نێزیکەی سێ سەد و چل کەس لە کۆنگرەکەدا بەشدارییان کرد و کادری باش و حەماسێکی باش هەبوو، ئەوە بوو لە ناو کۆنگرەدا بەتێکڕای دەنگ کاک مەسعوود لە جێی سەرۆک بارزانی هەڵبژێردرا، مەزەندە وا بوو کە کاک ئیدریس خۆی کاندید بکات، پێیان گوت: گوتی ئەسڵەن شتی وا نییە ئەگەر کاک مەسعوود خۆی کاندید بکات منیش دەنگی خۆم دەدەم بە کاک مەسعوود، ئیتر بە تێکڕای دەنگ کاک مەسعوود هەڵبژێردرا، لە ناو کۆنگرەدا، پرۆژەی ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان هەبوو کە لە کۆنفرانسی ئەورووپا ئیقرار کرابوو، بەرنامەی تازەی حزبی تێدا بوو، دۆست و دوژمنی لێک کردبووەوە، کە دۆستمان کێیە و دوژمنمان کێیە، بەرنامەمان چی بێت؟ هۆکارەکانی شکستمان چی بوو؟ هەمووی تێدا ڕوون کرابووەوە، ئەو بەرنامەیە لە ناو کۆنگرەدا خوێندرایەوە و کرا بەیەکێک لە دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتیمان و ئیقرار کرا، کە ئەمە زۆر گرینگ بوو، خەسڵەت و ڕواڵەتی پێشکەوتنخوازیشی پێوە دیار بوو. ئەحزابی سۆسیالیست و ئازادیخواز، دۆستمانن، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان و داگیرکەران دوژمنمانن، لێکمان جودا کردنەوە و کۆنگرەکە بەرچاوی ڕوون بووەوە و کۆمەڵێ بڕیاری تریش دران، لە حزبەکانی دەرەوە و لە زۆربەی ئەحزابی پارچەکانی تری کوردستانیش برووسکەمان بۆ هات و پیرۆزباییمان لێ کرا، بەتایبەت لە حزبەکانی کوردستانی تورکیا و نوێنەری حزبی شیوعیی عێراق کە وەکو میوان هاتبوون و بەشدار بوون لە کۆنگرەکەدا، ئەمانە هەمووی حاڵەتی مژدەبەخش بوون.

له کۆنگرەکەدا بڕیار درا بەرەیەکی کوردستانی و بەرەیەکی عێراقییش دروست بکرێت، دواتر ئەوە بوو، بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی "الجبهة الوطنية الديمقراطية" "جود" و بەرەی کوردستانیش دروست بوو، جگە لەمە بڕیار درا وەفدێک بەسەرۆکایەتیی کاک مەسعوود بچێ بۆ بینینی دوکتۆر قاسملۆ، کاک مەسعوود چوو لە مەهاباد لەگەڵی دانیشت بە ئومێدی ئەوەی ئێمە ببین بەمیانگیری بۆ ئەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێک بکەون و شەڕ نەبێ، هەتا ئەو ڕۆڵ و دەورەشمان بینی، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبووین، چونکە دەستی لەوە گەورەتر هەبوو ویستی تێکی بدات، لە ناو کۆنگرەدا کۆمەڵێک لە قیادەی موەقەت وەکو "سامی عەبدورەحمان، جەوهەر نامیق، وریا ساعاتی، ئەو مەجمووعەیە لەگەڵ کاک سامی بوون" هەشت نۆ دە کەس دەبوون خۆیان کاندید نەکرد، ئەوانە ئەندامی قیادەی موەقەت بوون زۆر هەوڵ درا کە بێن و خۆیان کاندید بکەن، نەیانکرد، بەڵام خەڵکی تر هەبوو خۆی کاندید کرد، هەندێک لە ناوەوە، هەندێکیش لەوانەی لە دەرەوە بوون لە ئەمەریکا و ئەوروپاوە هاتبوون و مەندووبی حزب بوون، ئەوە بوو لێژنەیەکی مەرکەزی هەڵبژێردرا، کە پێک هاتبوو لە بیست و یەک کەس، خەڵکی ڕێکوپێکی تێدا بوو لە ئاستی قۆناخ و ڕووداوەکاندابوون، هاوکات مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا، پێشتر گوتم، کاک مەسعوود بەتێکڕای دەنگ بوو بە سەرۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسییش پێک هات لە "عەلی عەبدوڵا" دوایی لە ناو لێژنەی مەرکەزی هەڵبژێردرا، بوو بە سکرتێر، هەڤاڵان کاک "ئیدریس بارزانی، فازڵ میرانی، دوکتۆر محەمەد، ساڵح جومعە، فەلەکەدین کاکەیی، نووری شاوەیس، ڕەئیس عەبدوڵا" ئەوانە بوون بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە بیست و یەک ئەندامی لێژنەی مەرکەزی حەفت کەس بوون بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، دیارە ئێستە پێویست ناکا ناوی هەموو ئەندامەکانی لێژنەی مەرکەزی بێنم، چونکە لە کتێبی"خەباتنامە" هەر هەموو ناوەکانی تێدایە، ئەو کات هەقیقەت هیچ بارەگامان نەبوو، حزب تازە لە نوێوە دروست دەبووەوە، یەکەمین کۆبوونەوەمان لە ماڵی هەڤاڵێکی خۆمان کرد لە

زێوه، له ماڵی "کاک خالید شیلی" ئێستەش ماوه، کاک خالید شیلی یەکێک له پێشمەرگە دێرینەکانی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول بوو، تا ڕادەیەک ئیمکانییەتیشی هەبوو، خانوویەکی هەبوو له ئۆردووگای زێوه چەند ژوورێکی هەبوو، هەقیقەت تا بارەگامان گرت ماڵەکەی هەروەکو بارەگا وا بوو، ماڵی خۆی بردبووه ماڵی برایەکی و ئێمە ماڵەکەیمان کرد بە بارەگای خۆمان و لەوێ دەمانەوه، بەڕاستی پیاوەتییەکی گەورەی کرد کە ئەوەش یەکێک له جوامێرییەکانی هەڤالانی پارتییە، لەوێ کۆبوونەوه کرا و ئیش دابەش کرایەوه بەسەر ئەندامانی لێژنەی مەرکەزی و لقەکاندا، لقەکانی حزب دروست کران، لقی حزبی نەمابوو له جیاتی ئەو هەرێم هەبوو، وەکو لقی حزبی ئەو تەنزیمە نەمابوو، زیندوومان کردەوه، چونکە له پێڕەو و پرۆگرامی نوێ زۆر شت گۆڕا، یەک لەوان دیاریکردنی بەرپرسانی لقەکانی حزب بوو، کاک "دوکتۆر جەرجیس حەسەن" کرا بە بەرپرسی لقی یەک، له بادینان، ئەوه بوو پاش ماوەیەک چوو بۆ ئەوێ، من کرام بە بەرپرسی لقی چواری سلێمانی، دیاره ئاسانیش نەبوو چونکە هیچ هێزی ئێمەی لێ نەمابوو، کاک خورشید شێره، ئەندامی لێژنەی مەرکەزی بوو بۆ لقی دوو دانرا، بەو شێوەیە لقەکانمان دروست کردەوه، دوای ئەوه دەستمان کرد بەئیش و دواتریش بارەگای مەکتەبی سیاسی دروست کرایەوه، هەر یەکەمان ڕۆیشتین بۆ ڕاپەڕاندنی کاری خۆمان.

## کاتی ڕۆیشتنمان بۆ هەورامان
## لەگەڵ سوپای عێراقی تووشی شەڕ هاتین

بڕیار درا من و کاک مولازم یونس و کاک ڕەشید عارف لەگەڵ کاک ڕەئیس عەبدوڵا، ئێمە هەرسێ لق بچین بۆ ناوچەی کرماشان و سەرپێل زەهاو لە سنووری عێراق لە دەڤەری خانەقین و قەسری شیرین، بڕیار درا، مەکۆی خۆمان ببەینە ئەوێ، یانی لەوێ داخیلی عێراق بین و چالاکیی خۆمان ئەنجام بدەین، بە هەقیقەت ئەو کات حزب هیچی نەبوو، هەرچۆنێک بێت، کەمێک ئیمکانیاتمان پەیدا کرد، ئیتر چووینە کرماشان، لە کرماشان ماوەیەک ماینەوە تا ڕێوشوێنی خۆمان بدۆزینەوە، هەندێک هێزی پێشمەرگەمان هەبوو لە ناوچەی هەورامان کە کاک نادر هەورامی فەرماندەی ئەو هێزە بوو لەوێ، پێوەندیمان لەگەڵ کاک نادر کرد بەهۆی جیهاز، گوتمان مەفرەزەیەک بنێرە بێ بۆ لامان، ئەوە بوو مەفرەزەیەکی سی کەسیی نارد، ئێمە لە ناوچەی سنووری قەسری شیرین، لە خاکی ئێران کە پێیان دەگوت شەریکەی زراعی، لەوێ کۆبووینەوە و دەستمان کرد بە کار و چالاکی. توانیمان هەندێ عەمەلییات بکەین لە ناو خاکی عێراقدا، بۆ ئەوەی دەنگی خۆمان بڵند بکەینەوە و بە دنیای بگەیەنین کە شۆڕش زیندوو بووەتەوە، ئەو وەختە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەمان نەبوو، هێشتان هیچ نەکرابوو، نەڕادیۆمان هەبوو، نەبڵاوکراوە، هیچمان نەبوو، نەماندەتوانی دەنگی خۆمان بگەیەنینە هیچ لایەک، ئیتر کۆمەڵێک چالاکیمان دژی ڕێژیمی عێراقی کرد، کە لە ئەنجامدا وای لێ هات عەرەبەکانی تەعریب ڕایان کرد، چونکە پاڵەپەستۆیەکی زۆریان کەوتە سەر و زۆر لە عەرەبەکان ئەوێیان بەجێ هێشت و چۆڵیان کرد، بێگومان ئەمە کاریگەرییەکی ئەرێنیی هەبوو لەسەر ناوچەکە و دەنگدانەوەیەکی باشیشی هەبوو لە ناو خەڵکی دەرەوە و ناوەوەش.

## ڕۆڵی ئەحمەد شەمێرانی

ئێمە بەردەوام بووین لە ئیش و کار، هێواش هێواش گەشەمان کرد، لە دواییدا هێزێکی ٣٠ نەفەری بەفەرماندەیی کاک ئەحمەد شەمێرانی کە لە دوایی شەهید بوو گەیشتە لامان، قارەمانێک بوو بۆ خۆی، ئامر بەتالیۆن و بەرپرسی ڕێکخراو بوو، پیاوێکی زۆر ئازا بوو، پیاوی وا ئازام کەم دیوە، کاک نادر کاک ئەحمەدی ناردبوو لەگەڵ ٣٠ پێشمەرگە بووینە برادەر، ئیتر ئامادەیی خۆمان کرد بچین بۆ هەورامان، بەینی ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین تا هەورامان زۆر دوورە، چەند ڕۆژێک ڕێیە بە پێ، ئێمە ڕۆیشتین، بەڵام لە ڕێگە تووشی شەڕ هاتین لەگەڵ سوپا و جاشی عێراق، ئێمە هێزێکی باش بووین نێزیکی هەزار پێشمەرگە دەبووین بەهەموو قووەتەکەی لقی پێنج و لقی سێ و ئێمە، هێزێکی سەرکردایەتیشمان لەگەڵ هاتبوو، نێزیکەی سێ سەد، چوار سەد کەس دەبوون، کاک عەریف دەروێش سندی هەبوو لەگەڵ حەمید ئەرگووشی، ئەوان بەرپرسی قووەتەکە بوون، توانیمان دەرباز بین و ڕێ بۆ خۆمان بکەینەوە، نێزیکەی دوو تا سێ ڕۆژەڕێ ئەو هێزانەی لەسەر ڕێمان بوون پاکسازیمان کردن و خەسارەتی زۆرمان لێ دان، ئەوان هاتبوونە ناو خاکی ئێرانەوەش، لە ئێرانیشەوە ڕێیان لێ گرتبووین، خەسارەتی زۆرمان لێ دان، دەستکەوتەکانمان باش بوون، هەندێ دۆشکە و فیشەک و کلاشینکۆف و قەناسە و شتی زۆرمان گرت بەمەش تۆزێک بووژاینەوە، چەک و شتمان بۆ خۆمان پەیدا کرد، ئینجا ڕۆیشتین و بەڕێ کەوتین، بۆ ناوچەی تاوگۆزی و شێخ سێلە، ئیتر ئێمە بڕیارمان دا وەکو لقی چوار بڕۆین بۆ هەورامان، لەوێوە بۆ هەورامـــــان سێ ڕۆژەڕێ دەبێ بە پێ، دەبووایە بە ئەرزی مەحەڕەمەیشدا بڕۆین، بە ئەرزێکدا کە خەڵکەکەی تەرحیل کرا بوو، چۆڵ بووبوو، شەست و سێ نەفەر بووین نانی سێ ڕۆژانمان هەڵگرت لەگەڵ خۆماندا و ئەو کاک ئەحمەدەمان لەگەڵ بوو، منیش بەرپرسی لقی چوار بووم، کاک قادر پیاوێکی زۆر ئازا بوو، ئەو تا ئێستە ڕەنگە شەش حەوت جار لە

شەڕدا بریندار بووبێت، کاک "مەلا عومەر محەمەد" هەبوو لەگەڵماندا بوو، ئەو ئەندامی کارگێڕی لق بوو، کۆمەڵێ پیاوی باش، سەید عاسی و حەمە سوور و حوسێن و ئەمان هەموو لەگەڵماندا بوون، کادیری سەربازیی ئازا و قارەمانی شۆڕشی ئەیلوول بوون. بەهەرحاڵ بەناوچەی محەرەمەدا بەڕێ کەوتین، بەڵام دوژمن حەیواناتیشیان بدیبا لە ئاسمان بە باوەشێنکە لێیان دەدا، ئێمە ناچار بووین بەو ڕێگەیانەدا بڕۆین و هەمووشمان ناشارەزا بووین، تەنیا کاک ئەحمەد شارەزا بوو، من بەش بەحاڵی خۆم پێشتر ئەو مەنیتقەیەم نەدیتبوو، بەڕێ کەوتین، دوو شەو ماینەوە و سێ ڕۆژیشمان پێ چوو، ئەمە لە ساڵی ١٩٨٠ بوو، لە مانگی چوار بەهار بوو، باران لەو مەنتیقەیە زۆر دەباری، بەهارێکی زۆر خۆشیش بوو، گیا زۆر بوو، دەغڵ و دان باش بوو، ئەو ناوچەیە هیچ ئینسانی لێ نەبوو، تەنانەت حەیوانیشمان نەدەدیت، جارێک دەنگی گورگم بەرگوێ کەوت، ئەگەرنا هیچی لێ نەبوو، هاتین شەوێک لە ناوچەی شەمێران ماینەوە لەسەر دەربەندیخان بوو، سەدی دەربەندیخان، شەو لەوێ ماینەوە و من کەوتم پێم لە جێ چوو، ئازارم زۆر بوو، ڕۆژی حەڤدە هەژدە سەعات بە پێ ڕۆیشتین، یەکجار ئازارم هەبوو، شەو پەکم کەوت، ئەوە بوو شەو ماینەوە، ئینجا دەبووایە لە زێی سیروان بپەڕینەوە، دەبووا بە بەلەم بپەڕینەوە، ئێمەش بەلەممان نەبوو، چی بکەین و چۆن بتوانین؟، کاک ئەحمەد هاتوچۆی کردبوو شارەزاییی هەبوو، گوتی: شەو بەلەمەوان هەن لە ئێرانەوە شتی قاچاخ دەهێنن دەتوانین لە ڕێی ئەوانەوە خۆمان دەرباز بکەین بۆ ئەوبەری ئاو، مانگەشەو بوو، ئەو ئێوارەیەش نانمان خەڵاس بووبوو، ئەگەر حکوومەت بیزانیایە ئێمە لەوێین بەدڵنیاییەوە هەرچی ئیمکاناتی خۆی هەیە دەیهێنا و بە باڵەفڕە دەگەیشتە سەرمان، هەرگیز دەرباز نەدەبووین، مەترسییەکی گەورەمان لەسەر بوو، موجازەفەیەکە لەو موجازەفەیە گەورەتر نابێت. من لەبەر ئێشی پێم درەنگ خەوم لێ کەوت، زۆر ماندووش بووم، کاک ئەحمەد شەمێرانی فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی هەورامان ڕێنیشاندەربوو، بەیانی بانگی کردم، ڕەنگە نیو ساعەتی مابوو ڕۆژ هەڵبێت، دەرنگیش بوو،

گوتی: هەستە، گوتم: "بەلەم"ت پەیدا کرد، گوتی: بەڵێ بەلەمم پەیدا کرد، هەستە با بڕۆین، هەستام هەرچۆنێ بێت بە شەلەشەل چوومە ناو بەلەمەکە، ئێمە شەست کەس بووین، دوو بەلەم بوو، هەر بەلەمێ دوازدە کەسی دەگرت، واتە هەر وەجبەی بیست و چوار کەس دەرۆیشتن، دەبووایە سێ جار بهاتبان و بچووبان، کاتیش زۆر کەم مابوو، بەلەمەوانەکان دەیانگوت: ئەم کاتانە باوەشێنکە دێت، دەیانگوت وەختی وا هەیە بیست، سی باوەشێنکە بەیەکەوە دێن لەسەر ئەم بەنداوە دەگەڕێن بۆ قاچاخ و بۆ پێشمەرگە، شانسی ئێمە ئەو ڕۆژە باوەشێنکە نەهات، مایەی خۆشحاڵی بوو؛ چونکە دەمانزانی تووش ببین دەرباز نابین، لە ناوچەرگەی دوژمن بووین، شاخەکان هەموو هێزی حکوومەتی لێ بوو، منیش پێم لە جێی چووبوو، نەمدەتوانی بڕۆم، بەهەرحاڵ پەڕینەوە، لەوبەر گوندێک هەبوو ناوەکەیم بەبیر نەماوە، هەندێ داروباری هەبوو، چووینە ئەوێ، کاک ئەحمەد کە چووبوو ئەو بەلەمانەی پەیدا کردبوو، نانی لە یەک دوو گوند پەیدا کردبوو کە لەسەر ئاوەکە لەوێ مابوون و تەرحیل نەکرابوون، بەو بەیانییە زووە هەندێ نان و خواردنی هێنابوو، چووین لەوێ کانییەک هەبوو لە بن دارێک لەوێندەرێ ماینەوە و ئیسراحەتمان کرد، نانمان خوارد تا ئێوارە عەسر ماینەوە، خوا کردی ئەو ڕۆژە هیچ باوەشێنکە نەبوو پێش ڕۆژ ئاوابوون بەڕووناکی بەڕێ کەوتین.

## کوێخای ئاوایی گوتی: مامۆستا پارەی باش دەکەیت

کاک ئەحمەد گوتی، دەچینە گوند، گوندێک هەبوو ئاوەدان بوو لە دەشتی شارەزوور گوندەکە ناوی "گورگەچیا" بوو، ڕۆیشتین، چوار سەعات بە پێ، بەمەزندەی خۆم ئەوەندە ڕۆیشتین، لە چۆڵەوانی تا گەیشتینە ئاوەدانی، گەیشتینە گوندی "گورگەچیا"، گوندەکە شەست حەفتا ماڵ دەبوو، ئێمە شەست و سێ پێشمەرگە بووین، هەر دوو سێ کەس چووینە ماڵێک بۆ نانخواردن، من و کاک ئەحمەد و دوو پێشمەرگەی تر چوار کەس چووینە ماڵی موختار، وا بزانم محەمەدی ناو بوو کاک ئەحمەد دەیناسی، موختاریش ئەحمەدی ناسی، موختار گوتی: کاک ئەحمەد دەزانی قووەتێکی جاشان دێتە گوندی "گورگەچیا" بۆ ڕێگرتن لە ئێمە تا زیانمان پێ بگەیەنێ، سالە خەیات و عوسمانی عەلی چەتوون و ئەوانە لێرە بوون، جا ئەوانە ئامر مەفرەزەی خاسە بوون هی حکوومەت، گوتی: دوێنێ شەو لێرە لە ماڵی من بوون، ئەحمەد گوتی: بۆچی هاتبوون، گوتی: کەمینیان دانابوو تەعقیبی یەکێکیان دەکرد، دەیانگوت بەرپرسێکی موهیمە، پارتییە، هاتبوون کەمینیان دانابوو یان بیگرن یان بیکوژن، گوتی: نەیانگوت ناوی چییە؟ گوتی: بەرێ وەڵا، دەیانگوت ناوی مەلا محەمەدە، کاک ئەحمەد ئاماژەی بۆ من کرد و گوتی: باشە چ دەڵێی ئەگەر ئەمە ئەو کەسە بێت کە ئەوان بۆی هاتبن، بەجۆرێک لە سەرسامییەوە گوتی: توخوا ئەمەیە، گوتی: بەڵێ، گوتی: مامۆستا بەخوا پارەی باشت لە پشتە، یانی پارەی زۆر دەکەی، گوتم: وەڵا برام خۆ زەحمەت نییە ئەوە لێرەم، بەخوا پێکانم ژان دەکا و پەکم کەوتووە بچۆ، ئێستە خەبەریان بدەرێ با بێن بمبەن و بمکوژن و پارەکەشی با بۆ تۆ بێت، گوتی: نا، شتی وا ناکەم، ئێوە بڕۆن من هەروا دەچم خەبەر دەدەم با باوەڕم پێ بکەن، گوتی: ناتوانم نەیکەم،

چونکه ســبــەینێ هـەر دەزانن، ئـەگــەر بزانـن من دەکــوژن دەڵێن چۆن تۆ موختاریت و خەبەرت نەداوە؟. گوتی: ئەنگۆ لێرە دەرچن من دەچم خەبەریان دەدەمێ، دەڵێم محەمەد مەلا قادر ئەمشەو سەعات ئەوەندە لێرە بووە و ڕۆیشت، هەروەها گوتی: بەس دەتوانم یەک درۆ بکەم بڵێم نازانم بۆ کوێ دەرچوون، چونکە نەچوومە دەرێ لێ نەگەڕان منیان لە ژوورێ حەپس کرد بۆ ئەوەی نەزانم بۆ کوێ دەچن، دوای ئەوە ئێمە شەست و سێ کەس بەڕێ کەوتین، شەو تاریک بوو، لە مەترێکدا یەکترمان نەدەبینی، ئەوە بوو دەرچووین لە گوند، سافیرەیەک لێ درا، عادەت وا بوو کە پێشمەرگە دەچوو دابەش دەبوو دوای ئەوە سافیرەیەک لێ دەدرا تاکو هەموو لە مزگەوت، لە شوێنێکی دیاریکراو کۆبنەوە، سافیرە لێ درا و کۆبووینەوە و بەڕێ کەوتین، ڕەتڵ دانرابوو، هەر پێنج کەس بەیەکەوە، هەر پێنج کەس یەک بەرپرسی هەبێ، لەوانەیە تووشی کەمین ببین، تووشی شەڕ بین، لەوانەیە کەمین لەسەر ڕێگە هەبێت؛ چونکە شەوی پێشتر هاتبوون ڕێیان گرتبوو. مەودایەکی زۆر کەم ڕۆیشتین و لەیەک دابڕاین، ئێمە سێزدە چواردە کەس، من و کاک قادر و چەند برادەرێکی تر دابڕاین لە یەکتر، جیهازمان پێ نەبوو، شەو تاریک، دەبێ تەنیا بەدەست ئیشارەت بدەی، نابێ قسەش بکەی کە دەڕۆی، چونکە ناوچەکە ناوچەرگەی دوژمنە، هەمووی معەسکەراتە و ئێمە لە ناوی دەڕۆین، شارەزا لەگەڵمانە ئەگەرنا لەوانەیە بچینە ناو مەعسکەرێک، ئەو ناوچەیە، بەتایبەت ئەو دەشتە پڕی سوپا بوو، مناوەراتیشیان هەبوو، ئیتر هەر سێزدە کەسمان خڕبووینەوە و گوتم وا باشە ئێستە بگەڕێینەوە؛ چونکە تازە ئەوان ڕۆیشتن، بەڵکو لە گوند کەسێکی شارەزا لەگەڵمان بێت، پێشمەرگەیەک لەگەڵمان بوو، "مەلا سۆران"یان پێ دەگوت، کە بەداخەوە لە دواییدا لە شەڕێکدا شەهید بوو، کوڕێکی زۆر قارەمان بوو، گوتی: مامۆستا من شارەزام هیچ خەمت نەبێ، من دەتانبەم، من بە پێشتان دەکەوم دەربازتان دەکەم، بەهەرحاڵ ئەو کوڕە بوو بەدەلیلمان و ڕۆیشتین، خوا و ڕاستان تووشی هیچ نەبووین و دەرباز بووین، دەمەوبەیانی نازانم بانگی بەیانیی دابوو یان نا، گەیشتینە بن چیای

هەورامان، پێویستە ڕۆژ هەڵنەیەت دەرباز بین و لەو ناوچەیەدا نەمێنین، لەوێ تاکە ماڵێک هەبوو مەڕداری شێخ عوسمانی بیارە بوون، شوانکارەی ئەو بوون، خاڵی یەکگرتنەوەمان لەوێ بوو، برادەرانی پێش ئێمە هێشتا نەگەیشتبوون ئێمە گەیشتین، خواخێریان بنووسێ ئاو و نان و هەندێ کەشکیان بۆ هێنابین بۆ ڕێگە، ئاو و نانەکەشمان هەر لەسەر پێ خوارد، گوتیان با چاتان بۆ بێنین، گوتمان کاکە وەختی هەندێ نییە و درەنگە دەڕۆین، بەس با برادەران بگەن، لەم قسانە بووین ئەوانیش گەیشتن، کاک ئەحمەد هێندە گریا بوو، گوتبووی باشە مامۆستا ئەگەر شتێکی لێ بێت من چی بکەم و بڵێم چی؟! کێ لە من قبووڵ دەکا کە دابڕاوین لە یەکتر؟!

## لە ڕێی هەورامان تەقەیان لێ کردین

بەڕێ کەوتین بەرەو شوێنێک پێی دەڵێن "سەنجلە" ڕێگەیەکە لە پشتی "بیارە"وە بۆ ئەوێ دەڕۆیشتین، گەیشتینە ئەوێ، برادەرێکمان ناوی "مەلا عومەر محەمەد" بوو، ئەندامی لق بوو، ئەو پەکی کەوتبوو، وەستا بوو، منیش پەکم کەوتبوو، بەس وڵاخێکمان پێ بوو، جار بەجار سواری ئەو وڵاخە دەبووین و ئیسراحەتمان دەکرد، هەندێک فیشەک و نان و شتمان لێ بار کردبوو، ئیتر "مەلا عومەر"یش بەتەواوی پەکی کەوت، گەیشتینە بن مەعەسکەرێک و گوتی: ناڕۆم، گوتم کاکە تۆ وەرە سواری وڵاخەکە بە من بە پێ دەڕۆم، بە شەلە شەل هەر چۆنێک بێ دەڕۆم، ماوەیەک ڕۆیشت، نازانم خەوی دەهات چی بوو بەربووەوە، وڵاخەکە ساتمەی کرد و کەوت، گوتی سوار نابم، کوڕە پیاوی باش بە، گوتی: نا بە پێ دەڕۆم، خەو گرتبووی، ماندوو بووبوو، ترسا بەگوڕکەوتەوە، وەڵا بەپێش خۆمان دا، خوا کردی چووین سەرکەوتین، بەڵام لە بن مەعەسکەرەکەوە ڕۆیشتین، ڕێیەکە وا بوو هیچ چارە نەبوو، بەینی ئێمە و مەعەسکەرەکەش باوەڕ ناکەم دوو سەد مەتر بووایە، نێزیکەی سەد و پەنجا مەتر بوو بەتەک مەعەسکەری بیارەوە تێپەڕمان کرد و لە سەرەوە سەربازێک دەهات و دەچوو، پاسەوان بوو، سەربازەکە هەستی بەئێمە کرد و تەقەی زۆری لێ کردین، هەر چۆنێ بێ خۆمان دەرباز کرد، ئەو ئێمەی نەدیت، بەڵام ئێمە دیتمان، بەیانی بوو دنیا تاریک و ڕوون بوو، هێشتا تاریک و لێڵ بوو کە ئێمە دەرباز بووین، دوور کەوتینەوە، دیار بوو هەستیان کردبوو کە ئێمە دەرباز بووین، بە هاوەن و بەدۆشکە و بەهەرچی لەلایان هەبوو تەقەیان لێ کردین، دۆڵێک هەبوو خۆمان لە دۆڵەکە بزر کرد، بەڵام بەرزاییەک هەبوو ڕووبەڕووی مەعەسکەرەکە لە چیایەک بوو دەبووایە لەوێ

ئاوا بین بۆ ئەودیو، ئیتر هەر یەک یەک ڕامان دەکرد و ئاوا دەبووین، ئەوانیش بە دۆشکە لێیان دەدایین، لە ڕێگەکەیان دەدایین، باش بوو بەسەلامەت دەرباز بووین و ڕۆیشتین و هیچمان لێ نەهات، چووین سەرکەوتین بۆ چیای هەورامان هەمووی بەفر بوو، بەڵام تا ڕادەیەک ڕێگەکە کوترا بووەوە، لەوێ کاک ئەحمەد گوتی: مامۆستا دەزانی هەندێک شەکر و چام هێناوە لەگەڵ خۆم، کتلییەکی ڕەشی خراپی پێ بوو، مۆمی غاز هەبوو لە ئێران، وەکو مۆم وا بوو هەر هی سەربازی بوو، ئەم غازانە بۆ حاڵەتی وا زۆر باش بوون، بەفرمان لە ناو کتلی کرد و بەفر تواوە و کوڵا و چامان تێ کرد و خواردمانەوە، گوتم: کاک ئەحمەد بەخوا سەرما هەڵی کرد، بەتانییەکمان پێ بوو لەسەر پشتی هێسترەکەوە بوو، گوتم: خۆم لە ناو بەتانییەکە دەنێم و پێنج دەقیقە دەخەوم چاشم خواردووتەوە هێزم برێک بۆ دروست دەبێ بۆ ڕۆیشتن، خەوتم، ڕەنگە دە دەقیقەیەک خەوم لێ کەوتبێ، ئیتر بەڕێ کەوتین، پێشمەرگەکانمان زۆربەیان کەوتبوون تاقەتی ڕۆیشتنیان نەما بوو، پێشمەرگەیەکی زیرەکمان لەگەڵ بوو، خەڵکی ناوچەکە بوو، لە پێش خۆماندا ناردمان گوتمان بچۆ بۆ لای کاک نادر هەورامی، بەڵکو هەندێک وڵاخ بنێرن، هی گوند بێ، هی خۆی بێ، بۆ ئەوانەی ناتوانن بڕۆن تاکو سواریان بکەین و بڕۆین، وەڵا ئەو کوڕە زیرەک بوو، ملی پێوەنا، یەک دوو سەعاتی پێ نەچوو، نازانین چۆن گەیشتبووە ئەوێ و چۆن هاتەوە هەر ئەوەندەمان زانی پەیدا بوو، چەند وڵاخێکی هێنا، ئێمەش وردە وردە دەڕۆیشتن لە دواوە، ئەوەی هەبوو هەر چۆنێک بوو پاڵمان پێوە دەنا بڕوا، بەڕاستی دوو شەو و سێ ڕۆژ هەر بەڕێوە بووین، برسی، ماندوو، بەنانی وشک، بەڕاستی مەترسیشمان لەسەر بوو، چووین گەیشتینە بارەگای کاک نادر هەورامی لە گوندی "بێرواس" گوندێک بوو پێنج سەد مەترێک لە سنوور دوور بوو، بەڵام گوندەکە لە ناو خاکی ئێران بوو، هەورامی بوون زۆربەشیان خزمی کاک نادر بوون، کاک نادر لە ئەسڵدا خزم و کەسی لەو گوندە بوون، گوندی "هانە گەرمەڵە" لەوێ ئیستراحەتێکمان کرد، لەوێ ماینەوە و دەستمان کرد بە ئیشی خۆمان، بە کاری ڕێکخستن و ئیشی سەربازی.

## سوپای عێراق
## بەپشتیوانیی هەندێک لایەن هێرشیان کردە سەرمان

لەو ڕێگە دوور و درێژەدا کە هاتین پێم لەجێ چووبوو، بەڕاستی ئازارم زۆر بوو، ئەوە بوو گەیشتینە بارەگای کاک نادر هەورامی، شەو وەستایەکیان هێنا "شکستەبەند" پێی هێنامەوە جێ و چاک بوومەوە و باش بووم، هەفتەیەک دە ڕۆژ هەر لە بارەگا دەرنەچووم، باش بوو، هیچ ڕووداوێکیش ڕووی نەدا، ئیتر شەوێک سەعات یەکی شەو زانیاریمان هەبوو مناوەراتی سەربازی هەیە، دوو فیرقەی سەربازیی سوپا لەو دەشتی شارەزوور و ئەمانە پەرت بووبوون، جاشیشیان زۆر خڕ کردبوونەوە بۆ ئەوەی هێرش بکەن بۆ سەر ئێمە لەو ناوچەیەدا، ئێمەش هێزی خۆمان ئەوەی هەمانبوون و ئەوی پێشتریش لەوێ بوون کۆمان کردەوە و سەنگەری قایمیان دروست کرد لەسەر سنووردا، شەو سەعات یەک، یەک و نیو بوو، دەستیان کرد بە قەسف، بەڵام قەسفی چی قیامەت بوو، بەپێی مەزەندە و زانیاریش، سی و دوو مەدفعییە قەسفی دەکرد، جاشەکانیش هاتبوون بۆ نێزیکی ئێمە تا هێرش بکەن بەڵام نەیانتوانی، هەندێ تەقەی دووریان کرد و کشانەوە، نەیانتوانی بگەنە ئێمە، سوپاس بۆ خوا، هیچ زیانی نەبوو، هەتا لە گوندەکەش زیان نەبوو، بەو جۆرە ماینەوە، بەهار هات و بەڕاستی وەزعمان خراپ بوو، جەماعەتێک هەبوون پێیان دەگوتن: سوپای ڕزگاری، جەماعەتی شێخ مادیحی کوڕی شێخ عوسمانی بیارە بوون، دوکتۆر مادیحیان پێ دەگوت ئێستە لە خاریجە، ئەمە بەرپرسی ئەم هێزە بوو، ئێرانی بوون، بەڵام سەر بە عێراق بوون، هاوکارییان لە عێراق وەردەگرت و تەنسیقیان هەبوو لەگەڵ عێراق، ئیتر لەگەڵ سوپای عێراقی شەڕیان پێ فرۆشتین، هەقیقەت تووشی شەڕێکی گەورە هاتین، ئەو کات

ئێران هێشتا خۆی نەگرتبوو، نەبووبووە دەوڵەتێکی تەواو تا کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکە بکات، دیموکرات هەبوون لەگەڵ ئەوان بەینیان خۆش نەبوو، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حزبی شیوعی تازە هاتبوونە دەرەوە و بارەگایەکیان هەبوو دوور بوون لە ئێمە، کۆمەڵەی ئێران هەبوون، یەکێتیی نیشتمانی هەبوو، بەینی ئێمە و یەکێتی زۆر خراپ بوو، حزبی سۆسیالیست هەبوو، لەگەڵ سوپای ڕزگاری تووشی شەڕ هاتین، شەڕێکی گەورە لە نێوان ئێمە وەک لقی ٤ و سوپای ڕزگاری کە دوکتۆر مادیحی شێخ عوسمانی بیارە دروستی کردبوو، دژی ئێران بە هاوکاریی عێراق ڕووی دا، ئیتر حزبی دیموکرات هات و کەوتە بەینمان، هەقیقەت خەڵکێکی زۆر لە سوپای ڕزگاری هاتنە کوشتن، ئێمەش هەندێ شەهید و بریندارمان هەبوو، ئەو شوێنانەی لەدەست ئەوان بوون هەموومان گرت و کۆنترۆڵمان کرد، بەڵام ئێمە بێ پارە بووین، بێ ئەرزاق بووین، بێ ئیمکانیات بووین، دوور بووین لە سەرکردایەتیی خۆمان، دابڕا بووین، زۆر زەحمەت بوو، دوای ئەوە دیموکرات کەوتە بەینمان و هودنەیەک دروست بوو.

## بەهاوکاریی حزبی دیموکرات ناوچەکەمان بەجێ هێشت

ئێمە بۆ خۆمان وەکو لق کۆبوونەوەیەکمان کرد، من و کاک قادر و کاک نادر و بەرپرسەکانی سەربازی، بڕیارمان دا ئینسحاب بکەین، ئەو ناوچەیە بەجێ بێڵین، گوتمان ئێمە پارتیزانین لێرە نا لە جێیەکی تر، لەگەڵ حزبی دیموکرات، پێوەندیمان هەبوو، برادەرێک هەبوو ناوی "ئەنوەر" بوو، دوای ئەوە بیستمان شەهید بوو، بەداخەوە، کوڕێکی زۆر باش بوو، ئەویش هەورامی بوو، هات بۆ لامان و پێمان گوت: ئێمە بڕیارمان داوە بکشێینەوە و لەم ناوچەیە نامێنین، گوتمان: بەڵام حەز دەکەین ئەمە بەنهێنی بێت، عێراق نەزانێ؛ چونکە ئەوان پێوەندییان هەبوو لەگەڵ عێراق، گوتمان: تۆ کارێکی وا بکە نەزانرێ و هاوکاریمان بکە بۆ ئەوەی دەرباز ببین لەو سنوورە، چەند سەیارەیەکمان گرت، سەیارەکان "لۆری" بوون، ئێمە نێزیکەی سێ سەد و پەنجا تا چوار سەد پێشمەرگە دەبووین، جادەیەکی سنووری هەبوو لە خاکی ئێرانەوە دەڕۆیشت، چۆڵیش بوو ئەو ناوچەیە، هەر چۆن بوو توانیمان خۆمان دەرباز بکەین و بچین بۆ ناوچەی سەرپێلی زەهاو، ناوچەی کرماشان، جارێکی تر گەڕاینەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە لێی هاتبووین، بەهەرحاڵ ماوەیەک ماینەوە لەوێ، ئینجا دوای ئەوە سەرکردایەتی بڕیاری دا، بگەڕێینەوە ناوچەی ڕاژان، کە مەکتەبی سیاسیی لێ بوو، کە هاتینە ناوچەی کرماشان کۆمەڵێک هێزی تریشمان لەوێ هەبوون، لەگەڵ ئەوانیش لێکمان دان، هێزی لقی سێ و پێنج و ئەمانە، ئیتر لەوێ حەرەکەتمان کرد، ئێرانیش هاوکاریی کردین بۆ ئەوەی ڕێمان بدەنێ بچین بۆ ناوچەی ڕاژان، ئیتر چووین بۆ ناوچەی "زێوە" هاتین و لەوێ ماینەوە بەمەبەستی خۆ ڕێکخستنەوە، لقەکانی تریش دەستیان بەئیش کرد، لقی چوار و لقی سێ و لقی پێنج تازە دروست ببووبوو، ئینجا لەوێ کۆبووینەوە، دواتر چووین بۆ ناوچەی قەڵادزێ.

## دروستبوونی "بەرەی جود"

لە ٢٩/١١/ ١٩٨٠دا بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی عێراقی "بەرەی جود" لە نێوان حزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ئەم سێ حزبە هاتە ڕاگەیاندن، دوای ئەوە "پاسۆک"یش هاتە ناو بەرەکە، بەرەی جود پاش ماوەیەک فراوان بوو، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان کە ئەو برادەرانەی پێشتر باسم کرد و گوتم خۆیان کاندید نەکردەوە و جودا بوونەوە، پاش ساڵێک حزبێکیان دروست کرد بەناوی "پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان"، لە کۆتای ساڵی ١٩٨٠دا بوو، دروست بوون، ئەوانیش هاتن و پێوەندییان کرد، بەڵام درەنگ نەک هەر پاش دروستبوونی بەرەی جود" حزبی تەجەموعی عێراقی" هەبوو ئەوانیش هاتن، حزبی سۆسیالیستی عێراقی کە "ئەبوعرووبە" سکرتێری بوو، ئەویش هات، بەرەی جود بووینە حەفت حزب، سکرتارییەت دروست کرا، ڕۆژنامەی بەرە دروست بوو، بەناوی "بەرە" بەڕاستی لەو ماوەیەدا چالاکیی باش کرا و هەموومان بەیەکەوە کارمان کرد، "من و ئەبوحیکمەت لە حزبی شیوعی و هەندێک جاران مولازم خدر و من لە پارتی و "کاک مولازم کەریم هەبوو لە پاسۆک و سەید کاکە و هەنێک جاریش مامۆستا سەعد" ئەوە سکرتارییەتی جود بووین، هاوکات مەکتەبی تەنسیقی سەربازییش بووین، یانی کارەکانی سەربازییش بەیەکەوە ڕێکمان دەخست، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ "یەکێتیی نیشتمانی" پێشتریش گرژی و ناکۆکی دروست بووبوو لەو ماوانەش تووشی هەندێک شەڕ و ناخۆشی بووین لەگەڵیاندا، هەقیقەت شتێکی باش نەبوو، هەروەها لەگەڵ "حزبی دیموکرات"یش تووشی گیروگرفت بووین لەو ماوەیەدا، ئەمانە هەمووی ڕووی دا، هەمووی ڕووداوی ناخۆش بوون، پێم خۆش نییە زۆریش باسیان بکەم، چونکە شتی باش نین، ئێمە بەم شێوە بەردەوام بووین،

ئیـتـر ئەو ناکـۆکی و ناخـۆشـیـیـە لە بـەینی یەکـێتی و هـەمـوو لایەنەکـانـی تری کــوردســتــانـی دروست بوو ئـەویش هـەمــوو دەســتـی دوژمـنان بوو، دوژمـنان دەیانویست ئـەو گـیروگـرفت و نـاکـۆکـیـانـەمـان هـەبێ. ساڵـی ١٩٨٣ ئـەوەمـان قۆستەوە کە حکوومەتی عێراق لاوازە و بێ هێزە وتمان بچین بۆ لای هێزەکانی بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی عێراقی "جود" لە ناوچەی وەرتێ و "خانەقا"، بڵێین ناوچەی "سۆران" تاکو زەبری باش لە حکوومەت بدەین، هێزێکی باشمان ڕێک خست کە هێزی بەرەی جود بوو، ئەو وەختە ئێمە چوار حزب بە یەکەوە هێزمان هەبوو، پارتی بوو، شیوعی بوو، سۆسیالیست بوو، پاسۆک بوو، هەریەک بەپێی قەبارەی خۆی هێزی هەبوو، هەرگاڤ هێزی هاوبەشمان بەکار دەهێنا و لێژنەیەکی تەنسیقی سەربازییشمان هەبوو، قیادەی ئەو هێزەی دەکرد "من بووم، مولازم خدر بوو کە ئێستە ماوە، ئێستە ڕاوێژکاری سەرۆکە بۆ کاروباری سەربازی، شیوعی بوو، ئێستەش هەر شیوعییە، سەید کاکە بوو، لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە پاسۆکیش شەهید مولازم کەریم بوو، بەم دواییە کە پاسۆک هاتنە ڕیزی پارتی، کاک مولازم کەریمیش ئەویش بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەداخەوە لە شەڕێکی ناوەخۆ شەهید بوو، ئێمە ئەمانەی ناوم بردن لێژنەی تەنسیقی سەربازی بووین لەو ناوچەیە و کاک ئیدریس سەرپەرشتیی دەکرد و کاک زەعیم عەلی و مولازم بابەکر، ئەوانیش بەشدار بوون لەگەڵماندا، چووین بۆ ئەو ناوچەیە، ڕێگەیان پێ گرتین، باوەشێنکەکانی حکوومەتیش کە دەهاتن بۆ سەر ئێمە ناوچەکانی ئێمەیان قەسف دەکرد لەوانیان نەدەدا، بەسەر ئەواندا کە دەهاتن زۆر نزم بوون دەهاتنە خوارێ، بەڵام کە دەگەیشتنە ئاستی ئێمە زۆر بەرز دەبوونەوە لەبەرئەوەی ئێمە بە "بی کەی سی" و دۆشکە تەقەمان لێ دەکردن، ئەوە بوو شەڕێکی گەورە دەستی پێ کرد، شەڕەکە نێزیکەی دوو هەفتەی خایاند، ئێمە بەڕاستی پاڵەپستۆیەکی زۆرمان لەسەر بوو، هێزێکی زۆری حکوومەت بە باڵەفڕ و باوەشێنکە و مەدفەعیش لە هەموو لایەک قەسفی ئێمەیان دەکرد، ئیتر سەرکردایەتی بڕیاری دا کە ئێمە پاشەکشێ بکەین و ئەو ناوچانە بەجێ بێڵین، بەڕاستی شەڕەکە بووە نابەرابەری.

## نیازی کوڕم لە شەڕێکی دەستەویەخەدا

ئەو کاتە نیازی کوڕیشم لەگەڵم بوو، پێشمەرگە بوو، منداڵیش بوو، ئەو وەختە هەر هەژدە ساڵ دەبوو، زۆر زیرەک بوو، لە شەڕیشدا ئازا بوو، ئەو و چەند کەسێک بوون، نێزیکەی پازدە پێشمەرگە پاسەوانی خۆم بوون، زۆر لێی دەترسام و هەمووردەم دەمویست کۆنترۆڵی بکەم و لە دوای من بێت و نەکەوێتە پێشم، ئینسان پێی خۆشە خۆی بکوژرێ کوڕی نەکوژرێ، شەوێک شەڕ بوو تا بەیانی زۆر ماندوو بووین، هیلاک بووین، شەڕەکە وەستا، ئەو جەبهەی کە لێی بووم زۆر گەورە بوو، ئەوەی لەوێ لەگەڵ من بوون، ڕەنگە پەنجا شەست پێشمەرگە دەبوون، کاک شێخەلا ئیبراهیم کە ئێستە ئەندامی پەرلەمانە، ئەویشم لەگەڵدا بوو، ئەو کاتە کارگێڕی لق بوو، پێشمەرگەکان گوتیان دەچینە سەرئاو خۆمان دەشۆین، گوتم: باشە بڕۆن، مەجموعەیەک لێرە بمێنن لەگەڵ من ئەوانی تر بچن، منیش خەوتم.

دیار بوو هێزێک لە جادەوە هاتبوون دزەیان کردبوو بۆ نێزیکی جەبهەکانی ئێمە، لەو کتلەی خوارێ کە ئاخری قەندیلە و چیای "کونە کۆتر"ی پێ دەڵێن زۆر بەرزە، کوڕێکم لەگەڵدا بوو "دوکتۆر ساڵح"یان پێ دەگوت، بەرپرسی حیمایەکانی منیش بوو، کوڕێکی زۆر ئازا بوو، پیاوی وا ئازا کەمە، زۆر سەرگەرمیش بوو.

بەڵێ من ڕەنگە نیو سەعات سەعاتێک خەوم لێ کەوت؛ چونکە شەوەکەی هەمووی نەخەوتبووم، لە پڕ بوو بە تەقە تەماشام کرد کەسم لەلا نەبوو، بەس دوکتۆر ساڵح لەوێ بوو، گوتم: دوکتۆر کێ لە نوقتەی پێشەوەیە، گوتی: نازانم!! گوتم: چۆن نازانی؟ گوتی: وا بزانم نیاز لەوێیە، ڕامان کرد، خۆم و دوکتۆر ساڵح چووین بۆ نوقتەکە، کە چووین دوو سێیەک دیار نەبوون وەکو

بلـێی خـەویان لێ کـەوتبـوو، بینیم نیـاز بـە تاقی تەنیـا لە ناو سـەنگەر بوو، ژمـارەیەکی زۆر هێـرشـیـان بردبوو، لێیـان دەدا بە "ئار پی جی"، لە ڕەبیـەکەی ئێـمـەیان دەدا، ئەویش بە تەنیـا تەقـەی لێ دەکـردن، زۆرم پێ سـەیر بوو، ئێـمـە گەیشتینێ و جەماعەت هـی تریش هـاتن لێمان دان و شکان و هەڵاتن.

## شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی کوردی باکور

بەیانییەکی زوو بوو، لەگەڵ "نیاز" نانمان دەخوارد، لە گوندی "لێوژێ" بووین، قەرەباڵغییەکی زۆر بوو، ڕەنگە چوار سەد، پێنج سەد پێشمەرگە دەبووین، چوار باوەشێنکە هاتن، بەسەر ناوچەی "یەکێتی"دا هاتن و بەرز بوونەوە بۆ سەر ئێمە و یەکسەر دەستیان کرد بە بۆردمان، جۆرە مووشەکێک هەبوو "ئەسوسێت"یان پێ دەگوت، ئاراستەکەی دەگۆڕا لە نیشان لانادات، ئەمە جاری یەکەمم بوو دەمبینی، دوایی پرسیم ئەوە چییە؟ گوتیان: ئەوە "ئەسوسێت"ە، مووشەکی ئەسوسێتی فرەنسی، باوەشێنکەکان بەو ئەسوسێتانە بۆردمانیان کردین، ئەو کات پێشمەرگەکان فرنیان پێ کردبوو، فرنیش بەرمیل بوو بەدار ئیشیان پێ دەکرد زوو نان پێ دەگەیشت، باوەشێنکەکان گەیشتن ئێمەش "کالیبر پەنجا"مان پێ بوو، ئەویش جۆرێکە لە ڕەشاش پێی دەڵێن "کالیبر پەنجا"، یانی عەیار پەنجا و ئەمەریکاییە، گوللەش زۆر بوو، عەدەدەکەی ئێمە تەقەی لێ کردن بەرز بوونەوە، ئێمە لە نێزیک فرنەکە بووین، فرنەکە دیوارێکی پتەوی بۆ کرا بوو، لەوێ بووین بۆ ئەوەی پارچەی مووشەکمان پێ نەکەوێت، لە بن دارێک بووین، لە دارەکەی ئێمەی دەدا و هەندێ ساچمە و پەلە دارمان پێ کەوتن، بەڵام زیانی نەبوو، لەو لای ئێمەوە کوڕێک وا بزانم ناوی "مەسعوود" بوو خەڵکی لای زاخۆ بوو، پێم وایە بەئەسڵیش خەڵکی کوردستانی باکور بوو، لەوێ پێشمەرگە بوو لەگەڵ هێزێکی لقی یەکی بادینان هاتبوو، ئەو کوڕە ڕەشاشێکی "دیکتاریۆف"ی پێ بوو تەقەی لە باوەشێنکەکان کرد هاوارم کرد، کوڕە مەسعوود تەقە مەکە کەشف دەبیت، بەداخەوە کەشف بوو بەمووشەکێک لێیان دا شەهید بوو، دوای ئەوە چوومە سەر جەنازەکەی شێوا بوو، زۆر پەرێشان بووم بۆی، گەنجێکی

ئازا شـــەهیــد بوو، خـــەڵکی ئەم وڵاتە نیــیـــە، ئەوجــا چی بکەین؟! چۆنی بشـارینەوە؟ ئەوەش خـەمێکە، بەڕاستی ئـاسان نەبوو، کوڕێکمـان لەگەڵدا بوو ناوی "شـێـخـە" بوو، تۆزێک خـزمـایەتیی لـەگەڵ مـندا هـەبوو، پیـاوێکی قـارەمـان بوو "شـێـخـە ڕەشـیـد"یـان پێ دەگـوت ئەندامی ناوچەی دەشـتـی هەولێـر بوو، بەرپرسی هـێـزێک بوو، گـوتی: مـامـۆسـتـا من پشـتـێـنەکـەم گـەورەیە دەیبـڕین دەیکەینە کـفـن، ئیـتـر پشـتـێـنەکـەی ئەومــان نیـوە بـڕی و کـردمـانە کـفـن و شـووشـتـمـان، گـوتم: شـووشـتنی ناوێ چونکە شـەهیـدە، بـەڵام ئەوان هـەر شـووشـتـیـان و بردمـان لە نێـزیک خـۆمـان هەندێ دار هـەبـوون، دیار بوو کۆنە قەبرستان بوو، قەبری تری لێ بوو، لەوێ ناشـتمان، خۆشم نوێژم لەسـەر کرد، لە ژیانیشم نوێژم لەسـەر مردوو نەکردبوو، ئەوە یـەکەم نوێژ و لەوانەیـە ئـاخیـر نوێژیش بێ، هـەندێ قسـەشـم کرد لەو چرکەسـاتە پێشمـەرگـەکان هـەموو بۆ ئەو کوڕە گریان و خـۆشم لەگەڵیان هاتمە گریان، بەداخـەوە زۆر ڕووداوی وامـان دیوە، بۆیە لە یادکردن و فەرامۆشکردنی زەحمەتە.

## ئەو دەمەی لە قەندیل بووین

قەندیل هەمووی لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە بوو، حکوومەت تەنیا لە ناوچەی قەلادزە و سەنگەسەر و حاجی ئۆمەران و ئەوانە هەبوو، قەندیل دەکەوێتە بەینی سەنگەسەر و قەلادزێ و حاجی ئۆمەران، چیایەکی زۆر گەورە و سەختە، هەمووی بەفرە، زۆزانی وەکو هەڵگورد و قەندیل کەمە، بەڵام قەندیل لە هەڵگوردیش بەفری زیاترە، چونکە هەڵگورد هێندەی قەندیل گەورە نییە، هەڵگورد چیایەکە یەک ترۆپکی گەورەیە و تەواو، قەندیل دەیان لووتکەی تێدایە، ڕووباری تێدایە، زۆر گەورەیە، من لە وەختی پێشمەرگایەتی زۆربەیم دیوە.

بۆ نموونە لە خوارەوە بەڕێ دەکەوتین بەرۆژێک نەدەگەیشتین، من خۆم قەت نەمتوانیوە بە ڕۆژێک بیبڕم، بەیانی هاتووین بۆ "گۆمی کرمە سووران" گۆمی کرمە سووران لە لووتکەش نییە، بڕێک دادەبەزێ بەرەو عێراق، شەو لەوێ دەماینەوە و بەیانی هەڵدەستاین بەڕێ دەکەوتین، بۆ نموونە دەڕۆیشتینە ناو دەشت و ئەو ناوچانە بەدوو ڕۆژ دەمانبڕی و دەگەیشتینە ئاوەدانی، ناخۆشیش بوو لە مانگی نۆ بەولاوە تا مانگی شەش نابێ پێی دابێی، پێی دابێیت، لە سەرما دەتکوژێ، خەڵک هەبووە لە مانگی دە بەفر ڕەقی کردووەتەوە و کوشتوویەتی، هاوینی نییە تا مانگی شەش هەر زستان حسێبە، هاوینیشی بەهارە لە مانگی شەش دەست پێ دەکات تا مانگی نۆ، لە سەرەتای مانگی نۆ بەکەڵک نامێنێ بۆ ژیان مانگی شەش و حەفت و هەشت، ئەو سێ مانگە مرۆڤ دەتوانێ لەوێ بژی، هەر لەو ناوچەیەدا دۆڵی شەهیدانیش هەیە بەرامبەر "قرناقە و پشت ئاشان" و "سینە مۆکە" کۆمەڵێک گوندن، دێتە خوارێ لە قەندیل دێتە پشت ئاشان، دێتە قرناقە، نێزیکەی

حەڤدە هەژدە گوند بوون وەختی خۆی، بەس کاتێک کە ئێمە لەوێ بووین ئەو گوندانە هەمووی تەرحیل کرابوون، چۆڵەوانی بوو، هەمووی باخ و مێرگ و کانی بوو، بەڕاستی ناوچەیەکی یەکجار بە خێر و بەرەکەتە، ئەوجا کۆتاییی ئەو دۆڵە تەنگەبەرێکە پێی دەڵێن "دۆڵی شەهیدان"، دۆڵی شەهیدان دەست پێ دەکات بۆ ناوچەی سەنگەسەر، دۆڵێکی تۆزێک عاسێیە، ئیتر بەو شێوەیە بەردەوام بووین.

## نەوشیروان مستەفا بە کاک ئیدریسی گوت:
## لەمەودوا وەکو هەڤاڵێکی خۆت و پێشمەرگەیەکی کوردستان قبووڵم بکە

ناکۆکی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرەی جود بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی وەفدی پارتی بەسەرۆکایەتیی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی و وەفدی یەکێتی بە سەرۆکایەتیی مام جەلال لە تاران گەیشتنە یەکتر و بەهاوکاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێککەوتنی دووقۆڵی ئیمزا کرا و ڕێک کەوتینەوە، ئەو ناخۆشی و ناکۆکییە لە نێوانماندا نەما و دۆخەکە گۆڕا، پارتی هەوڵی دا لەگەڵ لایەنەکانی تریش یەکێتی ئاشت بکاتەوە، ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ یەکێتی لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٦ بوو، لە هەمان ساڵدا کۆنگرەیەک بەسترا بەناوی کۆنگرەی "نصرة الشعب العراقي" یانی کۆنگرەی سەرکەوتنی گەلی عێراق، شاندی ئێمە شەش کەس بوون بە سەرۆکایەتیی کاک ئیدریس بارزانی، ئینجا من و کاک فازڵ و کاک فەلەکەدین کاکەیی و کاک عوسمان قازی بەڕەحمەت بێت و کاک شەوکەت بامەڕنی و کاک عەلی عەبدولاش لەوێ بوو، سکرتێری پارتی بوو، بەڵام هەر کاک ئیدریس سەرۆکی شاندەکەمان بوو ئەویش هات بووین بە حەفت کەس، وەفدی پارتی لە تاران لە هۆتێل ئیستقلال بوو، وەفدی یەکێتیش پێک هاتبوو لە "نەوشیروان مستەفا، دوکتۆر فواد، ڕەفعەتی مەلا و یەکێکی تریش بوو چوار کەس بوون"، وەفدی سوسیالیستیش پێک هاتبوو لە "ڕەسووڵ مامەند و دوو برادەری تر، لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لە هەموو لایەنی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی لە دەرەوە و ناوەوە هاتبوون نێزیکەی دوو هەزار کەس دەبوون، لەو کۆنگرەیەدا کاک ئیدریس دەوری زۆر سەرەکیی هەبوو، ئەو کۆنگرەیە زۆرتر ئێرانییەکان سەرپەرشتییان دەکرد و

بەڕێوەیان دەبرد، بەناو عێراقی بوو، ئێمە ئەحزابی کوردستانی دوازدە سێزدە کەس بووین، ئەوانی تر هەموو ئیسلامی بوون بەناوی شیعە و سونە، کورد یا عەرەب یا هەرچی بووایە هەمووی ئاینی بوون، تەنیا ئێمە نەبێ عیلمانی بووین، بەڵام هێزمان هەبوو، پێشمەرگەمان هەبوو، مەیدانی خەباتمان هەبوو لە کوردستان، دیار بوو، نیازێک لە ناو کۆنگرەکە هەبوو، باسی مەسەلەی کوردی نەکرێ، هەر کۆنگرەیەکی عێراقی بێت و بۆ پرسی ڕزگاریی عێراق بێت، ئێمە لەبەرئەوەی خاوەن هێز و پێگەی خۆمان بووین، گوتمان ئەوە قبووڵ ناکەین ئەگەر وا بێ کۆنگرەکە بەجێ دێڵین و بەشداریی ناکەین، لەبەرئەوەی ئێمە مەسەلەکانی تریش بەجمکی مەسەلەی خۆمان دەزانین، ئیتر زۆر موناقەشە کرا، ئێمە لە بەینی خۆماندا کۆ بووینەوە و یەکمان گرت، ئەم سێ لایەنە عیلمانییە لە کوردستان پێشنیازمان کرد سێ تەرحمان هەبێ، تەرحی یەکەم مافی چارەنووس، ئەگەر مافی چارەنووس قبووڵ نەکرا، "رێککەوتننامە"ی یازدەی ئادار لەگەڵ هەندێ پێشڤەچوون و هەندێ تەعدیلات و خاڵی گرینگی تێدا ئیزافە بکرێت، ئەگەر ئەوەش قبووڵ نەکرا، بڵێین مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان ئەگەر هەموو ئەوانە نەبوو، موقاتەعەی کۆنگرە بکەین و بەجێی بێڵین، ئێمە حەوت کەس بووین و یەکێتی چوار کەس و سوسیالیست سێ کەس، ئەوە چواردە کەس، ئێمەیان دابەش دەکرد لەسەر لێژنەکانی کۆنگرە، بۆ نموونە من و نەوشیروان مستەفا لە لێژنەیەک بووین، کاک ئیدریس و برادەرێکی تر لە لێژنەیەک بوون، کاک فەلەکەدین و برادەرێکی یەکێتی لێژنەیەک، بڕیارمان دا ئەگەر گەیشتە مەسەلەی کورد هەموومان لێژنەکانی خۆمان بەجێ دێڵێن و بچینە لای کاک ئیدریس و لەوێ ببینە یەک دەنگ و هەموومان قسە بکەین، هەر وامان کرد، کە دەست پێ کرا و گوێمان لێ بوو کاک ئیدریس قسەی دەکرد، زانیمان و یەکسەر چووین، کاک ئیدریس کە چاوی بە ئێمە کەوت و بووینە هێزێک، ئێمە زۆرتر بووین لەو لێژنەیەشی کە دانرابوو، نەشیانتوانی بڕۆنە دەرەوە، چونکە ئێمە ئەندامی کۆنگرە بووین و هەقمان هەبوو لەوێ بین، ئیتر دەست کرا بەگفتوگۆ و داوای مافی چارەنووسمان کرد، دیار بوو زۆر گفتوگۆ کرا لەسەر

حوکمی زاتی و یازدەی ئادار، سوودی نەبوو، نەگەیشتنە بڕوا، گوتمان ئاخر بڕیارمان مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانە، ئەگینا بەجێی دێڵین، ئیتر لەوە هەڵوەستەیان کرد، هەندێک ڕاوێژیان کرد و قبوولّیان کرد، ئەمە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو، کۆنگرەکە چوار ڕۆژی خایاند، پاش کۆنگرە کاک نەوشیروان هات وا بزانم من و کاک فەلەکەدین بووین لە ژوورێکدا، هاتە لامان و گوتی: حەز دەکەم پێکەوە بچینە لای کاک ئیدریس، سەرێکی لێ دەدەم و خواحافیزی دەکەم و دەچمەوە بۆ لەندەن و سەر لە ماڵەوە دەدەم، گوتمان باشە، ئەوە بوو "کاک فازڵ میرانی"یش هات من و کاک فازڵ و کاک فەلەک لەگەڵی ڕۆیشتین، بەڕاستی کاک ئیدریس ئینسانێکی سادە و خاکی بوو، نموونەی خەسڵەتگەلێکی باش بوو، کە چووینە لای و لەگەڵی دانیشتین، قسەی لەگەڵ کاک ئیدریس کرد گوتی: "کاک ئیدریس هەقیقەت من زۆر زوڵمم لە تۆ کردووە و لە دوورەوە دژی تۆ زۆر شتم گوتووە و زۆر شتم کردووە، بەڵام لێرە ئیعتیراف دەکەم زۆر بەهەڵەدا چووم و غەڵەتم کردووە، تۆ کەسێکیت موستەحەقی ئەوە نەبووی کە من کردوومە، تۆ مستەحەقی ئەوەی کورد خەڵاتت بکات، چونکە ئەو دەورەی کە تۆ بینیت لە کۆنگرەکەدا بەخوا لەم ڕۆژگارە بەکەس نابینرێت، دەورێکت دیت کە بەهەموو جورئەت و تەلاقەت و لێبووردووییەک گفتوگۆت کرد و ئەوەت کرد تا ئێمە توانیمان شتێک بکەین و ئابڕووی خۆمان بپارێزین، تۆ نەبووای پێمان نەدەکرا، یان دەبووا کۆنگرەکە بەجێ بێڵین کە ئەویش گرفتێکی گەورە دەبوو بۆ دوارۆژمان لەگەڵ ئێران، یان خوانەخواستە ڕووڕەشییەکمان بۆ دەمایەوە کە ئێمە نەتوانین لە کۆنگرەیەکدا هیچ شتێک بۆ کورد بکەین، بەڵام تۆ ئێمەت ڕزگار کرد، لەبەرئەوە من داوای لێبووردنت لێ دەکەم، تکا دەکەم بمبووری لەم شتانەی لە دژی تۆ گوتوومە، لەمەودوا وەکو هەڤاڵێکی خۆت و پێشمەرگەیەکی کوردستان من قبووڵ بکە" کاک نەوشیروان وا قسەی لەگەڵ کاک ئیدریس کرد، ئەو برادەرانەیش هەموویان لەوێ بوون ڕەنگە خۆیشی لە بیری مابێت، ئۆمێد دەکەم کاک نەوشیروان ئەم قسانەی لە بیری نەچووبێ، ئیتر بەو شێوەیە کۆنگرەکە تەواو بوو.

## هەندێک لە سەربازە دیلەکانی عێراقمان ئازاد کرد

لە دوای تەواوبوونی کۆنگرە گوتیان بچین بۆ لای "مونتەزەری" جێگری ڕێبەر بوو، هێشتا ئیمام خومەینی مابوو، لە "قوم" دادەنیشت، کاک ئیدریس گوتی: ئێمەش دەچین، بەڕێ کەوتین، "محمد باقر الحکیم" یش ڕێبەری مەجلیسی ئەعلا، کە بەداخەوە بەو دواییانە شەهیدیان کرد لە نەجەف، ئەویشمان لەگەڵدا بوو، خەڵکێکی زۆر بووین.

کە چووین بۆ قوم لە ڕێگە سەربازگەیەک هەبوو تایبەت بە دیلەکانی عێراق کە لە ئێران دیل کرابوون، سەربازگەیەکی گەورە بوو، ڕەنگە چەند هەزار دیلی عێراقیی تێدا بووبێت، دیار بوو گوتیان ئەگەر حەز دەکەن تەماشای ئەم سەربازگەیە دەکەین، گوتمان: باشە، لاریمان نییە و دەچین، ئەوە بوو ڕۆیشتین، دیلەکان هەندێکیان کورد بوون، کە زانییان کاک ئیدریس هاتووە و لەگەڵ ئەو وەفدەدایە خۆیان لەسەر سیمی سەربازگەکەوە هاوێشت و هەموویان هاتن بۆ لای ئێمە، هاتن بۆ لای کاک ئیدریس، بەڕاستی ئێمە زۆر دڵتەنگ بووین بۆیان، دیلەکان بەکاک ئیدریسیان گوت: کە زانیمان تۆ هاتووی حەزمان کرد بتبینین، ئەوانەی توانییان خۆیان بگەیەننە لای ئێمە نێزیکەی هەشت نۆ کەس دەبوون، ئێمە بەجودا دیمانن، گوتیان بەڵکو هەوڵێکمان بۆ بدەیت بەرمان دەیت؛ چونکە مەجلیسی ئەعلاش هەندێ کەسی ئازاد کردووە، مەگەر ئێوە وەکو پارتی شتێکمان بۆ بکەن، کاک ئیدریس بەڵێنی پێ دان و گوتی: شەرت بێ من ئیشی لەسەر بکەم، کە گەڕاینەوە هەقیقەت زۆر ئیشی لەسەر کرد و هەندێ دیلیش ئازاد بوون، ئەوانەی کە ناسراو بوون و تەزکییە کران، ئینجا چووین بۆ لای "مونتەزەری" و لە دیدارێکدا ئەو هەندێ قسەی کرد و ئێمەش قسەی خۆمان کرد و گەڕاینەوە، ئیتر بەو شێوەیە کۆنگرەکە

کۆتاییی پێ هات و گەڕاینەوە بۆ عەزیمییە، کاک ئیدریس ماڵی لە عەزیمییە بوو منیش ماڵم لەوێ بوو، بەڵام برادەرانی تر هەندێکیان ماڵیان لەوێ نەبوو بۆیە گەڕانەوە بۆ "ڕاژان"، منیش یەک دوو ڕۆژ مامەوە و دوایی چوومە لای کاک ئیدریس و گوتم: کاک ئیدریس من دەچم ئاخۆ جەنابت دەگەڕێیتەوە؟ کاک ئیدریس گوتی: من ڕەنگە هەفتەیەک بمێنمەوە و ئەگەر تۆ دەچی بڕۆ بگەڕێوە بۆ مەکتەبی سیاسی.

## له ڕۆژێکی گرینگ و بەرچاودا
## کاک ئیدریس ماڵئاوایی لە پارتی و کوردستان کرد

من چوومەوە بۆ مەکتەبی سیاسی و چاوەڕێ بووین کاک ئیدریس بێتەوە، ئەوە بوو ئێوارەیەک، "غەریب" هەبوو، شۆفێری کاک ئیدریس بوو، لە پڕ پەیدا بوو لە مەکتەبی سیاسی لە "ڕاژان" گوتم: غەریب دیارە کاک ئیدریس گەڕاوەتەوە؟ گوتی بەڵێ هاتینەوە و تازە گەیشتووین و کاک ئیدریس ئێستە لە سلێڤانەیە لە ماڵی کاک مەسعوود. "سلێڤانە" مەرکەزێکی ناحیە بوو وەکو ڕاژان، زۆر دوور نەبوو، تەنیا چەند کیلۆمەترێکە، ئیتر ئەو ڕۆژە یەکێتیی نیشتمانی وەفدێکیان ناردبوو، وەفدێکی حزبی شیوعیی عێراقیش هاتبوون، ئێمە لە بەینیان بووین، کە پێکیان بێنینەوە و ئاشتبوونەوەیەک لە بەینی ئەوانیش دروست ببێ، لەو سەروبەندەدا بوو کاتێک تەلەفۆنی نێوان ڕاژان و سلێڤانە لێی دا، بانگیان کردم، کە چووم یەکێک قسەی کرد و وتی: باری تەندروستیی کاک ئیدریس زۆر خراپە و بردیان بۆ ورمێ و لە دواییدا زۆری پێ نەچوو ئاگەداریان کردمەوە کەوا ئەجەل دەرفەتی نەدا، منیش گەڕامەوە بە برادەرانم گوت، ئیتر کۆبوونەوەکەمان دواخست، ئێمەش مەکتەبی سیاسی زۆربەمان لەوێ بووین، کاک عەلی بوو، کاک فازڵ، من بووم، برادەرانی تر هەندێک لەوێ بوون، بەڕاستی هەواڵێکی ناخۆش بوو، مەرگەساتێکی گەورە بوو، زۆر ناخۆش بوو، ئیتر ئەجەلیش لە ئیرادەی خوایە، پاش ڕۆژێک عێراق ئیعلانی کرد گوتی: ئێمە کوشتوومانە و بەباڵەفڕە لێمان داوە، بەڵام درۆیەکی شاخدار بوو، هیچ ئەسڵ و ئەساسی نەبوو، کاک نێچیرڤان خۆشی لەگەڵیدا بوو ئەو کاتەی کە گەڕابوونەوە لە عەزیمییە، بۆ بەیانی خەریکی ناشتنی بووین و بردمان بۆ لای گۆڕی بارزانی لە هەلەج، "هەلەج" گوندێکە لە مەرگەوەڕ، لەوێ

ناشتمان، جەماوەرێکی یەکجار زۆر ئامادە بوو، ئەو ڕۆژە سی و یەکی مانگی یەک بوو، لەو کاتەشدا بەفرێکی زۆر دەباری، ئەوە بوو پرسەمان لە مزگەوتی ڕاژان دانا، مزگەوتێکی گەورەی لێ بوو، چەند ڕۆژ خەڵکێکی یەکجار زۆر هات، هەقیقەت لە کرماشان و سنە و هەموو شارەکانی کوردستان، دۆستەکانی پارتی و دۆستەکانی کاک ئیدریس و ئەوی دەیانناسی خەڵکێکی زۆر هاتبوو، لە ١٩٨٥/٦/٩دا حکوومەتی عێراقی زێوەی بۆردمان کرد، هەشت باڵەفڕە بوون نێزیکەی ٢٠٠ کەسیان شەهید کرد، نێزیکەی سێ سەد، چوار سەد کەسیش بریندار بوون، هەمووی پێشمەرگە و خەڵکی ئۆردووگا بوون، ئۆردووگاکە هی خۆمان بوو، هەمووی خانەوادەی پێشمەرگە بوو، پیاوەکان پێشمەرگە بوون و ئەوانی تریش ژن و منداڵ بوون، ئەم ڕووداوە زۆر ناخۆش بوو، لەگەڵ کاک مەسعوود بارزانی چووین بۆ سەر جەنازەکان و بەسەرکردنەوەی بریندارەکان، خەڵک هەبوو پارچە پارچە بووبوو، لایەکی گەڕەکێک وێران کرابوو، ئۆردووگاکە پازدە شازدە هەزار کەسی تێدا بوو، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم تەنیا هەڵوێستێک کە لە بیر ناکرێت هەڵوێستی "موعەمەر قەزافی" سەرۆکی لیبیایە، کە هی لە بیرکردن نییە، ملیۆنێک دۆلاری بەخشی و ناردی بۆ ئەوانەی کە زەرەرمەند بوون لە ئۆردووگای زێوە، ئەوە بوو دابەش کرا بەسەر خانەوادەی شەهیدەکان و بریندارەکان، دەتوانین بڵێین تاکە کەس بوو هاوکاریی ئەو لێقەوماوانەی کوردی کرد، هاوکات ئێرانیش هاوکاریی زۆری کردین بەڵێ ساڵی ١٩٨٥ ئەو ڕووداوانەی تێدا بوو، ڕووداوی خۆش و ناخۆش، ڕێککەوتنەکان هەموو خۆش بوون، وەفاتی بارزانی هەر لەم ساڵانە بوو، وەفاتی کاک ئیدریس هەر لەم ساڵانە بوو، ئەو تۆپبارانە، ئەمانەش هەمووی کارەسات بوون، بەڵام خەبات و سووربوون هەر بەردەوام بوو، لە ١٩٨٧/٢/٥دا ئەو کاتە کاک مەسعوود گەڕابووەوە کۆبوونەوەیەک کرا لە ڕاژان، وەفدێکی یەکێتیی نیشتمانی و وەفدێکی پارتی و هەموو لایەنەکانی تر کۆبوونەوە و لەوێ لە هەنگاوێکی مێژووییدا بەرەی کوردستانی هاتە ڕاگەیاندن، بەیەکەوە هەموومان خەباتمان کرد و بەرەی کوردستانی بەردەوام

بوو، بەرەی کوردستانی بووە هۆی ئەوەی دواتر سەرکردایەتیی ڕاپەڕینیش بکات، هەموو لایەنەکانی کوردستان کە حەوت لایەن بووین هەر حەوتی بەشدار بووین لە بەرەی کوردستانی، بەڕاستی بەرەی کوردستانی بەرهەمێکی گەورەی سیاسی بوو، ئەگەر بەرەی کوردستانی نەبووایە زەحمەت بوو ڕاپەڕین ببێ، دوای ڕاپەرین یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردن هاتە ئەنجام و حکوومەت و پەرلەمان دامەزرا، هەرچەندە دواتر شەڕی ناوەخۆ هاتە هەڵگیرساندن، بەڵام دوای ئەوە دیسان ئاشتبوونەوە دروست بووەوە، سوپاس بۆ خوا ئێستە ڕێککەوتننامەی ستراتیجی هەیە لە نێوان پارتی و یەکێتی.

پێم خۆشە لێرەدا زیاتر بگەڕێمەوە سەر شۆڕشی گولانی پێشکەوتنخواز کە بەڕاستی شۆڕشی گولان کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر دروستبوونی ئەم گۆڕانکارییانە و گۆڕانکاری گەورەشی کرد، بەرنامەی تازەی زۆر بوو، هەر وەکو گوتم: کۆنگرە ئیقرار کرا، ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراق دروست بووەوە و دەستی بە ئیش کردەوە، ڕۆژنامەی خەبات دەردەچوو، بەلای کەمەوە مانگانە جارێک دەردەچوو، هەندێ بڵاوکراوەی جۆراوجۆر دەردەچوون، کۆواری "کادیر"مان دەردەکرد، ئەمانە هەمووی هەنگاوی چاک بوون، پارتی پێشکەوتنی چاکی بەدەست هێنا لەو ماوەیەدا، ساڵی هەشتا شەڕی ئێران و عێراقیش دەستی پێ کرد، هەرچەندە شەڕ خۆی لە بنەڕەتدا شتێکی باش نییە، بەڵام بۆ ئێمە سوودی باشی هەبوو، دەرفەتێک بوو بۆ ئێمە، توانیمان هێزی خۆمان هەرچی هەمانە، چ وەکو هێزی جود، چ وەکو بەرەی کوردستانی بێینەوە ناو عێراق و بتوانین ناوچەی ڕزگارکراو دروست بکەین، تاکو بتوانین ڕۆژێک لە داهاتوودا لەگەڵ هەموو لایەک ڕێژیمی سەدام بڕووخێنین، بەڵام بەداخەوە نەئێمە و نەئێرانیش نەمانتوانی ڕێژیمی سەدام بڕووخێنین، لەبەرئەوەی ڕۆژئاوا بە ئەمەریکا و ئەوروپا پشتگیری سەدامیان دەکرد. ئەمەریکا و ئەوروپا و وڵاتە عەرەبییەکان بڕوایان وا بوو کە ئەمە ئیمتدادێک دەبێ بۆ کەنداو و بۆ ناو عەرەب و سیستەمی مەلەکی لەو وڵاتانە نامێنێ و دەستی ئەمەریکا و ئەوروپا کورت دەبێ و ئێران بەهێز دەکا،

لەبەرئەوە هاوکاریی سەدامیان کرد و تووشی شەڕیان کرد لەگەڵ ئێران، هەر ئەو شەڕەش بووە هۆکاری ئەوەی کە سەدام و حکوومەتەکەی شکست بخوات و لەگەڵ ئەمەریکاش تێک بچێت.

لەو ساڵانەدا تووشی کۆمەڵێک شەڕی گەورە هاتین، ساڵی هەشتا بوو شەڕی حاجی ئۆمەران کرا، کە منیش بەشدار بووم لەو عەمەلیاتەدا و ئەو کاتە بەرپرسی لقی چوار بووم، لقی چوار و لقی دوو، هەموو ئەم هێزە و هێزی سەرکردایەتی پێکەوە و ئێرانیش تۆزێک پشتگیریی کردین و توانیمان حاجی ئۆمەران ڕزگار بکەین، بەڵام دوای ئەوە عەمەلیاتی پێچەوانە هەبوو، ئەوە بوو گرتیانەوە، هەروەها لە زۆر شوێنی تر لە دەڤەری بادینان، لە هەولێر، لە سلێمانی شەڕی زۆر گەورە لەگەڵ حکوومەت کرا.

## بەبۆنەی ١٦ی ئابەوە
## کردەوەگەلێکی گەورەمان لە دۆڵی هیران ئەنجام دا

لە شەوی ١٦-١٧/٨/١٩٨٨دا بەبۆنەی ڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردەوەگەلێکی گەورەمان ئەنجام دا لە دۆڵی هیران و ڕۆژنامەنووسێکی فەڕەنساییش لەوێ بوو، من خۆم سەرپەرشتیی عەمەلیاتێکم کرد هێزێکی پێنج سەد شەش سەد کەسیمان کۆ کردەوە و چووینە بن شاخی سەفین، ئەو ناوە هەموو ڕەبایە بوون، لە ئاکامی نەبەردییەکدا هەموویمان گرتن و حەفت شەهید و پازدە شازدە برینداریشمان هەبوو، ژمارەیەکی یەکجار زۆر جاش و سوپا هاتنە کوشتن، ژمارەیەکی زۆر ڕەبیە هاتنە گرتن و دەستکەوتی باشمان هەبوو، حکوومەت زۆر هێرشی هێنا لەو ماوانە، لە دۆڵی سماقوولی و دۆڵی هیران ساڵی هەشتا و حەفت هێرشێکیان هێنا "عەدنان خەیروڵا" ئەو کاتە وەزیری بەرگریی عێراق بوو، خۆی سەرکردایەتیی شەڕەکانی دەکرد، عەمەلیاتێکی گەورەیان دەست پێ کرد، قیادەکەی لە سەری ڕەش بوو، لەوێ لەگەڵ قائید فەیلەقی پێنج بە یەکەوە سەرکردایەتیی عەمەلیاتیان دەکرد، ئێمە لەو ناوچەیە بووین، چونکە بەرەی کوردستانیمان دروست کردبوو بە یەکەوە شەڕەکانمان دەکرد، لەبەرئەوە سەرکەوتنی گەورەشمان بەدەست هێنا و، بەڵێ هێزی دوژمن شکا و شکستی ئابڕووبەری هێنا، ئەویش بەهۆی کاک مەسعوود بارزانی بوو کە برووسکەی کرد بۆ لقی یەک و گوتی: ئێوەش عەمەلیاتی گەورە بکەن لە دهۆک بۆ ئەوەی ئەو هێرشە گەورەیەی کە لەسەر لقی دوو و برادەرانی یەکێتی و لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی هەیە لە هەولێر سووک بکرێ، دوکتۆر ڕۆژ لەوێ بوو، فیعلەن کە ئەوان هێرشیان کردە "کانیی ماسی" و ئەو ناوچانەیان ڕزگار کرد،

ئیتر لەلای ئێمە کشانەوە و ئێمەش ئەو شوێنانەمان گرتەوە، بەڕاستی وەکو هەڵاتن هەڵاتن و ڕایان کرد و بەجێیان هێشت.

لە پاش ئەو شەڕانە من لە برادەرێکم گوێ لێ بوو کە کاتی خۆی لەگەڵ ئێمە بوو، دوایی تەسلیم بووبووەوە و کاری ڕێکخستنی دەکرد و وەک شارەزای ناوچەکە لەگەڵ "عەدنان خەیروڵا" بوو، گوتی: عەدنان خەیروڵا دەیگوت: "وەڵا من دەمتوانی هەرچی لەم دنیا بمەوێ، بیکەم ئەگەر هێزێکی وەکو ئەو پێشمەرگانەم هەبووایە، فیداکار و خۆبەختکار، بەرامبەر ئەم هەموو چەکە دەوەستن و شەڕ دەکەن" ئەوە بوو عەدنان خەیروڵا چوو بۆ بادینان و لەوێ لە "گەلی دهۆک"ی شەش لە حیمایەکانی ئۆتۆمۆبێلەکەیان هەڵەی کردبوو چووبوونە ناوچەی پێشمەرگە و شەش کەس بوون زابت و نائب زابت مرافقی بوون، ئەمانە هاتنە گرتن، ئیتر دواتر ئەوە بوو وردە وردە ئەنفال سەری هەڵدا.

## سـەرهـەڵدانی شاڵاوەکانی ئەنفال

بەقـووڵاییی نێـزیکەی٣٠ کیـلۆمەتر کـوردسـتان هـەمـووی ڕاگـوێزرا بـوو، ئەوەش بۆ ئێمـە زۆر زەحمەت بـوو، بەڕاستـی ئاوەدانیت نەدەدیت، هیـچ گـوند نەما بـوو، وەکـو پێشـان نەبوو، دەبووایە نانی خـۆت لەگـەڵ خـۆت هـەڵگری، بەڵام لە کـاتی ئەنفـال تەواو دۆخەکە خـراپتر بوو، زۆر شـوێنی تریشیـان کیـمیابـاران کرد، بۆ نموونە یەکەمین جـار کیمیاباران لە ساڵی١٩٨٧ لە "شێخ وەسـانان"دا دەستی پێ کرد، بارەگای ئێمەش لەوێ بوو، ئەو کاتە من لەوێ نەبووم، برادەرانی تری ئێمە لەوێ بوون، کۆمەڵێک هەڤاڵ لەوێ بەرکـەوتن، لە "گۆپ تەپە"ش بەهـەمـان شـێوە، دوای ئەوە لە هەڵەبجەش درا. ئینجـا ئەنفال دەسـتی پێ کرد، ئەنفـالی یەک و ئەنفـالی دوو، ئەنفالی سێ و تا "خـاتم الانفال" کە نۆیەم بوو لە ناوچەی خـواکـورک و بـادینان دەسـتـی پێ کـرد، چەند جـارێکیش بـە کـیـمـیـایی لەو ناوچانەی ئێمـە درا لە "مـەلەکان و شێخ وەسـانان و بالیسـان و وەرتێ"، بەڵام ئێمـە هـەرگـاڤ هـەوڵمـان دەدا لە نـاو گـوند نەبین و لە دەرەوە بین لەسـەر چیـا، چونکە کیـمـیـایی بەرەو خـوارەوە دەڕوا، لەگـەڵ ئەوەشـدا هیـچ کـەرەسـتـەیەکی خۆپاراسـتنمـان نەبوو، جگە لە خـۆپاراسـتنی ئـاسایی، بۆ نموونە نەدەرزیمان هـەبوو، نـەقـینـاعی دژی غـاز، ئیـتـر زۆر لـە برادەرانمان تووش بـوون، چاویان خـراپ بوو، ئێـسـتـەش هـەندێکیـان تەندروسـتـیـیـان ئاسـایی نەبـووەتەوە، لە ناوچـەی قـەرەداخ دەسـتـیـان پێ کـرد دوایی لـە هـەڵەبجـە درا، لە نـاوچەی گـەرمیـان، هـەمـوو خـەڵکەکەیان تەرحیل کرد و بردیان ئەنفـالیـان کردن، کـەس نازانێ بۆ کـوێیـان بردن، لەم دواییـیانـەدا لە گۆڕی بەکـۆمـەڵ هـەندێک ئێسک و پرووسکیان دۆزییەوە.

ئێمـە لەو کـاتەدا کە ئەنفـال دەسـتی پێ کرد برادەرانی لقی سێ و چوارمـان

له قـەرەداخ بوون لەگـەڵ یەکـێـتیی نیشـتـمـانی، ڕۆژێکیـان خـەبـەریان دامێ گوتیان: جیـهازی لقی سێ و چـوار وەسـتـاوە، هۆی چییە؟! گوتم: وەڵا نازانم، گوتیـان: لە ناکاو دەنگی بڕا، گـوتم: بـۆ، گـوتی: نازانم، گـوتم: هـیچ ئیـعلانیـان نەکردووە، بۆچی پەکیان کەوت؟ ئەوە بوو لەگەڵ مـەکتەبی سیاسی پێوەندیمان کرد گـوتیـان: هێرشیـان لەسـەرە، ئینجـا زانیـمـان کـەوا هێرشیـان لەسـەرە و ناوچەکـەیـان بەجێ هێـشـتـووە و بەرەو ئەولا بـەڕێ کـەوتوون، ئەو کـاتە کـاک عیزەدین بەرواری بەرپرسی لقی چوار بوو، کاک سـەید سالّح هەبوو، بریندار بوو دوایی ئەمری خـوای کرد، کاک قـادر قادر بوو، کـاک ئازاد قەرەداخی بوو، بەرپرسی لقی سێ بوو، کـاک فـەریدوون، هـەمـوو ئەمـانە لەوێ بوون، هـی ئێـمـە لقی سێ و چوار ڕەنگە سێ سـەد چوار سـەد پێـشـمـەرگـە دەبـوون، ئەوانەی یەکـێـتـیش لـەوێ بوون، بەڵام ئەوان بەرێـگەیەکی تردا ڕۆیـشـتـبـوون، دیاربوو هـەمـوو بەیەک ڕێگەدا نەهـاتبـوون، هـەندێ گرتووشیـان پێ بـوو، ئێمـە نێـزیکەی دوو هـەفتە لەو نیگەرانییەدا بووین چاوەڕوانمان دەکرد بزانین شـەهید دەکرێن، دەگیـرێن، دەگـەنە جێ؟، هـیچ هـەواڵ نەبوو، بەڕاسـتـی زۆر ناخـۆش بوو، ئیـتـر ڕۆژێک کـاک قـادر قـادر کـە هـەڤـاڵێکی خـۆشـەویست بوو لەگـەڵ ژمـارەیەکی تر مـاوەیـەکی زۆر لە هـیچ لایەک چـارەنووسـیـان دیار نەبـوو، بێـتـەلەکـانیـان وەسـتـابـوو لە پڕ ئێـوارەیەک لە "چیـوە" سـەدای بڵند بوو لە خـۆشـیـیـاندا گـەشـامـەوە، کـاک قـادر ئێـسـتـە بەرپرسی دەزگـای ئـەیلوولە، شـەش حـەفت جاریش لە شـەڕدا بریندار بـووە، لە "چیـوە" جیـهازی بۆ کردم و گـوتی: ئێمـە گەیشتن، گوتم: وەڵاهـی نازانم بڵێم چی؟، لەوە خۆشتر هیچ نییە کە من ئێستە گوێم لە دەنگتـان دەبێ، گوتم: کێتـان ماوە، گوتی: هـەمووومـان ماوین، بەس زۆر مانـدووین، زۆر هیلاکین، گوتی: ئەمشـەو لە چیوەی دەمـێنینەوە، بەینی ئێـمـە و چیـوە هـەر سـەعـاتێک ڕێگە بوو، گـوتم: بەخـوا دەبێ هـەر بێن، ئیـتـر هـات، ئێمـەش لەو چۆڵەوانییە بووین، گوند نەمـاوە، خۆراک و شت هیچ نەمـا بوو لە ئاکـامی ئەو کـیـمـیـاباران و ڕاگواسـتنەدا، ئەوەی هـەمـان بێت هـی خـۆمـانە، خـۆمـان کـۆمـان کـردووەتەوە، لەوەمـان زیاتر نەبوو، ئیـتـر هـەموویان بۆ بەیانی

گەیشتنە لای ئێمە، جا وەرە چۆنیان بحەوێنمەوە، مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ:ماڵ لە خۆی نەبوو، میوانیشی لێ پەیدا بوو، بەخۆمان وەزعمان خراپە و دۆخەکە نائاسایییە و جێمان نییە، هەریەکە و بارەگایەکی هەیە تێدا دەحەوێتەوە، ئەی ئەم هەموو خەڵکە چۆن بحەوێنینەوە؟، مانگی چواریش بوو، سارد بوو، باران دەباری، خەڵک لە دەرێ نەدەحەوایەوە، بەهەرحاڵ، هاتن شوێنمان بۆ دابین کردن، جا سەیارە دەهاتن، مریشکم زۆر کڕی بوو، ئەو کاتەی شەڕ نەبوو لەو ناوچەیە مریشکیان دەهێنا، دەمگوت: لێیان بکڕن، برادەرانی ئیدارە لێیان دەکڕین، سێ سەد، چوار سەد مریشکم بەرەڵای ئەو دەشتە کردبوو، چۆڵ بوو گوندەکەش نەما بوو، ئیتر ساواریشمان زۆر بوو، گوتم، ساوار بەمریشکیان بۆ بکەن، ماندوون، ئیتر هەفتەیەک مانەوە و ئیسراحەتیان کرد و دوایی بەڕێ کەوتن و چوونەوە بۆ ناوچەکە.

## کاک مەسعوود فەرمانی پێ داین
## چالاکیی سەربازی و پارتیزانی گەرم بکەین، چونکە هێرشێکی گەورە لەسەر سەرکردایەتیی یەکێتی بوو

مانگی دووی ساڵی ١٩٨٨ بوو، سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی هێرشیان لەسەر بوو، بارەگای یەکێتی لە ناوچەی یاغسەمەر و دۆڵی جافەیەتی بوو، یەکێتی هێزی خۆیان لە دۆڵی بالیسان بوو بردبوویان بۆ شەڕ، کاک مەسعوود برووسکەیەکی کرد بۆ هەموو لقەکان، بەتایبەت ئێمەی دەستنیشان کردبوو، کە دەبێ عەمەلیاتی پارتیزانی، زۆر بکەن، بۆ ئەوەی شەڕ سووک بێ لەسەر مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی، ئێمەش نێزیکەی یەک هەزار و چوار سەد پێشمەرگەمان هەبوو، وەکو لقی دوو و لێژنەی ناوچەکانمان و هەردەمیش مەجموعەیەکمان لە ئیجازە بوو، واتە هەردەم، هەزار و سەد هەزار و دوو سەد پێشمەرگەمان ئامادە بوو، بەڵام کە ئەو برووسکەیەمان بۆ هات، دەستمان پێ کرد، هێزێکی چوار سەد نەفەریمان نارد بۆ دەشتی هەولێر بچێ تا عەمەلیات لە ناو شار و دەوروبەری شاری هەولێر بکەن، وەستا یونس هەبوو، بەداخەوە لە دواییدا لە شەڕی ناوخۆ لە بەحرکە شەهید بوو، ئەو بەرپرسی ناوچەی دەشتی هەولێر بوو، ئەومان نارد بۆ ئەوێ، کاک هەڵگورد کە بەرپرسی ناوچەی سەفین بوو، ئەویش لەگەڵ نێزیکەی سێ سەد و پەنجا پێشمەرگە ناردمان بۆ ناوچەی شەقڵاوە و ئەوە بوو دەستیان پێ کرد و زۆر کاریگەریش بوون، ناوچەکانی تریش هەروا هەموو هێزەکانمان بە ئیش خست، هێزێکی کەممان لە بارەگا مابوو، لێژنەی ناوچەی دەشتی هەولێر، دە دوازدە پێشمەرگەیان مابوو، ئێمە لە بارەگای لق ڕەنگە سەد و پەنجا کەسێکمان هەبوو، زۆرتر بۆ ئیشی ئیداری و ناو بارەگا و پاسەوانی گرتیگە

بوون، ئێمــە گرتوومـان هەبوو ئـەوانیش پاسـەوانیـان هـەبوو، زۆرتری بەوانەوە سـەرقـاڵ بوون، هێـزی لێدەر و شـەڕکـەرمـان ئەوەی هـەبوو سی چل کەسـێک دەبوو، کە بۆ پێویست و لە ناکاو دامـان نـابوون، ڕێکخـراوێکیشـمـان هـەبوو، ئیتـر لەوە زیاتر هێزی ترمـان نەهێشتـەوە، ئینجـا شـەو خـەبەریان بۆ ناردین برادەرێکمـان هـەبوو یادی بـە خێـر و ڕەحـمـەت لە گۆڕی کـاک "حـەمـەدئەمین زێوەیی" پیـاوێکی ئازا و پیـاوێکی قـارەمـان بوو دوای ئەوەی وەزعی خـراپ بوو هـاتـە دەرێ، وەخـتـی خـۆی ئـیجـازەمـان پێ دا بگەڕێتـەوە نـاو حکوومـەت و لەوێندەرێ لای مـاڵـی ئەنوەر بەگ و ئەوان چەک هەڵگرێ، بـەڵام کاری تەنزیمی بۆ خـۆمـان بکا وەکو کادیری خـۆمـان لە ناویان بوو، بووبوو بە ئامـر سـریەش، نەیاندەزانی ڕەنگە گومـانیـان لێ کردبێ، بەڵام نـەیاندەزانی بە یەقین کە ئەمە تەنزیمی ئێمـەیە، شـەو سـەعات دەی شـەو قاسدێکی ناردبوو هات گەیشتە لای ئێمـە لە گوندی شـێخ وەسـانان بـووین، پێشـمـەرگەکـان گوتیـان مـامـۆسـتـا کـەسـێک هـاتووە تـۆی دەوێ، منیش چـوومـە دەرەوە و گـوتم: چـیـیـە؟ کـابرام نەدەناسـی، گـوتـی: من لەلای حـەمـەدئەمین زێوەییـیـەوە هـاتووم، مـنی ناردووە خـەبەرتـان بدەمێ، لـە بەیانیـیـەوە هـێز کـۆکـراوەتەوە و سـوپـا ئێسـتـەش هـەر بەردەوامــە، بـەو شــەوەش هـەر هێـز دێ لە هـەمــوو لایەکــەوە کـۆ دەکــەنەوە، سبەینێ لە شەش میحوەرەوە هێرشتـان دەکرێتە سەر، لە میحوەری بێتواتە لە میـحوەری شـەقڵاوە و لە میـحـوەری خەلیفان و لە... هتد، بەهەرحاڵ لـە شـەش قـۆڵەوە هێـرشتـان بۆ دێ و باڵـەفڕە و باوەشـێنکە و مـەدفعیـە و هەموو شـتێک بەشـداری دەکات؛ چونکە هێـزی یـەکێـتی کە چووبوو بۆ ئەوێ، هێـزی ئێـمـە مابوو، بڵێم هێزێکی باش بوو، لەگەڵ هێزی شیوعی ئەویش کەم بوو، ئەوەندە زۆر نەبوو، حـزبی سـوسـیـالیسـتیش هەندێ هێـزی هـەبـوو، ئەویش زۆر نەبوو، هێزی ئەساسیی ئێمە و یەکێتی بووین، یەکێتی نەما بوو بەس لە بارەگە چەند نەفـەرێکیـان مـابـوو، ئیـتر ئێـمـە بووین، ئێـمـەش هێـزی خـۆمـان هـەمـوو پەرت کردبوو، نێزیکەی شەش سەد تا هەشت سەد کەس زیاتر پێشمەرگەی خۆمان ناردبوو بۆ عەمەلیات و ئەو شتانە، هێزێکی کەم مابوو، ئەو جەبهە گەورەیەش

بۆ ئەو هێـزە کـەمـە زۆر زۆر بوو، لـەگـەڵ هـەمـوو ئـەمـانە جـیـهـازیشـمـان نـەبوو لەگـەڵ دەشتـی هـەولێـر وەزعەکە وا بوو، بەڵام حزبی شـیوعی جیهـازیان هـەبوو خـەبەری حـزبی شـیـوعـیـمـان دا و گـوتمان پێـوەندی بە وەسـتـا یـونس بکەن، برووسکـەیەکـمـان بـۆ نـارد کـە فـەورەن بگەڕێنەوە، بـۆ هـەڵگوردیش بـەوشـەوە کـاغـەزم نـارد، بەفـریش بوو، بەڵام خـەبەرم نـارد بگەڕێتـەوە، بانگەوازێکـیـشـمـان دا بەڕادیۆی دەنـگی کـوردسـتـان، هـەندێکمـان بە "جـوفـرە" یـەکـێکـیـشـمـان بەمـەفـتوح نارد، گـوتمان هـەرچی قـووەتی پێشـمـەرگەی پارتـی لە هـەر جێیـەک هـەن هـەتا لـە ئیـجـازەش بـەزووترین کـات بگـەڕێتـەوە بۆ بارەگـای لق، بەڵام ڕێ دوور بوو دەشـتـی هـەولێـر دوو سێ ڕۆژ ڕێ بـوو، بەیانـی سـەعـات شـەش لە١٩٨٨/٢/٢٢دا هێرش هـاتـە سـەرمـان لە هـەر شـەش مـیـحـوەرەوە، هێزمـان دانابوو، بەڵام هێـزەکـەمـان زەعـیف بوو هـەقـیـقـەت، ئیـتـر خـواش هـەندێ جـار هـاوکـاریت دەکـات و یارمـەتیت دەدات، بەشـێـوەیەک ڕەنگە تۆ هـەر نەشـزانی ئەمە شتێکی خواییە، کە بەیانی هێرش دەستی پێ کرد، سـەعات شەش بوو، کـاک خـورشـیـد شـێـرە لـەگـەڵمـدا بوو کـارگـێـڕی لق بوو، ئەندامـی لێـژنەی مـەرکـەزیش بـوو، پێکـەوە بووین، بـەیانـی بـوو پێکـەوە وەسـتـابووین لـەسـەر زرێبـاری دووکان، تەمـاشام کرد پەڵە هـەورێک پەیدا بوو، دنیا سـاف و سـامـاڵ بوو هێـشـتـا ڕۆژ هـەڵنەهاتـبوو هێـرش دەسـتـی پێ کـرد ئەو هـەورە پـەیدا بوو گـەورە بوو، پاش سـەعـاتێک باران سـوبحـانەڵا پاش بارانەکـە کـردیە بەفـر، بـەفـرێکی زۆریش بـاری، ئیـتـر ئـەو بەفـرە وای کـرد لە هـەندێ شـوێن ئینسـیـحـابیـان کرد، هـەروەها بێ ئەمریش بەجێیـان هێشـتـبوو، هەندێکیـان محاسبە کردبوون.

## داستانی چەند پێشمەرگەیەک

شوێنێکمان هەبوو پێیان دەگوت سەری نووسەک، زۆر بڵندە بچییە ناوچەی سەری نووسەک دەشتی بێتواتە و ئەو ناوچەیە هەمووت لێ دیارە بەرزترین لووتکەیە لەو چیایە، ڕەنگە بەهەمووی یازدە پێشمەرگەی تێدا بوو، دەیان پارتی بوو، یەکێکیان یەکێتی بوو، ئەویش بەجێ مابوو، کوڕێکی ئازا بوو، نەچوو بوو لە بارەگا مابوو گوتی: وەڵاهی شەڕە، من حەزم لێیە بچمە شەڕێ، گوتم: ئەدی بارەگاکەتان، گوتی: یەکێکم داناوە لەوێ، تا هێزەکەمان گەڕاوە، سێ چوار ڕۆژ هێرشمان لەسەر بوو، بەردەوامیش باڵەفڕە لێی دەدان بۆ ئەوەی ئەو شوێنە بگرنەوە، چونکە ئەگەر ئەو لووتکەیە بگیرابایە، ناوچەکە هەمووو دەکەوتە بەرچاویان "ڕەسەد" هەمووی دەدیت، ئەم پیاوە ئازا و قارەمانانە تەسلیم نەبوون و نەهاتنە گرتن، سێ کەسیان شەهید بوو، چواریشیان بریندار بوو، ئەمە حەفت، چوار کەسیش بەساغی مان، تەسلیم نەبوون و بە فیشەکی ئەوانی تریش شەڕیان کرد. هەڵگورد بەرپرسی ناوچەی سەفین بوو، ئەو نێزیک بوو زۆر دوور نەبوو و شەو خەبەرمان دایە، هەمان شەو گەڕایەوە، هەر کاغەزەکەی گەیشتبووە دەست خەبەری دابوون، گوتی: دەبێ ئەمشەو بگەڕێنەوە، خۆی هەر هەمان شەو هات گەیشتە لای من، بەو بەفرە، لە کلاوقاسم و ئەمانە هاتبوو، ڕەنگە هەندێ جێ مەترێک بەفری تێدا بوو، بەڵام ڕێ هەبوو کرابووەوە توانییان خۆیان بگەیەننە لای ئێمە، وەستا یونس و خدر سوارە هەیە، ئەویش شەهید بوو نەماوە، نازانم چۆن گەیشتبوو، بارانێکی توندیش دەباری بەو بارانە هات گەیشت، ئینجا وردە وردە هێزمان کۆ بووەوە، ئەوانیش جارێکی تر هێرشیان هێنا، بەڵام شکستیان خوارد، جا لەوە خۆشتر بیرەوەرییەکی یەکجار خۆشە ئەوەش یەک لە شتە خواییەکانە، هاوەنێک هەبوو هی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، هاوەنی سەد و

بیست لە نێزیک بارەگەی ئێمە دایاننابوو دوو سەد گوللەی لەگەڵدا بوو، کە چوون بۆ لای قیادەیان بۆ لای یاغسەمەر و ناوچانە هاتن بەمنیان گوت: ئەو تۆپەمان لێرەیە، پێشمان ناچێ بارەگاکەشمان ڕەنگە بڵێم نامێنێ، ئێمە تەسلیمی ئێوەی دەکەین، ئەگەر شتێکیش بوو ئێوە ئیستفادەی لێ بکەن، گوتم: باشە، بەس بە بەرپرسەکەیانم گوت دوو عەدەد بەلای کەمی لەوانەی شارەزای تۆپەکەن دەبێ بیانهێڵی، گوتی دوو کەستان بۆ دێڵم، گوتم: باشە وەڵا دوو کەسی هێشتەوە، هی خۆشمان دوو کەسمان باشیان لێ دەزانی کردنم بە مەفرەزەیەکی چوار کەسی، گوتم ئێوە عایدی ئەو تۆپە بن و ئاگاتان لێی بێ، کە شەڕ دەستی پێ کرد هاتن گوتیان چی بکەین، گوتم، قەنبلەتان زۆرە، بەهەموو لایەکدا باوێن لەسەر خەریتە، چونکە ڕەسەدیان نەبوو، هەتا بڵێم دەقیق باوێن، بەڵام لەسەر خەریتە دەزانن، ئیتر دەستیان پێ کرد بۆ لای بێتواتە و بۆ لای ئالانە و بۆ لای زینەتە، ئەگەر حشوەی زیادیشی بدەیتێ، نێزیکەی نۆ کیلۆمەتر دەڕوات، هەواییی زۆرە، ئیرادەی خوا وا بوو قائیدی فەیلەقی پێنج دێت، لەلای ئالانە تەنگەبەرێک هەیە لەوێ دێنە خوارێ خۆی و پێنج شەش زابت خەریتەی ناوچە دابنێن، بە سوتفە قەزا و قەدەر یەک لەو گولله هاوەنانە ڕاست چوو بەناویان کەوت، هەر شەشیان هاتنە کوشتن، لەوێ، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لەو ناوە بوون چووبوونە سەریان، ئەو خەریتە و هەرچی هەیانە هەموویان کۆ کردبووەوە و هەموویان هێنا بۆ من، بە ئیعتبار من بەرپرسی عەمەلیات و شەڕەکە بووم، ئیتر لێرە مەبەستم ئیرادەی خوا لەو دەمەیدا ئەو قەنبەلە بێ هەدەف هاوێشتیان سوتفە چوو بەر قائیدی فەیلەق کەوت، ئەمەش بوو بەگەورەترین هۆکاری شکستی ئەوان، غەیری ئەوەی قائیدی عەمەلیاتیان بوو، قائید فەیلەقیش بوو، هاتە کوشتن، پاش چەند ڕۆژێک ناچار بوون ئینسحابیان کرد بێ ئەوەی یەک سەرکەوتن بەدەست بێنن، مەجمووعەیەک شەهیدمان دا، بەڵام ئەوان هەرچی هێزیان هەبوو بەکاریان هێنا، ئەمە لەساڵی هەشتا و هەشت مانگی دوو بوو، وەختی بەفر و باران بەڵام سەرکەوتنمان بەدەست هێنا، ئیتر لە دوای ئەوە لە مانگی شەش ئەنفالیان دەست پێ کرد.

## چەند داستانێکی بێ وێنە

ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی "ساتۆر" لەسەر ڕێی مووسڵ کە لە هەولێر نێزیکە، کادیرێکمان هەبوو، پێی دەگوترا مەلا حەسەن، پێشمەرگەیەکی لەگەڵدا بوو ناوی محەمەد شوان بوو، هەردەم هاوڕێی بوو، ئێمە بەکاری حزبی و بەمەئموورییەت ناردنمان بۆ ساتۆر، لەوێ ئیخباریان کردبوون، ئەمانە ئەم دوو کەسە بەتەنیا لەم گوندەن، حەمەی سابیر هەبوو ڕەئیس جاش بوو، جاشێکی زۆر پیس بوو، تا بڵێی پیس بوو، حەمەی سابیر بەناوبانگ بوو ئەو وەختە، لە دووی کەوادیری حزب و مەفرەزەی پێشمەرگەی بچووک کە دەهاتن یان یەک دوو پێشمەرگە ئەگەر لە ئیجازە بهاتانا بۆ سەردانی کەسوکاریان بەدوای ئەوانەدا دەگەڕا، ئیشی ئەوە بوو، حەمەی سابیر نەدەچووە جەبهەی شەڕ، خەبەریان دابووییە و چووبووە ساتۆر نێزیکەی شەست جاشی بردبوو و ئەوانیش دوو کەس بوون، خانوویەک لەوێ دەبێ چۆڵ دەبێ، دەچنە ناو وێندەرێ و لەوێ شەڕیان لەگەڵدا دەکەن، ئەم دوو کەس شەش حەفت سەعات موقاومەیان کرد تەسلیم نەبوون، ئەخیری داوایان کرد سرییەیەک عەسکەریش چوون مودەرەعەیان برد و بە گوللەی حەریق لە خانووەکەیان دا خانووەکە ئاگری تێ بەربوو، ئینجا ناچار بوون هاتنە دەرێ دەرچوون، لەگەڵ دەرچوون لێیان دان شەهید بوون، بەڵام ڕەنگە بیست جاشیان کوشتبێ تا خۆیان شەهید بوون، جارێکیش لە ساڵی ١٩٦٦دا لە ناوچەی "بەڕانەتی" عەینی ڕووداوێکی تر ڕووی دا لە گوندی شاخۆلان ئەویش نێزیکە لە هەولێر، سێ پێشمەرگە هاتبوونە ئەو گوندە، یەک لەوان سەید "فەتحی" ناو بوو، سەرپەلێکی قارەمان و بەناوبانگ بوو. حەمەئەمین فەرەج، هەبوو پارێزگاری هەولێر بوو، خەبەریان دابووە ئەو کە هێزێکی پێشمەرگە هاتوون لەو گوندەن،

ئەویش خۆی چوو لەگەڵ سریەیەک لە پۆلیس و پاسەوانەکانی خۆیشی برد، چوو بۆ سەر ئەم سێ کەسە، سێ ڕۆژ و سێ شەو نەیانتوانی ئەم سێ کەسە بکوژن، دیسان مودەرەعەیان لە هەولێرەوە بۆ چوو، لەگەڵ سریەیەک جاش، سریەیەک پۆلیس، سریەیەک عەسکەر، ئەوە فەوجێک، یەک فەوج سێ ڕۆژ، خەریکی شەڕ بوون لەگەڵ سێ پێشمەرگە کە بەداخەوە، ئەوانی تر ناویان نازانم، بەڵام ئەوەی بەرپرس و سەرپەل بوو، بە سەید فەتحی ناسراو بوو، مەقاوەمەیان کرد تەسلیم نەبوون، لە ناو خانوویێکی دوو قات بوون ئەوەندەی هەوڵ دەدەن لە قاتی سەرێ لێ دەدەن بە دۆشکە و بە مودەرەعە و گوللەی حەریق و دەیسووتێنن، دێنە قاتی خوارەوە لەوێ شەڕ دەکەن سەید فەتحی و یەکێکی تر لە پێشمەرگەکان شەهید دەبن، تەنیا یەکێکیان دەمێنێ بەبرینداری شەڕ دەکات تەسلیمیش نابێت تا ئەخیری دەچنە سەری. بەڕاستی لەو جۆرە داستانانە زۆر هەبوون، بەڵام ئەمانە نموونەیە، مەسەلێکی کوردی هەیە، دەڵێ "مستێک نموونەی خەروارێکە"، بەڕاستی وا بوون.

لە ساڵی ١٩٨٨دا ئەنفال دەستی پێ کرد لە قەرەداخ و ئەو مەنتیقانە، لە هەڵەبجە لە شازدەی مانگی ئادار لە چرکەساتێکدا یانی لە دەقیقەیەکدا پێنج هەزار کەس ژن و منداڵ و پیاو شەهید بوون کە گەورەترین تاوان بوو لەو سەردەمەدا و لە مێژووی کورددا تاوانی وا گەورە بەرامبەری نەکراوە، هەرچەندە لە زێوێ کرا لە قەڵادزێ کرا، بەڵام هیچی ناگاتە هەڵەبجە، نێزیکەی دە هەزار کەس یازدە هەزار کەس زیاتریش بریندار بوون، لێیان درا هەمووی ڕایان کرد بۆ ئێران و، ئێران فریای بریندارەکانی هەڵەبجە کەوت، ئێمە ئەو وەختە لە ئێران بووین بارەگامان هەبوو لەسەر سنوور، ئیتر خەڵک پێشوازیی باشی لێ کردن، هەموویان گوازرانەوە بۆ کرماشان و تاران و شارەکان بەگشتی و بەتایبەت تاران، خەستەخانەکانی ئێرانیان چۆڵ کرد هەموویان پڕ کرد لە برینداری کیمیایی هەر بۆ ئەوەی خەڵکی تر تووش نەبێت، ئەوان خۆشیان تەرەفێک بوون؛ چونکە شەڕی ئێران و عێراق هەبوو ئەمەش کاریگەریی هەبوو کە ئەوان بەپەرۆش بن بۆ هەڵەبجە، هاوکارییەکی

یەکجار باشیان کرد بۆ نەخۆشەکان، هەندێکیان نارد بۆ دەرەوە، هەموو هەوڵی خۆیان دا کە دنیا تێ بگەیەنن دەنگی کورد و دەنگی ئەم کارەساتە بە دنیا بگەیەنین، تەنانەت لە بیرمە "کۆرتڤالدهایم" سکرتێری وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەو ڕەسمەی کە باوکێک خۆی بەسەر منداڵێکدا داوە و منداڵەکەی لە باوەشیدا کەوتووە "عومەری خاوەر"، کە چاوی بەمە کەوت گریا، گوتی نازانم چی بکەم بۆ ئەم میللەتە، چیم پێ دەکرێ، هەقیقەت ئەمە بە نیسبەت میللەتی کورد کارەساتێک بوو، ئەوجا جینۆسایدەکە لەوە دادێ کە قەتل و عام کرا هەر کەسیان دەست کەوتبێ، کوشتوویانە بە بێ ڕەحمانە، بێ ویژدانانە، من خۆم ئەو وەختە لە شێخ وەسانان بووم ئەو لەحزەی کە قەسفی هەڵەبجە کرا، ئێمە بیرەوەریی نەورۆزمان دەکرد، قەرەباڵغ نەبووین، لە بارەگاکەی خۆمان بینایەکی مەکتەب بوو، هۆڵێکی بچووکی لێ بوو، لەوێ بووین یادی نەورۆزمان دەکردەوە، نەمانزانی بوو، هەمان ڕۆژ، ڕۆژی بیست و یەک ئێمە لە بێتەلی خۆمانەوە زانیمان، بەبرووسکە درابوو بەلقی چوار و ئەمانە، درا بوو بەقیادە، بەڵام برقییەکە بەگشتی نەکرا بوو، یانی بڵێین تعمیم نەکرابوو، بەڵام جیهازی ئێمە مراقبەیان کردبوو، هاتن لەسەر وەرەقەیەکیان بۆ من نووسی، کارەستاتێکی وا ڕووی داوە لە هەڵەبجە و بەهەزاران کەس هاتوونەتە کوشتن، هەقیقەت ئەو ڕۆژانەی ئەنفال هەشتا و هەشت و هەشتا و حەوت کارەساتێکی زۆر گەورەیە، چونکە لە هەشتا و حەفت تا حەدێک کیمیایی دەستی پێ کرد، من تەسەور دەکەم لە هەموو مێژووی کورد قەت کارەساتی وا گەورە ڕووی نەداوە، بەهەزاران گوند وێران بکرێ تەخت بکرێ و لە شارێک پێنج هەزار کەس بێتە کوشتن، حکوومەتی ئەو کاتی عێراق، پێشتر هەشت هەزار بارزانیی گوم کرد، بێ چارەنووسی کردن کەس نازانێ چییان بەسەر هات، پێش ئەوە چەند هەزار گەنجی فەیلی لەناو بردران.

حکوومەتی بەعس مەدفەعیان هەبوو، چەکی کیمیاییی هەبوو، مووشەکیان هەبوو، باوەشێنکەکانیشیان کیمیایی هەبوو باڵەفڕەشیان هەبوو، هەر وەختێک بیانوویستبایە بە هەر چەکێک دەیتوانی کیمیایی دژی کورد بەکار

بێنێت، بەڕاستی جینۆسایدە ئەگەر هەبێ ئەوا هی کوردە، چونکە هیچ میللەتێکی تر نییە کە دەوڵەتێک، دەوڵەتی خۆی، نەدەوڵەتێکی ئەجنەبی ئاوا قەتل و عامی بکات و کەسیش نەبێ دیفاعی لێ بکات، ئێستە جوولەکە دەڵێن جینۆساید کراین لەلایەن ئەڵمانیاییەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێک هەبووە کە دیفاعی لێ بکا، بەڵام کورد کەس نەبوو دیفاعی لێ بکا، هیچ کەس نەبوو، نە نەتەوە یەکگرتوەکان، نە ئەوروپا، نە ئەمەریکا، لە بەرچاوی ئەم دنیایە کورد قەتل و عام دەکرا، کەس نەبوو بەجواب بێت، تەنیا ئێران نەبێت، ئەویش خۆی بەشێک بوو لە شەڕەکە و لە وەزعەکە، ئەمە گەورەتر بوو لە کارەساتەکە، خەڵک هەبوو جاش بوو ئەو هەموو جاشە لەگەڵ ئەو عەسکەرە بووە کە کوردی ئەنفال دەکرد، ژن و منداڵی کورد ئەنفال کراوە، جاش لەگەڵیدا بووە لە بەرچاوی وی ژنی کوردیان بردووە، منداڵی کوردیان بردووە، ئەوە مەئاساتی گەورەیە، ئەوە مەئەساتە بەڕاستی ئینسان ناتوانێ تەعبیری لێ بکات و بەتەواوی حەقی خۆی بداتێ، سوپایەکی یەک ملیۆنی، سوپای فەیالق هەموو چەکی هەبێ، چەکی مۆدیرن ئەسلیحەی کیمیایی و، چەکی فسفۆری، ئەمانەی هەر هەموو هەبووە نوێترین باڵەفڕەی مێک ٢٩ی هەبووە، مێک ٢٧ی هەبوو، ئینجا نەیتوانی ئەم هەموو باڵەفڕەیە لە بەرامبەر ئەمەریکا بەکار بێنی، یەک باڵەفرە ڕۆژێک هەڵنەستا، بێ غیرەتانە بەس بەرامبەر ژن و منداڵ ئەم هەموو چەکەیان بەکار هێنا، ئەم کارەساتە بەڕاستی بۆ ئێمەمانان ئەوەندە ناخۆش بوو، مرۆڤ نازانی بڵێت چۆن و چەندە ناخۆش بوو. لە وەختی ئەنفالەکان شاهیدم هەنە، برادەرم هەنە من یەک هەفتە شەو خەوم لێ نەکەوت، ماندوو و هیلاک خواردنیشم پێ نەدەخورا، لەبەرئەو ژنانەی ناوچەی چەمچەماڵ و قەرەداخ و ئەو منداڵانەی کە بە ناو چەمچەماڵدا دەیانبردن و جنێویان بەجاشەکان دەدا، دەیانگوت کە ئەوە عەرەب ئێمەیان گرتووە و ئەسیریان کردووین و دەمانبەن ئێوە پیاو نین دیفاعمان لێ بکەن، کەس نییە دیفاعمان لێ بکات، من کە ئەو خەبەرەم پێ گەیشت ئەو شەو خەوم لێ نەکەوت. کە ژن و منداڵی کورد وا ڕەزیل بێت وای لێ بکرێت، سەربازی عەرەب بیبات بەئەنفال،

ناوی لێ ناوە ئەنفال، ئەنفال واتە "غنیمە" دەست کەوت، ژن و مندالّ ببێ بەدەستکەوت، ئا ئەمە کارەساتێکی زۆر گەورەیە، جا خوا دەزانێ چییان لێ کردووە لەو ژن و منداڵە و چۆنیان لەناو بردوون، ئەو موجریمانە خۆیان نەبێ کەسی تر نازانێت چییان بەسەر هێنان، جا بەبڕوای من هەر ئەوەشە ئەو زوڵمە گەورەیە و دەنگی ئەو ژن و منداڵە بێ چارانە گەیشتە ئاسمان، هەر ئەوە بوو خوا ئەو تۆڵە گەورەی لە بەعس و لە سەدام و لە سوپاکەی و هەتا لە عەرەبەکەش سەندەوە بەو مەئساتەی ئێستە لە ناویاندایە، ئەمە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاوانانە، هەموو پاشماوەی تاوانی سەدامە، خوا غەزەبی لێ گرتن، کە ئەو هەموو تاوانە گەورەیەیان کرد بەنیسبەت خەڵکی کوردستان، میللەتێکی موسڵمان، هیچ تاوانێکی نەکردبوو، تەنیا داوای حەقی خۆی کردووە، گوتوویەتی من میللەتێکم حەقم هەیە بژیم، حەقم هەیە وەکو عەرەب و تورک و فارس بم. خۆم بژیم و خۆم حوکمی خۆم بکەم و خەڵکی تر غەدرم لێ نەکەن، لەسەر ئەوەندە ئا ئەم کارەساتەیان بەسەر کورد هێنا، بەڵام ئێمە هەرچی لە تواناماندا هەبوو، بۆ ئەو خەڵکە لێقەوماوە، وەکو پارتی هەموو شتی خۆمان تەرخان کرد.

## له ڕێگەی لقی ٨ەوە
## هەزاران پۆستەری هەڵەبجەمان گەیاندە
## کەسایەتییەکانی دنیا

لقی هەشتمان هەبوو لە ئێران، ئاگەدارمان کردن و ئەوانیش کۆمەڵێک لێژنەیان دانا، لەوانە کاک "مەحموود محەمەد" لەو لێژنە بوو، نازنازی کچیشم ئەو وەختە خێزانی کاک مەحموود نەبوو، لەگەڵ کچی "کاک عەلی"یش بوو، ئەوانە کۆمەڵێکی زۆر بوون "جانێ" هەبوو کچی "مەلا برایم بارزانی" بوو، جانێ ئێستە لە دەرەوەیە، ئەمانە هەر هەموویان کۆمەڵێ لێژنەیان دانا لە پیاو و ژن و کچ و کوڕ خواردنیان بۆ دەبردن، کەلوپەل و پێداویستییان بۆ دەبردن، هەقیقەت ئێران دەرگەی خەستەخانەکانی بۆ کردنەوە تا خەڵکی ئێمە بچی بۆ لایان بۆ هاوکارییان، بۆ یارمەتیدانیان، چی پێویست بێ، بۆیان بکرێ هەتا ئەگەر پێویست بێ هیچی پارە نەبێت پارەیان بدەنێ، دیارە لێرە پارتی لەوەش شۆڕەسوار بوو، توانی دەوری زۆر بنەڕەتی ببینێ لە گەیاندنی خزمەتگوزاری بەو خەڵکە، لە ساڵی ١٩٨٨دا لە ڕێگەی لقی ٨ توانیمان بەهەزاران پۆستەر و پۆستکارتی هونەری کە لە ڕێگەی پۆستی ئێرانەوە چاپ کران لەسەر کارەساتی هەڵەبجە بنێرین بۆ هەموو کەسایەتی و شەخسییاتی گەورەی دنیا، لە ئێران ناونیشانی ئەو کەسایەتییانەمان وەرگرت و دواتر لە پۆستی ئێرانەوە ناردمانن.

ئەوانەی کە کیمیاباران کران، ئەوانەی ئێستە نیشان دەدرێن، "ئەمانەمان نارد بۆ دنیا، وا بزانم کەسایەتییەک نەماوە لە مەلەکەی بەریتانیایی و لە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیایی و لە وەزیرەکان و سەرکۆماری ئەمەریکا و

هەموو داوودەزگاكان هەتا پنتاگۆن و "سی ئای ئەی" كە ناوونیشانیان هەبوو لە ئێران، بەو ناوونیشانانە دەماننارد، یانی توانیمان دەنگی ئەو مەرگەساتە بگەیەنین بەدنیا، هاوكات كۆماری ئیسلامییش هیچ درێخی نەكرد و زۆر هاوكاریی ئێمەی كرد، تا دنیا ماوە سوپاسی دەكەین.

بەڕاستی ئەنفال چەندی لەسەر بدوێم و باسی لێ بكەم هێشتا تەواو نابێ، ئینجا دوای ئەوەش ئەنفال بەردەوام بوو، لە یەكی مانگی شەشەوە ئەنفال لە ناوچەی ئێمە بلێین ڕانیە و قەڵادزێ و شەقڵاوە و ئەو میحوەرە دەستی پێ كرد، دوو فەیلەق سەربازیان هێنا لەگەڵ هەرچی جاش هەیانبوو، بەپێی زانیاری سێ سەد و هەفتا مەدفەعییەی زەبەلاحی مەیدانییان هێنابوو، ئەمانەیان هێنا بوو لە ناوچەكە دابەشیان كردبوو، ڕەتڵ ڕەتڵ كە دەیانتەقاند، شاخ دەلەرزی، هەموو جادەكان هاتنە گرتن و تەوق كرا بووین، هیچ ڕێگە و مەنفەزێك نەبوو پێیدا دەرباز بین، ناوچەكەش هەموو چۆڵەوانی بوو، بەڵام ئێمە ئیحتیاتمان هەبوو، هەندێ ئیحتیاتی ئەرزاق و فیشەكمان كردبوو، بە قەناعەتی ئێمە هێزی دوژمن لە دوو سەد هەزار كەس كەمتر نەبوو، ئێمەش هەمووی دوو سێ هەزار كەس بووین، خەڵكمان دەپێكرا بە كیمیایی لەبەرئەوەی ڕێ هاتبووە گرتن هەر دەبووا لەوێندەرێ چارەسەر بكرانایە، هەندێ دوكتۆر و دەرمانی سادەمان هەبوو بەكاریان دەهێنا، هیچی تر نەبوو، باشترین چارەسەرمان ئەوە بوو، دەبووا دەست و چاو و لەشی خۆی بەسابوون زوو بشووشتایە.

هەموو چارەسەرەكەی ئێمە ئەوە بوو، هیچی تر نەبوو، جگە لەوە هیچ شتێكمان نەبوو بەكاری بێنین، ئەوە بوو ئەو ئەنفالانە بەردەوام بوو، پێشمەرگەش مەردانە بەرگریی كرد، تا چووە بادینان و خواكورك و دواجار "خاتم الانفال" خواكورك بوو، كاك مەسعوود بارزانی و هەندێك لە ئەندامانی سەركردایەتیی پارتی بەشداریی مەرگەساتەكانی ئەنفالی دەڤەری بادینان و خواكورك بوون، چل پەنجا ڕۆژ شەڕێكی سەخت بەرامبەر سوپای دوژمن كرا، وای دەبینم لە داستانی خواكوركدا كە سەرۆك مەسعوود بارزانی خۆی

سەرپەرشتیی دەکرد، پێشمەرگەی کوردستان چ لە شۆڕشی ئەیلوول و چ لە شۆڕشی گوڵان، هەر هەموو ئەو داستان و ئەو قارەمانێتییانەی پێشمەرگە نواندوویەتی و کردوویەتی و، ئەو بەرگرییەی میللەتی کورد کردوویەتی هیچ میللەتێکی تر ناتوانێ ئەوە بکات، کورد ئەنفالی لەسەر بووە، بەهەموو چەکێک لێی دەدرا، ئینجا هەر بەرگریی کرد و سەریش کەوت، من لێرەدا دەڵێم بە داخەوە کە هەندێک نووسەر بە نارەوا دژایەتیی ئەم ئەزموونە دەکەن، من دەڵێم ڕەخنە بگرن، بەڵام ڕەخنەی دروستکەر.

## کاک مەسعوود دەیگوت:
## دڵنیاتان دەکەم ڕۆژێکی خۆش لە پێشمانە

ئەگەر تەماشا بکەین لە شەڕی خواکورک لە مانگی نۆی ساڵی ١٩٨٨ کاک مەسعوود لە وتارێکدا بۆ پێشمەرگەکان دەڵێ: "دڵنیاتان دەکەم ئەمە تا سەر نابێ و ئێمە ڕۆژێکی خۆش لە پێشمانە"، بڕوای ئێمە وا بوو ئەمە کۆتای هەموو شتێک نییە و هەر کارێ کاردانەوەی هەیە، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٨دا، لە مانگی هەشت شەڕی عێراق و ئێران ڕاگیرا، بۆیە دەستیان کرد بەئەنفال، هەر بۆیە شەڕی خواکورک گەورەیییەکەی لەوەدا بوو ئێران و عێراق شەڕیان ڕاگرتبوو، ئینجا شەڕ کە ڕووی دا هەر لەو کاتەدا بیرمان کردەوە کۆنگرەی حزب ببەستین، لێژنەی ئامادەکاری دانرا، لە هەشتا و نۆ "کاک نێچیرڤان و کاک مەحموود محەمەد و کاک قادر قادر و کاک عەبدولعەزیز تەیب و حاجی دێدۆیی" ئەم پێنج کەسە بوون بە لێژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی دەیەم، ئیش بۆ ئەوە کرا، مەبەستەکەش بۆ ئەوە بوو تاکو هەست نەکەین بە لاوازی و بێ ئومێدی، هەست نەکەین کە ئیتر ئەنفال بووە و ئێران و عێراق ڕێک کەوتن و کوردستانیش هەموو وێران کرا، پرسیار ئەوە بوو، ئەنفال کرا بەرامبەر بەوە تەسلیم بین، بەجێ بێڵین، یان هەڵوێست وەرگرین و بڕوا و ئومێد بەهێز بکەین؟!، حزب خەریکی خۆی بوو، خۆی نوێ بکاتەوە، لەو قۆناخەدا هەموو موعارەزەی عێراقی بەئیسلامی و غەیری ئیسلامی، مەجلیسی ئەعلا و حزبی دەعوە و یەکێتی و پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵێک حزبی عیلمانی و ئیسلامی و قەومی و نیشتمانی، هەر هەموویان بەردەوام بوون لەسەر چالاکی خۆیان، ئێمەش وەک پارتی دەستمان کرد بە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی دەیەم، لێژنەی ئامادەکاری دانرا، ئەوە بوو لە دووی مانگی دوازدەی ساڵی هەشتا و

نۆ کۆنگرە دەستی پێ کرد، پاشان هەڵبژاردن کرا، سێ سەد و بیست و دوو کەس بووە مەندووب و بەشدارییان کرد، کۆنگرەکە لە مزگەوتی "هاشم ئابادی" بوو کە پێی دەڵێن "هیشماوە"، هەر لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە بەینی ڕاژان و زێوەیە، گوندێکە لە سەر جادەیە ئەو جادەیەی بۆ زێوە دەچێ، کۆنگرەکە نێزیکەی "دە" ڕۆژی خایاند و وەفدی حزبەکانی کوردستان هاتن بەشدار بوون، لەوانە یەکێتیی نیشتمانی، حزبی شیوعی، سوسیالیست، ئەمانە هەموو بەشدار بوون، نوێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران هات و بەشدار بوو لە جەلەسەی مێوانداریدا، ئەوە بوو کۆنگرە چەند ڕۆژێکی خایاند و پێڕەو و پرۆگرام تەعدیل کرا، مادەی پێنج گۆڕینی تێدا کرا، لێژنەی مەرکەزی و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێررایەوە، هەندێک هەڤاڵ خۆیان کاندید نەکرد و هەندێک هەڤاڵ دەرنەچوون، نیزامی سکرتێرییش نەما، پێشتر لە ناو حزبدا سکرتێری حزب هەبوو، نەک سکرتێری مەکتەبی سیاسی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی لە ناو پێڕەوی ناوەخۆدا دیاری نەکراوە، نیزامی سکرتاریەت بوو، سەرۆک هەبوو، دەسەڵاتی سەرۆک کەمتر بوو، دەسەڵاتی سەرۆک پێش گۆڕین زۆرتر تەشریفاتی بوو، سەبارەت بەکاروباری حزب، هەر لە کۆنگرەی یەکەوە تا کۆنگرەی دەیەم، سکرتێر دەوری سەرەکیی هەبوو لە ناو حزبدا، لە کۆنگرەی دەیەم گۆڕا، ئێمە خۆشمان وەک مەکتەبی سیاسی ڕەئیمان وا بوو، من ئەو وەختە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم، لە هەشتا و چوارەوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم. لە هەڵبژاردنێکی کۆمیتەی ناوەندیدا، دوکتۆر محەمەدساڵح جومعە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو گوتی من ناتوانم چی تر بەردەوام بم، لە کاری حزب، ئەوە بوو منیان هەڵبژارد لە لێژنەی مەرکەزی بۆ مەکتەبی سیاسی، ئیتر لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی؛ چونکە ڕاپۆرتمان هەبوو بۆ کۆنگرە، ڕاپۆرتی سیاسی، ڕێکخستن، دارایی، لە ڕاپۆرتی خۆماندا داوامان کردبوو، سەرۆک و سکرتێر بکرێ بە یەک کەس، ئێستە وایە سەرۆک کاری سکرتێریش دەکات، دوای ئەوەی هەموو شت تەواو بوو هەڵبژاردن دەستی پێ کرد و لێژنەی مەرکەزی هاتە هەڵبژاردن

لە ناو لێژنەی مەرکەزیدا مەکتەبی سیاسی هاتەوە هەڵبژاردن، کەسی تازە ئەوانەی کە ئیزافە بوون لە ناو مەکتەبی سیاسی، کاک نێچیرڤان، جەوهەر نامیق، زەعیم عەلی بوو، ئەوانە هیچیان پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی نەبوون، مەکتەبی سیاسی کاک فەلەکەدین بوو، خۆی کاندید نەکرد، من خۆم کاندید نەکرد هەتا بۆ لێژنەی مەرکەزیش خۆمان کاندید نەکرد، بەو شێوەیە کۆنگرە تەواو بوو، کۆنگرەیەکی باش بوو، تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو، خۆ ڕێک خرایەوە تاکو لەو ماوانەدا مەفاریزی بچووک بچووک بچێ بۆ کوردستان، مەفرەزەیەکمان چوو بۆ ناوچەی بادینان "سەعدوڵا" و کۆمەڵێک هەڤاڵی تر، ئەوە بوو "پ.ک.ک" بە دۆستایەتیش گرتنی و زانیاریمان هەبوو، تەسلیمی عێراقی کردن و لەلایەن عێراقەوە لەسێدارە دران، لەم دواییانەدا جەنازەکانمان دۆزینەوە لە "شاخکێ" کە قەبرستانێکە لە دهۆک، بەداخەوە کە ئەم تاوانە گەورەیەیان کرد، ئیتر بۆ زۆر ناوچەی تر مەفرەزەمان نارد، پێش کۆنگرەش ئەو وەختەی کە منیش لە مەکتەبی سیاسی بووم، پاش ئەنفال هەر دەمانناردن، بەڵام کارێکی زۆر زەحمەت بوو، سەخت بوو بۆ ڕێکخستنی خۆمان، ئەوە بوو بایەخمان دا بە ڕێکخستنی ناوەخۆمان، توانیمان لە هەموو شوێنەکانی ناوەخۆ ڕێکخستنی حزبی بەهێز بکەین، ڕێکخستن دروست بکەینەوە، خۆ ئامادە بکەین بۆ چالاکی، دیارە من ئەو ماوەیە بێ کار بووم، چونکە بۆ کۆمیتەی ناوەندی خۆم نەپاڵاوت، کاری حزبیم نەبوو، خۆم سەرقاڵ کرد بەنووسینی بیرەوەرییەکانم، بیرەوەرییەکانی خۆم نووسییەوە، بەڵام بەداخەوە لە دواییدا لەناو چوو، جاروبار کاک مەسعوود بۆ هەندێ کار لە ئێران، بۆ موناسەبات و بۆنەکان منی دەکرد بەنوێنەری خۆی، جگە لەوە ئیشی ترم نەبوو، ئەو ساڵە خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم بووم، بەداخەوە هەمووم نووسیبوو بەوردتریش لە ئێستە، توانیم هەموو بیرەوەرییەکانی خۆم لە ماوەی حەوت هەشت مانگ بنووسم، ڕۆژانە سێ ماوە دەمنووسی، لە ساڵی نەوەد دەستم پێ کرد، تا مانگی نۆ و دە تەواوم کرد، نێزیکەی پانزەدە شازدە دەفتەری سەد پەڕی گەورە دەبوو، ئامادەم کردبوون،

بۆ چاپ، بەهەمان شێوەی ئەم کتێبە ساڵ بەساڵ، بەڵام لەمە زۆر وردتر بوو، لەوە زۆرتر شتم نووسیبوو، ئەوە بوو دوای ئامادەکردن بردم بۆ لای کاک مەسعوود بارزانی لە ڕاژان، چوومە لای بۆ ئەوەی بۆم چاپ بکەن لە مەکتەبی سیاسی، گوتی: باشە، پێشتریش بە کاک فەلەکەدینم نیشان دا، گوتی: بەڕاستی شتێکی باشت نووسیوە، چاپیش بکرێ وەکو بیرەوەریی خۆت زۆر باشە، بڕوام وایە شەش سەد حەوت سەد لاپەڕە دەبوو، سەبارەت بەمەسەلەی "انشقاق" ڕەنگە شەست لاپەڕەیەکی لەسەر ئەوە بوو، کاک مەسعوود گوتی: ئەگەر ئەمەی تێدا نەبێت باشە؛ چونکە تازە ئێمە لەگەڵ یەکێتی ئیتفاقمان هەیە، بەرەمان هەیە، تۆش ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بووی، ئەگەر ئەندامی مەکتەبی سیاسییش نەبی، هەر لەسەرمان حسێبە، من حەز دەکەم ئەوەی تێدا نەبێ، دوای ماوەیەکی تر وەکو پاشکۆ چاپی بکە، وتم بەخوای ئەوەی تێدا نەبێ ناینووسم، کاک مەسعوودیش گوتی: با بمێنێ بۆ کاتێکی گونجاو ئەو وەختە چاپی دەکەین، گوتم چونکە ئەگەر لای ببەم نوقسان دەبێ، خەڵک بیخوێنێتەوە لەو بەینەی شەست و چواری تێدا نییە، باسی کۆنگرەی شەش ناکەم، چوونیان بۆ ئێران و ئەم هەمووە هیچی دیار نییە، ئەمەش کەلێنێکی گەورەیە، لەبەرئەوە با بمێنێت، چاپم نەکرد، خۆزگە چاپم کردبایە، دوای ئەوە کە لە ڕاپەرین هاتینەوە و لە هەولێر ماڵەکەم تالان کرا ئەمانە لەناو چوو، ئینجا من لە کاتی نووسینی بیرەوەرییەکانمدا، ئەلبوومم زۆر بوو، نێزیکەی بیست ئەلبوومم هەبوو هەر کامیان نێزیکەی سەد و هەشتا تا دوو سەد وێنە دەگرێ، بێجگە لەوەش بەهەزاران وێنەی ترم هەبوو کە لە ناو ئەلبووم نەبوون، وای بۆ دەچم بەگشتی ڕەنگە دوو سێ هەزار وێنەم هەبووبێ، مێژووەکە و ڕووداوەکانیشم لە پشتەوەی نووسیبوو، ئەوەی ئێستە من گوتوومە هەندێکی مێژووەکەی زۆر ورد نییە؛ چونکە هیچم لەلا نییە، بەداخەوە کە ماڵەکەم لە شەڕی ناوخۆدا تالان کرا و دەستی بەسەردا گیرا لە هەولێر دەفتەرەکان و ئەلبوومەکانم لەناو چوون، ماڵم لەناو چوو، خێزانم لەناو چوو، هەمووی لەناو چوو، بەداخەوە کارەساتی ئەنفال زۆر گەورە بوو، بەڵام من دووبارە لە هەولێر

ئەنفال کرامەوە، حەزیش ناکەم زۆر لەسەری بدوێم؛ چونکە ئەوەیش پارچەیەکە لەو ڕووداوە تاڵانە و قەت خۆم لە میللەت جیا ناکەمەوە، خێزانەکەی من، منداڵەکانی من، ماڵەکەی من لەگەڵ ماڵی هەڵەبجەیییەکان، شێخ وەسانییەکان جیاوازیی نییە و لە ناو دەروونی خۆمدا قەت جیاوازیم پێ نەکردوون و نایکەم، ئێمە بەشێکین لەم کارەساتانە، تەنانەت ئێمە بەشێکین لە هۆکارەکانیش، بەڵێ من لەم ماوەیەدا ئەم بیرەوەرییانەم نووسی و خۆم بەوە سەرقاڵ کرد.

## دەسپێکی ڕاپەڕین

دەوروبەری مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٠، عێراق چوو کوێتی داگیر کرد، ئیتر ئەوە بوو ئەمەریکا و دنیا و هەموو بڕیاریان دا کە دەبێ عێراق دەربچێ، داوایان لێ کرد ئەگەر دەرنەچێ لێی دەدەن، لەو دەمانەدا بوو، ڕێک بەبیرم نەماوە چ ڕۆژێک بوو کۆبوونەوەیەکی لێژنەی مەرکەزی کرا، ئێمەش چەند کەسێک لەوانەی لێژنەی مەرکەزیی کۆن بووین، یانی کە خۆمان کاندید نەکردبوو، یان هەبوو دەرنەچوو بوو، ئەوانەیش بانگ کران و ئێمەش چووین بۆ کۆبوونەوەکە لە ڕاژان، نێزیکەی پەنجا کەس دەبووین، لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەوە کرا کە پێ دەچێ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە سەدام بدەن، شەڕ لە کوێت دەست پێ دەکات و بە دڵنیاییەوە شەڕ ببێ عێراق شکست دەخوات، کە عێراقیش شکست بخوات ڕووداو دروست دەبێ، ئێمە دەبێ لەم ماوەیەدا ئیش بکەین، دەبێ خۆمان ئامادە بکەین و خۆمان ڕێک بخەین.

ئەوە بوو چەند کۆبوونەوەیەک کرا، هەندێ کۆبوونەوە بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی کرا لە قاسمەڕەش، هەتا کاک مەسعوود یەک دوو جار چوو بۆ ئەوێ و ئەوان هاتن، قاسمەڕەش لە سنووری ئێرانە، سەرکردایەتیی یەکێتی لەوێ بوون، دواجار دەستەی سەرکردایەتی دانرا، میحوەری "سلێمانی- کەرکووک" کاک نێچیرڤان بەرپرسی بوو، جگە لە هەردوو لق دەستەیەکی سەرکردایەتی لە کۆمەڵێک کادیری پێشکەوتوو کە لە لقەکانمان هێنا.

لەوانەی کە دێتە بیرم لەگەڵ کاک نێچیرڤان بوون، کاک نادر هەورامی بوو کە فەرماندەیەکی ئازا بوو، کاک قادر قادر بوو، دەروێش ئاغا بوو، کاک ئازاد قەرەداغی بوو، ڕەنگە ناوی هەندێکیانم لە بیر نەمابێ و داوای لێبووردنیان لێ

دەکەم، میحوەرێکی تر لە "هەولێر" دروست بوو، جگە لە لقی دوو کە ئەو وەختە کاک عومەر عوسمان بەرپرسی لقی دوو بوو، دەستەیەک دانرا لە "من و عەبدولموهەیمن بارزانی و خورشید شێرە" ئەو سێیەش بۆ هەولێر وەکو دەستەیەکی سەرکردایەتی بۆ پشتگیریی لقی دوو، من بەرپرسی دەستەکە بووم، بۆ دەڤەری بادینانیش میحوەرێکی تر دانرا، کاک زەعیم عەلی کرا بە بەرپرسی ئەو میحوەرە، ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون و لە بیرم بێ، دوکتۆر کەمال کەرکووکی بوو کە بەرپرسی لق بوو، نەجمەدین یووسفی بوو، فەریق بابەکر بوو کە ئەو وەختە پێیان دەگوت مولازم بابەکر، عەبدولعەزیز تەیب بوو، داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر ناوی هەندێکم لە بیر چووبێ، ئەمانەش بوونە میحوەرێک بۆ بادینان و ئامادەکاری کرا بۆ سەعاتی سفر، لە هەمان کات ئەو دەستانەی ئێمە لەگەڵ دەستەکانی حزبەکانی تری بەرەی کوردستانی بوون، بەرەی کوردستانی کاری خۆی دەکرد لە هەموو بوارەکانیدا، بەرەی کوردستانی بڕیاری دا ئەم لێژنانەی کە ئێمە دروستمان کردوون، پارتی، یا یەکێتی دروستی کردوون، ئەمانە دەبنە لێژنەی بەرە و بەیەکەوە ئیش دەکەن بۆ ڕاپەڕین.

تا ئەو وەختە هێشتا نەماندەزانی چی ڕوو دەدا و چی دەبێ، بەهەرحاڵ لە عێراق درا لە ١٢/١٩ /١٩٩٠ و شکستی خوارد و ئەمەریکا بەدوای کەوت و بەهەزاران سەرباز دیل کران، سەربازێکی زۆر هاتنە کوشتن و زۆربەی چەکەکانی عێراق لەناو چوون، سوپاس بۆ خوا کە لەناو چوون؛ چونکە ئەو چەکە لە دژی کورد و مرۆڤایەتی بەکار دەهات.

ئەوە بوو لە "٣/٥ /١٩٩١"دا ڕاپەڕین دەستی پێ کرد، ئێمە وەکو سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی بەرەی کوردستانی کە حەوت حزب بووین هەر هەموومان بەیەکەوە بڕیارمان دا مام جەلال کە لە دەرەوەیە با خەریکی کاری دەرەوە بێ، کاک مەسعوود خەریکی کاری ڕاپەڕین بێ لەگەڵ دەستەیەکی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی، ئەوە بوو لە پێنجی مانگ کاک مسعوود لەگەڵ دەستەیەک گەیشتە ڕانیە و لەوێ دەست کرا بە

سەرپەرشتیی ڕاپەڕین، هەر بۆیە ئێستە ڕانیە پێی دەڵێن دەروازەی ڕاپەرین و ئەو ڕۆژەش لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بە ڕەسمی کراوە بە پشوو، جا لەوێوە دەستی پێ کرد، پێ بەپێ بۆ هەموو شارەکان، سلێمانی حەوتی مانگی سێ ڕزگار بوو، هەولێر لە یازدەی سێ ڕزگار بوو، دهۆکیش لە چواردەی سێ، تا بیست و یەک، واتە لە پێنج تا بیست و یەکی مانگی سێ هەموو شار و شارۆکە و ناوچەکانی کوردستان بە کەرکووکی دڵی کوردستانیشەوە ڕزگار بوو.

## رزگارکردنی کەرکووک

لە شەوی بیست لەسەر بیست و یەک، واتە شەوی نەورۆز لە دوو میحوەرەوە داخلی کەرکووک بووین، میحوەرێک کاک نێچیرڤان لێی بەرپرس بوو لەلای سلێمانییەوە، میحوەرێکیش ئێمە لە هەولێرەوە ڕۆیشتین، ئەو دەستەیەی پارتی من و کاک عومەر عوسمان زیاتر ڕۆڵمان بینی، لە یەکێتیش کاک کۆسرەت و کۆمەڵێک برادەری تر.

هەموومان ڕوومان لە کەرکووک کرد و توانیمان کەرکووکی دڵی کوردستان ڕزگار بکەین، واتە لە ماوەی دوو هەفتەدا تەواوی ناوچەکانی کوردستان لە زاخۆ تا خانەقین هەمووی ڕزگار کرا و هەمووی کەوتە دەستی بەرەی کوردستانی و ڕاپەرین سەرکەوت، ئێمە لە میحوەری هەولێر و هەروەها لە میحوەری سلێمانی پاش ڕۆئاوا داخیلی کەرکووک بووین و لە شەڕێکی گراندا چەندان پێشمەرگە شەهیدبوون و سەربازیش زۆر هاتنە کوشتن و باوەشێنکە بەخەستی بۆردمانیان دەکرد.

بەڵام ئەو دژە ئاسمانییانەی پێشتر لە سوپای عێراق لە دەرەوەی کەرکووک دەس کەوتبوون بەکار هاتن لە دژی باوەشێنکەکان، بەڵام لە سەربازگەی "خالید" بەتۆپخانەی زۆر بۆردمانیان دەکرد، بەڵام پێشڕەویی پێشمەرگە بەری لێ نەگیرا و زۆر بازگەی سەربازی و بنکەی تر لە دەروازەی کەرکووک لە ڕێگەی هەولێر-کەرکووک کەوتە دەستی پێشمەرگە، من دوو ڕۆژنامەنووسی فارسی زمانم لەگەڵ دابوو هەردووکیان ئێرانی بوون لە هەولێر بەگەڵم کەوتن و داوایان کرد لەگەڵ مندا بن.

بەڵام یەکێکیان بۆ کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی یابانی کاری دەکرد و ئەوەی تریش بۆ کەناڵی تەلەڤزیۆنی "سی ئێن ئەی" ئەمەریکا و بەهاوبەشی کامێرایەکی

تەلەڤزیۆنیان لەلا بوو، وێنەی هەموو شەڕەکانی کەرکووکیان تۆمار کرد و گەیشتنە قەڵاتی کەرکووک و هەموویان وێنە گرت، بەڕاستی زۆر زیرەک و ئازا بوون و نەدەگەڕانەوە و دەیانویست وێنەی جوان بگرن و یەکەم کامێرا بوو کە وێنەی ئەم شەڕەیان گرت و بەڵێنیان دا وێنەیەکیش بۆ ئێمە بنێرنەوە و لە دواییدا لە ئێرانەوە بۆیان ناردین و ئێمەش دامان بە "K.TV" و ڕاگەیاندن کە ئێستە لە یادی ڕزگاری کەرکووک بڵاو دەکرێتەوە، سەرفرازی کوڕم فارسیی چاک دەزانی، لەگەڵمان بوو ئەو زیاتر هاوکاریی دەکردین، هەر ئەو شەوە سەعات دووی شەو گەڕاینەوە هەولێر بۆ ئەوەی ڕای بگەیەنین کە کەرکووک لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاد کرا و لە ئاژانسەکانی دنیا بڵاو کرایەوە، سەرەتا ڕۆژنامەنووسەکان باوەڕیان نەدەکرد، کە ئەمە شاری کەرکووکە، بەڵام کە لەسەر چەند تابلۆیەکیان دیت نووسرابوو کەرکووک –بەغدا –ناوشار، ئەوجا باوەڕیان کرد و لە خەڵکیشیان پرسیار کرد، .. بەڵێ ڕاپەرین لە خوارووی عێراقیش دەستی پێ کرد لە شاری بەسرە، بەڵام لەوێ سەرکەوتن بەدەست نەهات، بەعسییەکان لەوێ بەتوندی لێیان دانەوە و نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنن؛ چونکە پێشمەرگەیان نەبوو، هێزیان نەبوو، جیاوازیی زۆر بوو لەگەڵ ئێمە؛ چونکە دۆخی جوگرافیایی ئەوان یارمەتیدەریان نەبوو بۆ ئەوەی سەربکەون، ڕاپەرینی خوارووی عێراق شکستی خوارد، بەڵام ئێمەی کورد سەرکەوتین لە ڕاپەڕین، ئەوە بوو ماوەیەکی زۆری نەبرد توانیمان لێژنەی بەرە دروست بکەین لە هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و لە هەموو شارۆکە و شارەکان، ئەوەش بۆ ئەوەی لە جیاتی حکوومەت ئیدارەی وڵاتەکە بەڕێوە ببەین، بەڵام زۆری نەخایاند.

## لە ڕۆژی ٣/٣١ /١٩٩١دا کۆڕەو دەستی پێ کرد

چەند ڕۆژێک دوای ڕاپەڕین، جارێکی تر حکوومەتی عێراق هێرشی هێنا، سەربازگەی خالید لە کەرکووک لەدەست ئەواندا بوو، سەربازگەیەکی گەورە بوو نەمانتوانی ئەوێ ڕزگار بکەین، جارێکی تر هێرشیان هێنایەوە، لە سی و یەکی مانگ، ئێمە لە هەولێر بووین وەک لێژنەی بەرە، شەویش کۆبوونەوەمان کرد، وردە وردە مقاوەمە هەبوو، بەڵام بەداخەوە مقاوەمەکە لاواز بوو، ئیتر ئەوە بوو لە ڕۆژی ٣/٣١ دا لە هەولێر و لە سلێمانی و دهۆکیش کۆڕەو دەستی پێ کرد، هەر هەموو خەڵک جگە لە ژمارەیەکی یەکجار زۆر کەم، ئەوی تر هەمووی ڕووی کردە دەرەوە بەرەو سنووری ئێران و تورکیا، نێزیکەی دوو سێ ملیۆن کورد کۆچیان کرد و حکوومەتیش بێ ڕەحمانە ڕاست و چەپ لێی دەدان، دەتوانم بڵێم زیاتر لە هەزار جەنازە لە دەوروبەری هەولێر کەوتبوو، هی ئەو خەڵکەی کە ڕای کردبوو لێیان دابوو بە باوەشێنکە و کوشتبوویان، ئێمە وەکو دەستەی لقی دوو لە ڕێگە لە نێوان هەولێر و مەلا ئۆمەر کە هەولێرمان بەجێ هێشت هەموو بەیەکەوە بووین، باوەشێنکە کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتن هەروا لە جادە لە خەڵکیان دەدا، ئێمە "بیکەیسی"مان پێ بوو کە دەگەیشتنە لای ئێمە ناچار بووین بە "بی کەی سی" تەقەمان لێ دەکردن ئیتر، زۆر بڵند دەبوون و قەسفیان نەدەکرد، واتە ئێمە بەوە خۆمان پاراست، ئێمە لە بەیانییەوە بەڕێ کەوتین قەرەباڵغی ئەوەندە زۆر بوو لەگەڵ ئەوەشدا جادەکە خراپ بوو؛ چونکە ئەو وەختە یەک ساید بوو، هەشت سەیارە دەڕۆیشت، حەفت هەشتێک لەسەر زەویش دەڕۆیشتن، تا سەعات یەکی شەو ئێمە گەیشتینە مەسیف و بڕیارمان دا لەوێ بەرگری بکەین، ئیتر بۆ بەیانی وەک بەرە کۆبووینەوە و کاک کۆسرەت و کۆمەڵێک برادەری تری یییەکێتی لەوێ بوون بەیەکەوە کۆبوونەوەمان کرد و بڕیارمان دا هێزی خۆمان دابەش بکەین لە مەلا ئۆمەرەوە تا مەسیف.

## بەرخودان و بەرگری لە دەربەندی کۆڕێ

لە ١٩٩١/٣/٣١دا هەولێر گیرایەوە و لە ٤/٧ هێزەکانی ڕێژیم بەرێ کەوتن هاتن بۆ مەسیف، لە خانزاد شەڕێکی باشیان لەگەڵ کرا، لەوێ کشاینەوە بۆ کۆڕێ و حوجرانێ بۆ ئەو گەلییە، لەوێ دیسان لێژنەی بەرە کۆبوونەوەیەکمان کرد، ئێمە وەکو پارتی "من و کاک عومەر و کاک خورشید و کۆمەڵێک لە برادەران دانیشتبووین"، برادەرانی یەکێتی، کاک کۆسرەت و ئەوانی تر هاتن، لایەنەکانی تر نەمان، هەقیقەت هەر لە هەولێر بەدواوە نەمان، کەس نەیزانی چییان لێ هات، تەنیا ئێمە و یەکێتی ماینەوە، کەس نەبوو بەبرای کەس، هەر ڕاکردن بوو، ئێمەش ژمارەیەکی زۆر کەم مابووین، دوای ئەوە حسێبمان کرد ڕەنگە ئێمە وەکو پارتی نێزیکەی سەد کەس ماینەوە، یەکێتیش پەنجا شەست نەفەرێک بوون، بڕیارمان دا لە حوجرانێ بەرگری بکەین، جەبهەمان دابەش کرد، حەوتی مانگ بوو کە ڕێژیم هێرشی کرد، ئێمە لە مەسیف کشاینەوە، بارەگەی خۆمان بردە شەقڵاوە، بەڵام کەس نەمابوو، شەقڵاوەش چۆڵ بووبوو، حوجران هەر هەمووی چۆڵ بوو، ئەزمەی ئەرزاق بوو، برووسکەمان کرد برادەرانمان لە ئێرانەوە نانیان بۆ ناردین، فیشەک هەبوو، بەڵام نان و خواردەمەنی نەبوو، کەس نەمابوو، لێی بکڕین، پێشمان خراپ بوو بچین ماڵی خەڵک بشکێنین و ئەرزاق پەیدا بکەین، بەس ئەگەر ناچار بووینایە دەبووایە بیکەین، ئێمە بڕیارمان دابوو شەڕ بکەین، جەبهەی لای دەستی ڕاست لەلای کۆڕێ بەرەو شەقڵاوە بەدەستی ڕاستدا بۆ لای سەفین ئەوە دامان بەیەکێتی، ئەوی تر بەرەو دەستی چەپ لە جادەوە تا ئەولای، ئەوە بۆ ئێمە بوو، چونکە هێزی پارتی زۆرتر بوون، لق هەریەکە یازدە تا چواردە کەسمان لەگەڵدا بوو، پەنجا شەست کەسێک دەبووین، ئەوەی لەگەڵ من و کاک خورشید و کاک

عومەر عوسمان و کاک شێخەڵا و ئەوانە هەریەکێ و مەفرەزەی خۆی و حیمایەی خۆی لەگەڵدا بوو، کاک "خالید ئاژگەیی" بەڕەحمەت بێ، نەماوە ئەویش کۆمەڵێک کادیر و پێشمەرگەی لەگەڵدا بوون، وەستا یونس بوو، میقداد عەلی بوو، مەهدی عەزیز، ئێستە ئەندامی کارگێڕیی لقی شازدەیە، ئەوانە نێزیکەی ڕەنگە بیست کەسێک دەبوون، هێزێکی ترمان هەبوو "دوکتۆر سەعید بارزانی" دوکتۆر سەعید بیست و سێ نەفەری هەبوو، شەهید حالکە دۆڵەمەڕی "حالکە" هەبوو، ئەویش سێزدە چاردە کەسی لەگەڵدا بوو، هێزی پارتی تا ڕادەیەک زۆر بوو، ئەوەشمان دابەش کرد، هەمووی هەر یەکە شوێنمان بۆ دیاری کرد، یەکێتیش بەهەمان شێوە، ڕۆژی دوازدەی مانگ بوو بەیانی ڕێژیم هێرشیان هێنا و شەڕ دەستی پێ کرد، بەڵام چ شەڕێکە شەڕێکی گەورە، خۆشییەکەشی لەوەدا بوو باڵەفڕەش نەبوو، باوەشێنکەش نەبوو، تەنیا دەبابات و مەدفعیە بوون لەگەڵ مەشات؛ چونکە بەپێی بڕیاری شەش سەد و هەشتا و هەشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە خەتی سی و شەش ناوچەی دژە فڕین دروست کرا، قەدەخە بوو باڵەفڕە بێتە ئەو ناوچەیە، ئەوەش بۆ ئێمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو، مەعنەویاتێکی گەورە بوو، باوەشێنکەمان لەسەر نەبوو، چونکە بەڕاستی باوەشێنکە زۆر مەترسیدار بوو لە شەڕدا، ئیتر شەڕێکی چاک کرا، ئێستەش هەندێ هەیکەل ماون نێزیکەی دوازدە سێزدە (تانک) دەبابە و ناقیلەی سەربازی و مودەرەعە تەدمیر کران و هەر لەوێ هەڵاتن و بەجێیان هێشت، سەربازێکی زۆر لە ناو گەلییەکە خۆیان فڕێ دابووە ناو کەندەکە و لەوێ هاتبوونە کوشتن، ئەو هێزەی ڕێژیم شکا و کشایەوە بۆ کۆڕێ و بۆ ئەودیوی کۆڕێش، ڕەنگە بڵێم سێ مەدفەعییە پێکەوە دەیتەقاند و وەک ڕەشاش دەهات لەو شاخ و داخانەی دەدا، بەڵام شوێنەکانی ئێمەی نەدەگرتەوە هەموو دەکەوتە پشت ئێمە، ئیتر لەو شەڕە شکان و وەقفەیەک دروست بوو دوو سێ ڕۆژ لە ژێرەوەش پێوەندیی هەبوو لەگەڵ حکوومەت، یەکێک هەبوو خەڵکی سلێمانی بوو ئەفسەر بوو ناوی "دارا" بوو ئەوە نوێنەری حکوومەت بوو، هات لەوێ برادەرانی ئێمە، کاک فازڵ و کاک

ئازاد بەرواری بوون، لەلایەن یەکێتیشەوە کاک فەرەیدوون عەبدولقادر و ئەو دارایە و وابزانم نەفەرێکی تریشیان لەگەڵدا بوو، نازانم باش بیرم نەماوە، هاتن بۆ لای ئێمە، ماوەیەک دوای ئەوە شەڕی دووەم دەستی پێ کردەوە لە پازدە و شازدەی مانگ بوو، حکوومەت هێرشی دووەمی هێنایەوە و هەندێ شوێنیان لێ گرتین، بەڵام لە شەڕی یەکەم کە شکستیان خوارد کۆمەڵێ خەڵک گەڕایەوە، لە ڕەواندزەوە خەڵکەکە هەمووی ڕای کردبوو گەڕابووەوە شارۆکەی سۆران، لەوێ کاک مەسعوود بارزانی چووە ناو خەڵکەکە و داوای لێ کردن بگەڕێنەوە و ئاوارەی وڵاتان نەبن، ئەوە بوو هەندێک گەڕانەوە، هەر زوو هاتنەوە، یەک لەوانە جەماعەتی "سۆسیالیست" و"سەید کاکە" گەڕانەوە هاتن ئەوانیش بەشدارییان کرد، بەڕەحمەت بێ "حەسەن نەجار" سەیارەیەکی پێ بوو سەد و شەشی لەسەر بوو، جێب بوو بۆ دژە تانک زۆر گرینگ بوو، ئەویش هات و پێمان گەیشت لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی تر، یانی لە سەد و پەنجا، سەد و شەست کەسەوە بووین بەسێ سەد کەس، ئەوە بوو دژەهێرش کرا بۆ سەر ئەو شوێنانەی کە حکوومەت گرتبووی، بەتایبەت شەهیدانی نەمر دوکتۆر سەعید و حالکە لەولاوە و هێزی تری ئێمەش لەملایەوە لە جادە هێرشی دووبارەمان کردەوە و ڕێژیم هاتە شکاندن و "کۆڕێ"شیان بەجێ هێشت و کەوتنە ئەوبەر بەرەو لۆفەکانی مەسیف، پێشمەرگە بە تەواوەتی کۆنترۆڵیان لەسەر هەموو ناوچەکە کرد و بوو بەدەنگێکی سەرکەوتنی گەورە و لەو وەختیش وەفدی حکوومەت هات و هودنە کرا.

## رژێمی عێراق جارێکی تر پەنای بردەوە بەر گفتوگۆ

ئەوان هاتن و ئێمە چووین و یەکترمان دیت و شەڕ ڕاگیرا، وەفدی ئێمە ڕۆیشت بۆ بەغدا، مام جەلال لەگەڵ وەفدێک چوو بۆ بەغدا و چەند ڕۆژێکی پێ چوو گەڕایەوە، ئەوجارە سەدام و حزبی بەعس داوایان کردبوو گوتبوویان دەبێ کاک مەسعوود بارزانییش لەگەڵی بێت، ئەگەر کاک مەسعوود نەیەت ناتوانین هیچ بڕیارێک بدەین، ئیتر ئەوە بوو کاک مەسعوودیش چوو، هەرچەندە ئێمە لە سەرکردایەتی خۆمان دانیشتنێکمان کرد و ڕێککەوتین کە کاک مەسعوود بچێت، بەڵام بۆ وی زەحمەت بوو، ئەو هەموو کەسوکارەی ئەنفال کراوە و ئەو هەموو کارەساتە و ئێستە بچێ لەگەڵ سەدام دابنیشێ، گوتی: حەز دەکەم برادەرانی تر بچن، گوتمان: ئەوان دەڵێن ئەگەر ئەو نەیەت ئێمە ڕێک ناکەوین لەگەڵتان، ئیتر ئەمجارە کاک مەسعوود و مام جەلال پێکەوە چوون، دوای ئەوە مام جەلال گەڕایەوە کاک مەسعوود مایەوە، دوای ئەوە حکوومەت ناوچەکەیان بەجێ هێشت و چوونە بن هەولێر، دواجار هەولێریان بەجێ هێشت و دهۆکیشیان بەجێ هێشت، سلێمانییشان بەجێ هێشت، نەیانتوانی ئیدارەی تێدا بکەن، بەڕاستی کە بڕیاری ٦٨٨ی دژەفڕین دەرچوو، لە ئاکامی ئەو بڕیارە نەیانتوانی لەو شوێنانە بمێنن و ئەوە بوو کشانەوە.

## کاک مەسعوود: بۆ بەرژەوەندیی گشتیی میللەتەکەمان لە هەقی خۆمان تەنازول دەکەین

ئەو ماوەیە بۆشایییەکی ئیداریی زۆر گەورە دروست بوو، ئێمە چووینەوە هەولێر و لێژنە دروست کرا، مێژووەکەم چاک لە بیر نییە بەس وابزانم لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٩١بوو کە بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمان درا لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی کە لە خەلیفان ساز کرا، بەر لەو ماوەیەش کاک مەسعوود پێشنیازی کردبوو هەڵبژاردن بکرێ، پەرلەمان هەڵبژێرین و حکوومەت دروست بکەین، بەڵام پاش ئەوەی پرسی هەندێ لە وڵاتانی دەرەوە دەکرێ، کاک مەسعوود و مام جەلال سەفەری دەرەوەیان کرد، چوون لە دەرەوە لەگەڵ دۆستەکانمان قسەیان کرد، ئەوانیش تەئیدی ئەوەیان کرد کەوا زۆر باشە هەڵبژاردن بکەن و پەرلەمان و حکوومەت دروست بکەن و ڕێکخراوەکانیش دێن یارمەتیتان دەدەن، چونکە بۆشاییی ئیداری هەیە، ڕێک لە ١٩٩٢/٥/١٩دا هەڵبژاردنمان کرد، یەکێتی لیستی سەوزی هەبوو، زەحمەتکێشان و هەندێک لایەنی تریشی لەگەڵدا بوو، ئێمە تەنیا خۆمان بووین لیستی زەرد، چەند لیستی تریش دروست کرا، وابزانم حەفت لیست بوو، بڕیار درا بوو ئەوەی لە حەفت کورسی کەمتر بێ هەقی نییە لە پەرلەمان نوێنەری هەبێت، ئەوە بوو پارتی و یەکێتی زۆرترین دەنگیان هێنا، پارتی لە یەکێتیش زۆرتری هێنا، پەنجا و یەکی هێنا، یەکێتی چل و نۆی هێنا، ئەوەش بوو بەگێروگرفت، کاک مەسعوود بەیانێکی دەرکرد دەڵێ: "ئێمە بۆ بەرژەوەندیی گشتیی میللەتەکەمان و بۆ ئەوەی شەڕی ناوەخۆ نەبێت لە هەقی خۆمان تەنازول دەکەین بۆ پەنجا بە پەنجا"، وا بڕیار بوو پاش شەش مانگی تر هەڵبژاردن بکرێتەوە، بەڵام نەکرا، پێک هاتین و پەرلەمان دروست کرا و

کەوتە کار و حکوومەتی هەرێمیش دروست کرا، لە چواری مانگی شەش، کابینەی یەکەم لە پەرلەمان متمانەی پێ درا، هەر حزبێک وەزیری خۆی دیاری کرد، ئەو وەختە چواردە وەزیر بوون و منیش یەکێک لە وەزیرەکان بووم، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی بووم و ئەندامی پەرلەمانیش بووم، ئیتر دەستبەکار بووین، هەقیقەت هیچمان نەبوو، حکوومەتێکی بێ پارە، بێ پۆلیس، نائارامی زۆر هەبوو، ڕاووڕووت هەبوو، دزی هەبوو، کوشتنی خەڵک هەبوو، تەنانەت کاتی کۆڕەوەکەش کەم ماڵ مابوو بەساغی، زۆربەی زۆری شتەکان سەرباز شکاندبووی و تالانی کردبوو، بەڵام یەک شت هەیە با لە بیرم نەچێ و باسی بکەم، لەگەڵ ڕاپەڕین دوو فەیلەق هەموو شکان، بەس قائیدەکان ڕایان کرد، ئەوی تر هەموو مایەوە، سەربازەکان هەموو بەدیل گیران و لە مزگەوتان دەخەوتن، میللەت زۆر یارمەتی دان تا گەڕانەوە یەک سەربازیش نەهاتە کوشتن، ئەوە زۆر گرینگە لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە، خەڵک لە ماڵی خۆیان نانیان بۆ دەبردن، بۆ کێ؟!.. بۆ ئەوانەی کە ئەنفالیان دەکردین، خۆ سەدام بەتەنیا نەبوو هەر ئەوانە ئەنفالیان دەکرد، بەڵام لە دوای کۆڕەوەکە کە ئەوان هاتنەوە جارێکی تر کوردستانیان تالان کردەوە و ماڵی خەڵکیان تالان کردەوە، بەڵام خەڵکەکەش کە زانییان دانوستاندن هەیە، ئەوە بوو زوو گەڕانەوە لە ئێران و تورکیا و هاتنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵ و کاری خۆیان، ئێمەش هانی خەڵکەکەمان دا تا بگەڕێنەوە.

## مەدام میتران بەشداریی لە
## متمانە وەرگرتنی حکوومەتی هەرێمدا کرد

ئیدارەی حکوومەتی هەرێم دامەزرا، وەزارەتەکانیش زۆربەی زۆریان جێیان نەبوو، بینایان نەبوو، تەنیا ئەو بینایەی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم هەبوو، ئەوەی ئێستە هەیە وەختی خۆی بارەگای ئەنجوومەنی تەشریعی بووە زەمانی حوکمی زاتییە کارتۆنییەکەی بەعس، بەڵێ پەرلەمانی کوردستان لەوێ دانیشت و دەستبەکار بوو، بەڵام کە متمانە درا بەحکوومەتی هەرێم "مەدام میتران" هات و بەشداریی کرد لە کۆبوونەوەکەش، حاڵەتێکی زۆر خۆش بوو کە متمانە بە حکوومەت درا.

لە ڕۆژی ٦/٤ کە من ئەندامی پەرلەمان بووم و وەزیری ئەوقافیش بووم شەو لە "نادی اطباء" دەعوەتی کاک مەسعوود بووین، وەزیرەکانی حکوومەت و مەدام میترانیش لەوێ نانمان خوارد، لەلای من ئەوە ڕۆژێک و شەوێکی خۆش و مەزن بوو، مەدام میتران لەو ئافرەتانە بوو کە هەردەم بەرگریی لە کورد دەکرد لە هەموو مینبەرەکان.

ئەوە بوو چووە لای سلێمانی و بۆمبی مینڕێژیان بۆ دانا، سوپاس بۆ خوا سەلامەت دەرچوو، ئیتر کە کاک مەسعوود و مام جەلال چوونە ئەوروپا و گەڕانەوە لە پەرلەمان پێشوازیی خەڵکیان کرد، نێزیکەی حەفت سەد هەشت سەد هەزار کەس کۆبوونەوە بۆ قسەکانی کاک مەسعوود و مام جەلال کە پێشوازییان لێ کردن.

ئەو ڕۆژانە ڕۆژی خۆش بوون، ڕۆژی سەرکەوتن بوون، ڕۆژی ئەوە بوو کە کورد دەسەڵاتی خۆی هەبێ، یەکەمین جارە لە مێژوودا کورد پەرلەمانی

هەبێت، کە پەرلەمان دروست بوو کۆبوونەوەی کرد و متمانەی دا بەحکوومەت، ئیتر حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چواردە وەزارەت دروست بوو، وەزارەتەکان بەم شێوەیە بوون، ئەوانەی بەبیرم بێت: "وەزارەتی ناوەخۆ، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی داد، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، وەزارەتی کار و نیشتەجێکردن، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، وەزارەتی پیشەسازی، وەزارەتی گەیاندن و گواستنەوە و وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی تەندروستی" ئەم وەزارەتانە دروست بوون و دەستبەکار بوون، هەندێ لە باڵەخانەی ئەو وەزارەتانە کۆنە ئەمانەتەکانی سەردەمی بەعس هەبوون، هەندێ بارەگای بچووک و هەندێ کارمەند و، بەڵام بێ سەروبەر.

## من که بووم بەوەزیری ئەوقاف دڵسۆزی و ڕژدی فێری کارەکانی کردم

من کە بووم بە وەزیری ئەوقاف شارەزاییم نەبوو، بەڵام دڵسۆزی و ڕژدی فێری کارەکانی وەزارەتی کردم، بینایە کە هەندێ فەرمانبەری لێ بوون شکست خوردە و فەقیر، ئینسان زگی پێیان دەسووتا، هەر چۆنێک بێ کورد بوون ئەوانە، عەرەبەکان ڕۆیشتبوون، پێیان دەگوت ئەمانەتی کوردستان تەشریعی و تەنفیزی هەبوو، بەناو حوکمی زاتی، ئەمەش بەشێک بوو لە کارتۆنییەکە، لەوێ دەستم بەئیش کرد.

هیچم لە وەزارەت نەدەزانی، وەزیریم نەکردبوو، بەس پێشمەرگایەتیم کردووە، مامۆستا بووم، لە مامۆستایەتیش هیچ کاری پەروەردەییم نەکردووە، مەبەستم کاری ڕەسمی، چووم لەوێ بوومە وەزیر، بەڵام ئینسان ئەگەر ڕژد بوو هەموو شت فێر دەبێ، برادەرێک لەوێ بوو نەماوە هەزار ڕەحمەتی لێ بێت، ناوی "حاجی ڕەئووف" بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، زۆر ئیشی کردبوو لە ئەوقاف، ئەم پیاوە لەوێ بوو، لە کۆن شیوعی بوو، دوایی بەناچاری بووبوو بە بەعسی، من کە چوومە ئەوێ هاتە لام.

دیتم بەرپرسی ئیدارەی ئەو بارەگایەیە، بەس پیاوێکی بەڕێز بوو، زۆر شارەزا بوو لە ئیشی ئەوقاف، گوتی: ئەگەر تۆ پشتگیریم بکەی من زۆر خزمەتت دەکەم، چونکە تۆ نەشارەزایت، گوتم: ئەرێ وەڵا من پێویستیم بەیەکێک هەیە شارەزا بێت، بەڵام دڵسۆزیش بێت، چونکە شارەزایی نادڵسۆز زۆر ترسناکە، گوتم : ئەگەر تۆ دەبییە شارەزایەکی دڵسۆز مەمنوونت دەبم و منیش یارمەتیت دەدەم، ئەگەر شارەزایەکی نادڵسۆز بی دوایی خراپت لەگەڵ دەکەم، ئەوجا کەیفی خۆتە، دەبێ دڵسۆز بی، گوتی: من بەڵێنت پێ دەدەم

بەڵێنی پیاوان ڕاست دەبم لەگەڵت، گوتم: دەباشە تۆ دەبییە برای من، هات هاوکاریی کردم، بەڕاستی زۆر سوودم لەو پیاوە بینی، بەڵام بەداخەوە کوتلەی سەوز چەند جار بانگیان کردم لە ناو پەرلەمان، زۆر ڕەخنەیان هەبوو لەسەری، زیاتر لەبەرئەوە بوو کە هاوکاریی منی دەکرد دەنا کۆنە بەعسی، گەلێ زۆر بوون، خۆ زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە پێشتر کۆنە بەعسی بوو، کەم کەس هەبوو بەعسی نەبا، دەبووایە بگەڕێی زۆر کەم پەیدا دەبوو، دەستمان بەئیش کرد و توانیمان زۆر شت بکەین.

بەڵام پارە نەبوو، هەتا "نەسریە"شمان نەبوو، سوڵتان موزەفەر هەیە لە هەولێرێ، وەختی خۆی یەک لە ئەمیرەکانی سەردەمی سەلاحەدین و پێشی سەلاحەدینیش وەختی خۆی لێرە بووە، بەناوبانگە خەڵک زۆر دەچنە زیارەتی، بەتایبەت ژنان بەپیاوچاکی دەزانن، ڕاستە پیاوێکی موسڵمان بووە، ئێمە لە وەزارەتی ئەوقاف نەسریەیەکی وامان نەبوو شایەنی باس بێ، بەڵام هەر ٣ سێ مانگ جارێک سندووقی "سلطان مظفر"مان دەکردەوە و برێ پارەمان دەردەهێنا، لەوێ سندووقێک هەیە کە خەڵک دەچێ بۆ زیارەت پارەی دەخنە ناو، نەسریەی ئێمە هەر ئەوەندە بوو، شەش مانگ نەمانتوانی مەعاشی فەرمانبەر بدەین، بەڵام گومرگەکانمان ڕێک خست، ئەوە زۆر باش بوو، لەگەڵ هەندێ هاوکاری و یارمەتی کە لە دەرەوە دەهات توانیمان مزگەوتەکان سەرپەرشتی بکەین و ڕێکیان بخەین و خەتیبەکان دابینێن، چونکە پێشتر بزووتنەوەی ئیسلامی و لایەنەکانی تر هەریەکەی بۆ خۆی ئیشی کردبوو، کەس بەکەس نەبوو، حکوومەت نەبوو.

بەڵام من توانیم لە ماوەیەکی کەمی سێ چوار مانگیدا سەیتەرە بکەم لەسەر هەموو مزگەوتەکان و هەموو ئەوقاف، توانیمان تەسفییەکی باش بکەین، کۆمەڵێ قوتابخانەی ئاینی هەبوو، ئەوانە سەرپەرشتی بکەین و هەندێ قوتابخانەی تریشمان کردەوە بەپێی پێویست.

ئەمە هەمووی لە ماوەی دوو ساڵ، یانی بەدوو ساڵ توانیمان مووچەکانیش، ئەوی کۆنیش کە لەسەرمان بوو ئەویش بدەین و بەردەوام مانگانەش

مووچەکان بدەین، سەرۆک وەزیران کاک دوکتۆر فوئاد مەعسووم بوو لەلایەن یەکێتییەوە، چونکە سەرۆکی پەرلەمان هی پارتی بوو کاک جەوهەر نامیق بوو، سکرتێری پەرلەمان، کاک فرسەت ئەحمەد بوو، جێگرەکەشی کاک نەژاد عەزیز ئاغا بوو، لە حکوومەتیش سەرۆکی حکوومەت دوکتۆر فوئاد بوو جێگرەکەی دوکتۆر ڕۆژ بوو، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوو، وەزیرەکانیش نێزیکەی شەش وەزارەت بۆ ئێمە بوو، شەش وەزارەتیش بۆ یەکێتی بوو، وەزارەتێکیش درا بە حزبی شیوعی، یەکێکیش بەزەحمەتکێشان.

بەو شێوەیە حکوومەتەکە دەستی بەکار کرد، من دەڵێم کابینەی یەکەم زۆر ڕێکوپێک بوو، زۆر ڕێکوپێک و باش بوو، کابینەی دووەم کاک کۆسرەت بوو بەسەرۆک وەزیران و دیسان هەر دوکتۆر ڕۆژ جێگری سەرۆک وەزیران بوو، بەڵام بەداخەوە لە کابینەی دووەمەوە کێشە و ململانێی توند دەستی پێ کرد.

## ململانێ و شەڕەپەڕۆ

لەو کاتەی کە حکوومەتی هەرێم دروست کرا سێ کێشەی گەورە هەبوو: یەکەم ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی، دووەم بێ پارەیی، سێیەم کارمەندی دائیرەکان زۆربەیان کۆنە بەعسی بوون، فەرمانبەری تازە دانەدەمەزرا، چونکە پارە نەبوو، بەڵام هەر وەزیرێک سەلاحییەتی پێنج شەش کەسی درابوویێ بۆ خۆی، ئەو ستافەی لەگەڵ وەزیرە بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیر و سکرتێر و ئەوانە بۆ خۆی دابمەزرێنێ، لەوە زیاتر نەبوو.

ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارمان دا تەسفییەی بەعس بکەین، هەرچی ڕەفیق حزبی و پیاوی بەعس هەیە، هەمووی تەسفییە بکەین و فەسڵیان بکەین یان خانەنشینیان بکەین، لە ئەنجوومەنی وەزیران کرا بەبڕیار و درا بە مەکتەبی سیاسیی هەردوو حزب، ماوەیەکی زۆر مایەوە.

بەڵام بەداخەوە هەردوو حزب ڕازی نەبوون ئەوەش جێی داخە، ئێستەش وەکو ڕای خۆم دەڵێم دەبووایە ئەو تەسفییەیە بکرابایە، چونکە بەبڕوای خۆم دەڵێم ئەگەر ئەو تەسفییەمان بکردایە ڕەنگە شەڕی ناوەخۆش دروست نەبووایە، ئەمانە هەموو هۆکاری سلبی بوون لە دروستکردنی شەڕی ناوەخۆش، چونکە بەعس مابوو لە بەغدا و ئەوانە زۆربەیان پێوەندییان هەبوو لە ژێرەوە، بەداخەوە ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکرا و زیانێکی زۆر گەورە بوو، حکوومەتەکەش هەموو کادیر و ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی بوون خەڵکی بێلایەن نەبوو، بەعسییەکان دەشیانزانی ئێمە بڕیارمان داوە پاکسازی بکەین.

ئیتر لەبەرئەوە هەندێکیان خەریکی ئەو فیتنە و فەسادییە بوون، ئیتر لەوێوە وردە وردە لە کابینەی دووەم ململانێی توند دەستی پێ کرد، شەڕەپەڕۆ

دەسـتـی پێ کـرد تا ئـەو کـاتەی لە نـاوچەی قـەڵادزێ چـەند هەڤـاڵێکی ئێـمـە شـەهیـد کـران و بەداخـەوە دوایـی پەلکێش بـوو بۆ سلێـمـانـی و شـوێنەکـانی تریش، ئەوە بوو دواجـار بوو بەشـەڕ، جـێگەی داخـە ئەو شـەڕە ڕووی دا، شـەڕێکی مـاڵسـووتێنەر و مـاڵوێرانکەر بەردەوام بوو تا سـاڵی ١٩٩٧، شـەڕی زۆر قـورس کـران و زەرەری زۆر بەکـورد کـەوت، خـەڵکێکـی زۆر هـاتنە کوشـتن، بڕوات و نەگەڕێتەوە جـارێکی تر، ئەوە بوو هـەولێر کەوتە دەسـتـی ئەوان و ئێمە کەوتینە دەرەوەی هـەولێر تا دەگاتە دهۆک ئێمەی لێ بوو.

لە هـەولێرەوە تـا دەچووە سلێمانی و دەوروبەری کـەرکووک بەدەست یەکێتی بوو، "پـەرلەمـان"یش بوو بە دوو بەش، بەشـێک لەگـەڵ ئەوان بوو بەشـێک لەگەڵ ئێـمـە بـوو، ئەندامـانی پەرلەمـان مـاوەیەک مـانیـان گـرت، لـەوێ چل پەنجا ڕۆژ دوای ئەوە بەجێیان هێشت و کۆتاییی پێ هات و پەرلەمانەکە بوو بە دوو بەش و حکوومـەتەکـەش بوو بـە دوو بەش، حکوومـەتـی وان لە هـەولێـرێ بوو دوایی چوو بۆ سلێـمـانـی، حکوومـەتی ئێـمـەش لە شـەقـڵاوە بوو، دوایی چـووین بۆ هـەولێر، جـا کـە من بووم بە وەزیر پاش دوو سـێ مـانگ بڕیار درا "وەزیرەکـان" دەست لە کـار بکێـشـینەوە لە پـەرلەمـان و خـەڵکی تر بێـتـە پەرلەمـان، من لە پەرلەمان نەمام هـەر ئیشی وەزیرییەکەم دەکرد.

دوای ئەوەی پاش دوو سـاڵ هـەولێـرمـان بەجێ هێـشـت هـاتینـە شـەقـڵاوە، دوکتـۆر ڕۆژ سـەرۆکی کوتلە بوو، بەڵام ئەو کاروباری شـەڕی دەکرد، لەبەرئەوە من بـووم بەسـەرۆکـی کـوتـلەی زەرد لـە حکوومـەتـی هـەرێم، لە شـەقـڵاوە بینایەکمان گرتبوو پازدە بیست ژووری تێدا بوو لەوێ ئیشـەکانی خۆمـانمان دەکرد.

من بوومـە بەرپرسی حکوومـەت لـە ناوچەی خـۆمـان، لە مـاوەی ئەو سـاڵ و چەند مـانگەدا کـە من بەرپـرس بووم، هـەقـیـقـەت زۆر کـارمـان کـرد، زۆر شـتـی باشـمان کـرد، خزمەتگوزاریمان کرد، هـەرچەندە پارەمـان نەبوو، مـیزانیەمـان نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاری خـۆمان کرد تا ئەوە بـوو پاش شـەڕێکی زۆر هـەولێـر کـەوتەوە دەسـتـی ئێـمـە و توانـیـمـان جـارێکی تـر حکوومـەت دروست

بکەینەوە، ئەوانیش لە سلێمانی پاش ئەوەی کە شکستیان خوارد و گەڕانەوە ئیدارەی خۆیان دروست کردەوە، ئەم دوو ئیدارەیە تا ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو، ئەوە بوو مام جەلال و کاک مەسعوود بەناوبژیوانیی ئەمریکا، ئەو وەختە ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو، وابزانم ١٩٩٧/٩/١٩ بوو یەکتریان دیت و کۆبوونەوە و ئیتفاق کرا، ئیتفاقییەی واشنتۆن بە حەوت قۆناخ تێ دەپەڕی و ئیمزای لەسەر کرا، ئیتر وردە وردە پێش هەڵبژاردنی تازە پەرلەمانەکە کرایەوە بە یەک.

بەڵام دوو حکوومەتییەکە هەر مایەوە، ئەوە بوو لە ماوەی ئەو حوکمڕانییەی خۆماندا دوو کۆنگرە بەسترا، کۆنگرەی یازدەمان لە ١٩٩٣/١٠/٦بوو کە ڕۆژی هێنانەوەی تەرمی بارزانیی نەمر بوو، حکوومەت و پەرلەمانیش دروست بووبوو، من ئەو کاتە وەزیر بووم، کۆنگرەیەکی گەورە بوو، ٢١٧٠ کەس بەشداریی کرد لەو کۆنگرەیەدا، چونکە پێنج حزبیش هاتنە ناو پارتی، حزبی سۆسیالیستی کوردستان "حسک"، پارتی سۆسیالیستی کورد "پاسۆک" و، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان "پارتی گەلی"، لەگەڵ ئیتیحاد دیموکراتی کوردستان کە عەلی سنجاری سەرۆکی بوو، لەگەڵ ئیتیحادی فەیلیی موسڵمان کە جەلیل فەیلی بەرپرسی بوو.

ئەوانەش هەموو گەڕانەوە ناو پارتی و ناوی کۆنگرە بووە کۆنگرەی یەککگرتن و ناوی پارتی بووە پارتی دیموکراتی کوردستان -یەکگرتوو، لەو کۆنگرەیەدا میوانی زۆر هاتن، پەنجا شەست نوێنەری دەوڵەتانی دەرەوەش هاتبوون و کۆنگرەیەکی گەورە بوو، فیستیڤاڵێک بوو بۆ خۆی.

ئیتر ئەوە بوو من جارێکی تر خۆم کاندید کردەوە و بوومەوە بەئەندامی لێژنەی مەرکەزی و وەزیری ئەوقافیش بووم لە هەمان کاتدا، بەردەوام بووین هەتا کۆنگرەی دوازدە کە لە ١٦ی ئابی ١٩٩٩ بەسترا، بەهەرحاڵ کۆنگرەی دوازدەش دە دوازدە ڕۆژی خایاند و کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردەی باش وەرگیرا، من لە کۆنگرەی دوازدەش دیسان خۆم کاندید کرد و بوومەوە بەئەندامی لێژنەی مەرکەزی و جارێکی تر دوای کۆنگرە بڕیار درا من بچم بۆ

لقی ١وەک بەرپرسی لق، نێـزیکەی چوار ســاڵ و چوار مــانگ مــامــەوە لە بادینان، بەبڕوای خـۆم کـاری باشی زۆر ئـەنجـام درا، ئەوەش خــەڵکی ئەوێ باش دەزانن، توانیمــان چەند هـەڵبـژاردنێک بکەین، یەک لەوان هەڵبـژاردنی شارەوانی بوو لە دهۆک، ئێمە وکو پارتی موعاریزمان یەکگرتوو بوو.

پێش ئەوەی من بچم بەهێز بوون، چونکە لە هەڵبژاردنی خوێندنگە و زانکۆ و ئەمــانە ڕێژەی زۆریان هـێنا "٤٪"یان هێنا، دوایی کــە من چوومــە ئەوێ کارمان زۆر کرد وردە وردە دابـەزین هاتنە خوارەوە، لە پاش چوار هەڵبژاردن قوتابییان گەیشتنە ٤٪، لە هەڵبژاردنی شارەوانییش هیچ دەنگیان نەهێنا، نێزیکەی بیست و پێنج هەزار دەنگ بوو، بەڵام ئێمە نێزیکەی سەد و هەشتا هەزار دەنگمـان هێنا و زۆرینەی دەنگی هەمـوو شـارەوانیـیـەکـانمان هێنا، بەڕاستی لەو وەختـەدا ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پڕۆژەی زۆر کران.

جارێکیان سەرۆک مەسعوود بارزانی هات سەردانی ئەوێی کرد موشـاغەبە زۆر کـرابوو دژی لق و دژی پارێزگـاش، کـە کـاک "نێـچـیـرڤـان ئەحـمــەد" پارێزگاری دهۆک بوو، سەرۆک بارزانی سەردانی هەموو فەرمانگەکانی کرد و شـوێنەکـان و خـەڵکی دیت، دواجار کـۆبوونەوەی کـرد لەگـەڵ فـەرمـانبـەرانی فەرمانگەکان و بەرپرسی فەرمانگەکانی حکوومەت کە منیش بەشدار بووم من شەخسی خۆم زۆر لە کاک نێچیرڤان ئەحمەد ڕازی بووم، وەکو پارێزگار، هیچ پێوەندییەکی پێشتریش نەبوو لە نێوانماندا و نەشمناسیوە، من لە قیادە بووم ئەو کادیرێک بوو.

بەڵام پیاوێکی پاک بوو لە هەموو ڕوویەکەوە و ئیشکەر بوو، تەنانەت هەندێ جار تا سـەعات دوازدە لە پارێزگا بوو، لە ژوورەکەی خۆی کاری دەکرد، بەڵێ لەو ماوەیەدا ئیشی باش کرا، ئینجا لەو کۆبوونەوەیەدا کە سـەرۆک بارزانی ئامـادە بوو پڕۆژەکـانی خـوێندەوە کە لـە مـاوەی چوار ساڵی ڕابردوو کـە ئەو پارێزگار بووە و منیش بەرپرسی لق بووم لەو مـاوەیەدا شەش هەزار پڕۆژەیان تەواو کــرابوو، یان لە کــۆتـای تەواوکــردندا بوون، هەمــووشی بەبەڵگەوە،

هەمووشی دیکۆمێنت بوو نەک قسە، خاڵێکی تر کە زۆر گرینگ بوو مەسەلەی ئاسایش بوو، لە ماوەی ئەم چوار ساڵ و چوار مانگە کە من لەوێ بووم و کاک نێچیرڤان ئەحمەد پارێزگار بوو یەک ڕووداوی کوشتنی سیاسی یان تەقینەوە یان هەر کارێکی گێرەشێوێنی ڕووی نەدا، ئەمنیەتێکی سەد لە سەد لە دهۆک هەبوو کە لەو وەختە بەعس بەهەموو هێزی خۆی هەوڵی دەدا تەقینەوەیەک ئەنجام بدات، بەڵام پێیان نەدەکرا و کەشف دەکرا، من ناڵێم من بووم یان کاک نێچیرڤان ئەحمەد بوو، بەڵام دەزگاکانی حزبی و حکومەتی، ئەو هاوکاری و هاوئاهەنگییەی خوڵقاندبوو.

بەڕاستی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا سەرکەوتنی گەورە وەدەست هات و دوایین سەرکەوتنیشمان ئەوە بوو کە کۆنگرەی لەندەن بەسترا و کۆنگرەی سەلاحەدین بەسترا، لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەم کۆنگرەیە بەسترا و بڕیار درا لە عێراق بدرێت و ئێمەش هاوکاری لەگەڵ ئەمەریکا بکەین، ئەوە بوو لە خوارووی عێراق دەستیان پێ کرد، بەڵام لێرە تورکیا لێ نەگەڕا هێزی ئەمەریکایی داخیل ببێ، بەڵام هەندێ پسپۆڕیان هاتبوون بۆ دهۆک.

## مشعان جبووری

### بەهۆی هێزی ئەمەریکاوە عەرەبەکانی تەعریبیان گێڕایەوە

پارتی و دەزگەکانی پارتی و لەشکر و ئیدارە توانیمان لە ماوەیەکی زۆر زۆر کەمدا هەموو ناوچەکانی تری کوردستان کە کوردی تێدا بوون و لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا لە ناوچەکانی پارێزگای مووسڵ بوون لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ئازاد بکرێن، ئێمە توانیمان لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا شنگال و ئەو ناوچانەی مووسڵ هەر هەموو بەناوەوەی مووسڵیش هەتا شنگال ڕزگار بکەین، بەر لەوەی هێزی ئەمەریکا بگات ئێمە وەکو پارتی محاورمان دانابوو، کەوادیر و پێشمەرگەی ئێمە زۆر بەئاسانی ئەو ناوچانەیان ڕزگار کرد، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوە بە مانگێک و بگرە کەمتریش لە مانگێک ڕەفتاری ئەمەریکاییەکان باش نەبوو، هەندێ شتی غەڵەتیان کرد ئەگەرنا ئێمە سەیتەرەیەکی باشمان هەبوو لەسەر مووسڵ، تەنانەت بەعسییەکان دەستی ژنێکی کوردیان ماچ دەکرد تا عەفوویان بکەین، بەڵام بەداخەوە ئەمەریکاییەکان تێکیان دا، من ئەوە بۆ مێژوو دەڵێمەوە، ئەم "پاتریۆس"ەی ئێستە کە فەرماندەی لەشکری ئەمەریکایە لە عێراقدا هەر ئەویش فەرماندەی فیرقەی سەد و یەک بوو لە مووسڵ و پێوەندیشمان باش بوو لەگەڵی، لە چەندان بۆنەش دەعوەتمان کرد، بەڵام ڕەفتار و مامەڵەیان باش نەبوو، بەتایبەتی لە سەرەتاوە زۆر شتی خراپیان کرد و پێشمەرگەیان گرت، پێشمەرگە سەیتەرەیان دادەنا ئەوان لایاندەبرد، ئەمە زۆر خراپ بوو، هەتا هەندێک وەرگێڕیان هێنا بوو کە لەگەڵیاندا ئیش بکەن زۆربەیان کۆنە بەعسی و کەسانی خراپ بوون، لە ناوچەی ئێمە عەرەبەکان ڕایان کرد، لە دۆمیس کە لە دهۆکەوە نێزیکە، نێزیکەی هەزار و دوو سەد ماڵ عەرەبی لێ بوو، هەموو

کۆنە بەعسی بوون ئەوانەی ئەنفالیان کردبوو، لەوانە خراپتر لە ناو بەعس نەبووە، ئەمانە کوردکوژ بوون، کە ناوچەکە ڕزگار کرا ئەمانە ڕایان کرد و ڕۆیشتن، دەرگە و پەنجەرە و هەموو شتێکیان لەگەڵ خۆیاندا برد، یانی پێشی ئەوەی کە ئێمە بچین ئەوانە هەڵاتبوون، ئەمەریکاییەکان ئەوانەیان هەموو هێنایەوە لەگەڵ پارێزگاری مووسڵ کە عەرەب بوو، لەگەڵ مەشعان جبووری کە گوایە دۆستی ئێمەیە و نوێنەری ئێمە بوو، ئەو عەرەبانەیان سواری لۆری کرد و لەگەڵ سەربازی ئەمەریکایی هێنانیانەوە "دۆمیس"، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەبوو، بەڵام دوای ئەوە خۆیان پێ ڕانەگیرا و خانووەکانیان فرۆشتن و ڕۆیشتن تەنیا بەمەبەستی فرۆشتنی ماڵەکانیان گەڕابوونەوە، ئەمەریکا لەوەش سەرنەکەوت، کارێکی زۆر خراپیشی کرد، من لەگەڵ زابتەکانیش دانیشتم، ئامرەکانیان لەوێ دانیشتبوون وەرگێڕ هەبوو لە نێوانمان هی خۆمان بوو گوتم: وەرن ئەمە ناوی گوندەکانە بزانن یەک ناوی عەرەبی تێدایە؟ گوتم ئەوە خەڵکەکە لێیان بپرسن بزانن ئەم ناوانە عەرەبین یان کوردین، ئەسڵەن ئەمانە داگیریان کردووە و تەعریبیان کردوون، ئەمانە داگیرکەرن، ئەمە ئەرزی کوردە و موڵکی کوردە هەمووی خاوەنی هەیە، ئینجا مەزبەتەمان کرد، خەڵکەکە هەموو داوای ئەرزی خۆی کردەوە، ئیتر دوای ئەوە زۆر لەوێ نەمامەوە، چونکە لە ٢٠٠٣/٤/٩دا عێراق ئازاد بوو، ساڵی٢٠٠٤ هەڵبژاردن کرا و من ئەندامی لێژنەی مەرکەزی بووم، بووم بەئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەڵام ڕای کاک مەسعوود وا بوو من هەر بمێنم لەوێ، دوایی ئەوە بوو بەداخەوە کارەساتی یەکی شوبات ڕووی دا لە ٢٠٠٤، ئەوە بوو کاک سامی و کاک شەوکەت و کاک سەعد و برادەرانی تر شەهید بوون، بڕیار درا من بێمەوە بۆ مەکتەبی سیاسی و بێم لێرە ئیش بکەم، ئەوە بوو کاک قادر قاچاغ کرا بە بەرپرسی لقی یەک و کاک نێچیرڤان ئەحمەد هەتا هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پارێزگا کرا، پارێزگار بوو، دوایی کاک تەمەر ڕەمەزان کرا بەپارێزگار، دوای ئەوە چەند لقی تریش دروست بوون.

## کوردستان له پێشکەوتنی بەردەوامدایە

هەر لەو سەروبەندەدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەستی پێ کرد، لە ١/١٢/ ٢٠٠٥ پارتی و یەکێتی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین کۆبوونەوە و بڕیاریان دا بەیەکەوە بەشداری بکەن و لیستی هاوپەیمانیی کوردستان دروست بکەن و کاری لەسەر بکەن کە مام جەلال ببێ بە سەرکۆماری عێراق و کاک مەسعوود ببێتە سەرۆکی هەرێم و کاک نێچیرڤان بارزانییش ببێ بە سەرۆک وەزیران و کەسێکی یەکێتیش ببێ بە سەرۆکی پەرلەمان، سوپاس بۆ خوا لەوەش سەرکەوتین، مام جەلال بوو بە سەرکۆماری عێراق و کاک مەسعوود بوو بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کاک نێچیرڤان بوو بە سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و کاک عەدنان موفتیش بوو بە سەرۆکی پەرلەمان، دوای ئەوەش ڕێککەوتننامەی ستراتیجیی نێوان پارتی و یەکێتی ئیمزا کرا، ئێستە ئەو ڕێککەوتننامەیە هەیە و بەردەوامە لە نێوانماندا، کارەکان لە بەغدا بەیەکەوە دەڕۆن، لێرەش بەیەکەوە دەڕۆن، بڕیار بوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ٥/٢٠٠٨ دا ماوەکەی بەکۆتا بێ و ئاڵوگۆڕ بکرێت کە سەرۆک پەرلەمان لە ئێمە بێ و سەرۆکی حکوومەت لەوان بێ، بەڵام دیارە ڕای مام جەلال و ڕای یەکێتی وابوو کە ئەو ماوەیە هەر کاک نێچیرڤان سەرۆکی حکوومەت بێت، لە عێراقیش ئیش و کارەکان باش دەڕوات و لەوێ کورد پشکی خۆی هەیە، لە پلە و پایە٢٠٪ و لە میزانییەش ١٧٪ وەردەگرین، پەرلەمانی کوردستانیش یاسای باشی دەرکردووە و کارەکانی حکوومەت زۆر باش دەڕوات، پێشان هەولێر شارێکی بێ خزمەتگوزاری بوو، ئێستە هەولێر بووە بە شار و زۆر گۆڕاوە و باڵەفڕەگەشی هەیە و لە سلێمانیش باڵەفڕگە هەیە، ئۆمێد دەکەین ئەم کارە خزمەتگوزارییانە هەر بەردەوام بن، لەو ماوانە

چەندان کەسایەتیی گەورەی دنیا هاتوون سەردانی کوردستانیان کردووە و سەردانی سەرۆکی هەرێمیان کردووەوە کە تا ئێستە لە هەموویان پایەبەرزتر "دیک چینی" جێگری سەرۆکی ئەمەریکایە و داوەتی کاک مەسعوودی کرد کە ئەویش بچێتە ئەمەریکا، پێش ئەوەش وەزیری بەرگری و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا و زۆر کەسایەتیی تر هەموویان سەردانی کوردستانیان کرد، ئێستە کوردستان پێگە و پایەی خۆی هەیە، هەرچەندە بەداخەوە دوو عەیبی گەورەمان هەیە کە تا ئێستەش چارەسەر نەکراون ئەویش هیوادارم ئەمسال و ساڵێکی تر چارەسەر بکرێ کە ئەویش ئاو و کارەبایە، کارەبا جارێک جەنەرەتیەری گشتییە و جەنەرەتیەری مۆلیدەی خۆمانە و جارێک تاریک و جارێک ڕووناکە، ئەوە عەیبێکی گەورە و بۆشاییەکی گەورەیە، ئومێد دەکەین بتوانین ئەویش چارەسەر بکەین هەرچەندە ئێستە زۆر لە جاران باشترە، لەبارەی ڕەوشی ئاسایشی ئێستەی کوردستانیشەوە ئاسایش و سەقامگیری هەیە، ئەمە هەرچەندە شەڕ بوو لە کوردستانی خۆمان لەو ناوچەی کە پەکەکەی لێیە، لەو ڕووەشەوە هەڵوێستی سەرۆک بارزانی بەڕاستی هەڵوێستێکی زۆر پۆزەتیڤ بوو دەوری باشی دیت و توانی دەورێکی باشیش ببینێ، ئەوە یەک لە ڕووداوە گرینگەکانە، بەڕاستی جەنابی سەرۆک یارییەکی چاکی کرد لە ڕووی سیاسییەوە و دەورێکی گرینگی بینی و هەموو دنیاش وا دەڵێ، دەڵێن: تورکیا شکستی خوارد و مەسعوود بارزانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هەقیقەت ئەوە شتێکی کەم نییە، هەروەها لە ڕووی دیپلۆماسی و سیاسییەوە سەرۆکی هەرێم کۆمەڵێ سەردانی تری لە پێشە بیکاتن، کە ئەمە نیشانەی هێزی سەرۆکایەتیی هەرێم و بە هێزیی هەرێم و هێزی ئەو هاوپەیمانێتییەیە کە لە نێوان ئێمە و یەکێتیی نیشتمانیدا هەیە، خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی لە ئارامیدا دەژین و لە بۆنە و یادەکاندا، خەڵکێکی زۆر ڕوو لە دەرودەشت دەکەن، بەتایبەت نەورۆزی دوو هەزار و هەشت زۆر خۆش بوو خەڵکێکی زۆر چوونە سەیران، ئەوە بوو جەنابی سەرۆکیش لە نەورۆزی

٢٠٠٨دا سـەردانی زۆربەی شـوێنەکـانی کـرد و لە شـەقـلاوە بەشـداریی کـردنەوەی ئـاگـری نەورۆزی کـرد و دواتر چووە دۆڵی هەنارە و خـەڵکەکـەی بەسەر کردەوە و لەلایەن سەیرانکەرانیشـەوە پێشوازیی گـەرمی لێ کرا، دوای ئەوە چوو سـەردانی ئامێدی و زاخۆ و ئەو دەڤـەرەی کرد و لەگـەڵ خـەڵکەکە کۆبووەوە، بەڕاستی نەورۆزێکی خۆش بوو، بەڵام بەداخـەوە لە قامیشلی بووە هۆی ئـەوەی پۆلیس و ئـەمنی ڕژێمـی سـووری تـەقـە بکەن لە سـەیرانکـەرانی کـورد و سێ لاوی کـورد شـەهید بوون و کـۆمـەڵێکیش بریندار بوون، ئەوەش نیـشانەی ئەوەیە کـە ئەو جۆرە ڕژێمانە نایانەوێ بەشـێـوەیەکی دیموکـراتی ڕەفتار بکەن و کێشەکانی وڵاتی خۆیان ئاشتییانە چارەسەر بکەن، هیوادارم چارەنووسـیـشی هـەروەکـو ئـەوان بێ، من دڵنیـام هەرواش دەبێ، چونکە سـەردەمی نیـزامی فـاشی نەمـاوە، سـەردەمی دیکتـاتۆرییـەت بەسـەرچوو، هەروەها لە کـوردسـتانی باکوریش لە تورکیا نەورۆزێکی گەرموگوڕ بوو بەس بەداخەوە لەوێش هەندێ ڕووداو ڕوویان دا، بەڵام نەوەی ئازادیخوازی کورد لە تورکیا گەشەی سەندووە و هـەمووشیان سوپاسی جەنابی کاک مەسعوودیان دەکـرد، جـەنابی مـەسـعـوود بارزانی لە هـەشـتـا و هەشت و پێـشـتـریش تا ڕادەیەک وەک ڕێبەرێکی کوردستانی باشوور بوو، بەڵام ئێستە هەموو جۆرێک لە بڕوا دروست بووە، کەوا نەک هەر سەرۆکی هەرێمـە، بگرە سەرۆکی هـەموو کوردستانە و سیمبۆلی هەموو کوردێکە، چونکە هەڵوێستەکانی لەسەر دۆزی کورد و نیشتمانپەروەری و بـەرگریکردن لە پیرۆزییەکانی نەتەوە بووەتە مایەی ڕێز و خـۆشـەویسـتی لای هەمـوو کـوردێک، سـەبارەت بـەبوارەکـانی تری کـۆمـەڵگە، بۆ نموونە بواری هونەری، بەردەوام لە گـەشـەسـەندندایە و تەلەڤـزیۆنەکـان تەمـاشـا دەکـەم، دەبینـم ئێـسـتـە لە چاو سـاڵانی تردا زۆر پێشکەوتووترە، لەو دواییەدا یەکێتیی هونەرمەندان کۆنگرەیان بەست و بوون بە یەک ڕێکخراو و دوو پارچەیی نەما، ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە، هەروەها ڕاگەیاندنی کوردستـان شۆڕشێکی گەورەی ئـەنجام داوە و زۆر پێشکەوتووە، لە دوای ڕاپەڕین ڕاگەیاندن ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ پازدە شازدە ساڵ

پێش ئێستە زۆر پێشکەوتووترە، ئێستە ئێمە کۆمەڵێک سەتەلایتمان هەیە چ وەکو پارتی و چ وەکو لایەنەکانی تر یان وەکو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەش چەند سەتەلایتێکمان هەیە، ئەمانە هەمووی خزمەتی ڕۆشنبیری و هونەری کوردی دەکەن، واتە لە چاو ئەو ماوە کەمەدا پێشکەوتن زۆر ڕووی داوە، لەلایەکی ترەوە بەدەیان ڕۆژنامە و کۆواری ئازاد و هی حزبەکان و هی حکوومەت چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بەڕاستی ئەمە پێشکەوتنێکی باشە بۆ کورد، ئەگەر کورد لەگەڵ ئەمەریکا لێک بدەینەوە و بەراورد بکەین ئەوە دیارە جیاوازیمان زۆرە و ئەم جۆرە بەراوردکردنەش هەڵەیەکی گەورەیە، من باوەڕم وایە لە چەند ساڵی داهاتوودا ئێمە لە دەوڵەتانی دەوروبەرمان پێشتر دەکەوین، چونکە ئەو ئازادی و دیموکراتییەی لە کوردستان هەیە لەگەڵ کەموکورتییەکانیشی، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ دەوروبەرمان و لەگەڵ ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە زۆربەی وڵاتەکانی ئاسیا باوەڕ ناکەم ئەو ئازادییانە هەبێت کە ئێستە ئێمە هەمانە، لە هەمان کاتدا ئێمەش لە چاو وڵاتانی پێشکەوتوو، کەموکوڕیمان زۆر زۆرن و دەبێت هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان بدەین.

## ئەگەر لە پەرلەمانێک من ئازاد نەبم لەو پەرلەمانە نامێنم

ئێمە پەرلەمانمان هەیە، بەڵام دائیری هەڵنەبژێراوە، واتە ئەحزاب دایدەنێن، ئەحزابیش کەسان دادەنێن، بۆ نموونە لە ئەمەریکا ئەوە چەند لەمێژە خەریکن بۆ هەڵبـژاردنی سەرکۆمار، هەردوو حزب لە ناو قەواعید و خەڵکی خۆیان پالاوکی خۆیان هەڵدەبژێرن، لە هەروا حزبەکە یەکێک ناهێنێ، یان لێژنەی مەرکەزی یان دەستەی بالایان هەر لە خۆڕا بەسادەیی ناڵێن ئەوە فلانمان پالاوکی و تەواو!! نا، دەیدەن بە خەڵک بزانن خەڵک دەنگ بەکێ دەدات ئەوە دیموکراتیەتی تەواوە، لەلای ئێمە فلان بووە ئەندام پەرلەمان خرایە ناو لیستەکە ڕەنگە دە کەس نەیناسێت، ئەوە دەبێ بگۆڕدرێ، بەبیروڕای من پێویستە لە داهاتوودا پارتی کە لیستی خۆی دادەنێت، بۆ پەرلەمان دەبێ لیستی خۆی بۆ قەواعیدی خۆی و ناو ڕێکخستنەکانی خۆی ڕەوانە بکات و لیستەکە متمانە وەربگرێت و قەواعید پشتگیریی لێ بکەن، ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین پەرلەمانێکی وا دروست بکەین کە بەڕاستی لەلای خەڵک متمانە پێدراو و خۆشەویست بێ و نوێنەرایەتیی خەڵکیش بکات.

من خۆم لە ساڵی ١٩٩٢دا ئەندام پەرلەمان بووم، من و کاک فەلەکەدین کاکەیی کە هەردووکمان ئەندامی پەرلەمان بووین جارێک سەرۆکی پەرلەمان بانگی کردین گوایە ئێمە داوامان کردووە فیدراڵی بکرێ بە پرۆسە، کاک جەوهەر نامیق سەرۆکی پەرلەمان بوو، لە دوای ناردم و گوتی: تۆ لە ناو پەرلەمان قسەت کرد کە ئەو قسانە پێچەوانەی ڕای حزبە تۆ ئەندامێکی لێژنەی مەرکەزیت، چۆن دەبێ وا بڵێیت، گوتم، وەکو چی؟ گوتی: تۆ و فەلەکەدین باسی مافی چارەنووستان کردووە، دەشزانن دروشمی ئێمە حوکمی زاتییە، ئەو وەختە فیدراڵیش لە گۆڕێ نەبوو، گوتم: باسی فیدراڵیمان

کردووه و گوتوومه و ئێستەش پەشیمان نیم پرۆگرامی حزب لە مادەی پازدە باس لە مافی چارەنووس دەکات، مافی چارەنووس لە فیدراڵیش گەورەترە و سەربەخۆییش دەگەیەنێ، گوتم ئەمە پرۆگرامی حزبە و حزب نووسیویەتی، قەت لەوە گفتوگۆ ناکرێ و سەرکردایەتیش ناتوانێ ڕایەکی جیاوازی هەبێت، چونکە ئەوە کۆنگرە ئیقراری کردووە، لەبەرئەوە من ڕەئیم ڕەئیی کۆنگرەیە، گوتم: کاک جەوهەر، ئەمە ئیشی تۆ نییە و دەبێ مەکتەبی سیاسی قسەی لەسەر بکات، چونکە تۆ سەرۆکی پەرلەمانی و دەبێ تەنزیمی ئیدارەی پەرلەمان بکەی، هەقی ئەوەشت نییە بانگم بکەی، گوتی: وەکو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی.

گوتم: وەکو مەکتەبی سیاسییش هەقت نییە، بانگم بکەی، دەبێ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی سکرتێر یا سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بەڕەسمی بانگم بکەن و بەڕەسمی بڵێن ئەو ئیشەت هەڵەیە، تۆ ناتوانی ئەوە بکەیت و منیش وەکو تۆم، ئەگەر پەرلەمانێکیش من ئازاد نەبم ڕای تێدا دەرببڕم لەم پەرلەمانەدا نامێنم، ڕاستە حزب منی داناوە، بەڵام من نەهاتوومە قەڵەمێکی بێدەنگ بم، قەڵەمەکەم جیرەی نەیەت نایکەم، ناینووسم، ئەو ئەندام پەرلەمانەتییەشم ناوێ، من ناڵێم سەرکردە لە ڕای حزب دەربچێت، نا، من لەگەڵ ئەوە نیم دەبێ پەرلەمان ڕای هەبێ... کاتێ کوتلەی ئێمە دانیشتن پێمان گوتن: کاکە شتی باش تێبینی بکەن، شتی باشمان بۆ بنووسن بۆ ئەوەی ئێمەش موافقەتتان بۆ بکەین و ئێوە لە ناو پەرلەمان باسی بکەن، ئێستە پەرلەمانی ئێمە خەریکن شت لەسەر یەک دەنووسن، ئەوە کەی حاڵە؟! با لە ناو پەرلەمان باسی یەکتر بکەن، با لە ناو پەرلەمان دانیشن گفتوگۆی یەکتری بکەن لەسەر ڕۆژنامە بێت.

ئەوە بوو لە ٦/٤ لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆشیدا، سەرۆک و جێگر و سکرتێری پەرلەمان هەڵبژێردرا، دوای ئەوە تەکلیفی حکوومەتیشی کرد، لە ٦/٤/ ١٩٩٢دا، من چوار ساڵ وەزیر بووم، بەڵام هەر سێ مانگ پەرلەمانتار بووم، دوایی بڕیار وا بوو هەر وەزیرێک ئەوانەی پەرلەمانتار بوون واز بێنن

پالاوکێکی تر شوێنەکەی پڕ بکاتەوە، جا ئێمە بەیەکەوە لە دوو کابینە ئیشمان کرد. کابینەی یەکەم و کابینەی دووەم، ئێمە هیچ دەرامەتێکمان نەبوو، حکوومەتی هەرێم بێ پارە، بەڵام هاوکاری لە دەرەوە دەهات، بەڵام زۆر کەم بوو، چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد لە ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیرەکانمان سەیارەیان نەبوو، وەزیرەکان خانوویان نەبوو، هەندێ وەزارەتمان بینایەیان نەبوو بەکرێ بینایان گرتبوو، بەڵام وەزارەتەکەی من بینایەی هەبوو، کۆن ئەمانەتی ئەوقاف هەبوو، چوومە ئەو بینایەوە، لەوێ جێی خۆم کردەوە و ئیشەکانی خۆم دەست پێ کرد. توانیمان لە ماوەی شەش مانگدا هەموو گومرگەکان کۆنترۆڵ بکەین، وەزارەتی دارایی بەهاوکاریی هەردوو حزب و بەهاوکاریی ئاسایش و پۆلیسیش کە هی پێشتر هەبوون و هی تریش دامەزرا، پێشمەرگە دەوری زۆر بوو، وەزارەتی پێشمەرگە دانرا، پێشمەرگە یەک خرا و بوو بە هێز، بەهاوکاریی هەموو لایەک شتەکان کۆنترۆڵ کران، بەڵام بەداخەوە ئەو وەختە ڕاورووت زۆر بوو، بەناوی شیرینی پارەیان لە خەڵک دەستاند، خەڵکیش فەقیر بوو، هەندێک جار گومرگەکان تالآن دەکران، هەندێ خەڵک دەستکاری دەکرد، بەڵام ئێمە توانیمان لە ماوەی شەش مانگدا هەر چۆنێک بێت کۆنترۆڵی بکەین بە "ئیبراهیم خەلیل"یشەوە کە خاڵێکی هەرە سەرەکیی گومرگ بوو، حاجی ئۆمەران. رانیە و قەڵادزێ و ماوەت هەموو خاڵەکان لە ماوەی شەش مانگدا کۆنترۆڵ کران، توانرا پارەکەش هەمووی بێنین بۆ خەزێنە و ئەو شەش مانگەی کە پێشتر مووچە نەدرابوو ئەوانیش بدەین، واتە هی دوازدە مانگ، هاوکات نەسرییەکی بچووک و کەمی پێ دابنێین، هەر وەزارەتێک دامانا یەکی پەنجا هەزار دیناریان بدەینێ بۆ ماوەی ساڵێک، دیارە ئەو کات پارە هەر زۆر بێ قیمەت بووە بەرامبەر بەدۆلار، دە هەزار دینار دەیکردە سەد دۆلار، کیلۆی شەکرت دەکڕی بە هەشتا نەوەت دینار، ئێمە وەزیرەکان مووچەمان شەش هەزار دینار بوو، بەخوا بەشی نیو مانگی نەدەکرد؛ چونکە پاسەوان و مێوان و ئەوانە هەمووی مەسرەفی دەویست، وەزعەکە زۆر خراپ بوو بەڵام گیانی لەخۆبووردەیی هەبوو وەکو

پێشمەرگە، بەڕاستی وەزیرەکان زۆریشمان پێشمەرگە بووین، واتە فێری ژیانی برسییەتی و نەبوونی بووین، ئیتر پێشمەرگانە دەستمان پێ کرد فیعلەن سەرکەوتوو بووین و خەڵکیش خۆشحاڵ بوو. ساڵی یەکەم زۆر بەڕێکوپێکی بەڕێوە چوو، کابینەی دووەم دانرا "کۆسرەت ڕەسووڵ" بوو بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دوکتۆر ڕۆژ هەر لە جێی خۆی مایەوە، کاک جەوهەریش هەر سەرۆکی پەرلەمان بوو، بەداخەوە لە گۆڕینی کابینە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی کاک کۆسرەت ئیتر وردە وردە ساردی و ناکۆکی دەستی پێ کرد، هەقیقەت ئەم پیاوە کە هات ئاشتیخوازانە نەبوو، بەردەوام ململانێکە توندتر دەبوو، شەڕەقسە و شەڕەپەڕۆ و شەڕەبەرد و شەڕەدار و ئەمانەش دەستی پێ کرد، ئەوە بوو لە ناوچەی قەڵادزێ "عەلی" کە کوڕی شەهید "حەسۆ" بوو، بەئیشی خانوو و ئەرزەی خۆیان چووبوو، لەوێ لەسەر ڕێ کەمینیان بۆ دانا و بەداخەوە شەهیدیان کرد، ئینجا ئەوە کاریگەری هەبوو، وردە وردە هاتن لقی ئێمەیان لە ڕانیە دەست بەسەر داگرت، هەروەها لە سلێمانی دەستیان بەسەر لقی ئێمەدا گرت و برادەرانی ئێمەش لە دهۆک دەستیان بەسەر مەڵبەندی ئەواندا گرت، بەو شێوەیە زۆر بەداخەوە شەڕی ناوەخۆ دەستی پێ کرد، بەڵام پەرلەمان وەک خۆی دوو سێ مانگ لە تەلاری خۆی مایەوە و مانیان گرت، بەڕاستی پەرلەمان زۆر هەوڵی دا وەزعەکە هێور بکاتەوە بەس بێ سوود بوو.

دیارە ئەگەر ئەو شەڕی ناوەخۆیە نەبوایە بە بڕوای من زۆر لە ئێستە باشتر دەبووین، ئەو کاتە زۆر خاوێنتریش بوو، گەندەڵیش نەبوو بەو ڕادەیە، من ناڵێم گەندەڵی هەر نەبوو، هەر مرۆڤێک ڕەنگە کەمێک گەندەڵیی تێدا هەبێت، مرۆڤی ناگەندەڵ زۆر کەمە، کەمێک دوور دەکەومەوە لە باسەکەم و نێزیک دەبمەوە لە ئێستە، بەر لە ماوەیەک لە ٢٠٠٨/١٠/٦دا لەسەر بانگهێشتنی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی چینی، وەفدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە "من و عیزەدین بەرواری و سەفین دزەیی و شیرین ئامێدی و عەلی حوسین بەرپرسی لقی١٠" پێک هاتبوو، بە باڵەفڕە

چوینه "پەکین"ی پایەتەخت، لەوێ شاندێکی مەکتەبی پێوەندیی دەرەوەی حزبی شیوعی پێشوازیی لێ کردین و سێ ڕۆژ لە پەکین بووین، بەرنامەی زۆریان هەبوو، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یاریدەری ئەنجوومەنی ڕاوێژی حزبی شیوعی لەگەڵمان دانیشت، هەروەها لەگەڵ زۆر فەرمانگە و لێژنەی حزبی کۆبووینەوە، دواتر چووینە شاری "مۆهای" دوو ڕۆژیش لەوێ ماینەوە و سەردانی زۆر شوێنمان کرد و ئێمەیان برد بۆ زانکۆی ئەو شارە کە زیاتر لە سەد و پەنجا هەزار قوتابیی تێدا دەیخوێند، دواتر چووینە شاری "شەنگاهای" کە گەورەترین شاری چینە، ١٨ ملیۆن کەس تێیدا دەژین و شارێکی بازرگانییە و ئێمەیان بردە سەیری شەمەندەفەری موگناتیسی کە ٤٥٠ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا دەبڕێ و ئەمە تەنیا لە چین دروست کراوە، زۆر فەرمانگە و شوێنی تریان پێ نیشان داین، ئێمەیان برد بۆ بورجی چین کە ٥٠٠ مەتر بەرز بوو، لە دەروازەی بورجەکە بەتیپی مۆسیقای تایبەتی پێشوازییان لێ کردین. ئێمە کە یەک حەفتە لە "چین" ماینەوە توانیمان مێژووی کورد و بەسەرهاتی کوردستان و مەرگەساتی ئەنفالیان بۆ ڕوون بکەینەوە، بەڕاستی زۆر ڕێزیان هەبوو بۆ پارتی بەتایبەتی بۆ سەرۆک بارزانی، لەسەر زۆر بابەت قسەمان کرد و بڕیارمان دا پێوەندیی نێوان هەردوولا "پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی چین" بەهێز بکەین، بڕیارە لەم بەهارەدا شاندێکی حزبی شیوعیی چین بێت بۆ کوردستان لەسەر بانگهێشتنی شاندەکەمان، ئەمەش لە چوارچێوەی هەوڵە دیپلۆماسییەکانماندایە بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و پرسە چارەنووسسازەکانی، هاوکات درێژەی ئەو خەباتەیە کە ساڵەهای ساڵە میللەتی کورد بە زەریایەک خوێن هێناویەتییە دی، هەر تاکێکیش لە ئێمە بەرپرسیارێتییەکمان لەسەر شانە و پێویستە بەئەمانەتەوە بەرەو قۆناخەکانی داهاتوو ئەم کاروانە بەڕێ بکەین، ئەوەی کە لە سەردەمی شاخدا پێویست بوو بەپێی توانا ئێمە کردمان و درێخیمان لێ نەکرد، دیارە لە هەموو قۆناخەکاندا و لە هەر کوێیەک بوو‌بێت، هەردەم دەسەڵاتە داگیرکەرەکان ڕێگر و شێوێنەر

بوون و جگە لە دژایەتیی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەو سوپا و هێزانەی کە لە بەردەستیاندایە، هاوکات هەوڵیان داوە لە ڕێگەی چاندنی تۆوی دووبەرەکی و درزخستنە ناو خەڵکانی شۆڕشگێڕەوە سیمای جوانی ئەو سەرهەڵدان و بەرخودان و ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندنە بەردەوامە بشێوێنن، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییانەی کە ئێمە بەرەوڕوویان بووینەوە جگە لە هزری وێرانکەر و سوپای بێ شومار و زەبەلاحترین جۆری چەک، زۆر جار لەگەڵ پیلانی وڵاتانی دەوروبەر و تەنانەت پیلانە نێودەوڵەتییەکانیشدا ڕووبەڕوو بووینەوە، بەڵام هەموو ئەمانە و سەباری گشت ئەو کۆسپانەی هاتنە ڕێمان، کۆڵمان نەدا و کاروانی خەباتمان بەئامانج گەیاند، بەری ئەو ڕەنج و خەباتەشمان حکوومەت و پەرلەمانی کوردستانە کە ئەمڕۆ هەمووومان پێکەوە لە سایەیدا بەئارامی دەژین، ئەمەش گەورەترین دیاری بوو کە توانیمان وەڵامی کەسوکاری شەهیدان و ئەو پشتگیرییەی گەلەکەمانی پێ بدەینەوە کە پێشکێش بەشۆڕشیان کرد، هیوادارم نەوەکانی داهاتوو ئەم کاروانە بەرەو قۆناخەکانی داهاتوو، داهاتوویەکی گەشتر بەرێ بکەن.

# وێنەکان



محەمەد مەلا قادر قوتابخانەی گوندی دووگردکان ساڵی ١٩٦٠



لەلای راستەوە: محەمەد مەلا قادر، جەمیل زیتۆ، عادل، قوتابخانەی دووگردکان ساڵی ١٩٦٢



ساڵی ١٩٦٣



فاریق، محەمەد مەلا قادر، جەمیل زیتۆ، عادل، قوتابخانەی دووگردکان ساڵی ١٩٦٣



محەمەد مەلا قادر لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانەی گوندی دووگردکان  ساڵی ١٩٦٤




محەمەد مەلا قادر لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانەی گوندی دووگردکان  ساڵی ١٩٦٤



محەمەد مەلا قادر، دوکتۆر محەمەد رەجەب، عەبدوڵا سەید موحسین، برایمەخڕە،
سەرباز محەمەد (منداڵ)، سلێمان دەروێش ١٩٦٥/٨/١٦



محەمەد مەلا قادر، رەئیس فەوزی معاون هێزی سەفین.
ئاهەنگی ١١ی ئەیلوول لە هیران ساڵی ١٩٦٨




١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە راستەوە: ئیسماعیل یەعقووبی، محەمەد مەلا قادر،
خورشید شێرە، شەهید عەلی هەژاری شاعیر



محەمەد مەلا قادر، یوسف قەشە (ئەبوحیکمەت)، جەبار، عادل سەلیم
ساڵی ١٩٧١



له راستەوە: خورشید شێرە، محەمەد مەلا قادر، ئەبوحیکمەت
ساڵی ١٩٧٢



له راستەوە: خورشید شێرە، محەمەد مەلا قادر، کانەبی دزەیی، شێخ رەزا گوڵانی
١٩٧٣/٣/١١



محەمەد مەلا قادر، شەریف جەمباز. بەغدا ١٩٧٤



محەمەد مەلا قادر، عەلی هەژار، کۆنگرەی چوارەمی یەکەتیی نووسەران
لە بەغدا ١٩٧٤/١/١٢




محەمەد مەلا قادر، خورشید شێرە ١٩٧٤/٤/٧



لە ڕاستەوە: محەمەد مەلا قادر، عەبدوڕەزاق بێتوشی، خورشید شێرە، عەریف خدر،
لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لقی دوو. زێوە ١٩٧٤



لەلای راستەوە: خورشید شێرە، محەمەد مەلا قادر، عەبدورەزاق بێتوشی
سەرچاوەی ئاوی زێوە ١٩٧٤/٩/١٠



محەمەد مەلا قادر، کانەبی فەهد وەستاخرە، ناوچەی برادۆست ساڵی ١٩٧٤



محەمەد مەلا قادر، جەبار محەمەد، وەیسی محەمەد
١٨/٢/ ١٩٧٥ لەسەر رووباری کولەکان



حەمەدەمین مەلاحاجی، خالید ئاژگەیی، محەمەد مەلا قادر، جومعە بێتەل، مەغدید
مەحموود برینپێچ. دۆڵی ڕۆستێ گوندی سرێشمە – مانگی ١٢ی ١٩٨١



محەمەد مەلا قادر، پێشمەرگەیەک – مەلا عەزیز مەحموود
دۆڵی ڕۆستێ ۱۹۸۱/۱۲




محەمەد مەلا قادر، جومعە بێتەل. دۆڵی ڕۆستێ ۱۹۸۱



محەمەد مەلا قادر، مەلا حەمەئەمین حاجی- میقداد عەلی، یونس خدر زاهیر
(هەڵگورد) ساڵی ۱۹۸۱



مەلا عەزیز مەحموود، شێخەڵا ئیبراهیم، کۆمەڵێک پێشمەرگە، محەمەد مەلا قادر
بەسواری ئەسپ ساڵی ۱۹۸۱



شەهید (حەمەقوت) ساڵی ١٩٨١ لە
دەشتی شارەزوور شەهید بوو



ئاهەنگی بەرەی نیشتمانی (جود) لە دۆڵی بالیسان - رۆژی نەورۆز
١٩٨٣/٣/٢١




هەڤالانی کۆیە و باڵەک و پشدەر و هەولێر لە ناوچەی باڵەک
مانگی ٧ ساڵی ١٩٨٣



فەلەکەدین کاکەیی، محەمەد مەلا قادر – بناری قەندیل ١٩٨٣/٩




بناری قەندیل کاتی چالاکییەک - مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٣



دوکتۆر جەرجیس، محەمەد مەلا
قادر
لە گوندی ڕاژان ١٩٨٤/٩/٢٨
کاتی کۆنگرە



بارزان مەلا خالید، محەمەد مەلا قادر، دوکتۆر جەرجیس حەسەن، حەمید سووری
ساڵی ١٩٨٤



بارەگەی مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان – ئاهەنگی کۆتاییی پەیمانگەی کادیران خولی هەشتەم. فەلەکەدین کاکەیی، عەلی عەبدوڵا، محەمەد مەلا قادر ١٩٨٤/٤/٤



شەهید فرەنسۆ هەریری، محەمەد
مەلا قادر
ساڵی ١٩٨٤ گوندی کونەمشک لە
ئێران



١٩٨٦/٣/٣٠



عەلی عەبدوڵا، فەهیم عەبدوڵا "بێژەر"، محەمەد مەلا قادر
١٩٨٦/٤/٤



لە ڕاستەوە: محەمەد مەلا قادر، سەعدی ڕیشە، هەڵگورد
دۆڵی بالیسان ١٩٨٦



محەمەد مەلا قادر، عەلی عەبدوڵا
کۆتای خولی هەشتەمی کادیران
١٩٨٦/٤/٤



حەمەئەمین مەلا حاجی، خالید ئاژگەیی، فرانسۆ هەریری، میقداد عەلی، محەمەد
مەلا قادر. ساڵی ١٩٨٦



دۆڵی هیران کاتی هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر سەنگەرەکانی بەعس – محەمەد مەلا قادر قسە بۆ پێشمەرگەکان دەکات ١٩٨٧/٨/١٦



کاتی هێرش بۆ سەر سەنگەرەکانی بەعس – دۆڵی هیران ١٩٨٧



لە ڕاستەوە: محەمەد مەلا قادر، خورشید شێرە، عەبدوڕەزاق بێتوشی، مەلا ئیبراهیم



عەبدوڵا ئاغا، محەمەد مەلا قادر،
پاش گرتنی بەپلانێکی دوژمن
لەگەڵ هەڤاڵێکی تر شەهید کرا



محەمەد مەلا قادر لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک
بناری چیای قەندیل ١٩٨٨/٥/٣١



محەمەد مەلا قادر، دوکتۆر ئاری – گوندی شێخ وەسانان ١٩٨٨



محەمەد مەلا قادر، شەهید خدر سوارە – ئاهەنگی نەورۆز گوندی شێخ وەسانان
ڕێکخراوی رزگاری ساڵی ١٩٨٨



محەمەد مەلا قادر، هەژار موکریانی، وەستا عەبدوڵا ڕەش – ماڵی محەمەد مەلا قادر
ئێران – ئەعزەمیە



محەمەد مەلا قادر، مەحمود محەمەد دەروێش
بیرەوەری (بارزانیی نەمر) لە تاران ١٩٨٩/٣/٣



شەهید فرانسۆ هەریری، محەمەد مەلا قادر، خالید ئاژگەیی
پێشانگەی قوتابخانەی شێرەسوار ١٩٩٦/٤/١١



دابەشکردنی خەڵات بەسەر پێشمەرگەکانی ئەیلوول ١٩٩٦/٨/١٦



ساڵی ١٩٩٧ بارەگای کۆمەڵایەتیی گشتی



محەمەد مەلا قادر، عەزیز محەمەد (سکرتێری حزبی شیوعی)، سەید کاکە
ساڵی ١٩٩٧



محەمەد مەلا قادر، شەهید سەعد عەبدوڵڵا، سەید کاکە
بارەگەی مەکتەبی کۆمەڵایەتی ١٩٩٩/٩/٩



محەمەد مەلا قادر، عەبدولعەزیز تەیب (پارێزگاری ئەوکاتی دهۆک)، شەهید شەوکەت شێخ یەزدین ١٩٩٩/١١/١



محەمەد مەلا قادر، نێچیرڤان بارزانی، حاجی مەشهود خاوەنی فرۆشگەی مازی، شەهید شەوکەت شێخ یەزدین – کاتی کردنەوەی فرۆشگەی مازی لە دهۆک ساڵی ١٩٩٩



شەهید سامی عەبدوڕەحمان، محەمەد مەلا قادر

دهۆک ئوتێلی ژیان ١/٤/٢٠٠٠



لە چەپەوە: نێچیرڤان ئەحمەد، مەسرور بارزانی، محەمەد مەلا قادر، دوکتۆر عیسمەت خالید



کاتی سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ فەرماندەیی دهۆک

٢٠٠٠/٨/٣٠



محەمەد مەلا قادر، کامەران بەگ، نێچیروان ئەحمەد

٢٠٠٠/١٢/١١




نێچیرڤان بارزانی، محەمەد مەلا قادر، نێچیرڤان ئەحمەد (پارێزگاری دهۆک)
سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ زاخۆ ٢٠٠٠/١٢/٢٨



سەرۆک بارزانی لە ناوەند، محەمەدی مەلا قادر لای ڕاست، لای چەپ: عەزیز وەیسی
(فەرماندەی لەشکری زاوێتە) ٢٠٠١/١/٢٨



لیوا ئەبابەکر زێباری، نەجمەدین یوسفی، مستەفا نێروەیی، محەمەد مەلا قادر،
نێچیروان ئەحمەد، .... جەعفەر ئیبراهیم .... و مەحمود هروری، .....
زاخۆ ٢٠٠١/٢/٢٧



محەمەد مەلا قادر، هونەرمەند عەزیز شاروخ – دهۆک ٢٠٠١/٣/٢٨



محەمەد مەلا قادر لەگەڵ کادیرانی خولی رۆشنبیری لقی١

٢٠٠١/٧/٢



محەمەد مەلا قادر، نێچیرڤان ئەحمەد، فوئاد میران

کاتی سەردانی ماڵە شەهیدێک لە دهۆک ساڵی ٢٠٠١



محەمەد مەلا قادر – مەتران قەللو (مەترانی دهۆک)
جەژنی سەری ساڵی ۲۰۰۱



جەعفەر ئیبراهیم، حەمید بەرواری، ڕەشید عارف ئەتروشی، محەمەد مەلا قادر
ساڵی ۲۰۰۱



سەرۆک بارزانی، شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، عەلی سنجاری، محەمەد مەلا قادر، کاتی سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ دهۆک - ساڵی ٢٠٠١



محەمەد مەلا قادر، نێچیروان ئەحمەد، شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، فازڵ میرانی، شەوکەت بامەڕنی، مەحموود هالۆ، جەعفەر ئیبراهیم - ساڵی ٢٠٠٢



محەمەد مەلا قادر، دوکتۆر ڕۆژ، قادر قاچاخ، کاتی دەرچوونی خولی (ف ل ک)
لەشکری تایبەتی کوردستان لە زاوێتە دوکتۆر ڕۆژ بە نوێنەرایەتیی سەرۆک بارزانی
سەرپەرشتی خولەکەی دەکرد – ساڵی ٢٠٠٢



سەرۆک بارزانی، محەمەد مەلا قادر – بارەگەی سەرۆک بارزانی ٢٠٠٥/٦/١٥



قادر قادر، محەمەد مەلا قادر، دوکتۆر عەبدوڵا و ژمارەیەک لە هەڤاڵان – بێرمەسار
لە بناری هەڵگورد ساڵی ٢٠٠٦



بێرمەسار لە بناری هەڵگورد – مانگی ٨ی ٢٠٠٦




عەلی حوسێن، مەسعوود ساڵەیی، فازڵ میرانی، محەمەد مەلا قادر، ڕەمزی شەعبان، کاکەمین نەجارِ – ئاهەنگی لقی ٢٤ ساڵی ٢٠٠٦



محەمەد مەلا قادر، فەریق عەلی (عومەر عوسمان)، ئازاد بەرواری بارەگەی مەکتەبی سیاسی. ساڵی ٢٠٠٨




محەمەد مەلا قادر، سالار عوسمان، چلەی خوالێخۆشبوو مەهاباد سەلامی
رۆژنامەنووس لە بارەگەی دەنگی کوردستان - هەولێر ٢٠٠٨/٧/٢٩



شاندی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شەنگاهای - چین -
محەمەد مەلا قادر سەرۆکی شاند، عیزەدین بەرواری، سەفین دزەیی، شیرین،
ئامێدی، عەلی حوسێن ٢٠٠٨/٩/٦



محەمەد مەلا قادر، فازڵ میرانی – کاتی سەردانی مەزاری نەمران لە بارزان



محەمەد مەلا قادر، لەگەڵ پاسەوانەکانی – گەلی ڕەشکانی ناوچەی بانێ



هەڵگورد زاهیر، محەمەد مەلا قادر، عەلی حوسێن – لە بناری هەڵگورد



محەمەد مەلا قادر، نێچیروان ئەحمەد – ڕۆژی نەورۆز



محەمەد مەلا قادر، شوان پەروەر



موحسین دزەیی، فازڵ میرانی، محەمەد مەلا قادر، شێخ عەدنان نەقشبەندی